ڕۆمان

# بازنە ئاوییەکان

ئەدیب نادر

٢٠٢٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی هەولێر
ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەرپەرشتیاری گشتی
سیروان عوسمان

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | : بازنە ئاوییەکان |
| بابەت | : ڕۆمان |
| نووسەر | : ئەدیب نادر |
| پیتچنین و هەڵەچن | : نووسەر |
| نەخشەسازی ناوەرۆك و بەرگ | : شاخەوان جەعفەر |
| تیراژ | : ٥٠٠ دانە |
| چاپ | : چاپی یەکەم - چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر/ ٢٠٢٢ |
| نرخ | : ٤٠٠٠ دینار |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن، (١٩٢)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

هەولێر - گەڕەکی ڕاستی/ نزیك گەراجی بەغدا ژمارەی تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٨٥٤٢٧

ئەم هەوڵە خاكییەم بە نەوەكەی خۆم، نەوەی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو پێشكەشە

ژیانم لە بازنە گەورە وگەورەترەكاندا بەسەر دەبەم
بە ڕووی شتەكاندا ئاوەڵا دەبێتەوە
ڕەنگە نەتوانم دوایین بازنە تەواو بكەم
بەڵام دەمەوێت بەو تەقەللایە هەڵبستم.....ڕاینەر ماریا ڕیلكە «كتێبی نزاكان»

# سەرنجێکی پێویست

ئــەم بەرهەمــە هەروەکــو بــە مێــژووی نووســینیدا دیــارە لەنێوانــی ساڵانی(١٩٨٦-١٩٩١)، واتــە ئــەو ســاڵانەی لــە کۆتایــی کتێبــی یەکــەم و دووەمــدا ئاماژەیــان پێــدراوە. بــەڵام لەبــەر ئــەوەی بابەتــی ئــەو ســاڵانەی ئــەم دەقــە بەســەریان دەکاتــەوە، لــە ئەدەبەکەمانــدا، تاڕادەیەکــی زۆر هــەر بــە پاکیزەیــی ماوەتــەوە و ئــاوڕی تێروتەســەلی لــێ نەدراوەتــەوە، بۆیــە بــە پێویســتم زانــی بــۆ ئــەوەی بەپێزتــر بێــت و لەگــەڵ ئێستایشــدا بگونجێــت بــە پێــی توانــا زیــاد و کەمییەکانــی چارەســەر بکــەم و بــە پێــی پێویســتیش ئیــش لــە ئاســتی زمانەکەیــدا بکــەم ، چونکــە مــن لــەو قەناعەتــەدام تێکســت هەمیشــە بــۆ ئەمــڕۆ و داهاتــوو دەنووســرێت و نابــێ بــە بیانــووی ئــەوەی لــەو ســاڵانەدا نووســراوە ئیدی پیرۆزیــی ڕابــردووی پێببەخشــرێ و پارێزگاریــی لــە هەمــوو شــتێکی بکرێــت و هــەر وەکــو خــۆی بهێڵرێتــەوە. ئەمەیــش بێگومــان تەنهــا و تەنهــا لەپێنــاوی بەرکەماڵییەکــی گشــتگیرتر ئەنجــام دراوە تاکــو شایســتەییەکی باشــتری پــێ ببرێــت و بــۆ خوێندنەوەیەکــی ســەردەمییانە پــڕ بەپێســت بێــت.

خەونێــک دەبینــێ، وەکــو سرووشــێک پەیامــدارە، بــە ژیانــی خــۆی پەیامــی ئــەو سرووشــە لێــک دەداتــەوە..

# دەروازەیەکی بچووک

ترسنۆک بوو، خۆیشی نەیدەزانی ئەو ترسە لە چییەوە سەرچاوەی دەگرت. هەندێجار دەگەیشتە ئەو قەناعەتەی نزیکبوونەوەیەکی بێڕادە لە کتێب شەقڵ بەم ترسە دەبەخشێت و قەڵبەزەئاسا هەڵیدەقووڵێنێ، چوون ئەو چێژەی لە خوێندنەوە و دەستەبەرکردنی زانینەوە بەدەستی دەهێنا هۆشداریی ئەوەیان دەدایێ شتێکی ئەوتۆ نەکات لە سۆنگەیەوە لێی بێبەریی بێت. هەندێجاری تریش دەیوت: باشە خۆ من لە کلووری دنیاشدا هیچ شتێک شکنابەم، ئەی ئیتر بۆچی بەردەوام لەم هەستەوە دەگەوزم؟ بەڵام کە فەرهادی خاڵە حەسۆی گەیاندییە گەراجەکەی شار و لەناو پاسەکەدا دڕدۆنگ و نیگەران دانیشت، سەربازگە دوورەکەی وێنا کردەوە، ئەو سەربازگەیەی دوای قسەکانی جاسمی موهەندیس زانی لەگەڵ سەربازەکانی تردا بۆ چ سەرنوێشتێک ئامادەیان دەکەن. قسەکەی جاسم، لەناو پاسە کپ و خامۆشە هێشتا بێ نەفەرەکەدا، دووبارە لە گوێیدا زرینگایەوە: ئەوانەی پار ئەم خولەیان تەواوکرد هەموویان بێسەروشوێنن، کەسیان نەگەڕاونەتەوە، دەشڵێن، ڕەنگە ڕاستیش بێت، هەموویان بوونەتە قەرەبرووت، تەنانەت کەسیان گۆڕیشیان بە نسیب نەبووە. ئیتر وەکو ئەوەی ڕوبۆتەپیاو بێت و یەکێک فەرمانی پێ بدات، بە هێووریی لە پاسەکە هاتە خوارەوە، جانتا ئادیداسە بچکۆلانەکەی هەڵگرت و بەرەو گۆشەکەی ئەوسەری گەراجەکە ڕۆیشت، لەوێ پاسی شارێکی تر ڕاوەستا بوو، ئەو شارەی لە دەڤەری شاخەکانەوە نزیک بوو، بە ڕێکەوت نیگای کەوتە سەر ژمارەی تابلۆکەی، هەزار

و نۆسەد و هەشتا و....کە ئەوەی بینیی، سەری سووڕما، چونکە ئەو ژمارەیە لەگەڵ ئەو ساڵەی تیایدا بوو یەکدەهاتەوە..ئیدی سەرکەوت و تیایدا لێوکرۆژتنەکانی دەستیان پێکرد، چونکە دەیویست بەسەر مۆتەکەی ترسێکدا زاڵ بێت، کەچی مۆتەکەی ترسێکی تر سواری سنگی ببوو، ترسی ئەوەی داخۆ دەگات، داخۆ دەرباز دەبێ، یان لە بازگە بەدناوەکەی دەرەوەی شار دایدەگرن و تووشی پەتپەتیی و چەرمەسەریی دەبێت؟ لە لایەکەوە، خۆشبەختانە دەربازبوو، بەڵام بە بێئەوەی ترس لە ناخیدا بە تەواوەتیی بنجبڕ بێت و گومان لەوە بگەڕێت سێبەری کەڵکەڵەی بێت، لەلایەکی تریشەوە، لە خۆشیی ئەو دەربازبوونە کاتییە بۆ خۆی بە خەیاڵ ڕاکشا، ویستی بخەوێت، بەڵکو هیچ نەبێ لە خەونەکەیدا دوێنێ دووبارە نەبێتەوە. ئیتر لە خۆشیی دووبارە نەکردنەوەی دوێنێ خەوێکی تابلێی قووڵ بردییەوە. کەوتە باوەشی خەونێک، بە خەون نەدەچوو، پتر بە بینینیی فیلمێکی فەنتازیی دەچوو، یان بەو بیرڕۆیشتنە نەدەچوو کە ناخودئاگا هەڵیدەڕێژێ، بەڵکو بەوەی خودئاگا لەو تووناوتوونانەیدا هەڵیگرتووە کە جاروبار دەکرێنەوە و بەشێکیان دەردەکەون و بە ئاوات، یان بە شتێک دەچن تەنها لە خەونەکاندا دێنەدی، بەڵام بە بێئەوەی پێی بزانێ لەسەر ئاستانەی درێژترین خەونی ژیانیدا ڕاوەستابوو.

# کتێبی یەکەم خەون

**دنیا دەبێتە خەونێک و خەونەکەیش دەبێتە ڕاستیی..**

**نۆڤالێس**

بەر لەو هێدم داگرتنە سەیروسەمەرەیەی بە فیلمێک دەچوو وەک لەوەی تاسبردنەوەیەکی هاکەزایی بێت، بەر لەو بیرڕۆیشتنە ڕمۆکەی پتر بە لافاوێک دەچوو وەک لەوەی وڕێنەیەکی کاتیی بێت: ئەویٚ، ئەویٚ کە محەشێت لێوانڕێژی کردبوو..لە هاوار و هاشوهووش و هات و هەڵڵاکانی و وەکو جاڕچییەک بێلێبڕ تێی دەچریکاند و دەیوت
دایە دایە دایە

دەنگەکەشی پەیدەرپەی بە ناوازەترین شێوە خۆی نمایش دەکرد، سەرەتاتکێیەکی زارۆڵانەی لەگەڵ تێهزرینیدا بەرقەرار دەکرد، ڕاستییەکان، تا ئەو کاتە هەڵگری جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان نەبوون، بەڵکو وەکو شیعر شتێکی دیکە لە ناخیاندا دەدرەوشایەوە، شتێک لەڕاستییدا نەدەبوو لە ناواخنیاندا جێگا بۆ خۆی چێبکات. بەر لەو هێدم داگرتنە: ئاسمان میچێکی بێدەرەتان و دووکەڵاویی بوو، تا ئەندازەیەکیش خنکێنەر و خەفەکەر خۆی دەنواند. تەمەن وگاڤ لە هەرێمەکەدا بیٚ وردبوونەوە و تێڕامان، سایلی بای گومڕا گڤە گڤی دەهات و ئاو ئاسایش ڕەوتکردنی بە خوڕەیەکی یەکنەوا و بێزارکەر تێدەپەڕی. ئەمە ڕەنگە لەویٚ، کەچی لەوێکەی تردا، خەیاڵ کردبوویە بازنە و کڵاوڕۆژنەیەکی بێگەرد و لەنێوان هەڵکشانی شەپۆلی کەللەشەقی زەوییەوە خۆی بەسەر جوگرافیاکەدا سەپاندبوو. هەرکە چاوی خەیاڵی تێیدەنۆڕی، گۆڕەپانێکی نائەندازەیی هۆرس ڕەیسینگی بەدیدەکرد، هەستی ئەوە ئالوودەی دەکرد هەمیشە ئەسپە هەڵبواردەکەی ئەو دەیدۆڕێنێت، بێگومان ئەسپەکانی دیش پاش شکاندنی ڕیکۆردەکانی پێشووتر هەڵدەترۆپین و گوڵجاڕی سەرفیرازبوونی هەرگیزییان بە ڕەوینەوەی گومانهەڵنەگر دەبەخشیی.

ئەو گۆڕەپانە، هەندێجار شێوەی پنەیی دەگرتەخۆ و چەشنی ساپیتەی ئەو مەیکەدە دانسقەیەی ناوبەناو لەگەڵ ئەییوبی کوێخا حیکمەتی هاوڕێیدا داڵدەی دەدان و بەدمەستیی تەنیاییەکەیان ڕادەماڵیی، گەلێکی دڵ لێدەچوو و تەنانەت بەگرانبەهاترین گەنجینەی جیهانیشی لە قەڵەم دەدا. وەکو سەرلەبەری ئێوارە بە دووکەڵ قانگدراوەکان، کە بەتەنێ بەنێو دارستانی خۆبەدیکردندا دەکەوتە دزەکردن، ڕکێف و قەمتەری بۆ ڕاوچی زارەترەکی بیرکردنەوە ڕایەڵدەکرد، نەبا بەدوای شکاری شتێکی ناچیزە بکەوێت، دەق وەکو ئەوەی چاولەدووی نامەیەکی جادوویی بێت، لە مەنگیی شتەکانی هزر لاتەریکی بکات، نامەیەک، کتومت بە پێشبینیی قاوەخوێنەرەوەکان بچێت، دنیای لێدەکرد بە فینجانێک، پڕ هێمابوونەکەی ترس و بیمی دەکرد بە بێشکەیەکی شکاو بۆ دڵەکەی، دنیایەکی بێڕەنگی دەبینیی، قەدەری دەبوو بە ژنێکی قسە ڕەوک، دادەما، تاس دەیبردەوە، لەناکاو چاوەکانی بوومەلەرزە تێیاندەکەوت و کەمەندکێشی نێو ئەو چارەنووسە تڵپی قاوەییە نادیارەیان دەکرد، سەرومڕ گوێچکە نیگەرانەکانی بە دەربڕینە یەکنەواکان قانگدەدران، هەستی دەکرد لە داهاتوویەکی نزیکدا شتێکی سەیر ڕوودەدات، شتێکی سەیر بەڕێوەیە، بەڵام بۆ؟ ئایا لەبەر ئەوەی لە سووچێکی سەیروسەمەرەی دنیادا هەناسەی دەدا؟ نەیدەزانی و نەیدەتوانی نەگەتیڤانە لێیڕابمێنێ، هەندێجار پێی دەگوت: خاترجەمبە، ڕێگایەک لەبەردەمتدا ئاوەڵادەبێتەوە و ئایندەت ڕەوێکی تێدەکەوێت، ڕەنگە گەشت بێت، وەکو چۆن بەو هێلانە پەڕەسێلکەیە قایلیت کە لەنێو ئامێزی شێلمانە ئاسۆییەکەی بەر هەیوانەکەتاندا سەقامگیرە، ناچاریت بەمەیش قایل بیت، دژوارییە سەپێنراوەکان

نارەحەتییەکـی ئێجـگارت دێننـەڕێ، ئەگـەر گەیشـتن مەبەسـتت بێـت ڕۆحـت دەکەیـت بـە دێبـەر و نەتـرەی تێـدا دەوەشـێنیی، چونکـە بەبـێ نەتـرە گەیشـتن مەحاڵە..ئیـدی هـەردەم چاولەڕێـی سەروشـوێنی شـتێک بـوو، کـە نەیدەزانـی چـۆن وا بۆتـە پاڵەوانـی بـێ هاوشـانی ئەندێشـە و قووڵبوونـەوەی غایلـە بێسـەروبەرەکانی و نـە لـە خـەون، نـە لـە شـەونخوونیی، نـە لـە زیندەخەونەکانیـدا لێـی جـودا نەدەبـووەوە، تـا ئـەو ڕادەیـەی زۆرجـار لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە ئەودیـوی هـزر و بۆچوونەکانـی پێکدەهێنـا، لەژێـر ئـەو ئاسـمانە دژوار و ناحـەزەدا، مەزەنـدەی شـتێکی دەکـرد، شـتێک شـەمێرانی خوشـکی بەمێشـکیدا دەهـات، دەیزانـی، ئێسـتا حەتمـەن دەڵێـت: وەکـو جـاران نەمابـوو، ببـووە تەلیسـمێک شـیمانەی شـکاندنی دەدایـە دواوە. ئەگەرچـی بـەردەوام شـەمێرانی دەکـرد بەهاوبەشـی بڕیارەکانـی خـۆی، بـەڵام هەمیشـە مگێـزی لـەوە بـوو ئاواڵـی سەرنوێشـتی خـۆی بێـت، تاقوتەنیـا بـە پەرتگاکانـی گەنجێتییـدا دانگەڕێـزە بـکات. دەیزانـی بۆچـی واتێدەفکرێـت، بـێ شـک ژۆڕناڵـی ڕاز و نیازەکانـی بـۆ ئـەو پەردەپـۆش نەبـوون، ئەگەرچـی شـتەکان هێشـتا لـە فـەزای ئاوەزیـدا باڵەفڕەیـان بـوو، هێشـتایش دەیتوانـی هەنووکـەی بخوێنێتـەوە و شـوونی هەنـگاوە هەڵنەنراوەکانیشـی هەڵبگرێـت، ئـەو هەنگاوانـەی هەمیشـە وا تێدەفکریـی کـە: ڕەنگـە بەرگـەی قڵێشـان و فەلاقـەی ئـەو ڕێـگا سـەخت و دژوارە بگـرن کـە دەیگەیەنێتـە ئەودیـو.. ئەودیـو کـە دوورگەیەکـە بـە شـاخ گەمـارۆدراوە و بـە شـەوارەی تیشـکێکی نایابـی خسـتووە، تیشـکی ئـەو هەتـاوەی هەمیشـە لـە خەونەکانیـدا ئامادەبـوو. بـەڵام ئیـدی بـەر لـەو هێدمەیـەی دواجـار بـوو بەمیراتگـری نووتەکییـە حەتمییـەکان، هەسـتی بـەو دیـوارە تۆکمـە

وکۆنکریتییە هەڵچنراوەی نێوەندیان کرد، سەرسامییەکەی، بەرجەستە بوونی نادیاریی ئەو، سوڕگومی ئەودیو کاریگەرییە بێووچانەکانیان کرد. ئەو، لەوە بەدگومان نەبوو کە بەدووی جێگەوار و کەسمی پرینگاوەیدا دەگەڕێت، بەدووی بەقاکەی خۆیدا دەکەوێتە سەنگوسووژ کردن، دەکرێ بەبێ یادداشت، پێواربوونی شتێکی لەمتمانە بەدەربێت، چونکە هەڵکردنیشی بە پەنامەکییەکی بێهاوتا هەژمار دەکرد و ببووە ئاوەڵاکەرەوەی پریاسکەی گرێدراوی ڕاز و پەنامە پانۆڕامییەکان. وەکو بڵێی حاڵیبوون فەنتازیایەک بێت لێی ڕادەما. وەکو هەموو جارێک، ئەوە هاتە بەرچاوی.. چووە ئەو تاقە ژوورەی خەڵوەتگایەک بوو تۆڕی بیر و غایلەکانی خۆی تێدا ڕایەڵ دەکرد و تۆوی ئاسەوارەکانی خۆی تێدا دەوەشاند. تا لە ڕەشنووسە پەرشوبڵاوەکان، لە کەڵەکەی سەرنجە هاتەران و پاتەرانەکاندا وێنەی تاووسێکی گەزافکار، وەلێ دەساژۆ، بە شێنەیی بۆ دانە بزرەکان چینە بکات، چونکە دەیزانی تەنها ئەوێندەر مەیدانی پشکنینە پاساودراوەکان و جێی دۆزینەوەی کلیلەکان بوو، بە دانسقەییش لەبارەی تێفکرینییەوە، لەبارەی بەرنامە سەرنوێشتییەکانییەوە کە سەرومڕ قاڵی فۆرمەڵەکردنیان بوو، هێندەی ئەویش ئاگاداربێت، هەردەم پاش ڕەوینەوەی پشووی سەریسال، بە مەڵبەندی تازەی هەژموونەکان موتاڵای دەکردنەوە، بەڵام وێدەچوو ئەم کەڕەتە شتێک، یان سەرەداوێک بدۆزێتەوە نهێنییەکانی دیاری بکات. دەموچاوی وەکو میوەیەکی گەییوو قورس هەڵگەڕابوو، هەستی بە شۆڕبوونەوەی دەکرد، وایدەزانی هاکا دەکەوێتە خوارەوە، کەچی قولاپی ئومێدێک گلی دەدایەوە و نەیدەهێشت بکەوێت. سڵ و پرینگانەوە شەباقەیان

دەخستە پێکهاتووی جەستە ژووژگیی و سستەکەیەوە. لەسەر مێزەکەدا، چەند ڕووپەڕێک تۆزوخۆڵی پێشێلییان بەخۆدا دابوو، دەتگۆ ئەوانیش لەنێو خەونێکی تا بڵێیت سپییدا لەبیرکراون، بەدەست و خەتێکی شاش و بێ سەروبەر مەرەکەباویی کرابوون، بەردەوامبوو لەچاوگێڕان، پەڕەیەکی قەدکراوی باریکەلە بە کتێبە شڕوور و داهێزراوەکەی «فرانس فانۆن»دا چبوو، وەکو ژن و مێردی لێک لاڵووت کردبووی بە جووتێ پاری ناتەبا و بێئەوەی هەڵیبگرێت چاوێکی بڕییە ئەودیوی بەرگەکەی و چەند پیتێک لەگەڵ بەروارێکی بەلەز نووسراو کەوتنە بەر نیگاکانی. وەکو ئەوەی کتێبێکی پیرۆزبێ، بە وریاییەکەوە ئاوەڵای کردەوە، بە پەرواوە ڕووپەلەکەی کردەوە، حینجەکردن دەستەویەخەی لێوەکانی بوون، شتێک بوو دەربارەی ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکانی ئەفریکا، وەکو شەولەبانێک گلێنەکانی بەسەر ڕووبەری ئەو یادداشتەدا خلۆرکردەوە، سەرنجی کەوتە نێو تەڵەی ئەو تێبینییەی بەشێوەیەکی تەلەگرافییانە ڕنووسکرابوو: لە زاڤدانی گومانەوە هاتوومەتە دنیا و فرچکبڕ بوومە، خێزان کە نیمە، خۆشەویست کە بەردەوامم لە گەڕان بۆ دەستەبەرکردنی و بە شێنەیی هەوڵدان بۆ سەرنگوون کردنی نەزۆکیی زگوورتبوون، سۆنگەیەکی ڕاشکاو شکنابەم، دەبێ جودابمەوە، ئەگینا لەئاکامدا خودم لەنێو قۆزاخەی بێئارمانییدا لەناودەچێت، پاراستنی خودیش لە تێکشکان و پارچەپارچەیی دەمرەخسێنێ، کەماڵم دەپارێزێ و دنیایەکی باشترم پێ دەئافرێنێ. تەنها لەیەک شتیشدا دابڕان دەبینمەوە ئەویش دوورکەوتنەوە و نەدیتنەوەی هەرگیزیی ئەو شتە یەکنەوایانەیە کە متۆیان بوومە..دەتگۆ وێردێکی جەنجاڵی ئەنجامداوە، بەرماڵێکی

ئاوریشـمینیی بـۆ گڵاوبوونـەکان بەجێهێشـتووە، ئـەو هەسـتەی لـەلادا ڕەوییـەوە کـە ئـەو، ئەمەکـی بـۆ پەیوەندییـەکان لـە ترۆپکـی بارگاویـی بوونـدا بـووە، گەرچـی خـۆی بواردبـوو، وەلـێ نەیدەزانـی لەسـۆنگەی پشتگوێخسـتنەوە بـوو، یاخـود مەبەسـت شـتێکی تربـوو، هەناسـەیەکی بێئاکامـی هەڵکێشـا و بـە ئەسپایی لەبیرکردنـەوە ڕۆچوو، بـە خـۆی وت: ئـەو زۆربـەی ئـەو شـتانەی هەیـە ئیتـر بـۆ نکوولێیـان لێدەکات؟ ئیـدی، وەکـو ئـەوەی چاوەکانـی ئەندامـی بینیـن نەبـن و بـۆ ڕشـانەوە پێـی بەخشـرابن، سـەرجەم شـتەکانی دەوروبەریـان بـە تەڵخیـی و لێڵیـی ڕەوانـەی هـزری کـردەوە، هزریشـی قـووڵ قـووڵ کەوتـە نامۆییەکـی بێتانوپۆوە، لـە تێفکرینێکـی سـیحرئامێزدا نوقـان، پەنجەکانـی بەنەرمیـی لـە دەرگای یادەوەرییەکانـی دا، دەیزانـی هەرگیـز یادەوەریـی ناپاکیـی لێنـاکات، سـەرهاتەکانی منداڵییەکەیانـی قەتاوقـەت لـە یـاد پەڕاگەنـدە نەببـوو، بەرچاییـان دەکـرد، ئـەو پێـی وت: شـەمێران، ئـەو بەیانییـە زستانییەت بیرە کە بە قیژە و گریانت «خەلیفە عەبدوڵڵا» بەهەڵەداوان هاتـەژوورەوە و خوێنەکـەی بینیـی؟ چەنـد سـاویلکانە وتـی: کام بەیانـی؟ ئەمیش وتـی: ئـەو بەیانییـەی دەسـتم بـێ ئاگایانـە ڕاوەشـاند و نووکـی چەقـۆ بچکۆلەکـەی دەسـتم ئەژنۆتـی ڕووشـاند و دڵۆپـەکان چەشـنی میوەیەکـی کێـوی بەدیارکەوتـن، تـۆ سـەرنجی نیگاکانـی خەلیفـەت نـەدا، بـۆ هەتاهەتایـە سـەرکۆنەیان کـردم، بـۆ هەتـا هەتایە..بێگومـان ئـەوە شـتێک بـوو پێـی نەدەکرا لەیادەوەریـی خۆیـدا مەحفـی بکاتـەوە، ئەگـەر ئەویش پاش ئەو هەمـوو ساڵە بیبواردایە و بیشیبووریایە هەر بواری ئـەوەی تێـدا نەبـوو ئـەو خـودی خـۆی لەکردەوەیەکـی ئـاوا خاڵـی بکاتـەوە و پاکبێتـەوە لـە ئـازاری بەیناوبەینـی ئـەو ناهەموارییـەی

هەرزەکارییەکەی لەو قوولاییەدا ناشتبووی کە مەحاڵبوو ڕیشەکێشی بکات و خۆی لە نیگا شرۆڤە بەدەرەکانی »خەلیفە عەبدوڵڵا«ڕاپسکێنێ. بۆ چرکەیەک، وێنەی برووسکە پەیی بەوەبرد کە هەمبەر بەویش تیرێژی بەرپرسیاربوون لە ڕووناکیی کەوتبوو. لەناکاو وەکو ئەوەی مەنگۆلییەک بێت و شتێک دووبارە بکاتەوە، بەخۆی وت: تۆ بڵێی لە منیش دڵگیر نەبووبێ، تۆ بڵێی شتێکی نابەجێم لێ نەوەشابێتەوە؟ دیارە بۆ ئەویش زیندەگی نەک هەر لەشارێی قاڵبوون دوورکەوتبووەوە و ڕووی لە پووکانەوە کردبوو، بەڵکو دەمێک بوو واتا و ڕەنگ و تاموبۆ منداڵکارانە لەمێژینەکەی دۆڕاندبوو. چەمکی شتە بنچینەییەکان هەڵبزڕکابوون، لەڕشانەوەی چاوەکانییدا پەیی بە نوقومبوونی ئەو ئەسپە ڕەسەنە بردبوو کە خۆی لە سندمی ڕوختە و قایم ڕۆچەقاوی ناخی عەرز ڕەها کردبوو بۆ هەتاهەتاییش دوورکەوتبووەوە. ئیتر هەنۆ هەدای دیدەکانی نادەن، خورپەیەکی ساردوسڕ دڵی لەو ونبوونە بەئاگای دەهێنێتەوە و لە گۆوەندی بێدەنگیی و خۆخواردنەوە بێکۆتاکان و ئاڵفتەگرتنی بە تەنیاییەوە تاقە مانا و تاموچێژی ژیانی خۆی لەدەستدەدات و ڕێژنەی ئەسرینە ناکاوەکان وشەکانی تێبینییەکەی بەردەمی تەفروتونا دەکەن.

کە دەکەوێتە ئەڵها و نیگا بەرەو نادیار دەنێرێت، یادی دەبێتە ڕۆبیانێکی بچکۆلانە و بەرەو دیداری ئەو پاشەکشێ دەکات و سەرجەم ئاسوودەیی مۆڵخواردووی گێتیی لە دڵیدا دەتەقێتەوە. دوای کەین و بەینێکی بێسەروبەر، یەکێک لە دەستەکانی هەڵدەبژێرێ و وێنەی خوانێکی ڕازاوە لەبەر میوانی هەردەمیی چاوەکانیا ڕایدەخات، تێی دەڕوانێت، تا ئەگەر کرا لە یادی وەدەری نێت و بچێتە

دوێنێی پێشگۆیەکی مەعلانەوە، لە دووپاتکردنەوەی سەرگوزەشتە سەرنجڕاکێشەکەی خۆی، بە بێ پێشبینیی کردنی ئایندە گوێ بۆ پەیڤە ئیکسپیردارەکان هەڵبخات، بۆ ڕەتبوونی دوا وشە و بەرزبوونەوەی دوا بۆنسۆ کۆتایی بەو نامە بێکۆتاییە بهێنێت کە کتێبخانەی ئاوەدانی یادەوەریی هیچ بەجێ ناهێڵێت و تێکڕای ناسۆر و پەژارەکەشی بکاتە ڕەهێڵە ڕۆندکێک و شاباشی گیانی قەلەندەری ئەو وشە کۆچەرییانە بکات کە قەتاوقەت ڕاستگۆیی و ئەمەکدارییان لە دەست نەداوە و لە داڕشتنی ئازارە لەبڕان نەهاتووەکان و ئەو هاتووەی وێنەی ئەشکەوتێکی پێوار و سامناک هەڕەشەکانی خۆی ڕووبەڕووی ئەو دەکاتەوە.

هێشتایش نەیتوانی لەو زەماوەندەی خوێن هێنابوویە ئاراوە خۆی ڕاپسکێنێت. جەنگ سییەکی بیماربوو وڵات هەناسەی پێدەدا. هەرچەندە کشومات بوو، کەچی ئەو دەمامکە وەحشەتناکەی وڵات ڕوخساری خۆی پێ دەشاردەوە قێزی هەڵدەستاند، لێوانلێوی دەکرد لە نەفرەت، بە هەر شێوەیەک بووە دەیویست دوورکەوێتەوە، بەڵام هەستی دەکرد ئەگەر ئەستێرەیەکیش بوایە ئەوا کشانێک بێ سێودوو دەیهێنایەوە ئەو دنیایەی تەنها لەناو چێوەی شەڕ و ئاژاوەدا زەفەری بە ناسینی دەبرد. سەربار، هەر تێوەگلاو کەوتە ژێر نیری بەزەبروزەنگی شەڕەوە..هەر گلاراوی ئەو خوێن و ژیلەمۆ ئاوێتەیە بوو کە دەمێک بوو لێی هەڵدەهات، بەڵام تازە ببوو بە سێبەری ئەمەکداری. ئەو ڕۆژە پڕاوپڕ لە گرم و هوڕ و ئاشووبەی ڕەوانەی شایلۆغانی نێو گۆڕەپانی مەرگیان کرد، لەبەردەرگای گەراجەکەدا

ببوو بە پەڵەهەورێکی پەلەقاژێدار و لافاوێکی بێهاوتای لە قووڵاییەکانی ڕۆحی خۆیدا بەرپاکردبوو، کەچی دیوی دەرەوەی سارائاسا وشک و برینگ هەڵگەڕابوو. ئیدی ژیان بۆ ئەو سترانێک نەبوو ڕەهەندێکی ڕۆمانتیکیی هەڵگرتبێت کە هەندێجار دایدەگیرساند و کۆمەڵێک وردە ئۆخژن و چەشەی تێدا بەرجەستە دەکرد و لەنێو لۆچی چرکەساتە دانسقەکاندا خۆی حەشاردەدا، ئەو چرکەساتانەی دەیانویست ببن بە مانایەکی قووڵ شوێنە دوورەکانی ڕۆح کەشفبکەن. ئەو ڕۆژە تەواوی پلووسکە شلۆقەکانی شار گریان، مەلی ئۆخژنیش لەخشتەبرا و بێ گەڕانەوە باڵی گرت و جیهانەکەی ئەویان چۆڵ و هۆڵ کرد. مانەوەی هەناوی لەودیو ئاستانەی دەرگا دوورەکەدا بەرسڤێکی ڕوون و ئاشکرا بوو کە دەقاودەق هاوشێوەی شایەرێکی ڕۆمانتیکیی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. نەیدەویست کات و شوێن هەڵزەقێنەوە و کاریگەریی بەسەرییەوە بەجێبهێڵن. کە حەڤدەساڵان بوو، ڕۆژێک لە کۆنە دەفتەرێکدا نووسیبووی: من گەنجێکم، دەمەوێ ژیانم شیعر و هونەر شەقڵی پێبدەن، دەمەوێ جارِوجەنجاڵییەکانی دنیا و ستەم و بێدادیی بمکەن بە خودانی خەونێکی گرنگ و بەهادار، خەونی گۆڕانکاریی، خەونی جیاوازیی و داهێنان..کەچی، بە هۆی ژاوەژاو و جەنجاڵییەکانەوە بووە تراویلکەیەکی تابلێی دوور و خەریکبوو ڕۆدەچووە نێو ڕەوینەوەیەکی شلوێوە. زۆر بە زەقییش درکی بەو مەینەتییە دەکرد کە بەسەریدا سەپێنرابوو. لەو دنیا بەسەریەک تێکتەپاوەدا دایکی دەبینیی، دەیزانی ئێستاکە چی دەکات! تەنها پیشەی هەنووکەی نەبوو لەبەر کەوشکەنی دەرگاکەدا وەکو درەختێکی سەبوور بووەستێت، جاربەجاریکیش وێنەی لەمپەری شۆستەیەک

لــە قەراخــی جادەیەکـدا هەڵترووشـکێ و بێهــەدادان لەمــەڕ سـۆراخی ونبووەکانی شـەڕەوە لـە یەکبەیەکی ڕێبـواران سەنگوسـووژبکات، ئـەو ونبووانـەی هیـچ کەسـێک نەیدەزانی لـە کام دنیـادان! ئـەم دەیزانـی، ئـەو بـۆ هەمـوو ڕێبوارێـک، وەخـت و ناوەخـت پێناسـەی دەکات و لـە یـەک ڕیتمیـی وشـەکانی خۆیشـی بێـزار نابێت، ئاخـۆ کەسـێک پەیدا دەبێت تاکـو چەمێـک، تولـە جۆگایـەک، یـان کانیلەیـەک لەنێـو دۆزەخـی لـە دڵەڕاوکە تژیی ناخی بەسوێیدا بتەقێنێتـەوە؟ چەندەهـا کاتژمێری ئاوەها بەسـەردەبرد، چاودێریـی تارماییـە کۆچەرییەکانـی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، تینوێتییانی دەدزی، لە تریفـەی ڕێز و حورمەتـەوە دەیگەوزاندن، تێریی پێدەبەخشـین، تەنها لـە پێناوی ئـەوەی بڵێن جێ پێیەکیـان بینیووە، جێ پێیـەک، کـە بـە خەرمانەیـەک لیـزگ ئابڵووقـەی بینابیـە کزەکانـی بـدات و وەروێڕکەکەیـش، ڕاسـتییەک بێـت بیابانـی لەمێـژ وشـکهەڵگەڕاوی چاوەکانـی تێراوبـکات. سـرەوتی نەدەزانـی، ئاوریشـمی هیواکانـی بـە گشـت ڕێبوارێکـەوە دەقرسـاند، کەچـی وشـەکانی سـەراپا دەکەوتنـە نـاو ئاگردانـی پڕاوپـڕ لــە ژیلەمـۆی کەمتەرخەمیـی و بەتەنگــەوە نەهاتنـی ئـەو مەردوومـەی ڕادەگوزەریـن، ئـەو ڕەوەنـدە لەچـەر و مشـەخۆرانە.. لــە ئامێـزی گڕوبڵێســەی بەتیـن و تاوتـردا سـەقامیان پێدەگـرت. سـەر گوزەشــتەکانی فەرهەنگێکـی هەڵقرچاویـان پێکدەهێنـا، پەڵاسەکانیشـی ئـەو پرسـیارانەبوون تەنهـا و تەنهـا شـەففافییەت و ڕوونییـان بـە خۆیـان دەبەخشـیی. تـاوای لێهـات ئەمەنـدە بــە پرسـیار و سەروسـۆراخی ئەمــەوە ســەرقاڵبوو، وەرامەکانــی لــە بۆتــەی هەمیــەت و گرنگیـی تووڕهەڵدایـە دەرێ و بەرەبـەرە بوونـی ئـەم بـوو بـەو شـتە نابـزر و بەرجەستەیەی هەمـوو ساتەوەختەکانیان داگیر دەکرد، بوونـی ئەویش

بۆ ئـەم بـوو بـەو تراویلکەیـەی هەرگیـز پێـی نەدەگەیشـت و هــەردەم خــۆی لــە دەســتەبەرکردن ڕادەپســکاند و جارێکــی تــر وندەبــووەوە، ئیـدی سـەربووردەی ئـەوی تەنهـا بـۆ خەونـە لەبارچـووەکان و ماسـیی ئـەو فرمێسـکە بێئامانانـە دەگێڕایـەوە کـە لەککـەی هەمیشـەیی بـوون و چـرچ و لۆچییـان بـە سیمایەوە بەجێدەهێشـت..تا ئـەو ڕادەیـەی بـوو بـە کەوێرێکـی زێڕیـن و چـاوی بڕییـە ئـەو هـەورەی گـەر بێتیـش ئاسـمانە سـووتاوەکان دەیکـەن بـە هەڵـم و نـاگات بـە ناخی...ئـەو دەرگایـەی بەجێیشیهێشـت پرسـیارێک بـوو وەڵامـی ئافـەرۆز دەکـردە نێـو ڕێگایـەک کـە پێیـدا تێدەپەڕیـی، نەیدەزانـی لەپـاش ئـەو، خـۆی دەسـڕێتەوە، دەبێتـە سـنوورێک لەنێوانـی ئـەو و یادوەرییـەکان، دەبێتـە جـێ کوژانـەوەی هێلوونـە پـڕ خـەم و تەڕهەڵگەڕاوەکانـی ئـەو بـە میهـر لێوانلێـوە. ئـەو دەرگایـە ڕوانگەیەکـی بێدوایـی بـوو، هەمیشـە نیگاکانـی ئەمـی دەگرتـە ئاسـۆی کاڵـی گەڕانـەوە.

دێرزەمـان گەلێـک لێخوردبوونـەوە و تێڕامـان بـەم دنیـا بچووکـەوە شـۆڕی نەدەکـردە خـوارەوە، ڕۆنەدەچـووە هەنـاوی تێفکرینـە هـەزار بـە هـەزارەکان، بۆیـە ئامانجـی لـە پێکانـی شـتێکی دیاریکـراوەوە دووربـوو. لـەو تانوپـۆ گەمـارۆدراوەدا عەوداڵـی دەسـتەبەرکردنی مروارییـە بێگەردەکانـی ژیـان نەبـوو بـۆ ئـەوەی بیکاتـە گەردنـی پێوارییەکانـی هاتووی..بـە ڕووی هەمـوو چەشـنە تێهزرینەکانـدا وێکهاتبـووەوە، تادەهاتیـش داخراوتـر و ئابڵووقـە دراوتـر خـۆی دەنوانـد. ئـەو دەمانـە لـە دارودەسـتەی ئافەریدەکـەر و عیزرائیلەکەیشـییەوە بەقـەد باوکـی، کـە بـە «سـمێڵ بابڕەکـەی ماڵمـان» نـاوی دەبـرد..سڵـی نەدەکـردەوە، وێـڕای

ئەوەیـش، ئـەو بەرەبەیانییانـەی ڕووە و کۆمپانیـای نەوتـی باکـوور دەبـووەوە، تـا ئەندازەیـەک ترسـەکەی دەڕەوییـەوە و کاتێکـی پانوپـۆڕ لەنێو مشتی وەختدا باڵندەیەک بوو شـەققەی باڵی ڕەهایی ئاسمانەکانی ترسی کاس دەکرد، نەیدەویست بزانێت بۆ کوێ دەچێت! کۆڵانـەکان.. حەسـارەکەی پشـتەوەیان..چلپاوە قەرەبرووتئاماڵەکانـی پاڵدێمـی پیاڕەوەکە..پەراوێـزی پـڕ کەنـد و کۆسـپی شـەقامە نزیکەکان..بـازاڕە داخراوەکـەی گەڕەکـە دوورەکە..شۆسـتە پشـتێن ئاسـا تەنگەبـەرەکان.. گوێگرتـن لـە دینـۆ و شڕوشـێتە بلیمەتەکانـی ناوچەکە...تاقـە باخەکـەی دراوسـێی قەبرسـانی ئاقارەکـە کـە گەڕەکەکـە ئابڵووقـەی دابـوو، ئـەو گەڕەکـەی پیایـدا ڕادەبـوورد و وایدەزانـی بـە کاتـدا دەگەڕێتـەوە دواوە.. سـەربان و ڕنینـەوەی دارپرتەقـاڵ و دارهەنـاری بـەردار و پێگەییـووی ماڵـی دراوسـێکان..تاقە پارکـی پێشـێلکراوی نزیـک مەلەوانگـەی ئەفسەرەکان..شینوشـەپۆڕ..گۆوەند..ڕۆتینە بێکۆتاکانـی هەڵکردنیـش... بۆشـایی و بێدەرەتانیـی ئاسـمان و مـەودای بـەرەو گەرمـاو چوونـی ژنـە چەقاوەسـووەکانی هـەوارە پـڕ غەوغاکەیانـی دەدایـە بـەر ڕامـان و لـە گەرمـە و جەنگـەی ئـەوەدا ئـۆردووی پرسـیارەکان بـە گژیـدا دەهاتـن و تەنگـژە پەلامـاری دەروونـی دەدا.. هەرگیـز نەدەگەیشـتە سـەرەنجامێکی قایلکەرانـە. پرسـیارگەلێکی فـرەی ئامـادە دەکـرد هەتـا ئێـوارێ ڕووبـەڕووی ئەویـان بکاتـەوە، دەیـوت: ئـەو منـی هێناوەتـە ئێـرە، دەمـەوێ وەڵامـی ڕازەکانـم بـۆ بدۆزێتـەوە، بـەڵام ئـەو، کـە دەمـی تاریکداهاتـن کفـت و مانـدوو دەگەڕایـەوە، گوڵـی یـارای ئـەم پەژمـووردە دەبـوو، ترسـێکی دڕنـدە لـە پرسـیار پاشـگەزی دەکـردەوە، لـەوە دەسـڵەمایەوە خـۆی لەقـەرەی چـاو و بـرۆ تێکقژاوەکانـی بـدات

کـە وەکـو بـێ میهرەبـی دەریایـەک وابـوون گـوێ بـە تێکشـکانی هیـچ شـتێک نـەدات. ڕووترشـییە بێوێنەکـەی و شـەکەتییە ئەفسـوون ونکردووەکەیشـی ئـاوەژوو دەبـووەوە و هـەر تەنهـا بـێ چیکڵدانەیـی و لێزمـەی تووڕەییەکـی بـە تۆپـزی ڕکێفکـراوی بەرهـەم دەهێنـا، تەنانـەت ئامـادە بـوو شـەڕ و هـەرا و هوریایەکی بێسـەروبەر لەگـەڵ هەناسـەکانی خۆیشـیدا بەرپـا بـکات. ئیـدی ئـەو لـە کـەش و هەوایەکـی کشـوماتدا شـامی خـۆی دەخـوارد و چایـە پڕڕەنگەکانیشـی بـە پەلـە بـەدوای یەکدا هەڵدەقووڕانـد و قەدەرێـک گوێـی بـۆ ڕادیـۆ چەرچووبـە فۆرمایکـەدارە قاوەییەکـەی شـلدەکرد و هێدییـەک خەوەنۆچکـە ڕایدەپێچـا و سـەروملی بەسـەر پەیکـەری گیانـە پاڵکەوتووەکەیـدا لاردەبـووەوە و پرخەپرخێکـی لــە پرمــەی ئەســپ چــوو ئــەو نــاوەی دەتەنییــەوە و ئەتمۆســفیری تەویلەیەکـی بـە ماڵەکـە دەبەخشـیی..ئەم و ئەوانـی تریـش، بـێ نـووزە و لاڵ تێیڕادەمـان. ئێسـتا کـە جارناجـارێ ئـەو ڕۆژانـە چەشـنی ئـەو ڕوبۆتانـەی فیلمـی خەیاڵـە زانسـتییەکان دێنـەوە بـەر یـادی چـاو و نـاو سـەفەرە خەیاڵییەکانـی هـزری، غەوارەیـەک لـە ناخیـدا دەکەوێتـە پرتەوبۆڵـە و دەڵێـت: بـە عەزرەتـەوە بوویـت تەنهـا سـەردەمی منداڵییـت ئەو وەکو باوەپیارە نەبێت! بەڵکو باوکێکی ڕاستەقینە بێت و ڕۆژێک.. نـا نا..سـاتێک لـە کەنـاری خۆیـدا داتبنێـت و برێـک بـۆت باخێـوێ و گوێـت لـە دەنگـی بێـت، ئـارەزووی شـتێکی دانسـقە و مەحاڵـت نەدەکـرد، هـەر شـتێکی ئاسـاییش بوایـە قـەی نەدەکـرد، گرنگیـش نەبـوو چ شـتێک بێـت... هەنـدێ جـار بیـری دەکردەوە: تەنانـەت بەبێدەنگییش لە پاڵمدا دابنیشـتایە گرینـگ نەبـوو، بایەخـدار تەنیـا شـتێک بـوو، ئەوەیـش لـەوێ لـە تەنیشـت خۆیـدا دامبنێ..تابڵێـی بـەدووی ئەفسـوونی پرسـیارە کاژداراوییەکانیـدا

وێڵ و شـەیدا بـوو، کـە بـە بوونەوەرێـک دەچـوون پەیتاپەیتـا کاژ فڕێبـدات و خـۆی تـازە بکاتـەوە، یـان بـە کۆگایەکـی سەیروسـەمەرە شـەباهەتداربوون کـە دەسـتگیربوونی کاڵای بەرسـڤ و ئەنجامـی تێـدا شکنەبرێت. ناچـار پرسـیارەکانی وەکـو ژووژگ خۆیـان گرمۆڵـە کـرد و ڕۆژێـک لەگـەڵ تەوقات و پێڵەقـەدا بوونـە توێشووی زۆرەملـێ و بـەرەو هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتی بەڕێیانخسـت. ئیـدی لـە شـتێکی تـازە حاڵـی بـوو، ئەویـش: ئەرکـی بنیـادەم لـەلای ئێمـە پرسـیارکردن نییـە، بەڵکـو بێدەنگیـی و ملکەچییە..وەکو گیانلەبـەر پەیـدا کردنـی ئالیـک و لـەوەڕە و هیچـی تـر. لەوسـاوە بیـری هیـچ شـتێکی نەمـا، تەنهـا ئـەوەی بەگوێـرەی خواسـتی ئـەو بـکات و لـە جەزرەبـە دڕندەکانـی ڕزگاریـی بەدەسـت بێنـێ. گوێچکەکانـی لـە جنێـو و هەڕەشـە بێسـەروبەرەکان بەدووربـن. ئیش و خوێندن - گەرچی بۆ ئەو تەنها ئیشـەکە ئایدیـاڵ بـوو- بوونـە دووڕووی زیندەگییەکـی ناچیـزە و بێتامۆبـۆ و لـە هەرسـبەدەر، ئیـدی مێردمنداڵیـی لـەو خاڵـە زوقمئاسـایەدا چەقـی بەسـت و بـۆ هەتاهەتایـە گەمـارۆدراو مایـەوە. هەوڵـی ئـەوەی دەدا ئیشـەکەی بـە جوانکارییەکـی پوختـەوە پەیوەسـت بـکات و لـە خوێندنەکەشـیدا بەدەسـت هێنانـی پێشـوەچوون ئامانجـی بێـت. دەسـتەو یەخـەی ئـەو مـرادە تـەم و مژاوییـەی منداڵیـی بـوو. وەلـێ نەهـۆ کۆسـپێکی دیکـە چاوەڕێـی دەکـرد، ئەویـش دەربازبوونـی دەویسـت و جـۆرە مەحاڵییەکـی دەپۆشـییەبەر، گومـان پێـی دەوت: بـەرەو ناواخـن هەنـگاو بنـێ، بـە دوای دەلاقەیەکـدا بگـەڕێ، ئـەی تـۆ شـاکاری خوداوەنـد و گەورەتریـن سـەرمایەی دنیـا و گێتیـی نیت؟ ئیتـر چـۆن دەربازبـوون دەستەبەرناکەیت؟ دوای خامـۆش بوونـەوەی زایەڵـەی گومانەکـە، نەیتوانـی لـە ڕەشـبەڵەکی زەماوەنـدی

ئـەو ئاڵۆزیـی و هاتـو هەڵڵایـەدا پـێ بـە عـەردی هاتـووی پێـواردا نەکووتـێ. کوورەکـەی ئەمجـارە یەخەگیـری ئـەوە و کەمەندکێشـی پەسـڵانێکی هـەزار بە هـەزاری دەکاتـەوە . دڵخۆشـی ئەوە بـوو شـاخ و کێـو و سـەختەڵانەکان تەنها لـە تابلۆ و نیگاری شـێوەکارەکان و فیلمـە کاوبۆیەکانـدا بەردیـدەی بکـەون و نیگاکانیشـی بـە بەفـری بێ جێپێ و سـپێتیی نەسـمراوی زسـتان حەشـاربدات، وەلـێ ئیسـتەرەم هـەر دەبێ وەسـەر ئـەو کێوە خـاوەن لاف و گەزافی دژوارییە بکەوێت کە سـەنگەرە هـەرە نزیکەکـەی تێـدا لێدراوە..هەرگیـز لـە شـار دوورنەکەوتبـووەوە، کار..کار، هـەر کار و..خوێندن..کـەی بـوار و هەدایـان بـۆ هێشـتبووەوە؟ ئەسـتەمیی و سـەختیی بـەو ڕادەیـە بەرۆکیـان گرتبـوو، بـەو ڕادە بـە هەڵپەیـە لـە ژیانیدا بەرجەسـتە ببوون هـەردەم دنەی هەڵزنانیان دەدا و هەردەمیش یاساوڕێسـای سـتەمەکان هەڵنەزنانیـان لـێ قەدەغـە دەکرد.. هـەر یاساوڕێسـای زۆرەملیـێ جەنگەڵـە کۆنەکەیـە و ئەویـش ئاژەڵێکی بوردەبـارە و هەمیشـەیش مەحکوومـە بـەوەی هیـچ درێغییـەک لـە هەڵزنانـدا نـەکات.

هەڵشـاخان پشـوودانی لـێ دەرخواسـت دەکات و هێـز و توانـای چکبڕ دەکات. دەبـێ بـە تالووکـە بـڕوات، دەسـتوبرد بـکات، دەبـێ دەسـتبەجێ ڕابـکات، بـە بـێ تێفکرییـن بگەڕێتـەوە، یاخـود لەنـاو هەڵدێـرە پـڕ سەروسـەداکاندا ونبێت. لـەو بارودۆخـە دۆزەخییانـەدا دەبێتـە نێچیرێک و دەکەوێتـە نێـو تەونـی جاڵجاڵۆکەیـی شـیقژنە هەمیشـە بـە سـەداکان و بۆنـی بـارووت و مینـی گۆڕکـراو و مووشـەکە کێویـی و دڕنـدەکان و چـززە و ڕمبـە و گڤـە گڤـی فیشـەکە سـێرە گرتـووەکان و گیانـە لـە

گۆکەوتــووەکان و دوا قیــژەی بێبڕانــەوەی ڕۆحــە بەرهەڵدابــووە خــۆ بــە ڕەهایــی ســپاردووەکان، کــە ئیــدی ڕۆدەچنــە نێــو بۆشــاییەکان و ســەرەنجام هــەرەس دەهێنێت..زۆرجــار بیــری لــەوە دەکــردەوە خــۆی ڕادەســتی بەرەکــەی ئەودیــو بــکات، دزە بکاتــە نێــو هەرێمــی دوژمنــەوە، دوژمنەکانی چارەنووس هەروەکو چۆن لەمبەر بەو ناوە ناو دەبران! بــەڵام بــە خــۆی دەگــوت: ئاخر..ئــەی ئەگــەر ئــەوان دیلــەکان بکــوژن؟ مووچڕکــەی ترسێکی بێسەروشوێن نیشــتیمانی ڕۆحی بەرزەفت دەکرد، ئینجــا دەیگوت: ئــێ باشــە بــۆ دیــل دەکــوژن؟ ئایــا لەبــەر ئەوەیــە ئــەوان زۆریــان لــێ هەڵدەترۆپــێ؟ ئایا..ئایا...ئیــدی ئــەم و چەنــد ئەمئاســایەک، لەبــەر کشــانەوەی ســەربەخۆ، بڕیــاری تیربارانیــان بــۆ ڕەوا ببینــن.. کــە بردیانــە لای ئەفســەرە پلەبەرزە تەنگەســتوورەکە، پێی وت: کوڕم خۆ تۆ خوێندەواریت، دەبوایــە پابەندتــر بیت بــە داکۆکــی کــردن لــەو شــوێنەی تێیدا لەدایکبوویتــە، نــەک چەنــد بــێ ســەواد و بوودەڵەیــەک وات لێبکــەن پاشــەکشــەیان لەگەڵدا بکەیت..بــەڵام ئــەم دەمــی بــوو بــە تەڵــەی تەقیــوو و نەیتوانــی داکۆکــی لــە خــۆی بکات. دوو دوو ڕایان گرتبوون، تاقە شــتێک لــەو ســاتەوەختەدا مەیدانــی جەنجاڵــی بیــر و هۆشــی تامانــد و هەوڵــی بــۆ دا ئــەوە بــوو لــە دواوە بووەســتێت. هەســتێکی نۆبــەرە بــە مانــەوە و بــە ژیــان لەوتــاو پەلکێشــی دواوەی کــرد، بــە کامــی دڵ ئــارەزووی ئــەوەی کــرد چەنــد چرکەســاتێک لــەوان زیاتــر بــێ هەناســە بــوون ببوێرێــت و ســاتمە بکاتــە نێــو یادێکــی تازەڕســکاوەوە کــە هێنــدە نەبــات ببێتــە مریــدی مەرگێکــی خوێنڕێــژ و لــە دنیــاوە دزە بکاتــە دەرەوە و بــە یەکجاریــی وێنــەی ئاســمان لەبــەر گلێنــە بــە دووعــا و نــزا شــێدارەکانیدا بڕەوێتــەوە. پەلەپیتکــەکان تەیاربــوون، چاوەڕوانــی لاســارییەکی دیکــەی

سەری قامکەکان بوون. ڕاستە ئەمە بۆ ئەو جۆرە دەربازبوونێکی ناچاریی بوو، بەڵام وەکو مژدەی کۆتاییەکی سوودمەند لە ئاوەزیدا بەرجەستە نەبوو. گاف، خەریکبوو پەکی دەکەوت. هەموو ساڵە کوژاڵکییەکانی تەمەنە کورتەکەشی بوون بە مشتێ تێڕوانینی تاماراوییی و تەڕایی لە زاریدا چکی هێنا، ئاسمان وەکو هەڵەمووت دیدەکانیان بە کۆتاییەکی تراجیدییانەوە گرێ دەدا، دەیویست بەدوای یادەوەرییەکی بزۆز و بەلەسەی دووردا بگەڕێت، وەلێ کەی لەو ئانوساتەدا شتێکی ئاوها کەوی دەکرێت؟ دەیویست بە پەلەپڕووزێ دۆستەکانی سەروبەندی منداڵیی و قۆناغەکانی قوتابخانە و ڕۆژە گەرمەکانی ئیشکردنی هاوین بەسەربکاتەوە، ئەو ڕۆژانە وێنابکاتەوە کە لە باخچەکەی ئوم ڕەبیعەین دادەنیشت و لەگەڵ ئەبوبەکری هاوڕێیدا تەماشای ئەو گۆڤارانەیان دەکرد لە یەکێتی سۆڤییەتەوە بۆ ئەو دەهاتن و سەبارەت بە فڕۆکە و فڕۆکەوانیی بوون..بەو شەقامانەدا پیاسەیەکی بەهەشتاو بکات کە کاتی خۆی نیگاکانی کچێک وێنەی شەپۆلەکانی دەریا ڕایاندەدایە کەنارێکی ئەفسووناویی و بێکۆتاترین شوێنیان پێ تەی دەکرد. دەیزانی لەو ئانوساتەدا هیچ شتێک بارتەقای لەزەتێکی بەلەز لە یادیدا تاموچێژ بەجێناهێڵێت گەر ترس و سامی ئەوە دایبگرێتەوە کە لەوانەیە جارێکی دی ئەو شتانە ئازمایش نەکاتەوە..لە هزرییدا تەنها و تەنها یەک شت پاتە و پات دەکاتەوە، نەبا سەرلەنوێ مەودا نەبێ ئەو شتانە ببینێتەوە، نەبا جارێکی دی نەگەڕێتەوە..پەلە دەکات، سوورهەڵدەگەڕێت، یادەوەریی بۆ ئەو ژیانەوەیەکی نوێی ئەو زەمەنە نییە کە بەجێیهێشتووە، بەڵکو قەتیس بوونە تیایدا و بۆ هەمیشەیش شتێکی گەمارۆدەر دەبێت

لـە هزرییـدا. ئـەو سـاتەوەختە ئەبەدییـە، تێکەڵـی بیرۆکـە بێبەزەییـەکان ببـوو و چبـووە نـاو کۆتاییەکـی سـتەمکارەوە و ئـاگای بـەڕووی ئـەم دنیایـەدا کڵـۆم درابـوو، لـە کاتـە ئاسـاییەکاندا ڕەنگـە پێـی نەکرایـە بـەو چنگلەسەرشـانییە شـتەکان بـە مەکینـەی هـۆش و گۆشـیدا تێبپەڕێنێت. شـتەکان هـاکا تەواوبوونـی خۆیـان ڕاگەیانـد، پێویسـت بـە نیگەرانییەکـی لـەو جـۆرە نـاکات. دەنگـی ڕۆکێتئاسـا و تۆقێنـەری ئەفسـەرە چـاو کلۆخوێـن ئاسـاکە دووبـارە ئاگاییەکـەی ئامـادەی ئـەم دنیایـە کـردەوە. وای مەزەندەکـرد گوێـی بـە شـریخە و قرمەژنـی دەسـتڕێژەکانەوە هەڵدەخـات، کەچـی لەمیانـی خـۆی و ئـەو دەربازبوونـە نەویسـتراوەدا پێشـمەرجییەک بـوو بـە شـوورە! ئـەو قوللـەیەی پاشەکشـێیان لێکردبـوو، دەبوایـە بیخەنـەوە ژێـر ڕکێـف و دەسـتەمۆی بکەنـەوە، بۆیـە ئەمانیـان کـردە قەڵغانـی پێشـەوە. یانـی لەجیاتـی مردنێـک، مردنێکـی تریـان بـۆ هەڵبژێـردرا. ئیـدی هەڵـوەدای ئـەوە بـوو تـا چـاو هەتـەردەکات لـە جیهانـی قەلاچۆکردنەکانـی هـەردوولا دووربکەوێتـەوە، گەیشـتبووە ئـەو بڕوایـەی تاقـە ڕێـگا بـۆ نەجـات پەیداکـردن خەونێکـە، خەونێـک کـە بەرهەمـی کەڵکەڵـە و غایلـەی خۆیەتـی. مەینەتییەکـە کـەی دەسـتی پـێ کردبـوو؟ کـەی کۆتایـی پـێ دەهـات؟ نەیدەتوانـی دەستنیشـانی بـکات. دەبـێ پـێ بـە زەویـدا بکوتـن، ئـەو بنـارە قـوڕ و لیتاوییـە گێـرە بکـەن، بگەنـە بەنـدەن، بـە هەورەکانـی بەنـدەن تامەزرۆیـی خۆیـان بـۆ شـتەکانی ڕابـردوو بخووسـێنن. لەسـەر تەمـی پەنجـەرە داخراوەکانـی ئەندێشـەیدا تەنهـا ڕسـتەیەکی ناڕۆشـن و لێـڵ لـە هـزری بـەو هەمـوو یادوەرییـە خەتابـارەی خـۆی سـەلەم دەکات:»جەنـگ! دەڵێـی سـەندنەوەی تۆڵـەی لـە دایکبوونێکـی ناکامـڵ و بـزڕکاوە..»

سەرەتا دەنگەکان و سەروسەدا دڕندەکانی جەنگ مەرگ بەرجەستە دەکەن. دەسڵەمێتەوە، هەست بە ترسێکی ڕاستەقینەی بێڕادە بە خۆیەوەی دەلەوتێنێ، وەکو ئەو ترسەی پەیوەندی ئەم لەگەڵ باوکیدا بەرجەستە دەکات، بەڵام پاش بێزاربوون لە ترسی دەستەویەخەی بەردەوام ئیدی دەبێتە نمایندەی دەربازبوون! لەشی دەداتە دەست چوارچێوەی ئەو ساتانەی تیایاندا چەمەڕای مردنێک حوکمڕانیی دەکات. کاتێ وەکو ڕەگەزێکی دەسازۆیش مردنی پێ قبووڵ کرا، ترس بوو بە داڵێکی بەدفەساڵ، بەڵام نەیتوانی ئەم بکات بە کەلاکێکی بەجێماو. بەسەر سەنگەرە بەخوێن ئاشناکەدا هەڵشاخانەوە، ڕایان کرد. ڕاکردنێکی تر و یەکێکی تر، بیری کردەوە: ئەمە یەکێکە لەو ڕاکردنانەی ژیان لێیان پڕاوپڕە. ئەمجارەیان تۆزێک پەنهانتر، لەگەڵ برینە زیندووەکانی گیانی سەربازێکدا، وەکو خوێنە هەرزانەکەی بەنێو زالووی فیشەکەکاندا داچۆڕایە خوارەوە، پێشتر ئەوەی لە خۆیدا نەدرکاندبوو کە یارایەکی ئاوەها پشتیوانێتی. هەڵیگرت، قورسییەکەی لەڕادەبەدەر بوو، بەڵام سەربازیش دەیویست بیگەیەنێتە تیمی فریاگوزاری، وایدەزانی شەبەنگێکە و نایبینن، گەر بیتوانیبایە لە برینێکییەوە خۆی تێبئاخنێ درێغیی نەدەکرد، بەڵام بۆی نەدەچووە سەر. پەسڵانێک بەرپا ببوو. کتوپڕ بڕیاریدا نەگەڕێتەوە سەرێ..چونکە زانی ناوچە چۆڵ و خەڵوەتەکەی خوارەوە پڕپڕ ببوو لە دەنگە ناحەزەکان و تارماییەکانیش پشتیان تێکردبوو. لە ترووکانی پێڵوویەکدا دابارینی مووشەک و تۆپە پەی دەرپەیەکان سەربازە برینداەرەکەیان پێ فڕێدایە سەر زەوی، ڕایکرد، تا بڕستی

تێدا بوو ڕایکرد، ئەوەی دەیبینیی کۆمەڵێک ئامێری جەنگیی و چەکی قورسی پەککەوتە بوو، بە بۆنی هەڵکڕووزانی گۆشتی مرۆڤ و هەلاهەلابوونی ڕۆحی خاک هێڕببوو، قیامەت لەبەرچاویدا شکڵگیر ببوو..گوندێکی چۆڵکراوی بینیی، دالانیماڵێکی لاتەپیوو بوو بە ئارمانی، بە گەوڕێک دەچوو، چونکە چەند تەرمێک لە ناوەوەیدا خۆیان ڕادەستی بۆگەنیی کردبوو، نائاساییانە خرۆشا، سەرگەشتە و داهێزراو، چرکەساتێک بەتەمابوو ئۆقرە بگرێت، وشەی چاوەکانی لە فەرهەنگی تاریکییەکەدا دەسڕانەوە، پاڵتاوەکەی مەحکەم لەخۆیەوە جەڕاند، دەیویست سەرخەوێک بیگوازێتەوە نێو بۆتەی پشوویەکی شایستە، بەڵام برسێتییەکی نادیار و ترسێکی باڵادەست بەسەریدا زاڵبوون و شایلۆغانێکی تاریکیان بۆی بەرپا کرد. تاریکبوو، تاریکتر لە بینایییەکی ونبوو، کەوتە پەلەکوتێ، لەنێو ئەو تۆز و خۆڵ و پیسییەدا پەرێشانی تیکەنانێکی دەربازبووی قەپۆزی گاوگۆتاڵێک، یان ولاخێکی بەرزە بوو. لەو نێوەندە ناهەموارەدا قوولایی ڕەمەک بەرەو ناخی چ شتێک ڕاپێچی دەکرد و بەرەو کوێ ڕووی وەردەگێڕا؟ هەستی کرد بزەی تیژڕەوی بێمانایی پەلەقاژێکان بەسەر لێوانییەوە ختوورەیان کردە خوارێ. کەوتە کرۆژتنی شتێک، وەختابوو هەڵیبهێنێتەوە، تامەزرۆیی هەستەکانی لەنێو برسێتییدا گۆڕکرد و ئاسمانێکی پڕاوپڕ کرد لە نەفرەت و زەوییەکیشی بەوەندە تفەی شکی دەبرد دابێژا، هەزارەها کوفربێژیی و جوێن، کێ گوێی بە وشە سیخناخ دەکات؟ چاکتر وایە وێردێک بۆ مەرگی سەردەمەکە دەرخواردی بێگوێیەکانی دنیای زێوار بدات. هێشتا هەر کۆڵی لەوە نەدابوو بیر لە دەربازبوون بکاتەوە، چاوەکانی زیاد لە

پێویست سەرسوورمانیان پەخش دەکردەوە، ڕەونەقی جارانیان بە تاریکیی دۆڕاندبوو. گۆڕانی ئەندامەکانی خۆی دەبینیی، پێستەکەی هەستەوەرییەکی نامۆ چنگەکرێی تێدا دەکرد، گیانی لە دەرگایەک دەگەڕا لە وێڵگەیەکی بێبەزەیی دەربازی بکات.

نەیزانی ئەوە چەندەم ڕۆژ بوو ئەو شتانە تیایدا ڕوویاندا. بەڵام سێیەم ڕۆژ بوو کە دوا بەدوا بۆ پاسەوانیی دیاری بکرێت. دە دەقیقە کاتژمێرەکەی پێش خست هەتا دڵی خۆی پێبداتەوە و بەسەر وەختەکەدا زاڵبێت، کەچی لەڕاستییدا هێند شەڵاڵ و شەپرێو بوو هەر ئەو حەلەی پاڵتاوەکەی لە خۆیەوە ئالاند خۆی بۆ خەوێکی بێسەروشوێن، خەوێکی نادیار تەیارکرد. بیری دیسانەوە بۆ خۆدواندن ڕۆیشت: هەر چییەک دەبێ با ببێ، چش.. ئینجا بە گلەییەوە وتی: ئیدی بۆ ئەبەد مگێزی ئەوە ناکەم هەڵبستمەوە..بەڵام خەوەکەی بێڕادە تاڵ و بێ تانوپۆو تێکچڕژاو بوو: خەونێکی تابلێی سەیر: ماڵیان هەرەسی هێنابوو، هی ئەوەیش نەبوو ئیتر وەکو بینایەیەک بتوانێ داکۆکی لە خۆی بکات، کەوتبووە ژێر چەکمەی سادییانەی ستەمێکی داپڵۆسێنەرانەوە. نغرۆییەکی بێحەدوسنوور بەرهەڵدای گۆڕەپانەکە ببوو، تەنها دایکی هێشتاکێ هەوساری باریکەڵەی هەناسەکانی لەدەست نەدابوو. جەستەی خەڵتانی خۆشاوی ناو دەمارەکانی ببوو، بەو شەکەتییەشەوە نەیدەزانی بەچ لایەکدا هەڵبێت، ڕێگاکانی سەرفیرازبوون سەرتاپا ڕەوییبوونەوە، لەسەر قەڵاندۆشکانی هەستەکانی ئاڕاستەکان کەڵکەڵەیان ئاڵۆزکاندبوو، زۆر ئەملاوئەولای کرد، ئاکام لەکۆڵی هەڵترازا و گیانە مەینەتبارەکەی سپارد و ئەمیش

لەنێو کۆڕی شین و چەمەرەدا وەخەبەر هاتەوە. سەروسەدای دزێوی پەلامارە ناگەهانەکان ڕایچڵەکاند، ئەوەندە پەشێواوبوو لەسەر یەک میلی تفەنگەکەی دەهێنایەوە، دەیهێنایەوە و تەقەی دەکرد.. نەیدەزانی چی ئەنجام بدات، وەک ئەوەی دووچاری شێتگیریی بووبێت، سەرلەنوێ کەوتەوە تەقەکردن، قاوغی فیشەکەکان وەکو ماسیی لە ئاو دەرکراو هەڵدەبەزینەوە و جار دوای جار هەڵپەڕ و داپەڕیان دەکرد و دەنگێکی سەیریان دەردەپەڕاند، زۆر چێژی لەدەنگەکە دەبینیی، بەلاّم نەیدەزانی بۆچی ئەو دەنگە ڕمووزنەی پێ پەسەند بوو! بە بێ تێفکریین جێپێی ڕاکردنێکی بێدوایی هەڵگرت..کاتێکی زانی گەیشتووەتە هێڵە پاشینەکانی بەرەی شەڕ، کاتێکی زانی لە کابینەی ئەفسەرە بێ هەست و خوستەکەدا گیرساوەتەوە. ئەو، بە ڕوونیی لە ڕوخسارییدا ئەو تەقینەوەیەی بەدی کرد کە پەیی بە ناخی بردووە و سامە خۆڕسکەکەی داپڵۆسیی و بوێرییەکی نەوجەوانانەی پێ بەخشیی، قەدەرێک دای نیشاند و ئینجا فەرمانی گەڕانەوەی ڕاگەیاند. گورگومێش لەگەڵ سەربازێکی تردا ڕەوانەی بەرەی کردەوە. جوولانەوە خەزانی تێ کەوتبوو. لەو دەوروبەرەدا بۆ پشوودانێک ڕاکشان، ئەوە بە مێشکیدا ختوورەی کرد چەند گوللەیەک لە خۆی ڕابکات، کەچی هێشتا دەربازبوون ئەوەندە بەجەرگیی پێنەبەخشیبوو ئەو کارە ئەنجام بدات، دەیویست کەسێکی دیکە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، بەلاّم ئەفسووس! دیسان..کە تەفروتونابوون ئابڵووقەی دانەوە، لە پێشوو خێراتر غاریان د ، چاوی بە ئەفسەرەکە کەوتەوە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە سەربازەکانیان مابوونەوە، دوو مانگ و شانزە ڕۆژبوو لەو شێتێتییە بێتانوپۆیەدا هەڵیان دەکرد

و بە پەرجوویان زانی هێزێکی دیکە جێگای ئەوانی پڕکردەوە. بۆ ئەمیش پەرجوویەکی نایاب بوو کە ئەفسەرەکە پێی وت: دوورۆژ مۆڵەتت دەدەمێ برۆیتەوە.. ئەمیش وتی: گەورەم دوورۆژ! ئاخر دوورۆژ بەشی چیدەکات؟ بە دوورۆژ مۆڵەتەوە، ئا لێرەوە، لە پەڕی ئەوپەڕی باشوورەوە بۆ کەرکووک! ڕۆژێکم بۆ گەیشتن و یەکێکیشم بۆ گەڕانەوە دەوێ، تکایە هیچ نەبێ سێ، چوار ڕۆژم بدەرێ..ئەویش بە کڕووزانەوەکەی پێکەنی و پێنج ڕۆژی بۆی نووسیی. خەنی بوو، بە خۆی وت: ئیدی ئەو کاتە هات کە دەبوایە بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ «ماریا»خۆم یەکلابکەمەوە و بڕیاری تر بدەم.. کەوتەڕێ.. بەڵام ئەو پێنج ڕۆژ مۆڵەتە بۆ ئەو بە پێنج ڕۆژ نەدەچوو، بەڵکو بۆ ئەو، بۆ دەرچوون لە دۆزەخ بە پسوولەی هەتاهەتایی دەچوو. گەیشتنەوە، خۆی شەوێک بوو لە شەوە هەزار بە هەزارەکانی مێژوو. کە لەبەر دەربیجە کۆنەکەیاندا وەستا، هیچ شتێک بە ڕاستیی نەدەچوو، شەمێران، دایکی، بە هەڵەداوان لەبەردەمیدا ڕەگیان داکوتا و ئەبڵەق بوون. بە تێڕوانینیاندا دیاربوو هێندەی گەردێک بڕوایان هەتەری نەدەکرد. دواتر، زۆر دواتر درکی بەوە کرد کە بۆ مردوویەکی بەسەر دوولاقی شپرزەوە هەڵزناو ڕەنگە لە پرسەوتازییەیش ببوونەوە. دانەماڵینی ڕەشپۆشییەکەیشیان تاقە گەواهیدەرێکی ئەوەبوو، بۆیە ئاوها وابەستەی دۆشدامان ببوون. کە لەسەر دۆشەکەڵە ڕووگوڵباتمانەکەدا ڕەتیوویی و شەپرێوویی هەڵیدایە ئامێزی خەوێکی کتوپڕەوە بە مردوویەک دەچوو ئا ئەو ئانوساتە گیانی سپاردبێ و گەمارۆی گریانەکانی دەوروبەری شکاندبێت. ڕۆژی دواتر، دەمەدەمی هەتاو کەوتنان وەکو شێت ڕاچڵەکا، وەک بڵێیت لە

مۆتەکەیەک بەلەسە بووبێت، بەئاگا هاتەوە. ئەو بە وەئاگا هاتنەوە دەیتوانی خۆی لە مۆتەکەی خەون ڕاپسکێنێ، بەڵام چۆن لەو مۆتەکانە ڕادەپسکا کە ساتەکانی بێدارییان هەناسەسوار دەکرد و هەڕەشەی مەرگیان تەنانەت بۆ ئاوەدانیی و دیوارەکانیش هەڵگرتبوو؟

دەیەوێ بگەڕێتەوە هەتا جارێکی دیش بەر بێهوودەیی دۆخە مرۆییەکەی بکەوێت و سەروەختێک لەنێوان ژیان و مردندا بەسەربەرێت. خودانی دوودڵییە، دوودڵییەکی بێڕادە، ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ و بچێتە ئەو شوێنەی لاوەکان ڕووی تێدەکەن و دەیکەن بە نیشتیمانی دەربازبوون و یاخی بوونیان، ئایا بەوە دەربازبوونی بەرزەفت کردووە؟ کێ دەزانێ؟ هەر نەیسە..ئەو ڕۆژە کەمدەرەتانە بەدوای ئەییووبی کوێخا حیکمەتی هاوڕێیدا عەوداڵ بوو، ئەو ئەییووبەی زۆربەی ئێوارەکان لە یانەیەک لەگەڵیدا یەکیان دەگرتەوە، هێشتا هەر وەکو خۆی وابوو، کاغەز خۆراکی بوو، بێگومان کاغەزێک هزری بگرتایەتە خۆی. جاروبار وشەکانی دەکردە نوقورج و دەیوت: ئەگەرچی دەڵێن دیواریش گوێچکەی هەیە، بەڵام دەڵێی چی قسەکانم لە قەفەز ڕەها بکەم؟ ئیدی پێکەنینێکی گومانئامێز ئێخەی دەگرت و دەنگی نەویتر دەکردەوە و بەهێواشیی مشتومڕەکانی خۆی ڕادەگەیاند و سانسۆری نەدەخستە سەر هیچ تابۆیەک، سیاسەت، شەڕ، ئایین، دووبەرەکیی، سێکس و سۆزداریی و فەلسەفە و..ئەم دەیزانی ژێر بە ژێر کاری سیاسیی ژێرزەمینیی دەکات، بۆیە منەی دەکرد، بەڵام گەڕانەکەی ئەو ڕۆژەی بێهوودە بوو. سۆراخی حەمەی موهەندیسیشی کرد، کامیلی ئامۆزای پێی

وت چووه بۆ هەندەران، زانی درۆیەکی سپیی دەکات، بەڵام متەقی نەکرد..بێجگە لەو، چەند ئاواڵێکی دیکەشی دیارنەمابوون، یەکەوڕاست خورپەی ئەوەی بە دڵدا هات کە هەموویان بۆی دەرچوونە.. ئیدی هەستی کرد شار چۆڵ و هۆڵە و تەنیاییەکی دزێو ئابڵووقەی دا.

ڕۆژەکانی مۆڵەتەکە وەکو چرکە تێپەڕین و دەبوایە بگەڕێتەوە. پێداویستییەکانی لە جلوبەرگ و گوێزان و خاولی و گۆرەوی و شتی تری لەو بابەتەی ئاخنییە ناو جانتا مامناوەنجییە ئادیداسەکە و بیری کردەوە شانەیەکی پلاستیکیش بەرێت، لێ ڕای خۆی گۆڕی و بوونەوەری تەوەزەلییەک دەستی نایە بینەقاقای و بە خۆی گوت: پێویستم پێی نابێت..دەفتەرێکی بەرگ سووری مەیلەوقاوەیی تەپاندە نێو جانتاکەوە کە لە سەفەری پێشوویدا لە پایتەخت بۆ ئەوە کڕی پاکنووسی شیعرەکانی خۆی تێدا بنووسێتەوە و ئومێدی ئەوە لە کەڵکەڵەیدا چەکەرەی دا ببێتە کێڵگەیەکی بە پیت و فەڕ بۆ ئەو هەموو وشەیەی ماڵێکی کاغەزینی بۆ بنیات دەنێن، بێگومان ئەگەر خامەکەی بڕشتێکی ئەوتۆی هەبێ وەکو خوێن هێڵی لاپەڕەکان بکاتە دەماری بێشومار و دەفتەرە سوورکەڵەکەیش بکاتە جەستەیەکی زیندوو، چونکە، کێ دەڵێ شەڕ مەودا دەهێڵێتەوە تاکو زمان سەرپشکی گوزارشت کردن بێت؟ کێ دەڵێ ڕووپەڕەکان ژیانیان پێدەدرێت و مەرەکەب کچێنییان پێ دەبەخشێ تا خوێندنەوە بیانسمێت و چێژیان لێوەربگرێت؟ چەند کتێبێکیش، چاوەکانی ئێلزا، دوورخراوەکانی هیشام تۆفیق ئەلڕووکابیی، ناڵەی جودایی، زریان، وەرزێک لە دۆزەخدا، دوودڵ بوو لە دۆزەخەکەی هێنری باربۆس، بەڵام هەڵیگرت، هەتا بە ڕووی دنیایەکی دیکەدا بیانکات بە دەروازە،

هەروەها ژیانی بیرمەندێکیشی پڕدایێ، کە باوکی بە سەروشکڵ دەق بە دۆنایدۆنی ئەو دەچوو، کە بەر لە سەدەیەک میوانی دنیایەک ببوو و ویستبووی بیگۆڕێت، وەلێ جاڕوجەنجاڵانەتر بەجێیهێشتبوو و ماڵئاوایی لێیکردبوو. بەرلەوەی بیخاتە ناو جانتاکەوە قەدەرێک تاس بردییەوە، چەند وشەیەک نۆتەئاسا لەناو پیانۆی فەرهەنگی زمانەکەیەوە هاتنە زایەڵە: داخۆ ئەمە چ حیکمەتێک بگرێتەخۆ؟ داخۆ ژیانی ئەم سمێڵ فشە چ پەندێکم بداتێ؟ بەرگەکەی لێکردەوە و فڕێیدا، چونکە هەستی کرد پڕکێشییەکی ترسناکە پێیەوە لەناو جانتاکەدا بێت..ئێستا ئیدی ئامادەبوو، بەڵام ڕمۆکییەک لە ناخیدا قوڵپی دەدا، ئارەزووی لەوەبوو ماڵئاوایی نەک هەر لەوان، بەڵکو لە هەموو شتێک بکات، ئەو شتانەی هەر لە منداڵییەوە یادەوەریی گۆش دەکەن، دەیویست هەتا دوورترین خاڵ بەڕێی بخەن، دوورترین خاڵ، کە ئیتر تیایدا وندەبێت و تەنها دڵ دەتوانێ ببێتە چاو و پەیی پێ ببات. هەموویان لە جانتا سووکەڵەکە ڕامان، کە چۆنچۆنی لەسەر شانیدا وێنەی منداڵێکی خەوزڕاو جۆلانەی دەکرد. ئاودیوی نێو»فیات»ەکەی خاڵی بوو، کە خاڵۆزاکەی لێیدەخوڕی، جامەکەی هێنایە خوارەوە و بە لێو بزواندن وتی: دووعام بۆ بکەن لەم جلە خاکییانە ڕزگارم بێت..کە ترومبێلەکە کەوتەگەڕ و دوورکەوتنەوە، دوا ئاووڕ جامەکەی دەستی شەمێرانی نیشان دا، دەموچاوە خەمداگرتووەکەی وەکو بۆڵەترییەکی قورس شۆڕببۆوە، ئاوەکەی بەدوایدا ڕشت. تەماشای هەموو شتێکی سەرجادەکانی کرد، شوێنەکان دەمامک گەلێکی وەحشەتناک ڕوخساری داپۆشیبوون. فەرهادی خاڵە حەسۆی بەلای ئێستگای شەمەنەفەرە ئەفسانەییەکەی

شـاردا ئاژۆتـی، بـەلای چەپدا ڕووە و گەراجـی پاسـەکان شـەقامەکانی هەڵلووشـیی، ئەندێشـەی لەسـەر بڕیارێکـی سـاتەوەختانە گیرسـایەوە، بڕیارەکـە دەرچەیەکـی کەسـکی لـە دەروونیـدا ئافرانـد. لـە دوورەوە تاپۆیەکی ڕووت و قـووت لـە باوەشـی ئـەو سـەرما وشـکەدا شـێتییەکی کێویلـەی هەڵگرتبوو، بە نێوەڕاستی شـەقامەکەدا غـاری دەدا و جاروبـار ئۆتۆمبێلێکی پۆلۆنی لە چاو پەردەپۆشـی دەکرد، هەتا مەڵاشـووی بڕی دەکرد سـروودی پێ شـەوە پێ شـەوە بۆ پێ شـەوە..بۆ پێ شـااااوە ئەی...دەچـڕی. لـەو سـاتە گومانئامێـزەدا، چـاوەکان باوەڕبەدەرانـە لـە هەمـوو لایەکـەوە تاقیبیـان دەکـرد، بـۆ سـاتەوەختێک هەمـوو شـتێک لەگـەڵ ڕامانەکانـدا پێچەوانـە ڕەوتـی کـرد و پـاش ونبوونـی تاپۆکەیـش بـوو بـە ژۆڕناڵـی گاڤۆکەیـەک لـە یادەوەرییەکانـی شـارێکی مێژوویـی، شـارێک، خەریکبـوو نیشـانەکانی هەڵبـزڕکان دەیانشـێواند. کـە گەیشـتنە گـەراج، دەسـتبەجێ نەیتوانـی بێتـە خـوارەوە، چونکـە بەجێهێشـتنی شـار لەخۆجیابوونەوەیەکـی ئەشـکەنجەداربوو، ڕۆحـی بـە شـەیتانێکی نادیـار دەبەخشـیی، وەکـو کەشـتییەک لەنگەرەکـەی شـۆڕکرابێتە خـوارەوە قـورس قـورس هەڵگـەڕا، هەسـتی بـەوە کـرد هـاکا هەمـوو شـتەکانی لـە گرێژەنـە چـوون، بـەڵام چیـی پێدەکـرا، تـازە هەڵبژاردنـی ئاڕاسـتەیەک شـتێک بـوو سـەپێنراو و هیـچ چارێکـی نەبـوو. پاسـێک ڕاوەسـتابوو، شـین وەک دەریـا، لـە فیاتەکـە دابـەزی و چـووە ناوییـەوە، فەرهادیـش بەرلـەوەی دوورکەوێتـەوە وتـی: ئـاگات لـە خـۆت بـێ بـە تابووتێکـەوە نەگەڕێیتەوە..ئـەو چەنـد وشـەیە کەڵکەڵـەی شـڵەقاند، یارمەتـی دا بیـر لـە بڕیارێکـی دەمودەسـتیی بکاتـەوە، ئـەو چەنـد چرکەسـاتە جموجووڵـی دەوروبـەری پـێ هـەرس نەکـرا، هەمـوو شـتێک لـە ئاوەزیـدا ڕووی لـە

ڕەوینەوە کرد، جگە لە بڕیارەکە نەبێ. سەرەتاتکێیەکی کرد، فەرهاد دیار نەمابوو، بە بێ دوودڵیی دابەزی، چووە ناو پاسێکی تر، پاسێکی دیکەی سەوز، سەوز وەک گەڵای دار. ڕادیۆکەی ئیشی دەکرد و پەیتا پەیتا هەواڵی تازەتری بەرەی جەنگی ڕادەگەیاند. لە بڕگەیەکی هەواڵێکەدا ڕاگەیاندکار وتی: دوژمنی ئاگرپەرست پاش هێرشەکەی بەر لە چەند ڕۆژێکی، هێرشێکی بەربڵاوتری کردۆتە سەر»فاو»و زەبری کوشندەی جەنگاوەرەکانمان هێرشەکەی تێکشکاندووە و پاشەکشەیان پێ کردوون و سەدان کوژراویان لە گۆڕەپانی شەڕدا جێهێشتووە و جگە لەوە هێزەکانمان دەیان سەربازیشیان بە دیل لێ گرتوون. ئەم بڕگەیە بردییەوە نێو ئەو دنیا قیامەتئاسایەی چەند ڕۆژێک پێشتر و چرکەساتێکی تفتوتاڵ لەو دەوروبەرە دابڕا. ئینجا جووڵەی تێکەوتەوە و پاش سەقامگیربوون لەسەر یەکێک لە کورسییە چڵکنەکان، درکی کرد ئەو وەرچەرخانە ناکاوەی هزری هەر لە خۆوە نەهاتووە، بەڵکو یەقینێک سەرچاوەیەتی. دیسان داینەمۆی بیری کەوتەوەگەڕ: ئەمە سەفەرێکە هەر دەبێ بیکەم، ڕەنگە هات و نەهات بێت و لە بازگەکەی دەرەوەی شار بگیرێم، بەڵام لە میان ترسێکی ناڕام و ترسێکی دەستەمۆدا دەبێ خۆم بدەمە دەست قەدەر. کە ئەمەی بە خۆی وت، یەقینێک پێی وت: لە شوێنێکی تردا پێشبینیی ژیان بکە، ئەمە هەڵاتن نییە لە هەنووکە، ئەمە ژوورچەیەکی ئەفسووناوییە بۆ نێو کیشوەری خەونێک، کە لەنێوانی دوێنێ و ئەمڕۆدا دیوارێک هەڵدەچنێت و سنوورێکی تۆکمەیش قیت دەکاتەوە.

گڕەگڕی پاسەکە وەکو ناڵە و سەروسەدای ئەو پریمزە تووجینە

وابــوو کاتــی خــۆی لــە کەناریــدا پــەڕەی کتێبەکانــی هەڵدەدایــەوە و عاشــقانە موتــاڵای دەکــردن. بــەو ڕێگایەیشــدا شــەباهەتی کۆلارەیەکــی گرتبووەخــۆ، جادەکــەی هــان دەدا ببێتــە دەزوولەیەکــی ئەفســووناویی و لەژێریــدا ڕایــەڵ بێــت تــا هەرچــی زووتــرە بگاتــە دوورتریــن پنــت لــە ئاســمانی ئــەو گەشــتەدا. زۆر تاســووق بــوو قــەدەری بــەو لادانــەوە یەکانگیربێــت و ڕێــگای ئاســایی خــۆی بــە لەبیرکردنــەوە بســپێرێت. گەشــتەکەی ئــەو بەیانییــە خورافییــە چاوەڕواننەکــراوەی بــە باربــووی لێووردبوونەوەیەکــی قــووڵ، یــان داڵغەیەکــی بێکۆتایــی بەســەربچێت، چونکــە تەنهــا خــەو بــوار بــە گوزەرکردنــی وەختــە پــڕ نیگەرانیــی و پەشــێوییەکەی دەدات. دەیویســت بیرۆکەیــەک، کــە لەمێژبــوو گرتبوویــە بارتەقــای کەڵکەڵــە فرەوانەکــەی، بــەدوور لــە ئاپــۆرەی خەڵــک و جــاڕ و جەنجاڵییەکانی ڕۆژگارەکە پراوە بکات، مــەرج نەبوو چەند ئەزموونــی جیــاوازی ئەوانــی تــر لەســەر پەردەکانــی گوێیــدا بــە هێووریــی خۆیــان بنووســنەوە، لێــرە و لــەوێ گوێــی بــە شــتی بچکۆلانــە قانــگ بدرێــت، هێشــتا گەلێــک بــە زەقــی دێتــەوە یــادی بــە ئەییووبــی گوتبــوو: دەمــەوێ لــە جێیەکــی دیــدا ڕچــەی ئەزموونێــک لێبــدەم تەنهــا بــە خــۆم تایبــەت بێــت، ئــەو ڕچــە خۆکــردەی پیایــدا ڕادەبــوورم لەوانــەی گوێبیســتیان بوومە بایەخــی پتــر دەبێت. ڕەنگە هەبوونم لەوێدا پێناســە تایبەتەکانی ئێمــە بەرجەســتە بــکات، تخووبــە دەســتکردەکان دوور دوور بخاتــەوە و نادیارییەکانیــش ســیخناخی نــاو دیــارەکان بــکات و پلاژیکتــۆری پــڕ لــە وزەی ســپیی بخاتــە ســەر دیــاردە تازەکانــی خەســڵەت و سروشــتی نەوەکــەی ئێمــە و دەشــێ بیشــبێتە بیۆگرافیــای ڕاســتەقینە و ڕاســتگۆی هەرهەمووومــان!

سـەرباری نیگەرانیـی و تـرس، ئـەو بەیانییـە دوانەهاتـووە خەونێکـی ئەفسـانەیی کردبـووە تەلیسـمی خـۆی و ململانێـی لەگـەڵ کەشـوبایەکی ڕمووزنـدا بەرقـەرار دەکرد. هـەر ئـەوەش بـوو بـەو هۆیـەی لـە بازگەکـە هەڵینەسـێنن و وا بزانـن لـە بـەرەی جەنگـەوە بـە مۆڵـەت هاتووەتـەوە و بـۆ ئـەو شـارە دەڕوات کـە پاسـەکە ئاڕاسـتەکەی گرتۆتەبـەر. بـەر لـە خەونەکـە، ئـاوەزی ڕیکۆردەرێـک بـوو، ئـەو شـتانەی بـۆ لێدەدایـەوە کـە ئـەو بەیانییـە بینیبوویانـی، زمانـی لـە گـۆ کەوتبوو، ئەژنـۆ لەرزیووەکانـی دایکـی کۆڵیـان لـە قیت بوونـەوە دابـوو، چاوەکانیشـی خەڵتانـی داچـۆڕان ببـوون، شـەقاوەکان قەڵـەم بـوون بە دەسـتی منداڵێکی بێسـەوادی لاڵوپەت و جادە تاقانەکـەی گەڕەکیـان دەکرد بـە دێـڕی بـە دزێویـی هەوسـارکراو و دوا وشـە سـڵاوێک بـوو لـەو کچـە کەمئەندامانـەی لەبـەر دەرگاکـەی مەحبووبـە دەمـەوەردا ببـوون بـە مۆنیوومێنتـی دیـاری شـوێنەکە و لـەو دوکاندارانـەی کەسـیش نەیدەزانـی لـە کەیـەوە لـەو گەڕەکـەن و ناویـان وەکـو مارکـەی فابریقـە ناودارەکانـی ئەورووپایـان لێهاتـووە، دوا بۆنیـش بۆنـی ڕیخـی مانگاکانـی مەحبووبـە و چڵـکاوە ڕەشـەکانی گـەڕەک بـوو لــە یادەوەریـی سـیی و دفناکیـدا بـوون بـە خۆشـترین عەتـری دنیـا.. بـەڵام محەشـێت بەخۆیی و چاکەتـە دەڵبەکەیـەوە بـە تەنیشـتیدا تێپـەڕی و کتوپـڕ چریکانـدی: هەورەکـەی بارانییە...جارێکـی تـر سـیلەی چـاوی کەوتـەوە سـەر چڵـکاوە قێزەوونەکانـی پەراوێـزی جادەکـە، چونکـە دەیزانـی ئـەو بۆنـە هێرکـەر و خەفەکـەرە ڕۆژێـک دەبێتـە ئـەو بۆنـەی مەگیرانـی پێوەدەکات و لـە یادەوەریـی هەناسـە هەڵمژینەکانیدا تاهەتایـە بەجـێ دەمێنـن و دەبنـە کۆمەڵێـک کۆمپیالـەی سـەلەم و دووچـاری تـرس

و بیمێکـی ڕەهـای دەکـەن. گەرەکێتـی بەمانـەوە پـێ بنێتـە کیشـوەری سـبەینێ، چونکـە لێـی ئاشـکرایە بەبـێ ئەمانـە سـبەینێ بوونـی نابێـت.. سـاتێکی جاویـدان نیگەرانییەکـەی دەبێتـە گڕکانێکـی بەرزەفت نەکراو و دەنگێکی کوڵەکوڵ ئاسـا دەسـت دەکا بـە دواندنـی: گـەر بسـتێک شـوێن چییـە نەمایـەوە تیایـدا هەڵکورمێـی چـی دەکەیـت؟ تێفکـرە، دنیـا ماڵـی کـەس نییـە، دەتوانـی بڕۆیتـە جێگا دوورەکان، ڕاسـتییەکانی ژیانێکـی تـر لـە خـۆت نزیـک بخەیتـەوە و خـەون و خەیـاڵ باژێڵـە بکەیـت، چونکـە گـەر خـۆت نەتـەوێ ئـەوا کـەس ناتوانـێ خـەون و خەیاڵـی تـۆ قـۆرخ بـکات و لێیـان بێبەرییـت بـکات.

پـاش ئـەو هەناسـە کوژاڵکییانـەی هەوێنـی بەرپاکردنـی نوورێکـی فۆسـفۆریی سـەردوولکە بـێ کاراکتـەر و درەنـگ گـوزەرەکان بـوو، لەودیـو دەمامکـی دوورەپەرێزیـی خـۆی پێـوار کـردەوە. خـۆی وەک هەسـارەیەک دەهاتـە بەرچـاو لـە ئاسـمانی دنیایەکـی تـردا کشـابێت. ئەندێشـەی لەسـەر ئەو گۆڤارانـە گیرسانديیانەوە کە لەبارەی فڕۆکەوە بـوون و بێجگـە لـە ئەبوبەکـر، بەرزۆی شـێخ عومەریـش عاشـقیان ببوو و نامـەی بـۆ ئێزگـە عەرەبییەکـەی مۆسـکۆ دەنـارد و داوای گۆڤـاری لـەو بابەتـەی لـە دەنگـی ئێزگەکـە دەکـرد و بۆیـان دەنـارد و پێکـەوە، یـان لـە پارکـە گەورەکـەی ئـوم ڕەبیعەیـن دادەنیشـتن و لێـی ڕادەمـان، یانیـش لـە ماڵەکەی»تەپپـەی مەلاعەبدوڵڵا«یـان، یانێخـۆ جارجـارە ئـەم لـەوی وەردەگـرت و دەیبـردە ماڵـەوە و بـە سـەعات لێـی ورددەبـووەوە و لـە خەیاڵـی خۆیـدا لـە گوینـە بیـری لـەوە کردبێتـەوە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ببێـت بـە فڕۆکەوان..لـە دوورەوە دەنگێـک بـەرەو ڕووی هـات،

حیلەیـەک بـوو، خـەم و پەژارەیەکـی نـاوازەی متوورفـە بـوو. یەکێـک لەنێـو پاسـەکەدا باوێشـکی دا و ڕەواندییـەوە. ئیـدی خوێنـی بەلـەز گوزەرکـردووی یادوەرییـەکان زەنگـۆڵ زەنگـۆڵ داچۆڕانـە سـەر ئـەو بێدارییەی دەیویست لێی هەڵبێت. پەیدەرپەی دنیا بچووک و بچووکتر هەڵدەگـەڕا و ئەمیـش مکوڕانـە و کەللـەشەقانە بـەدووی تراویلکەکانـی دڵبەسـتەیی خۆیـدا دەکەوتـە گـەڕان و وێڵگەردییـە ماتـەم بـارەکان. جاروبـار، بـۆ چەنـد سـاتەوەختێک خەواڵوویـی هەژموونـی بەسـەردا دەکـرد، هەسـتی بەوەسـتانی سـەعاتەکانی دنیاکـەی دەکـرد و دەکەوتـە سەنگوسـووژ و لـە سـەرەنددانی دنیـای بوێـردراو، ئەگـەر بچووبایەتـەوە بۆ بـەرەی نەفرەتیی، بـە خـۆی وت: ئـەوا دوا دەکەوتـم، لـە کاتـی خـۆی نەدەگەیشتمەوە ئـەو پەسـڵانە، جگـە لـەوەش سـەراپای وەختەکە لەبارەی ئـەو مۆڵـەتـەوە دەدوام کـە وەکـو هەناسـەیەک وابـوو و وەکـو جارەکانـی پێشـوویش سـەرزەنشـتی خۆمـم دەکـرد  بۆچـی نەگەیشـتمە بڕیـاری ئـەوەی ئاڕاسـتەکەم بگـۆڕم؟ ئیـدی کـە پێنـج شـەممە کازیـوەی بەسـەر بـەرەدا دەدا و مەشـق و ڕاهێنانـە تاقەتپڕووکێنـەکان تەواودەبـوون، دەیانبردمـە لای فەرمانـدەی سـەربازگەکە و پـاش سـڵاوقووتێکی جیددیـی و بـە سـەروسـەدا ماوەیـەک بـە ڕاوەسـتاویی دەمامـەوە، ئینجـا ئـەو شـەقڵە قووچەکییـە کۆتایـی بـە سـەرقاڵییە ڕووکەشـەکەی خـۆی دەهێنـا و بە»کـوڕم م م...»دەسـتی بـە وەعزێکـی بێتـام دەکـرد، وەک بڵێیت گوێبیسـتی مڕەمڕی گوربەیەکـی گیرۆدەی مانگـی ڕەشـەمێ بـم، دیسـانەوە هەندێـک پەنـد و بڕێـک ئامۆژگاریـی ئالـوودە بـە پێکەنینێکـی قرووسـکە گەماڵییانـەی دەکـردم و هەفتەیـەک بـە زیندانیـی تاکوتەنیـا سـزای دەدام و دەیـوت: جـاری داهاتـوو دڵڕەقـی خۆمـت پیشـان دەدەم،

ئیدی ئەمە دووبارە مەکەرەوە..هەفتەیەکم لەگەڵ خۆم بەسەردەبرد و دیسان دەهاتمەوە نێو ڕەوتی یەکنەوای ئەژدیهای زەبەللاحی سووپا و وەکو ئەوەی لە خوداوەند ئاگرم بۆ مرۆڤ دزی بێت، قەدەرەکەی پڕۆمیسیۆس دەبووە قۆزاخەم و لەسەر سووڕی ستەمبارانەی مان و نەمان بەردەوام دەبوومەوە.. بەڵام خۆشبەحاڵم! ئاراستەکە شوێنێکی تری کردە ئامانجی خۆی، چونکە ئەندێشەم گۆڕەپانی تێکقژقژاوی ئەڵتەرنەتیڤەکان بوو و بەدووی فۆرمێکی تری چارەنووسدا دەگەڕا و وێڕای ئەوەی هەستم بە ناماقووڵییەتی دنیاکەیش دەکرد، کەچی هەمیشە بیرم لای ئەوەبوو کە نابێ ڕێگای ئەوە بڕەخسێنم کردەوەکانم ناماقووڵییەتیان تێبکەوێ و بێهوودەیی یەخەیان بگرێت.

ترسێکی ڕمووزن لە دەرگای ئارامیی دەدا، پاسەکە پارووییەکی وشکە و بە ڕیخۆڵەی هەزار بە هەزاری ڕێگاکەدا شۆڕدەبێتە خوارەوە. خەوتووە، نا نەخەوتووە، بەڵکو هەرگیز لە دەوروبەر دانەبڕاوە و بە ئاستەم جێپێی غەڵبەغەڵبی ناو سەرنشینەکان هەڵدەگرێت. گوێی دەنگێکی کەنەفت دەقۆزێتەوە: ئەوە شۆراوە، لە شەست و سێ چۆڵکرا..لە هەندێ کەلاوە بەولاوە هیچی تری بەدی نەکرد و کەسیش شوونی ئەو قسەیەی هەڵنەگرت. دەیزانی بۆچی وتی چۆڵکراوە و نەیوت وێران کراوە و داری بەسەر پەردوویەوە نەهێڵراوە، هەروەها بۆچی کەسیش شۆراوی نەکرد بە بابەت و درێژەی بەو قسەیە نەدا! چاوێکی پڕ سەنگوسووژی داپچڕی و تەماشایەکی ناو پاسەکەی کرد، چاوی بۆ جۆرە سەروسەکوتێکی

تایبەتی گیرا، درێژەنەکێشانی بابەتەکە باشترین سەلمێنەری ئەوەبوو کە ناو پاسەکە بێبەریی نییە لەو جۆرە سەروسەکوتانە..بۆیە پێڵووەکانی کردەوە بەربەستی ڕووناکییەکەی چێشتەنگاو و کتوپڕ بۆ ساتەوەختێک سەربردەکانی «سەبە»ی دایکی جێگایان بە خەونەکەی لەق کرد، ئەو کاتە سێ ساڵان بوو کە باوکی لە تاو حەرەس قەومی خۆی لەناو تەنوورێکی گەرمدا شاردبۆوە..ئیدی سووتانێکی بە سوێ ڕۆحیان لە چوارچێوە گرت و بە پەلە چاوی ئاوەڵاکردەوە و نیگا هەڵکڕووزاوەکانی بە ئاقاری ئەو جوگرافیا وێرانەدا ڕەوان کرد و هەوڵێکی ڕۆح پڕووکێنی دا تا بتوانێت لەو دیمەنە مێژووییە خۆی ببوێرێت و منداڵیی زیندوو بکاتەوە، منداڵییش سەرجەم شتەکانی دەدایە دواوە و پاتریارکە بێوێنەکەی ماڵیانی بیردەکەوتەوە، ترسنۆکییەکی ڕام شتەکانی پەردەپۆش دەکرد، لەژێر دەمامکەکەیدا دیار نەدەما، هەرکە دەهریی دەبوو، جا کەی و چ ساتێکی ژیانی دەهریی نەببوو؟ ژەمی ئەشکەنجەکان خوانی ساتەکانی دەڕازاندەوە، دەبووە گەدەیەکی زەبەللاح و زووخاوی هەڵڕژاوی دڵەکەیان هەرسدەکرد..بەژنی گۆشەگیرییەکی بەسۆز بەسەریدا دەچەمایەوە و میهرێکی داوەرانەی بەرامبەری دەنواند. لەوە دڵنیا بوو کە لە یادە ڕەنجاوەکەیدا هەڵدەکۆڵراو سیمایەکی مۆنالیزایی بە خۆوە دەگرت و وێنەی پارچە خشڵێکی بێچوون دەمایەوە. هەستی دەکرد دوای ئەو هەموو ساڵگارانەیش هێشتا هەر چنگی دڕندەیان لە یادی گیردەکرد و دەرحاڵ لەو ساتانەدا دەیانژیاندەوە. بەدووی لێکچووی شەمێراندا دنیا ڕمۆکەکانی تەی دەکرد، لە دەموچاوە بێشومارەکانی نێو حەشاماتی شوێنە جیاوازەکاندا بۆی وێڵ دەبوو، قەرەباڵخییە

دزێوەکانی دەپشکنیی، لەودیو ڕوخساری هەر کەسێکدا سیماکانی بیدیتبایە، هەوشارێکی فێنک کوڵی ناوەوەی بە خامۆشیی دەسپارد و دەبوو بە هێمایەکی خشپیلەی سەقامگیریی و داسوکنان. بە خۆی دەوت: شەمێران..شەمێران بۆچی ئێمە، بۆچی من و تۆ، یاساو ڕێساکەی ئادەم و حەوامان بۆ خۆمان هەڵنەبژارد؟..ئیدی ئەندێشەی وەکو شارەمێرووڵەی بە جمەجم بچووک دەبووەوە و مێرووڵەکانی پرسیار هورووژمیان دەهێنایە دەرێ و لە ناپەیدایی وەرامەکاندا هەمیشە ڕکێفی هێمنیی لە دەست دەدا، چونکە ئەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکانی نەدۆزێتەوە، هەمیشە بێسرەوت دەبێت و چیکڵدانەشی تەسکتر دەبێتەوە. بەها دزێوەکان بە درەختی نەفرینەکانی پەلوپۆیان دەبەخشیی و نیگا بەخشین بە سەردەمەکان گۆڕەوشاردان و سەرنگوونکردنی بەها جوانکیلەکانیان بۆی بەرجەستە دەکرد. دەیبینیی شتەکان لە واژگوون بوون و پەژموردەییدان. کێ لەوە حاڵی دەبوو؟ دەیویست ئەو نامانەی جاروبار لە «بەرە»وە بۆ ماڵەوەی دەناردن نیشانی دیاریکراو بپێکن. ئەو دەیخوێندنەوە، بێجگە لەو چەند هاوڕێ کەمەی، ئەو تەنها خوشکی نهێنییەکانی نەبوو، بەڵکو تاقە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بوو بە دنیاوە ئەوقی دەکرد، نەشیدەزانی هەتا کەینێ چەپۆکانی کێویلەی ئەسپەکەی دڵی لەناو ئەو هەموو خۆشەویستییە حەرامەدا دەمایەوە. جاربەجارێک یادی بە ئاڵۆزکاویی پرسیارەکانەوە گیردەبوو و دەیوت، تۆ بڵێی پەیوەندی منی بە دنیای خۆیەوە پچڕیبێت؟ ئیدی لە خۆڵەمێشی وشە پرسیارئامێزەکاندا، پزیسکی بێ بەرسڤییە نائاساییەکان ئەمیان دەخستە سەر زینی کلۆکۆدامرکان. ڕەنگبوو هەنووکە خەمە نائاساییەکانی

ڕەنگـوڕووی مردنێکـی جوانیـان بـۆ هەڵگرتبێـت، چونکـە ئـەو کاتانـەی لێـوەی نزیـک بـوو، خەمەکانـی لەژێـر پێسـتە گـرژ و ڕەنگپەڕیووەکەیـدا ناسـۆر و کەسـەریان دادەگیرسـاند و ڕۆحیـان بـۆ شـیعرە لاسـارەکانی هەرزەکارییـە کـەی تەیـار دەکـرد، ئـەو شـیعرە سـەرگەردانانەی ڕۆحێکـی غـەوارە بـە بـوون و سـەرنوێشـت لەژێـر زەبـری پووچیـی و بوودەڵەیـی دنیـادا هەڵیدەهێنجـان و تەنهـا بـۆ یـەک خوێنـەری دەنووسـین، ئەویـش هـەر تەنهـا خـۆی. سـەبەی دایکـی، زۆر میکانیکییانـە و هاوڕیتمانـە ڕۆژگـارە ئاڵچاخەکانـی لەگـەڵ سـمێڵ فشـدا وەڕێدەخسـت. ئـەم لەوەیـش خاترجـەم بـوو کـە ئەسـڵەن خەوتنـی لەگـەڵ ئـەو لەژێـر یـەک میـچ و سـاپیتەدا نسـکۆیەکی بـەردەوام بـووە و هەرگیـز لەزەتـی لـە مێیینەیـی خـۆی نەدیـووە و لـەدوای شەسـت و سێیشـەوە باوکـی چیـدی خاوەنـی پیاوەتـی نەبـووە، خاوەنـی گرمۆڵـە پەڕۆیەکـی شـین و مـۆری بێکەڵـک بـووە و هیچـی تر...ئـەم لـە گۆشـەی دوورە پەرێزییەکـەی خۆیـەوە بارگەوبنـەی تێـک نابـوو و لـە کۆچوبارێکـی سـەرومڕدا بـوو، وادیاربـوو لەبەرئـەوە لـە ئێسـتا هەڵدەهـات، چونکـە تێیـدا جێـگای نەدەبـووەوە! دەیزانـی لێـرە بەهەشـت بوونـی نییـە، بۆیـە بـەدووی دۆزەخێکـی تـری هێشـتا نـەدۆزراوەی ئەهوەنتـردا وێڵبـوو، سـۆزەی ئـەوەی دەکـرد لەنێـو دەقـە شـیعرێکدا، لەنێـو تابلۆیەکدا جێنیشـتە بـووە، یاخـود گەمـارۆدراوە، لـەو بڕوایەدابـوو: ئـەو و جیهـان و گـەردوون گـەر بـە هەمـان شـێواز سـەرومڕیی بـە هەڵکـردن بـدەن، ئـەوا لـە چرکەسـاتێکدا هەمـوو شـتێک ڕوو لـە ئاوایـی دەبێـت، هیـچ شـتێکیش بەهایەکـی ئەوتـۆی نابێـت بـۆ گـەڕان و سەنگوسـووژ عەوداڵـی بـکات. ئەگـەر ئەوانیـش کۆپییەکـی وشـک و بێگیانـی ئـەو هەنگاوانـە و ئـەو شـتە ساختانەی کەتواربـن، بـە

ڕەسـەن و بنچینـە هیـچ مەبەسـتێک ناگرنەخـۆ. کەواتـە دەبـێ ئاوڕێـک لـە کەلەپـووری بەجێهێڵـراو بداتـەوە، بەڵکـو شـتێکی ئەوتـۆی تێـدا بێـت و چەندەهـا ژیـار چـاوەڕوان بـن چـاو و یـاد و هـزر و ڕۆحـی زاخـاو بـدەن و زیندوویێتیـی پێببەخشـن. گەیشـتبووە ئـەو بڕوایـەی سـەرجەم ژانرەکانـی وێـژە و قوتابخانەکانـی هونـەر، هەناسـەی هەنووکەیەکـی دیـاری کـراون، بـەڵام ئـەم هەنووکەیەکـی هەمیشـەیی دەویسـت. لـە وێـژەدا، هەروەکـو لـە ژیانیشـدا شـتێک نەبـوو نـاوی کـۆن و نوێـی بەخـۆوە گرتبێـت و هاوێرکرابێتـەوە، لـە دنیـای هونەریشـدا بوونێکـی هەسـتپێکراو نەبـوو، بێجگـە لـە ڕەسـەنێتیی و بنچینەیـی بوونـی بابەتـی مرۆیـی، مەرجـی یەکلاکـەرەوە بـۆ هەرمانیـی بەرهەمێکـی خۆڵقـاو و چێـژ بەخشـینی پەیدەرپـەی، پێشـبڕکێ کـردن بـوو لەگـەڵ کات دا.. هونـەر، ئـەدەب، شـیعر، دنیـای ئەفسـانەیین، دنیـای سنوورشـکێن. هەسـتیش، تاوانـە کوێربێتـەوە و ئـەو شـتانە بـەدی نەکات..بۆچـی جاروبـار بیرکردنـەوەی لـە هونـەر و شـیعرەوە تێهەڵدەچـوو، چونکـە دەیزانی تلیاکی ڕکێفکردنی عەشقە گەورەکەی بوون، دڵنەوایی تێیاندا دەدۆزییـەوە و خۆڕاگرتریـان دەکـرد. چـووە بنجوبناوانـی ئـەو دنیایـەی دەبوایـە لـە نۆژەنـەوە سـەرەتای بـۆ بدۆزێتـەوە. تەنهـا چەنـد ڕەنگێـک نەبـوو، تەنهـا چەنـد فڵچـە وەشـاندنێکی بێبەهـا و بێگیـان و لامسـەرلایی سـەر کەڤـاڵ نەبـوو، سروشـتێکی ئەوتۆیشـی نەبـوو ئاوێتـەی ڕەنگـە جوانـەکان بووبێـت، بەڵکـو ڕۆحێـک بـوو بـەو هەمـوو بەربەرینیـی و پەلوپـۆ هاویشـتنەی خۆیـەوە دەیویسـت لـە نێویـدا خـۆی لـە تابلـۆ لـە کات یاخیبـووەکان دەربـاز بـکات. زۆرکـەڕەت لەگـەڵ تنۆکـە تنۆکـی خوێنـی گوێچکەڵـەی دڵێـک و باڵـۆرەی دڵسـۆزییدا شـۆڕدەبووەوە نێـو

هەڵدێرەکانی گریانێکی بەکەفوکوڵ، زۆرجاری دیش داخوازییە کەی ئەو پیرەمێردە ڕەنگاڵەیە دەهاتەوە ئەندێشەی کە ڕۆژێک گوێچکەی خۆی بڕی و کردی بە دیاریی، بەڵام تەنها گاڵتەجاڕیی پێبڕا. بەو هەویایە بوو لە سەرەمەرگیشدا هەر خامە و پەڕەمووچی بەدەست و ئەنگوستەوە بێت، وەکو چۆن ئەو پیرەمێردە فلچە نازدارەکەی یەکەم هاوڕێ و دواهاوڕێی زیندەگییەکەی بوو ئە ئاوا. ئەمیش ئامانجی ئەوە بوو، وەکو چۆن لە منداڵدانی پەیڤدا ڕسکابوو و پێنووس ببوو بە تاقە ئاواڵی، هەر ئاوایش لەگەڵ پێنووسدا بچنە نێو بێمەرەکەب بوونێکی ئەبەدییەوە. مگێزی ئەوەی دەخواست پێنووسێکی سیحریی بە دەستەوە بێت، وێرگوڵ و خاڵەکان فەرامۆش بکات و لە هەناسەکانی بەردەوامبووندا بگیرسێتەوە. دواڕستەیش بەر لە نەمانێک، بەر لە خۆکوژییەک بە زاریدا بێت وەک قوتیلەیەکی ئەو چەرخە وابێت کە لە شەوی دنیای بێمانای لەدایکبوونەکەیدا دەکوژایەوە و هەموو شتێکیش هەر لەوێوە سەری هەڵدەدا و ڕچەی دەگرت..ئەمە دوا تێفکریینی بوو سەبارەت بە لەدایکبوون.

بەرلەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەو سەختەڵانە بکاتە نەواو پەسارگە، وایبۆچوو کە ئەوە خەونە بێتانوپۆکەی خۆیەتی و ڕۆچووەتە نێو کەتەلۆگی ڕەنگاڵەی یاخیبوونەکانەوە و لە واقیعدا ڕەنگیداوەتەوە و دەستەویەخەی گۆڕانکارییەکی سەرانسەریی و بنەڕەتییانە بۆتەوە. هەتا ئەو ئانوساتە شتەکان بریتی نەبوون لە ڕەوتێکی بە خوڕ و بێپایانی وەهم و خەیاڵ، وەلێ ئاخۆ دوای ئەوە دەیتوانی نەیزەکی مەزنی ئەو پەتا بێ عیلاجە ببوێرێت، دەیتوانی خۆ لەو کوشندەییە

بته‌كێنێ كه‌ پێی ده‌ڵێن به‌دبینیی و گوایه‌ له‌ به‌ینبردنی هه‌موو تروسكاییه‌كان، تاوه‌كو ته‌نانه‌ت نووری شاردراوه‌ی ناوه‌وه‌یش! ئێستا پێویسته‌ له‌سه‌ری ئه‌وه‌ بزانێت كه‌ نه‌ زانست، نه‌ هونه‌ر، نه‌ وێژه‌، نه‌ ئایین، نه‌ مێژوو، نه‌ شۆڕش، نه‌ كۆمه‌ڵگا، نه‌ كلتوور، نه‌ فه‌لسه‌فه‌، نه‌ خه‌ڵك و نه‌ خودایش وه‌ڵامده‌ره‌وه‌ی گرفته‌كانی ژیان نین، بۆیه‌ هه‌تاكو جیهان له‌ شه‌وه‌كاندا هێنده‌ی نهێنییه‌كی شارراوه‌ خۆی بنوێنێ و له‌ ڕۆژه‌كانیشدا هه‌تاو تانوپۆی خۆی ئاشكرا بكات و به‌ زه‌ڕه‌بینی ویست و ئاره‌زووه‌كانی گه‌وره‌ی بكاته‌وه‌، ده‌بێ پتر ئه‌زموون بخاته‌ ئۆباڵی ژیانه‌وه‌، چونكه‌ دانوستان، نا باشتر وایه‌ بڵێم ململانێ، له‌ مابێنی ئه‌و و ژیاندا ئه‌زموون به‌رهه‌م ده‌هێنێت و ئه‌ویش تاقه‌ شاكارێكی زینده‌گییه‌ كه‌ ده‌توانێت به‌ مسۆگه‌رییه‌وه‌ تانه‌ له‌سه‌ر نادیاریی و ته‌پودومانی سۆراخه‌كان كاڵتر و كاڵتر بكاته‌وه‌.

جاران تاڕاده‌یه‌ك كه‌نارگیربوو، هه‌ندێكجاریش به‌رانبه‌ر هه‌موو به‌سه‌رهاته‌كان خاوخلیچكیی ده‌نواند. به‌ شێوه‌یه‌كی ڕووكه‌شانه‌ نه‌یزانی چی دنه‌ی دا ئاڕاسته‌كه‌ بگۆڕێت، هه‌رگیز بۆ سه‌رچڵیی و پڕكێشییه‌كی ئاوها خۆی ته‌یار نه‌كردبوو، هه‌رگیز بۆ ئه‌و ڕێگایه‌ خۆی ئاماده‌ نه‌كردبوو كه‌ له‌ناو نادیاردا ده‌ڕه‌وییه‌وه‌. ئه‌گه‌ر ڕاوكه‌رێكیش بووبێت ئه‌وا له‌ تفه‌نگ و سێره‌گرتنه‌وه‌ و نێچیر و بنبه‌رد و ڕه‌وه‌ز و زناره‌ دژواره‌كان ڕووتكار كرابوو و خۆزگه‌ی ئه‌وه‌ی ده‌خواست له‌ وه‌خته‌ دانسقه‌كانی بێئومێدیی و ڕه‌نجه‌ڕۆیی و ته‌نگوچه‌ڵه‌مه‌ ئه‌سته‌مه‌كان و ته‌نك بوونه‌وه‌ی گوریسی حه‌وسه‌ڵه‌ ئه‌ستوور و درێژه‌كه‌یدا، غه‌ریزه‌ی مردار بووبێته‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی لۆژیكه‌ گوشراو و ده‌وردراوه‌كه‌ی له‌

کۆنترۆڵـی ناواخنـی خـۆی دەربـازی بێـت. ئەگەرچـی لـە گۆشـەنیگای بەرکەنارییەکەیـەوە، گەشـتی هەمـوو دییـارەکان ئەسـتەمیش بـوو، بـەڵام نەخشـەیەکی ڕوون و ئاشـکرای دەگرتەخـۆ. بـە سـەوڵی کەڵکەڵـەی دەریـا تێکچـڕژاو و بەهاژەکانـی دەدایـە بـەر تەیکـردن، دەیویسـت مۆزەخانـە و پیشـانگا و پـەردەی سینەما و شـانۆ و باڵەخانـە و قـەڵا و شـوورە دێرینەکانی مێژوویەکی بێڕەهەنـد بەسـەر بکاتـەوە، بـەڵام ئـەو جێگایـەی نیـازی بـوو وێسـتگەیەکی بێناونیشـان بـوو، ئـەم شـتانەی تێدا نەبـوو، تەنهـا شـەمەندەفەری گەشـتێکی هاتونەهاتـی ئەفسـانەیی پیایـدا ڕادەبـوورد و نەدەگەیشـتە جـێ و لـە ئاسـنەڕێکەی خـۆی دەردەچـوو، بەرلـەوەی وەرگەڕێـت و هەپـرووون بـە هەپروونیـش بێـت جاڕی ئـەوەی لێـدەدا خۆشـەویسـتیی، موخابـن منداڵێکـی لەبارچـووە و لـە پێناویشـیدا تـازە هەرگیـز دڕکەزییـەکان نابـن بـە گـوڵ.. خۆشـەویسـتیی پرسـێکی ئەوەنـدە ئاڵـۆز نەبـوو تـا سـەری لـێ دەرنەچێـت و لـە ناخیـدا وەکـو وڵـە چـووزەرە نـەکات و نەبێتـە هێلکـە. گـەر هەیڤێکـی جـوان لـە فـەزای گیانیـدا خەرمانـەی نەدابایـە، نـە دەڕۆیشـت، گـەر دڵـی ڕێگای شـەوە پڕ تەنیاییەکانـی نەدابایەتـە بـەر خەنجـەرە زیووینەکانـی تریفـە، هەنـگاوی هەڵنەدەهێنـا. تەنهـا بـە گۆڕینـی ئاراسـتەکەی هەدادانـی دەگـرت و دەبـووە خاوەنـی نوورێـک لـە ناوەوەیـدا سـەبووریی و بەرگەگرییەکـی تـازە و ڕامانێکـی جیـاوازی پـێ دەبەخشـیی.

بەرداشـی زەبەلاحـی دەربازبـوون خسـتییە سـەر هێڵـی سـەختی پەلەقـاژێ، هەتـا نەگەیشـتە ئـەو بڕوایـەی هەمبـەر بـە ژیانێکـی زەلیـل و بوودەڵـە هیچـی پـێ شـکنابرێت، فرچکـی بـەو سـەفەرەوە نەگـرت.

هەڵچوون و داچوونەکان و کاردانەوەکانی لە حەناس واقیعە تاڵەکەدا بە کاوەخۆ ئابڵووقەی ڕۆحیان دا و غەمگینانە دەفتەرە بەرگ سوورە بچووکەکەی دەرکرد و لە یەکەمین ڕووپەلیدا نووسیی: گەڕان پێداویستییەکی ڕۆحییە.. بەرلەوەی دایبخات «گەڕان»ەکەی ڕەشکردەوە و»ڕۆیشتن»ی لە جیاتی نووسیی و ئینجا دایخست و چاوەکانیشی لەگەڵیدا نوقاند. پێش پەیوەندی کردن لەگەڵ دییاری سەیروسەمەرەی ئەویَ، کتێبی هێنایەوە یاد، ئەو کاتەی لەنێو کەشوبایەکی جادووئامێز و ڕمۆکەوە سەری بە ماڵی ئاییندا کردبوو سوور دەیزانی لە دەڤەرەکەیاندا بەها مرۆییەکان شتەکان دیاری ناکەن، بەڵکو بەها ئاینییەکان بەو کارە هەڵدەستن. لیَ زۆری پێنەچوو پەیی بەوەبرد ئاینیش وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی پیَ نییە و هەڵگری دڵنەوایی نییە و هەرگیز تێیدا نایدۆزێتەوە. سەدایەک لە نادیارییەکانی ناوەوەیەوە بوو بە سەرپشک و گەڕانەکەی خستە ژێر پرسیار، گەلێک لێی ڕاما، چەندین جاری تریش دووپات بووەوە، شتێک نەبوو پێواربێت و بیدۆزێتەوە، ئیدی کتێبان بوونە گۆڕەپانی تاوتوو و سەنگوسووژ کردنی. هەر لە قۆناغی سپێرمەوە تا شکڵگرتنی پەیامەکان ڕۆیشت. تێفکریی: بۆچی زاتێک نەهاتووە جاڕی پێغەمبەرایەتی عیشق بدات؟ ئەو ڕۆژانە یارمەتی نەدا تا بزانیَ نیازی چییە، هەر تەنها سرووشێکی نهێنیئامێزیان بۆی دەرخست، ئەویش: گەڕانە ئەفسووناوییەکەی بۆ دۆزینەوەی عیشق نییە و ئامانج لێی شتێکی دیکەیە. ئاخاوتنەکانی پێغەمبەرێکی شێتی لە بێژنگ دا، بەرەو عیشقێکی جیاواز ڕێنمایی کرد، بە واقووڕماوییەوە لە سوپەرمانەکەی نواڕی، بۆی ئاشکرا بوو کە لەسەر هیمێکی تژی لە خواست و ئیرادە

و ڕەهەنـدەکان و بـەدەر لـە خۆشەویسـتییەکی ڕاسـتەقینە داڕێژرابـوو، تێکـڕای شتەکانیشـی ڕەتکردبووەوە و تیـۆری خاپووریـی و نغرۆیـی لـە پێنـاوی ئافەریدەکردنی باڵادەسـتیی هێنابووەکایـەوە. هەسـتی دەکـرد ئـەو دڵ و قەوارەیـەی نییـە ئـەو بیرۆکەیـە بگرێتەخـۆ، لەنێـو باڵاڕەگەزییەکـی قێـزەوون چاوبکاتـەوە و هەیکەلێـک نەبێـت پڕاوپـڕ لـە کەموکووڕیـی، پڕاوپڕ لـە دەغەزاریـی و بیماریـی. هـەر ئەویش بـوو دەیـوت: داهێنـەران پاقژیـی دەسـتەبەرناکەن و بەهیـچ چەشـنێکیش پێیناگـەن! داهێنـەران، چەمـەکان لێخـن دەکـەن هەتـا خەڵکیـی دەسـتخەڕۆ بکـەن و وایـان لـێ حاڵـی بکـەن دوورن لـەوەی بـە نێویانـدا ڕۆبچـن و تێیـدا نقوومـی لـەزەت بـن. کـە ئـەوی دەخوێنـدەوە، وایدەزانـی لـە جەنگـەڵ نزیـک کەوتووەتـەوە، تەنها قامچییەکـەی ئـەوی لـە ئەندێشـەی خۆیدا هەڵگرت بـۆ کاتـی پێویسـت و سـەرەنجام ئـەو شـاکارەی وەکـو پاژێـک پێـوەدا و بڕیـاری دا چیـدی نەگەڕێتـەوە سـەری. لەنێـو قەیرانـە ناوەکییەکانـدا، لەنێـو چرکەسـاتەکانی خەیاڵـدا، لەنێـو جیهانـە بـەدی نەهاتووەکانـی کەڵکەڵـەدا کەوتـە تێڕوانیـن و لێخوردبوونـەوە. ڕووناکییەکـی بێگـەرد تارماییەکـی دەورەدابـوو لێـی بەرپێواربـوو، کتوپـڕ وتـی: ئـادەم، ئـادەم تـۆ لێـرە چـی دەکەیت؟..ئـادەم شـتێکی ڕاسـتەقینە بـوو، زۆر حەپەسـا، نەیزانـی بۆچـی ئـاوا سـڵەمینەوە پەردەپۆشـی کـرد، بـەڵام قەدەرێکـی نەبـرد هاتـەوە سـەرحاڵ، ئـادەم غایلەکانـی ئـاوەزی خوێنـدەوە و هـەر کـە زاتـی ئـەوەی بەخـۆی دا بڵێت: بۆچـی قـەدەری مرۆڤتـان دووچـاری ئـەم نووتەکییـە کـرد؟ ئـەو بـە سـەرکۆنەوە وتـی: تـازە دانپێدانـان بـە کەڵکـی چیدێـت، لـە بەراییـەوە خۆمـان ئافەریـدەکاری قەدەرەکانمانیـن، ئـەم بـەزم و ڕەزمـەی درەختـی ژیریـی و ئاگـر و قـوڕ و مەحـرەم و

نامەحرەمکردنی هەندێک شت و ئامادەگیی بەخشین بە فریشتاوا و سەرزەمینی بە دووی یەکدا گەڕانەکان، پرسیارگەلێکی بێشومار بوون و دنیاکەیان لێوانلێو دەکردین، ئەوانە ڕاستییەکان بوون و گەواهی دەریش بێگومان شەیتانی مێژوو بوو.

وەکو کۆلارە چاوەکانی بە ئاسمانی نادیاردا بەرهەڵدا کردبوو. پاسەکە دەیبرد، نادیارێکی پێ تەی دەکرد، بە پاس نەدەچوو، تەنیاییەکەی، غایلە قووڵەکانی، گومانەکانی، هەستەکانیان بە ترس دەلەوتاند، وایان لێ دەکرد هەست بەوە بکات لەناو فڕۆکەیەکدایە، ڕاسپاردەیەکی پێیە و دەبێ بیگەیەنێتە جێ مەبەست. گەر لە ئاوێنەیەکی بالاپۆشدا خۆی بەدی بکردبایە دەرحاڵ دەیگۆ: ئەندامەکانی لەش و دەموچاوم وەکو تابلۆیەک لە تابلۆ کیووبیستییەکانی جۆرج براک، یان پیکاسۆ جێگۆڕکێیان کردووە. ناخی مەنەلۆگێکی بەرپا کردبوو، وەکو تاریکاییەک..دەتگۆ لە لوولەی قۆرییەکی ئەفسووناوییەوە دێتەدەرێ، وەکو تاریکاییەک ئەوەی ڕادەگەیاند کە هەر لە ئەزەلەوە ئەم دۆخە بەردەوامە، بەوەیش نەدەچوو بێدەنگیی هەڵبژێرێت، بێگومان هەڵقوولانی ئەو ئاخاوتنە یەکلایەنە سەری هەڵدابوو، لە ڕستەیەکەوە سەرچاوەی گرت، وەکو ئەوەی لە نادیارەوە بێت، یان کەسێک بە گوێچکەیدا بیچرپێنێ: دەتوانم بگەمە بەشێک لەڕاستییەکان..یان وەکو ئەوەی لە هیپنۆتیزمێکی قووڵەوە بێتەدەرەوە. دوای بەلەسەبوونی ئەو پەیڤانە، بەشێوەیەکی ساکاوانە کەوتە گرێدانی خۆی بە سروشتێکەوە کە هەمیشە بە کۆمەڵێ ڕاز و نهێنیی هەتاهەتایی ئاووس بوو. لەڕاستییدا زرنگیی و بەسەلیقەیی سەرنوێشتەکەی هەر

لـە یەکـەم هەنـگاوەوە کامڵێتیـی بەخـۆوە گرتبـوو، گەرەکـی بـوو ئـەوە بسـەلمێنێ کـە ئـەم ڕەوتـە هەمـوو دنیـای ڕاماڵیـووە.

لـە ناوەڕاسـتی ئـەو ڕێـگا بـەرەو نادیـار چـووەدا، تایەیەکـی پاسـەکە پەنچـەر بـوو وێسـتێکیان گـرت، ئەویـش وەکـو ئەوانـی دی دابـەزی، بـە چاوێکـی سەرسـامەوە بـە دەوری خۆیـدا خولایـەوە، ئـەم شـوێنەوارە دڵئارایـە، وەرزەکان بـە وێنـەی کـوڕژن پیایـدا دەگوزەرێـن. بـە ئاسـتەم گوێی لـە چرپەیـەک بـوو، یەکێـک دووکەڵـی جگەرەکـەی بـە بـا دا و بەوەی تەنیشـتی خـۆی وت: ئـەرێ هێشـتا زۆرمـان مـاوە بگەینـە قووشـتەپە؟ ئەویش وتـی: جـارێ ماومانـە. ئینجـا جگەرەکێشـەکە تێهەڵچـووەوە: ئـەرێ وەکـو بزانـی قووشـتەپە کەسـی تیـا مـاوە؟ ئەویـش دەنگـی لێـوە نەهـات، تەماشـایەکی پـڕ مەغـزای پرسـیارکەرە سـمێڵ شـۆڕە تێکسـمڕاوەکەی کـرد و بـە چـاو پێـی ڕاگەیانـد: ئـەرێ دەتـەوێ بـە فەتارەتێکـم بدەیـت؟ ئیتـر لـەو گفتوگـۆ بـە تـرس و بیـم تەنـراوە دابـڕا و دەوروبـەری بـە رامـان ماشـییەوە، وەکـو ئـەوەی پیتۆلێـک، یاخـود زانایەکـی بایۆلۆژیـی بێـت و هاوشـێوەی زیندەوەرێکـی زەبەلـلاح سروشـت ببینێـت، بـە دەنـگ و ڕەنگـە زیندووەکانـی بوونـەوەردا ڕۆچـوو، بـە نیازبـوو ژیرییەکانـی حاڵیبـوون ڕام بـکات. بیابانێـک لـە دەروونیـدا درێژبـووەوە، بێهـوودە هەوڵیـدا لەچێـوەی کۆنکریتیـی ئەفسـانەیەکی کـۆن دەربـازی بێـت، بـەڵام ئەندێشـەی لـە دەرەوەی کاتـدا وەسـتابوو، ڕادێرانـی موزیکـی دنیایەکـی تـر دەیلەوتاند، چاوەکانـی لـە مابەینـی ڕەنگەکانـدا گونجانێکـی بێوێنەیـان خولقانـد، پێناسـەیەکی جـودای بـە کـۆن و نـوێ دا، ڕەنگـی تـری بـە ژیـان بەخشـیی، عاشـقی ڕەنگەکانـی وشـە بـوو، بـە خۆیانـەوە

ڕەنگڕێژیان دا، بۆ فەزایەک بردیان لەو بەهەشتە دەچوو کە هەمیشە ئەفسانەکان لێی دەدوان. لە هیکەوە سەودای یەکتایی و هارمۆنیی پێک دەهێنا. وەلێ دەیویست بزانێت لە کوێوە پەیدا دەبێت؟ ڕۆشن نەبوو. ئەوەی ڕوون و ئاشکرابوو لە تێفکرینی خراپ و بەد دایدەبڕی و دەیسپارد بەو هەستەی سەرتاپای زیندەگیی بەشی ئەو بوونەوەرە غەوارەیە ناکات کە لە دنیای ستەمدا جینگڵ دەخوات. جەخار! قەدەری پەیوەستە بەو غەوغا بێلێبڕ و تاقەتپڕووکێنەی قەتاوقەت خامۆش نابێتەوە تاکو تنۆکەیەک لە ئۆقیانووسی ئۆخژنەکانی ئەو خودایە بدزێت کە هیچ قەباڵەیەک بە نوقڵانەکانی ڕەوا نابینێت. ئەو ساتانە پێی وابوو باوکی مشەخۆری خەونەکانە. پۆلێ بەرسڤی سرک و بەلەسەی بەرهەڵدای ئاسمانی ڕامانەکەی خۆی کرد کە تژی بوون لەو هێما و شتە سیحراوییانەی لە وتن نەدەهاتن و هەرگیزیش بەرجەستە نەدەبوون.

دووبارە سەرکەوتەوە سەرێ، هەستی بەوە کرد دنیای دەوروبەری تاریک تاریکە، بە تەمای ساتێکی نادیاری ئاییندەیە بەرەو ئاڕاستەیەکی پێچەوانە ڕاپبدات و سەرتاپای دنیاکەشی بهاوێژێتە نێو هێڵەکی بیرکردنەوەوە. ئاوەزی لە ڕابردوویەک دەگلێنێ ئێستا و ئاییندە و هەمیشەیە، دەوروبەری چۆڵاییە، شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکات شایستەی ئاوەدانیی نەبێت..لەنێو کەژاوەی خەیاڵیی کۆچێکی ڕاستەقینەدا داسەکناوە، هەست دەکات هیچ شتێکی ئێرە پەیوەندی بەزیندەگی ئەوەوە نەماوە، دەیەوێ ئەم سەربوردەیەیش چەشنی شەهوەتی هەرزانبەهای هەرزەکاریی خۆی کە بە لیبیدۆ لێوڕێژبوو بهاوێتە پزدانێکی خەزەفییەوە، بۆ ئەوەی هەموو شتێک

واژگـوون بێـت و سـەربردەی تـر نەڕسـكێت. چـی بەرهەڵسـتیی لـە واژگوونبوونـی دنیـا دەكات؟ ئەوەتـا پـاش ژیانێكـی دەڵەمـە خەریكـە دەگاتـە ئـەو بڕوایـەی تەنهـا مێـژووی داهێنـان مێـژووی گوشـادبوونی ئازادی ڕاسـتەقینەیە و دەتوانێت سـەرومڕیی بەخـۆوە بگرێت و لەگـەڵ مانـەوەدا مەسـلەت بكات. گـەر ئەویشـی لـێ بڕەوێتـەوە ئـەوا دەكەوێتـە بیركردنـەوە لـە پەراسـووەكانی و مەگیرانیـی بـە ئافراندنـی توخمەكانـی بوونەوەرێكـی دیكـەوە دەكات هەتـا شـتێكی جیـاواز بكەوێتـە بۆتـەی سـۆراغەكەیەوە. كوارگـی بیركردنـەوە نـەوازش دەكات، دەزانـێ خـود سـەرچاوەی دوالیـزەی خێـر و شـەڕە و دەیـەوێ خراپەكارییـەكان لـە خـۆ دووربخاتـەوە. بـەڵام مەحاڵـە گێتییەكـی دی بئافرێنـێ ئـەم هەمـوو هەراوزەنـا و هـات و هەڵڵایـەی لـێ كەمبێـت. لـە پەیڤێـك دەگـەڕا وەكـو بەیداخێـك بێـت و ئـەو زامـە ئەبەدییـە بپێچێتـەوە كـە هەمیشـە دوای ئەتكـی ڕۆح لەسـەر جەسـتەدا جێدەمێنێـت. گومـان بـە یـادە درێـژدادڕ و چەقاوەسـووەكەیدا بڵاودەبـووەوە، زیندەخەونەكانیشـی پەپوولەئاسـا بەنـاو بەهەشـتێكی دووردا بەرهەڵـدا ببـوون، بەهەشـتێكی هێشـتا نـەدۆزراوە، یـان لەدەسـتچوو، یـان هـەر نەبـوو! بەهەشـتی منداڵیـی.. ئـەو تاریكوڕوونـە دوورە، خـەو لەگـەڵ بێداریـی چاوەكانیـدا ململانێـی دەكـرد، نیـگا خەوزڕاوەكانیشـی لـە ترووكـە تـرووك نەدەكەوتـن، لـە نزیـك كرۆشـمەی ئاگـری شـینی تەباخـە یەكچـاوە قورماوییەكـە كرۆشـكەی كردبـوو و دایكیشـی چاوەڕێـی دەمكێشـانی چایەكـە بـوو. باوكـی، دەیخسـتە نێو یۆتۆپیای ئـەو ئایەتانـەی بەخێرایيەكی بێئەندازە لەژێـر بـڕی سـمێڵە جووڵەدارەكەیـەوە هەڵدەوەرینـە سـەربەرماڵە كەوناراكـەی بەردەمـی. هەمـوو شـتێكی ئـەو بەیانییانـە جـێ برینیـان

لەسەر ڕوخساری خەمباری دەروون و دڵ هەڵەنگوتنەکانیدا پەرتوبڵاو دەکردەوە و زوو بە زوو بە خوێنێکی نادیار ئاڵیان دەکرد. هەر کە بە هۆی شەبەقدانەوە گڵۆپە سفرەکە دەکوژایەوە، جموجووڵ لە جەستە ڕیوەڵەکەیدا بەرجەستەیی دەکرد بە شەقڵی خۆی، هەستێکی سەیر هەڵیدەگرت و بە بێئەوەی دایکی ئاگای لێبێت بەدوای تایەی پاسکیلە هەمبەرە ڕەشەکەی باوکیدا پێدزەی دەکردە دەرێ و ئەو تاریکییەی هەنگاوڕشێن دەکرد کە خەریکبوو ڕەنگوڕووی خۆی لە دەست دەدا و قەڵەمڕەوەکەی دەدۆڕاند، لیسۆگرافیای ئەو دوا بەیانییەی تخووبێکی زەق و لۆمەئامێزی هێشتبووەوە گەلێک بە تۆخیی لە هزرییدا چاپببوو، وەکو ئاوێک بە کۆڵانەکانی گەڕەکەکەدا سەرومڕ شۆڵاوکەی دەبەست، هێشتایش هەر بڕوای وابوو جێپێی باوکی وننەکردووە، بەڵام حەمەسووری قەساب، کە ساڵانێک دواتر بوو بە کرێچییەکی ماڵی داپیرەی و بە ڕێکەوت ئێوارەیەکی درەنگوەخت، کە لە باخچە بچکۆلانەکەی ماڵی داپیرەیدا بە دزییەوە میزی دەکرد و چاوی بە هەموو لایەک دەگێڕا نەبا یەکێک بیبینێت، چاوی ئەو لەسەریدا نیشتەوە و سەرنجی دا سەرقاڵی ئەوەیە توورەکەیەکی بچووک بخاتە نێو زاری داپچڕاوی پلووسکەکەی سەربانەوە، کە سەری وەرسووڕاند و ئەمی بینیی، برۆکانی بوون بە پردێک بۆ پەڕینەوەی غەزەب و توورەیی کۆسەماسییەکی خوێن دیتوو، بە دەستێکی توورە هەیدێی ونبوونی لێکرد، لەوە گەلێک سڵی کردەوە و لاپڕەسەنیش بوو بزانێ ئەوە چیبوو لەنێو توورەکەیەکدا بۆ حەشاردان شۆڕی کردە نێو پلووسکەکەوە؟ بەڵام هەتا مێردمنداڵیی و تەنانەت هەتا پاش کاتی هەڵوەشانەوەی (بەیاننامەکەی ساڵی

حەفتا)یش، کە بێگومان نەگەیشتە هیچ دەرەنجامێک و هەموو خەڵک کەوتنەخۆو وەکو شەپۆل بەرەو بەرزاییەکان هەڵکشان، ئیتر ئەمیش ئەو کاتە، دەمە و ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیی بوو، بینیی خەندەیەکی ساختە بە سمێڵە پڕەکەیدا چکەی دەکردە خوارەوە، توورەکەکەی دەرهێنا و لەودیو پشتێنە تەختەڕەشە گوڵگوڵییەکەیدا ئاوای کرد و ئیدی نەیبینییەوە، تارماییئاسا بەیەکجاریی دیارنەما و وەکو سەربردەیەکی تەلیسماویی بەشێکی لە کیشوەری یادوەریی داگیرکرد و قەتاوقەت دەستەویەخەی ڕەوینەوە نەبوو. ئێستا ئیدی چەشنی تاپۆیەک بە لێڵیی دەکەوتە بەر دیدەی ئەو یادە وەفادارەی چاوی هەرگیز بەرایی نەدەدا دەستبەرداری هیچ شتێکی ئەو سەردەمە بێت. بەڵام دواتر و پاش دامرکان و داکشانی ئەو شەپۆلە هەڵکشاوەی بەرەو چیاکان ڕۆیشت و سەرەنجامێکی نەدوورییەوە، دەرکەوتەوە و دوکانەکەی دانایەوە. لەسەر سیلەی کۆڵانە دوورەکەی ماڵی ئەو»ساڵح حەڵواچیی»یەی بەرەبەیانێک کچەکەی دوای بەڕێخستنی، جحێڵێک پڕی پێدا کردبوو ویستبووی بیخاتە سەر ماتۆڕە هۆنداکەی و بیڕفێنێ، کەچی وەکو ماسییەکی خز و سرک خۆی ڕاپسکاند بوو وەکو ماینێکیش حیلاندبووی و بڕێک خەڵکی چاوخەواڵووی ورووژاندبوو و تولازەکەش چنگلەسەرشان خۆی هەڵدابووە سەر ماتۆڕەکەی و بۆی دەرچبوو. پاش ساڵانێکیش ئەو هەرزەکارە کە لەبەر ئاستانەی چاوەکانیا، لەنێو بازاڕی گەڕەکەکەیاندا، غەوارەیەک ڕیزێک فیشەکی لە جەستەیدا خاڵی کردەوە و بە کەمتەرخەمیی و بێمنەتییەکی لەڕادەبەدەر و دەربەست نەهاتووانە چاوپۆشیی لە لاشە کوون کوونە هەڵاژاوەکەی کرد و بە بەر چاوی سامگرتووی

مەردوومەکەوە، وەک بڵێی پیاسە بکات، سەڵڵانە ڕۆیشت و تا هەنووکەیش ئەم شتێکی لەو کەینوبەینە هەڵنەکڕاند، هەتا درک بە هۆیەکەی بکات و بزانێت لە سویێ چ شتێک یەکێک هاوشارییەکی خۆی لێوانلێوی کوونی خوێناویی دەکات و کەمتەرخەم و بێسۆزانە بە تەنیشت لاشەکەیدا ڕادەبووڕێت، ئاخۆ..لە تۆڵەی ڕفاندنی کچی حەڵواچییەکە بوو، یان کچی کەسێکی تر، یان لەبەر شتێکی تەواو جیاواز لە خوێنی خۆی گەوزێنرا؟ هەرگیز نەیزانی! ئیدی ئەو بوولێڵە ڕەنگ پیس و چڵکنەی دوای باوکی کەوتبوو، ئەو قەسابە ڕایگرت و بە جەمەدانییە سوورەکەی پەرژینێکی چێتری بۆ گەردنی سازاند و ئەو دەمە هەوا هەندێک مەیلە و ڕۆشنتر ببۆوە، چەشنی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هاتە ناو دنیا بچووکەکەی ئەمەوە و دەفلسییەکی پێدا و ڕەوانەیماڵەوەی کردەوە. ئەمیش چەند کەڕەتێک بە شەرمێکی منداڵانەوە ئاوڕی لێ دایەوە و هێشتایش هەر لەوێ، هەر لەسەر پاسکیلەکەی ڕاوەستابوو. ئەم وایزانی بۆتە پەیکەرێک و لە جێگاکەی خۆیدا قاڵبی گرتووە. ئیدی ترسا، ترسا و چیتر ڕووی وەرنەگێڕا. ناچار بوو بگەڕێتەوە، ئاوڕ لەو نیگەرانییەی دایکی بداتەوە، ئەو نیگەرانییەی قۆڵێکی کەوگیر بەدەست بوو پاشان بوو بە گەواڵەیەکی داخڵەدڵ و چەخماخەیەکی بەزەبری وەشاند و بۆ هەمیشە سامالی سەرشاری جوانییەکەی دەروونی ئەمی لەککەدارکرد.

سەیر و سەمەرەیە، زەمەن لە ڕێگای خەساندنەوە دەیەوێت خاوەی زۆرەملێی خۆی لێ بقۆزێتەوە. پاش ئەوەی بەو بەرداشەدا ڕادەبووڕێت و دەگاتە ئەم هەنووکە ئانییە، هەست دەکات ئەم ئانە، ئەم قۆناغە

چیدی مۆمیاکراو نییە، ئەگەر لێیبگەڕێت ئەم جیهانە هەڵیبلووشێتە نێو جەرگەی شپرزەی خۆیەوە، ئەوا گۆڕانێک، لە جۆرێکی دیکە، دەستەویەخەی دەبێتەوە. گۆڕان! پێویستیی بە ئێستکردنە، ئەگەر لە دەرەوەی بازنەیەکدا ڕابوەستێ، ئینجا توانای جیاوازبوونی پتر دەبێت، لە هەمان کاتدا لە نێویشیدا بێت و لە خولگە بزۆزەکەشیدا بخولێتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە شیاوە بە ڕواڵەتێکی دییەوە شتەکان ببینێ. بێگومان دەمێکبوو لەگەڵ گاڤ و وەختدا دوورپیان کەوتبووە میانیانەوە و جیاببوونەوە، دووربوون لەیەک، لەگەڵ خۆیشیدا، چاوخشاندن بەم تاکڕەوییەی ئیگۆیش هەمیشە دوای شتەکانی تر دەکەوت و ئەو ڕەهەندە لە بیرکراوەیش بوو کە بەرنامەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو بۆ ئەوەی شکۆیەکی جیاوازتر و ڕاستەقینەتر بپۆشێت. ئەو چەند حەوتووە، سپێتیی، تاڕادەیەک بە گژی هەموو شتێکدا دەچوو، بواریشی بۆ هیچ شتێک نەدەهێشتەوە، هەتا بەرگری لە ڕەنگوڕووی دانسقەی خۆی بکات. پاش سەرپێچی کردن لەودیو دیوارە لینج و لیقنەکاندا و لەنێو ئەو گەرما ئێق پێکەرەدا، دەمێک ڕادەکشا، دەمێکی دی پەلەفرتێی دەکرد، دەتگۆ بە کەتیرەیەکی نادیار سواخ دراوە، سەری پەنجەکانی دەچەقینە نێو گۆشتە بەسوێکەی و وەکو بڵێی لەنێو تەپکە و داودا بمێننەوە و گیربن، سەقامیان دەگرت، بە تۆسنییەکەوە لەو دیوارە بێڕەنگانەی پێکەوە بەندبوون دەردەپەڕییە دەرەوە و ئەو شارەی دەبینیی کە هەر دەبوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەجێی بهێڵێت، ئاسۆی هیساویی و مرچومۆن ساپیتەی بوو، خەڵکەکەشی بەبوونێکی دیکۆرییانە ئاوەدانیان دەکردەوە و هیچی تر. لەو ئەتمۆسفیرەدا دەنگ و سیرەسیڕ و زیکەزیکی سرسر

و قالۆنچـە پێـوارەکان بەرجەسـتەیی و ڕەونەقێکـی هەبوونیـی ڕووپۆش بـە سـامێکی زبـر و ڕوونیـان دەبەخشـیی و تریفـەی مانـگ جێپێـی شـەوەزەنگە ئەفسـووناوییەکەی هەڵدەگرت. ئەندێشـەی ئۆگر و ئەڵوەدای هەواوهەوەسـی شـتە دنیاییـەکان دەبـوو. تێڕامـان و دیدەکانـی جارانـی لـە گۆڕانێکـی شـێوەییەوە خۆیـان دەپێچـا. ئـەو کاتانـە، کـە شـیعری دەنووسـیی هەمیشـە جەسـتە دەبوو بە باکگراوەند، شیعری بە جەستە دەنووسـیی و ماوەیەکـی زۆر بەسـەر ئـەوەدا تێپـەڕی ئینجـا درکـی بـەوە کـرد هـەر تەنهـا کاری لـە فۆرمـدا کـردووە و هیچـی تـر، بـەڵام کاتـێ هەوڵیـدا ڕۆح بکاتـە باکگراوەنـد، کارلـەکار ترازابـوو، چونکـە ئیـدی ڕۆح لـەوە داهێزراوتربـوو بتوانـێ ئـەو کارەی بـۆ ئەنجـام بـدات. دوای ئـەو قۆناغەیـش لـە خەڵوەتگرتـن و تواندنـەوەی خـۆ لـە چەنـد دڵۆپێـک شـەهوەتدا، شـەرم دایدەگرت، بـە پێدزەی خەیـاڵ دەیڕوانییـە یەکنەوایـی بەکاربردنـی لـەپ و ئەگەرچیش فەنتازیای تێفکرینی بێسەروشوێن بوو، لـێ لـە قـوڕی دڵڕفێـن و بەپێـزی غەریـزە نەڕەخسـابوو، ئەویـش هـەر لەمـە خولْقێنرابـوو، گـەر لێـوەی جیابکرابوایەتـەوە ئـەوا بـۆ هەتاهەتایـە پێواریـی لێـوەی دەئاڵا.»ئەحمـەد فرێـری» وێنـەی تەزوویەکـی بڕبڕەیـی خەیـاڵ پاشەکشـەی پـێ کـردەوە. جارێکیـان پێکـەوە سـەیری ئـەو ژنـە لووبانییانەیـان دەکـرد کـە دوای شـەڕی ناوخـۆی وڵاتەکەیـان هاتبوونـە ئـەوێ و لەگـەڵ نەناسـەکاندا دەچوونـە نێـو ئـەو هەیکەلـە سـەرنەگیراو و پێشـێلکراوەی پشـتی قوتابخانەکەیـان و هـەوەس و تامەزرۆیـی غەوارەکانیـان دادەمرکانـدەوە و پـاش ونبوونێکـی هەسـتپێنەکراو خۆیـان ڕێـک و تەبـا دەکـردەوە و دینـارە چڵکنەکانیـان لـە بەرکیانـدا قایـم دەکـرد. لـە قۆناغـی ناوەندیـدا لـە یـەک پـۆل دەیانخوێنـد، هەمیشـە

بەروپشتی دەستەکانی خۆی ڕادەمووسیی، لاوێکی بەژن بڵند بوو، قژێکی شۆڕی زێڕفلی بەردابووەوە. کە پاسکیلە فلێپسەکەی دەئاژوا دەستەکانی بەردەدا و هەڵۆی چاوەکانی دوور هەڵدەدا، بەڵکو لە درزی دەرگایەکەوە، لەپاڵ گوێسەبانەیەکەوە، لە پەنجەرەیەکی بە ئاوەڵایی بەجێهێڵراوەوە میلیمەترێک ڕووتایی، میلیمەترێک گۆشتی برۆنزیی بۆ خەیاڵی ڕاو بکات و دواتر بە خۆی بڵێ: ئەحە لێتدا.. بۆ شەو هەڵیبگرە..ئینجا بیکات بە چیرۆکێکی تازە بۆ گێڕانەوە و خوێندکارەکانی پێ سەرسام بکات و وایان لێبکات واقووڕماوانە لیکی ئەو تینوێتییە بەردەوامەیان قوت بدەن، هەمیشەیش کێبەرکێی دەستپەڕی دەهێنایە گۆڕێ، چاوەکانی دەبریسکانەوە و دەیوت: وەرن با پێکەوە ڕاوەستین و بزانین کێ دەبێتە پاڵەوانی دوور فڕێدان. ئەم بە شەرمێکەوە گوێی لێدەگرت و درکی بەوە نەرگسییەتەیش دەکرد کە خوماری ئاوێنەکانی خۆپەرستیی کردووە..کە لە قوتابخانەیش دەهاتەوە ئەوسا لیبیدۆی چڵێسی قوڵپدان و دەرپەڕاندنی لە خەڵوەتخانەی سەربانەکەیاندا ڕۆدەکردە سەر کاغەزێکی سپیی و بەرزی دەکردەوە و دەیخستە بەربەڕۆچکەی لێووردبوونەوە. لاپڕەسەنیی ئەوەی تێدا دەڕسکا بزانێت بازنەی هەر دڵۆپێک، یان هەر شەقڵێکی نائەندازەیی لە چی پێکهاتووە! شێوەیەکی شێواو و دزێو لەبەر ڕوانگەیدا قوتدەبووەوە و تێر و تەسەل لێی ڕادەما، بەسەر لەپی دەستەکانییەوە هەندێک دەیشڵەقاند و شێوەی دی پێدەبەخشیی، هەموو شێوەکانیش لە جوانیی بەریبوون، ئیتر بە گرمۆڵەییەوە تووڕی هەڵدەدایە سەربانی دراوسێکەیان. دواتر هەستی کرد دەبوایە سەرجەم شتەکان ببن بە بارمتەی بوودەڵەیی و هەر لە

نوواوە، هەر لە ڕووالەت نەگریی و نەمەیینەوە فڕێ بدرێن، هەتا لە گیروداری مەینەتیی و چەرمەسەرییەکانەوە بەدووربن. بەڵام کە ئەو میکانیزمەی خستە ژێر پراکتیکەوە، سەرتاپای کەڵکەڵە و فەنتازیاکەی نغرۆ بوو، بێزار و غەمگین، هەستی کرد هیچ شتێکی دنیاکەی خۆی پیادە نەکردووە، وێڕای ئەوە تێیدا ڕەهایش نەبوو، نەک لە ناچارییدا، بەڵکە لە بەراوورد و هەڵبژاردندا پەنای وەبەر ئەو سەرزەمینە پڕ پیت و فەڕە بردووە کە ئەندێشە کاراکتەرێکی جاویدانی پێبەخشیووە. ئەوسا بە توندی کەوتە دانەدواوەی ئەو تێنواڕینە غەریزییە، قێزی لێی هاتەوە، نەک لەبەر ئەوەی مانا گەوهەرییەکەی ڕەتدەکردەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی لێی کرابوو بە قەڵایەکی دژواری بە شوورەی دێو ئابلۆوقەدراو کە هەرگیز بۆی دەساژۆ نەدەبوو. ڕەنگە ئەمە بووبێتە سۆنگەی ئەوەی پاش ماوەیەک شتی بەرفراوانتر بەسەر تێڕوانینە پێشینەکانیدا هاتن، بە تایبەتی کاتێک درکی کرد کورت و پوخت کۆیلەی ئارەزوو و هەوەسە بەدینەهاتووەکان بووە. ئەزموونی دیکەیشی کەڵەکە کرد، جیاوازیی نەبوو، چاوەڕوانیی و پێشبینییەکانی خەیاڵیی بوون، ئەگینا ئەوە مەسەلەیەک بوو دەبوایە لەو ڕووبەرە وشک و بەژەدا کار بکات و بۆ ئاستی ئەندێشەکانی بەرزیان بکاتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. دواتر، زۆر دواتر، کە ئافرەتە لەشفرۆشەکانی خاوخلیچک دەبینیی، تەقەللای ئەوەی دەدا خواستی ڕەوای گەنجێتیی خۆی لە لەزەت و هەوەسە سەرچڵەکەی دەستگیربکات، بەدەستەکانی غەریزە دڕندەکەی دەیخستنە ژێر چەرداخەکانی کۆنترۆڵەوە، کەچی قەت بەگوێرەی دڵی خۆی سەرکەوتوو نەدەبوو. قەت ڕەوا نەبوو بەو شەقڵە مەحکوومیان بکات و نەفرەتی دوورکەوتنەوە بەکار

بهێنیت، بەخۆدا بچێتەوە و لە نۆژەنەوە بیر و بۆچوونەکانی لە مەحەکی گۆڕینەوە بدات و بکەوێتەوە سەر نەخشەی لاتەریکیی و تەنیایی. سەمەرەکە ئەوە بوو دۆزەخێک شەهوەتی گلاراوی لە گیانیدا داگیرساندبوو دەبوایە هەوڵی کوژاندنەوەی بدات. ڕۆژانی پاش خوێندن و تەواوکردنی قوتابخانە، نیوەی دووەمی حەفتاکان، هەویا لە باخەڵیدا هەپ بەیازی دەگوت و لەسەر مێزی سەرمڕکردندا ڕۆژگارە کەوناراکانی بۆ ئومێد تاوتوو دەکرد، دەگەڕایەوە هەواری یادەکان و زیندووی دەکردنەوە. لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: مادام خەونەکانم پڕن لە بیرکردنەوە ئیتر بۆچی بیر بکەمەوە؟..بێگومان خەونی ڕۆژێک لە ڕۆژان کرانەوەی بوخچەکانی هەرزەکارییەکەی! کە وایدەزانی هەر تەنها بەو شێوەیە دەکرێتەوە ئەگەر بێتو لەگەڵ نەسمراوێکدا پیادەی زایەند بکات، ئەوەی ئەو بە تەمای بوو پتر لە خەونێکی شازادانە دەچوو، سایلی گێژەڵووکەی وڕێنەیەک ئابلۆوقەی دەدا، لوولی دەدا، گینگڵی پێدەدا و دەیگواستەوە جیهانی بێ ئەفسوونی ئەودیوی باوەڕە لەقەکەی.

ئەو بەیانییەی هاتەوە یاد، دیدەکانی بێڕادە قورس ببوون و بە سەریەکدا داتەپابوون. ژانێکی کەسکوون و تیژ لە هێلوونەکانیدا کڕکەوتبوو، لە نوێ کردنەوەی هیوا وشکهەڵگەڕاوەکان بێ حەوسەڵە ببوو، قەدەرێک ملی دایە بەر سەرما و سۆڵەی ئەو جادانەی سەراسۆیان لەگەڵ تیشکە ئاڵتوونییەکانی هەتاوێکی دووردا دەکرد و نەیاندەبینیی، هەنگاوە مەخموورەکان ڕێنموونیی گیانیان دەکرد، بە ئاقاری ڕووبارێکدا گەیاندیانەوە بەردەم دەرگا سیحراوییە

ناوازەکەی یانەی هەزارویەک شەوە. ئەوسا ئومێد هێشتاکە مەلاسی نێو پووکانەوە نەببوو، وەژوورکەوت، کورسییەکی پلاستیکی قاوەیی تەنیاییە خەوزڕاوەکەی لەنێو یەکانەیی خۆیدا حەشاردا و ڕاچووەوە نێو فەزای چەرە دووکەڵی جگەرە بەیەک داگیراوەکان. کەوتە نێو وڕێنەکانی ئەودیو، هەراو زەنایەکی بێبڕانەوە لە ناخیدا سەریهەڵدا. خەو وێنەی خۆڵەمێشیکی سڕکەر و بێئاگاکەر دابارییە سەر جوگرافیای کەسیرەبوونی و بەنێو جەنجاڵییەکی تازەدا شۆڕبووەوە نێو پەرتگای قووڵ و بێسەروبەری دنیایەکی دی. سوپای شەو چەتە جاڕسکەرەکانی بێدارییەکەیان تێکشکاند. چێشتەنگاو لە خەو ڕابوو. خۆی لە میوانخانەیەکی پایتەختدا بەدی کرد و هەر یەکسەر ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژێکی تووش و قارس لەقەڵەم دا. سەراپای قەڵسیی و بنجبەستبوونی مەزاج و چەقبەستنی بڕیارەکانی لەو ڕۆژەدا قەتیس مابوون. جەستەی زنارێکی ئەتڵەسییانەی زەبەلاح و تابلێی لە تاقەتبەدەر بوو، بەحاڵ وزەیەکی شاراوەی کز بەژنی پێگرت و چەند هەنگاوێک جووڵ، نەختێک پەنجەرەکەی ترازاند و بە قەدوبالای ئەو داباریێنەرەی باراندا کەوتە ڕوانین. سەرمای سەرپشتی بانێژەی بچکۆلەی ژوورەکە خستییە ئامێزی مووچڕکە و ڕچینێکی کتوپڕ و لە چاودێری هاموشۆی بەتالووکەی مەردوومە چەتر بەدەستەکانی سەر شەقام و شۆستەکان و هەروەها ڕەوتی ئاسایی شتەکان گەڕا و هاتەوە ژووری. لەپڕێکا بێڕادە بە بارینی بارانە بە خوڕەکە سەرسام بوو. وردە وردە تاریکییەکەی شەوی وەبیرهاتەوە، ئەوە چ تاریکییەک بوو...ژوورەکە گەلێک لە نووسینگەی میوانخانە هەرزانبەهاکەوە دوور نەبوو، باڵی کشوماتیی کەشوبای

ناوەوەی لاڵ کردبوو، لە هیکرا دەستێک لە دەرگاکەی دا و زایەڵەی دەنگێکی ناسک و ژاوە لە نەوایەکی خۆش هەستی ئەوەیان پێبەخشی تەنیاییەکەی زەفەری پێبڕاوە. ئەو زایەڵەیە چەند کەڕەتێک پاتە بووەوە، ئەوسا قۆزاخەی بێئاگاییەکەی دڕاند و لە دەرگاکەوە سەرە دزەیەکی بۆ کرد، ئافرەتێکی تەرپۆش ڕووبەری نیگاکانی خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی. وەک ئەوەی نەفەرتیتی بینیبێ، ساکا، ئەو کە وتی: من سوورەییام، دەتگۆ یەکێک بەزەبر ڕایوەشاند. خەڵکی وڵاتێکی ئەفریکا نەبوو، بەڵام وەکو چوکلێتێکی بێناز لەبەر دەرگاکە قیت ڕاوەستابوو. ئەم وەیزانی فۆنەتیکی زمانی هەسارەیەکی دیکە تاقیدەکاتەوە، هێدی و بە جۆرە کەودەنییەکی چێژبەخشەوە دانی لە پیتەکان گیردەکرد، دایەلۆگەکە سانا و بێ گرێ و گۆڵ بوو، بە کەمتەرخەمییەکەوە پرسیارەکانی تێهەڵکێشی بەرسڤی بەلەز کرد و بە بێئەوەی پەیی بەوە بەرێت لە دەرگا دانەکەی بەهانە بووە و پێویستی بە هیچ کەسێکی نووسینگەکە نییە، دەیویست دەرگاکە وێک بهێنێتەوە، یەکسەر بە تۆنێکی میهرئامێزەوە پێی وت: لێرە شوێنی چاوەڕوانیش نییە، دەتوانم لە ژوورەکەی تۆ چاوەڕوان بم؟ نەیزانی چی وەڵام بداتەوە، بێ بیرکردنەوە و ساویلکانە نەختێک وەلاکەوت و ئەویش دزەی کردە ناو ژوورە گەرم و گوڕە بۆنی ژیان لێهاتووەکەی. ئەم ڕووداوەیش وەک هەندێ شیعر تەمومژی لەخۆدەگرت و یەکێک بوو لەو شتانەی کتوپڕ نەیتوانی مانای لێکبداتەوە، ساتێک ئەندێشەی وڕوکاس بوو، بە بێمەیلییەکەوە دەرگاکەی پێوەدا و گەڕایەوە لەسەر تەختە خەوەکە دانیشت. لەبەر ئەوەی بیری بەلای

شتێکی نائاساییشدا نەدەچوو، شڵەژان بەرۆکی نەگرت. وەلێ هەر جارەو دەستی بۆ جێگایەکی لەشی دەبرد و دەکەوتە خوراندنی، ئەویش بەناو ژوورەکەدا نیگایەکی وەرسووڕاند و لەبەر ئەوەی پەنجەرەکە ئاسمانێکی خەمباری نیشان دەدا خۆی گرمۆڵە کرد و وتی: سەرما لە هەڕەتیدایە. دیدەکانی بەسەر ئەمدا هەڵفڕین و لەسەر تەپڵەکی تەنیشت قەرویڵەکە نیشتنەوە. تەماشایەکی کتێبەکانی سەری کرد و ناونیشانی ئەو دانەیەی سەری سەرەوەیانی خوێندەوە: شانشینیی گوڵەگەنم..عەبدولوەهاب بەیاتی...ناوەکەی بە تەڕوبڕییەکی زۆرجوان حونجە کردەوە و تا پێیشی کرا درێژی کردەوە، ئینجا وتی: تۆ شاعیریت؟ ئەمیش شەرم دایگرت و سەری نەخێری هەڵتەکاند. ئیتر ئەو هەندێک سەری لەقاند و دەستەکانی لێک هەڵساویی، ئینجا هەڵلەرزینێکی بۆ کرد و وەک ژووژک گرژۆڵە بووەوە، ئەمیش بە بێ هیچ نییەتێک هەنگاوی بەرەو پەنجەرەکە هەڵداشت و کردیە کۆسپی جیاکردنەوەی ئەو دوو ڕەهەندەی ناوەوە و دەرەوە، یانی ئەو ڕەهەندەی ژوورەوەی لە دنیای سارد و تەڕی ئەو ڕۆژە دابڕی کە دەرەوەی تەنیبوو. ئەو کرانەوە کەمەی تای پەنجەرەکەی داخست کە دووکەڵی جگەرەکانی دەبردە دەرەوە. نەیزانی چۆن ئەوە بە مێشکیدا گوزەری کرد پەردەکە بکشێنێتەوە، تەماشایەکی کرد، نەبا پێی بەجێ نەبێت، کەچی تریفەی سیحرێک دەوری بیناییان دا و ئاوڵەمەی زەردەخەنەیەک زایە سەر لێوە ئەندازەیی و پڕ ژیانەکانی و بە سەر بزاوتنێک هەوەسی پۆزەتیڤی بۆ نواند و پێڵووە جلەوکێشەکانی نازی وێنەی شەپۆلێکی خەوزڕاو خرۆشی تێگەڕا و تۆزێک کشایە دواوە، مچووڕکێکی هاروهاج و

سـەرچڵ لەنـاو خوێنەکـەی ئەمـدا ڕەقسـیی. دڵـی پێش بزووتنەوەکـەی خـۆی کـەوت و وەک چرایەکـی لـە شـەو بێـزار کەوتـە کۆکردنـەوەی پەپوولـەی ترپەکانـی، بـۆ چرکەسـاتێک هەسـتی کـرد ئـەو کەسـە نییـە کـە بـە خـۆی ئاشـنایە، ژوورەوە تۆزێـک گـەرم داهـات، بلـووزە تەنکـە شـینەکەی لەبـەر خـۆی دامالـی و هەڵیپەسـارد. ئـەم خەڵوەتگرتنـە لەگەڵ نیوەکەی تر، شتێکی ناکاو و چاوەڕوان نەکراو بوو، یەکەمجار نەبـوو کەڵەکێویـی هەوەسـێکی جـوان و ڕمـۆک پیایـدا هەڵشـاخێت و ئامـادەی کـەوی بوونـی بکات. لەسـەر ئەسکەمیلەکەی تەنیشـت مێـزە بچکۆلەکـە ڕۆنیشـت، هەندێ پرسـیاری لـەم کـرد، وەکـو کڵافێـک بـۆی کرایـەوە، باسـی سـەرزێدەکەی بـۆ کـرد. ئەویـش بـە دوورودرێژیـی باسـی ژیانـی خـۆی بـۆ کـرد و دواجاریـش وتـی: مێردەکـەم سـەرباز بـوو، کـە لـە بـەرەی شـەڕ گەڕایـەوە لەنـاو دارتەرمێکدا ڕاکشـابوو.. ئینجـا بـە دەسـت ئامـاژەی بـە کڵۆمدانـی دەرگاکـە کـرد، دەتگـۆ دەمـی بـە گوێیـەوە نـاوە، بـە چپەیەکـی پـڕ ورەوە بانگـی کـرد: وەرە..بـە ئیشـارەی دەسـت و پەنجـە خشپیلەکانیشـی تەنیشـتی خـۆی پـێ نیشـان دا. ئـەو تێرامانـە، وێنـەی ئـەو توتیـا تـوواوەی دەخرایـە نـاو جامـە ئاوێکـی ساردەوە و شـێوەیەکی سـەیر و دەعجاوی دەگرتـە بارتەقای، دووچـاری حەپەسـانێکی نـاوازەی کـرد، فرێـی دایـە جیهانـی بـێ کەوشـەنی سـڵکردنەوەیەک کـە هەرگیـز بەرۆکـی بەرنـادات، تەنهـا ڕەمـەک ملکەچیـی پێبەخشـیووە، وشـەکانیش وەک بڵێـی شـەهوەتن و لـە زارییـەوە سـەردەکەن، یاخـود لاقـەی هەوەسـەکانن و دەمـی کراوەی کێـوە بورکانییـەک بەجێدەهێڵـن، دەسـتەکانی کۆبرایەکـی ڕام و دەسـتەمۆی دەوری کەمـەری بوون، لێوی ژێرینـەی، سـاتێکی بێکۆتایـی

نقووم بوو، کەوتە ژێر ڕیزە ددانە بێگەردەکانی ئەو و چاوی بە برژۆڵەکانییەوە هەڵزنان، ڕوومەت و سنگی بڵندبوونەوە و سەری ئەمدیو ئەودیوی کرد، هەر چەندە تەمەنی لە تەمەنی ئەم بەرەو ژوورتر بوو کەچی ڕەوڕەوەی گاڤ هەویری دانسقەی گیانی هەڵهێنابوو، بەڵام نەیترشاندبوو، یانی هێشتا هەر ڕێکوپێکیی خۆی زایە نەکردبوو. قرتە قرتی بەرمووره ڕەشەکەی هەموو شتێکیان لەبەر چاویدا سڕییەوە و گێڕایانەوە نێو توونێڵی سیای ڕابردوو، کەوتە ژێر دارتەلی ئەلەکتریکی کۆڵانەکەیان و ڕیزە سێرووە هەڵنیشتووەکانی زستانی بەسەرەوە بینین، بەدووی ئەو زارۆڵانەدا ڕایکرد کە بەبەردەقانی کەوتبوونە هەڵفریواندنیان، پاش قەدەرێک ڕاکردن، یادی بە شەکەتییەوە نکووڵی لەو ڕابردووە کرد کە تەنها بە کات فریوودەر لە قەڵەمی دا و...هەوەسێکی توندڕەو دایە دوای خۆی و لەسەر تەنافی گیانیدا ئاسەواری جلو بەرگەکانی ڕامالی. بە شەرمێکی ناوادەوە بەو بوونەوەرە چوکلێتییەی وت: تۆ یەکەم کەس نیت ئە ئاوا دەمبینیی..وەلێ ئەو مۆمی لیبیدۆ گوێچکەکانی ئاخنی بوو، تەنها جووڵانەوە و دەستبازی خستبوویانە لەنجە و لارێکی خەنیکەر و عیشوەیەکی کێوییانە چاوەکانیان پێداخستبوو. ئەو ڕۆژە تەنها لەزەت ڕوخساری شتەکانی حەشاردابوو، دێتەوە یادی چۆن قامکەکانی دانگەڕێزەیان کردە نێو ڕانەکانی، بۆنی شەهوەت لە هەناسەکانی هەڵسا و لیکی بێوەریی بە زاریدا چۆڕایەوە. ئەگەرچیش وەکو زەوییەک بۆنی بارانی پێبەخشیی و بڕیاری ئەوەی دا لە وەحشەتی بارین بێباک بێت، کەچی هەستێکی بێیاراییی نامۆ سەرتاپای تەنییەوە، بیری لەسەر ئەوە گیرسایەوە

ئـەم سـەرچڵییە لەڕاسـتییدا بـە هیـچ شـێوەیەک سـەرچڵی نییـە، بـە خـۆی وت: سـەرچڵیی ئەوەیـە خـۆم ببـم بـە ڕاوچـی سـاتە شـەهوەت گوشـەکان، نـەک لەسـەر دەفرێکـی ئاڵتوونیـی پێشکەشـم بکرێـت بـە بێئـەوەی خـۆم ڕاوکـەری بووبم..کەچـی ئـەو حەسـرەتەی لـە هەرزەکارییـەوە بەمشـێوەیە تامـەزرۆی شکاندنی بـوو تەفروتونـا بـوو. ئیدی چەند کاژمێرێک بەیەکدا چوون و تکانـە نێو لەشی حەیشـەرییانە و سـۆزانی هەمیشـە بـە لاکـە لاک و برسـیی ڕابـردووەوە. مانگـی ئێواریٚ وەهـەورازیٚ هەڵشـاخابوو، ئەمیش بەسـەر پەیـژەی داهێـزران و شـەکەتییدا بـەرەو قووڵایـی ڕۆدەچـووە خـوارەوە. دووچـاری بێروونـی وشـکەڵگەڕانێکی سـەمەرۆکە ببـوو، هەناسـەی دەتگـۆ لـە دووکەڵکێشـێکی پیرسـاڵی هەڵـزڕاوەوە قـەف قـەف سـەری دەکـرد و وەپرچـی پەخشوپەرێشـانی وی دەکـەوت و دەیخسـتە کرۆشـمە و لەرینـەوە. یـان دەشـیٚ بوتـریٚ بەقـەد ئۆقیانـووس قـووڵ و بەرفـراوان بـوون و لەسـەر هەڵکشـانێکی گومـڕا، بـەڵام شـکۆداری هـەوەس و ئـارەزووەوە بـەرەو مەنزڵـی داکشـان دەڕۆیشـتن. تاڵەکانـی پرچـی وەکو یاڵـی نەرمونیانـی ماینێکـی ڕەسـەنزادە دەهاتـە بەرچـاوی کـە لـە نەرمەغـار وەسـتابێت. ئیـدی پێکەوەبوونیـان هـەر ئەوەنـدە درێـژەی کێشـا، بەرلـەوەی وەدەرکەوێـت، باوەشـێکی گەرمـی بەمـدا چزانـد و تێر بە بەژن و باڵایدا هەڵیگووشـیی. ساتەوەختێک قەبارەیەکی هێنری مۆرییـان پێکهێنـا و بـوون بـە پەیکـەری نەبزووتـی مۆزەخانەیەکـی هاوچـەرخ و پاشـان جووڵانەوەیەکی ئاسـاییانە مەودایەکی هەڵبزرکاوی کـرد بـە سـنووری نێوانیـان. پێنـج دینـاری خسـتە نـاو جانتاکـەی، ئـەو بەرهەڵسـتیی کرد، ئەم پێداگریی کرد و ئەویش ماچێکی سینەماییانەی

بۆ تێگرت و دەرگاکەی خستە سەرپشت و هێوور هێوور پلیکانەی ئوتێلەکەی دایەدەم شۆڕبوونەوە و وەکو ئەوەی قەتاوقەت بەریەک نەکەوتبن لەچاو ونبوو. پاش ماوەیەک جێ و ئاسەواری نینۆکەکانی لەسەر شان و پشتیدا ئاوێنەیەکی کۆنی منداڵییان پیشان دایەوە و جارێکی تر ئیزباری جێ قامچی عەرەبانچییەکەی ئەو سەردەمەی منداڵییەکەی بووەوە، کە ڕۆحی بە شەقاربوونێکی هەتا هەتاییەوە گرێدابوو. ئەو ئاوێنەیە وەکو کریستاڵی بەردەستی سیحربازێک پانۆڕامای ئەو دیمەنە کۆنەیان بۆ بەرجەستە کردەوە: دایکی و شەمێران و داپیرە خانمی پەیتوونێکی دووئەسپییان لە کۆڵانەکەدا ڕاگرت و سواری بوون، ئێستا چیدی لەسەر خەیاڵ نییە پێی دەڕۆیشتنە کوێ، دەیویست لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشی بکەن، چەند گریا هەر دادی نەدا، ئەمیش هەرکە پەیتوونەکە کەوتەڕێ بەدوویدا هەڵزنا. هێواشێ کووچەکەیانی بڕی و بەلای کۆڵانی کۆنەمزگەوتی گەڕەکەکەیاندا وەرسووڕا و لەوێ چەند زارۆڵێکی تریش کەوتنەدووی و خۆیان پێوە هەڵواسیی، یەک دوانێکیان جێگایان نەبووەوە، کە نەشیانتوانی جێلەقی بکەن لە ئیرەییدا شاتەشاتیان بازرەقەی بەست و وەکو پۆلە باڵندەی وەرزی کۆچیش هەر بە دوای عەرەبانەکەوە بوون و جێیان نەدەهێشت. لە پێچ کردنەوەی بەلای ئاسنەڕێکەدا ئەوانی دیکەیش کەوتنە خوارەوە و جاڕوجەنجاڵێکی منداڵانەیان نایەوە و هاواریان لێبەزربووەوە: عەرەبانچی عەرەبانچی لێدە قامچی ..لێدە قامچی.. مێشکی لەگەڵ بەرجەستەکردنی وشەی»لێدە»دا ساتۆکەیەک چووە نێو قۆزاخەی تەزیینێکی خەیاڵیی و دەستەپاچەبوو. عەرەبانچییەکە بە وەڕسبوونێکەوە هڕڕڕڕڕڕێکی تابلێی درێژی بۆ

کرد و هەر ئەوەندەی خۆشبوو قامچی بە پشتەوەدا نەکەوتبووەکار، کە فیشکە فیشک و شریخە شریخی هاتە بەرگوێ، لەگەڵ هێووربوونەوەی ئاژۆتندا زراوی ڕوخساری ئاوڕشێن کرد. نەیتوانی دەمودەست خۆی باوێتە خوارەوە، بوێریی پێدەویست تاوەکو مێش و مەگەزی شڵەژان و شپرزەیی لە خۆی بتەکێنێت، بەڵام کارلە کار ترازا، چەند قامچییەکی بەزەبر بەر کەلەکە و سمت و سەرشانی کەوتن و وێنەی تووتەڵەیەکی شەق تێهەڵدراو قرووسکەی لێوەهەستا و کە دەستەکانی بۆ ئەوە لە شیشەکەی پشتەوە بەربوون ئازارە بێمەزەبەکانی سەر گیانی نەوازش بکات، بەسەر جادە قیرەکەدا تلۆربووەوە و ڕووشان و خوێن تێزانی سەرکلاوەی ئەژنۆ و لاجانگ و شڕووڕبوونی بێجامە بازە خەتخەتەکەشی هاتنەسەری. گریانە سەیرەکەی لەگەڵ دوورکەوتنەوەی خرمەی سمی ئەسپەکاندا هارمۆنییەکی هێنایەکایەوە و سەدای قامچییە شوون جێهێڵەکە کەوتە ئەودیو بازنەی ئازار و تەنها سزای دڕانی بێجامەکە لەمدیو بازنەکەدا مایەوە و چاوەکانیان پتر قاڵی گریان کرد و هەنیسکەبڕکێ و ڕۆندکی بازرەقەبەستوو ملی ڕێگای ماڵەوەیان پێ گرتەبەر و بە نێو مەزاق و تەڵفیزەکانی چەردەیەک منداڵی چوختی و دەمشڕدا خۆی ڕەخساند و وەکو تۆز لە ڕاکردنێکەوە نیشت تاکو بیرەوێنێتەوە. کە گەیشتەوە، نەختێک ژیر ببووەوە، یەکسەر بەرامبەر ئاوێنەی لاکێشەیی کەنتۆرە ئیسپەرتۆ لەبیرکردووەکە ڕاوەستا و خۆی هەڵماڵی، تولەماری ئەرخەوانئاماڵی شوێن قامچییەکان میل بوون سەرانسەر چاوەکانیان سورمەڕێژ کرد و وێنەی خاڵ خۆیان لەسەر ڕۆحیدا کوتی.

ئەو ساتەوەختەی مگێزی لە بەسەرچوونی زووبەزووی ئەزموونەکە دەکردەوە، دەیویست خەوێکی قووڵ هەڵیبلووشێت و بزربوونێکی کتوپڕ قوتی بدات. کەچی سەرباری ئەو هەموو تاقەتپڕووکانە خەو سەنگی سەر تەرازووی پێڵووە ئەستوورەکانی نەبوو. ئارەزووی دەکرد هەرکە تیشکی سپێدە سەما لەسەر پشتی بەگیانەڵاکەوتووی شەو دەکات، وێنەی بزمارێکی قیت ڕوواوڕووی نەینۆکەکە خۆی بکوتێت و پڕ بەدڵ لە ڕوخساری نەگەشاوەی خۆی ڕابمێنێ. هەناسە و ترپەکانی پسان مەودای بۆ ئافەریدە دەکردن، ژاکانی سەروپۆتەڵاکی خۆی دەدی، وەکو ئەوەی لە خۆی تێبفکرێت، نیگاکانی ڕەوانەی هەمبەر دەکرد، هەمبەریش بۆشاییەکی بۆری غەمگین بوو دەکەوتە نێو چوارچێوەی ڕوانینەکانییەوە، لەو بۆشاییەوە نیگارێکی بەڕەونەق و درەوشاوەی شەمێران دەهاتە دەرەوە، کە زۆر بە تەنگ لەشی لەڕولاوازی ئەمەوە دەهات..چۆن هەردەم نەدەبووە میوانی بەوادە و بێوادەی دیمانە ناواخنییەکانی خرۆشانی یاد و ئەندێشەی، چۆن لەبەر بینابیە خەواڵووەکەیدا نەدەبووە ڕەگەزێکی زیندوو؟ نەدەبووە خەیاڵێک لە گۆشت و خوێن؟ چەشنی بوونەوەرێکی نەختێک گەورەتر لە چنگێ هەست و سۆز، بێ هێزوتین لەژێر خلخلۆکەی ئەنگوستەچاوی ئەشکەنجەکانی منداڵییەوە پەلکێشی دەرەوەی دەکرد و پلی ئازارەکانی لەناو زاریدا دەتاساند و هەتاکو چاویش بڕ بکات لە گریان دووری دەخستەوە. هەنووکە لەم پێدەشتانەی خەونەکانیشدا سەری قسەوباس بەجۆرێک شەمزا بوو بە شەوارەی وڕوکاسییان دەخست. هەراسانیی هەڵیدەگرت، شێلگیربوو ڕەگوڕیشەی بێدەنگیی ڕیشەکێش بکات ، وەکو بورکانێک پیشی دەخواردەوە، وەکو

جیۆلۆجیستێک پەیی بە بێخی دەروون و توێژەکانی ناوەوەی خۆی دەبرد و بەرجەستەی دەکرد، حەزی دەکرد هەرچی ئەو کۆت و بەندانەی زیندەگییان بەو نەریتە بوودەڵە و ناچیزانە خەساندووە لە فەرهەنگی ترسناکی گوزەرانەوە لە گرێژەنە بەرێت و تووڕیان بدات. لە هەموو وادەیەک زیاتر کۆششی بۆ ئەوەبوو ژیان لەو کانزا و ئاسنە بێتانوپۆ و یۆتۆپییانە دەرباز بکات و ویژدانێکی ئارام نیشتەجێی ئەویدی بێت، ئەو ئەویدییە شەڕانگێزەی ئارامیی نازانێت و لەناو تێزابی ڕاڕایی و بەدگومانییدا قەقنەسئاسا کڵوکۆی دادەمرکێت و بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان پرۆسە شەقڵ دەگرێت و لەدایکدەبێتەوە.

بەڵگەنەویستە کە دەستەبەرکردنی سەرفیرازیی دەگمەن بوو، جگە لەوە لە سایەی بیرلێکردنەوەیشیدا گرفتاری ئاستەنگ و گیروگاز دەهات. سەرەڕای هەموو ژاوە ژاو و غەڵبە غەڵبەکانی دەوروبەر، خۆی لە دەرێی ئەو بازنە خاڵیی و بۆشەدا بە جێگیریی دەدیتەوە و لە شەیتان ڕەبەنتر و تاقانەتر بەرجەستەی بینینیی خۆی دەبوو، بوونەوەرێکی ئەوتۆی بەدی نەدەکرد درکی بە پەلوپێ شەتەک دراویی ژیان کردبێت و بە تەمای ئەوە بێت خۆی لێ ڕاپسکێنێ و خۆی بئاخنێتە نێو شتێکی تەواو جوداوازەوە، شتێک، هەزارەها میل لە شەتەک دراویی بەدوور بێت. لەگەڵ هەڵچوونی تووڕەیییەکەیدا هەنیەی لە دەرباری قامک و لەپەکانیدا قەڵەمڕەوی دەگرتە دەست. ئەگەر ئەو ئانوساتە لێیان بپرسیبایە ئارەزووی چیت هەیە، ڕەنگە دەستبەجێ و بێ بیرکردنەوە بیگوتبا: ئارەزوومە پرۆسەی کوشتنێک ئەنجام بدەم. ئەگەر بیشیان گوتبا کوشتنی کێ؟ زۆر بێبنانە بە دنیای

جەنجاڵی بیرکردنەوەدا شۆڕدەبووەوە و تێدەهزریی، ئاخۆ کوشتنی کێ کێشە و گرفتەکانی حاڵی حازری دەڕەوێنێتەوە؟ ئیدی بیرکردنەوە درێژەی دەخایاند و ئەویش نەیدەویست وەرام دوابکەوێت، بۆیە پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ لۆجیکدا وەکو هومایەکی پیرۆز لەسەر خۆیدا هەڵدەنیشت و دەیگوت: خۆم!...شەمێران..کە یادەوەرییەکان وێنەی برینی ناساڕێژ چاوەکان دادەپچڕن، دەڵێی درەختی میهرەبانییە و لە بەردەمیدا قیت دەبێتەوە..هەروەک چۆن لە گاڤی هاتنەبوون باوەشی قایلبوونی بۆی کردبووەوە، لەسەر بەڕەکە بە ئاگاییەکی زیادەڕۆوە هەڵی قۆزتەوە و تێرتێر بۆن و بەرامەی تازەی لەدایکبوونەکەی هەڵمژی، وەک ئەوەی ژیاننامەی دەریا لەسەر ناسنامەی بەرامەداری ماسییەکی تازە بخوێنێتەوە، بە ئاوی شلەتێن ئاسەواری لینجی ئەو دنیا بچکۆلە و نووتەکەی منداڵدانی پێ فرێدا و ساتناساتێک وردە ماچی بە ڕوومەتە ئاڵەکانیدا بڵاودەکردەوە. سیانزە ساڵی ڕەبەق دوای گەلاوێژی خوشکی کە لە چوارساڵییدا مردبوو، چاوەڕێی هاتنە دنیای ئەمی کردبوو. دواکەوتنی نەک هەر ئەو، دایک و باوکیشیان بێتاقەت کردبوو و کاریگەرییەکی فرە نەگەتیڤیشی خستبووە سەر دەروونیان و هەمیشە لە چارەنووس تووڕە و بەگلەیی بوون، چاوەڕوانیی و دواکەوتنێکی زۆر بیرکردنەوەیانی خلووپانی هەستێکی ڕمۆک کردبوو، چونکە ئەو دواکەوتنە شمڵی شەڕبوو وەک بڵێی ژیانی هەموویانی بە خەتاباریی و تاوان فرچک کردبێ. باوکیشی، کە تەنها جینەکانی خۆی بە میرات ئاوێتەی نێو ئیکسیرێکی پڕ مەینەتیی و چەرمەسەریی دەکرد، تەنها دروێنەکەری لەزەتێکی ئاژەڵییانە بوو، با ئاسا دەهات و دەڕۆی، ئەمیش، ئەگەر پێشی بکرابایە و یارای

ئـەوەی هەبوایـە بێچەندوچۆن حـەزی دەکـرد خـۆی لـەو کرۆمۆسـۆمە بێزراوانــەی بێبەریــی بــکات. ئــەو شــتانەی نایەنــەوە یــاد، شــەمێران دەیگێڕایــەوە چــۆن بــە منداڵیــی گــوڕووی لــە شــیر نۆشــین دەگــرت و تـف و سـەرەلەقێی ئاڕاسـتەی مەمکـە چـرچ و ناشـرینەکانی دایکـی دەکـردەوە و نەیدەویسـت ئـەو، وەکـو بـا، کـە تەنهـا بێباکیـی بەرامبـەر شـتەکان گرتبـووە خـۆ، دایکیشـی، ئـەو تەنـە درێژکۆڵەیـەی کـە ببـوو بـە دەمامکـی ژیانێـک و بـە وێڵداشـەکەوە لێـی جـودا ببـووەوە، هەندێـک سـەری لـە ئاقـاری ژیـان لاداوی پـێ هەڵبـڕی بـوو بەهەناسـەیەکی سەرکوتکراویشـەوە لەناوگەڵـی خـۆی ڕامابـوو، بەسـوێ و نووزەیەکـی سـرتەئامێزی ئەوتـۆوە وەک ئـەوەی لـە شـوێنێکی دوورەوە هاتبـێ گوتبووی: کوڕە...کووووڕ...ە...؟ کە تۆزێک وەرام دواکەوتبوو، ئەویش مـات و بێهەستوخوسـت مابووەوە، ئەوسـا سینە و دڵـی ژاوەی کـوڵ و سـوێ ببـوون، لـە پڕمـە پڕمـی دابـوو، ئینجـا هێنـدە نەمابـوو بۆچڕووکـی هەنـۆ لـە دەرکـەی بێئومێدبـوون بـدات، خەریکبـوو ڕاسـت بێتـەوە و ئـەو سـاتانەیش ئاودیـوی یـاد بـکات کـە بـە تاڵەموویەکیـش لـە مـەرگ جیایـان نەدەکـردەوە، کەچـی «جەددەمەریـەم»ی مامـان بەئاسـتەم «ئا»یەکـی کـزی لێـوە هەڵقووڵابـوو، چەشـنی ونبوونـی پەلەوەرێـک لەنـاو پـەڕی خۆیـدا، ئـە ئـاوا سـەری لەسـەر قوشـتگییە کەستەکئاسـاکە ونکردبـوو و ناڵـە و زارییەکـی ئۆخەیئامێـز لـە گەروویـەوە چەکـەرەی هەڵدابـوو. نـووزە و فیغانـی بـە بـاڵای چەنـد ڕۆژێکـدا بـڕی بـوو، لەنێـو جێوبالینگیشـدا هـەڵاژاو و نەبـزواو کەوتبـوو. بـەڵام چ ڕەسـتاخیزێکی دووبارەبـووەوە لـە بۆسـەدا بـوو ئەگـەر ئـەم کیژۆڵەبایـە؟ لـە ترسـی سـەرکۆنە و تانـە و تەشـەر و تونـد و تیژیـی و گـوزارە ژەهراوییەکانـی

مێردەکەی نەیدەوێرا، یان زاتی نەدەکرد ساتێکی ناچیزیش چییە لەنێو جێدا پشووی پاش زایین بدات و بحەسێتەوە، هەر دەبوایە دەرحاڵ بکەوێتە بەردەوامیدان بە ڕەنجەکانی و خزمەتی شلوشەپڕێویی حاڵوبار و پینەکردنی ئەو تاوانەی بکات کە ئەنجامی دابوو، تاوانی کچ هێنانە دنیا!..بەو دەستوبرد کردنە گەرەکی بوو سێبەرێکی قورس لە خۆی دووربخاتەوە و پاکانەیەکی ڕوونیش بەسەر خەوشییەکی باودا بدات و نەگۆڕانیش لەناو کلتوورەکەدا هەروەکو خۆی قەتیس بمێنێت و گۆڕی گوم نەبێت.

لەپڕێکا ڕاپەڕی و هەشتاو کەوتە دەرەوەی دیوارەکان، قاوقریشکی کناچە بێوارەکان و هاژەی زێیەکی دووری کەنداڵەکە شیناوەردی کەڵکەڵەیان کاژوواژ کرد و لە پەلەقاژەیەکی کاتییدا سەراسیمە بوو. کە وردبووەوە، لەوە حاڵی نەبوو چلۆن بەو وردییە چاوەکانی توانای ئەوەیان هەبوو بازنە بێشومارەکانی دنیای دەرەوە بگوازنەوە زێواری و بیرکردنەوەی پێ گەمارۆ بدەن؟ جەستەی کەسیرەی ماندوێتیی بوو، حەجمان سرەوتی تێدا نەدەگرت. داگەڕایە خوارەوە، بۆ لەو ساتەوەختە پڕ لە بێئۆقرەییەدا ئەسانسۆر کەوتە نێو هەڵدێری بیری؟ نەیزانی، بەڵام هێندەی نەبرد دەنگێکی دەمگۆئاسا خاترجەمی کردەوە: زەردەپەڕی ئێوارێ دەتاندەنەوە پێش خۆ و وێنەی جەڵەبێکی تێرو تەسەلی لە لەوەڕگا گەڕاوە و چەردەیەکی برسیی و چڵێسی کاوێژ و حەسانەوە لەو تخووبەی لەڕاستییدا تخووب نییە ئاودیویان دەکەن و ماڵئاوایی لەو ماوەیە دەکات کە وەکو خوێنێکی بێخەوش بە ناهەق ڕژا. داگەڕا، زۆر دوور ڕۆیشت، لەژێر ئاسۆیەکدا پیاسەی

کـرد پرسـیاری دوای گەڕانـەوەی لەبەردەمـدا قـووت دەکـردەوە، ئاخـۆ وەرامێکـی هەبـوو بیخاتـە بەردەمـی و ڕەزامەنـدی پێببەخشـێت؟ نەخێـر.. چونکـە وەکـو هەگبەیـەک دنیاکەیـان خاڵـی کردبـووەوە، ئیـدی وەرامـی تێـدا نەمابـووەوە. دوورکەوتبـووەوە، قەدەرێـک لەژێـر نسـێی دارگوێـزە پـڕ ئاشـیانە و بەخشـندەکاندا گیانـی دایـە دەسـت هەلاژانێـک و ڕۆحـی هەواڵـەی سـەرخەوێک کـرد. پاشـان کـە سـێبەرەکەی بەجێهێشـت گوێـی لێوانلێـوی خەرامانـی بێچوونـی ئاوێکـی نزیـک بـوو، تەنکاوێـک، بێشـک تاسـەی مەلەوانیی ختووکـە دەدا. پاڵتـۆ زەبەلاحەکـەی و بەرگـە گەمـار و چڵکنەکانـی لەبـەر داماڵـی، سـەعاتە»ئۆریۆن«ەکەی لەسـەر گابەردێکـی مەیلـەوڕەش دانـا و چەنـد سـاتۆکەیەک لەگـەڵ شوشـتنی پۆشـاکەکانیدا سـەرقاڵ بـوو و هەڵیانیخسـت، ئەنجـا وێنـەی بۆقێـک بـە ئارەزوویەکـی جڵەونەکـراوی نامـۆوە خـۆی هاویشـتە نێـو ئـاوە سـازگارە فێنکەکـەوە. پـەژارە و کەسـەرە پەنگخواردووەکانـی لـە زووبانییـەوە تۆقڵەیـان کـرد و سـایلی هیسـتیریایەکی بێئامـان تەقینـەوە. کتوپـڕ سـڵەمینەوە لـە دەنگـی تێکقژقـژاوی خۆیـەوە بەرۆکـی گـرت! لـە ئاگایـی چـووە دەرەوە هەتـا ئـەو کاتـەی کوڕیژگەیـەک بـە قەراغـی ئاوەکـەدا گـوزەری دەکـرد لـە سـەرسامیی و حەپەسـان بـە سـەدا بەیەکاچووەکانی دەنگـی هاوسـەنگیی لەدەسـتدا و تلۆربـۆوە نـاو باوەشـی ئـاوە ڕوونەکـە. شـڵپوهوڕێکی بـەردەوام بێدەنگیـی ئـەو سروشـتەی ئەوێـی لەوتانـد و ئەوسـا ئیـدی کۆڵـدان لـە ئەختوچـار، تەنهـا وزەی پێکەنینێکـی سـەیر و مکـوڕی مابـووەوە، کـە بڵنـد بـووەوە ئـەم واقیووڕمـا، لەسـەر شـانەکانییەوە نەختـە ئازارێکـی نـوێ داچۆڕانـە ناواخـن و بـووە خودانـی کسـپەیەکی نـاڕام. کاتـێ هاتـە دەرەوە سـیپاڵە هەڵخـراوەکان هێشـتا شـێدار بـوون،

بەڵام پاکوخاوێن وەدیارکەوتنیان یەقینێکی بەڵگەنەویست بوو. دەنگە دەنگ و ژاوەژاو و هات و هەڵڵای بەرزاییەکەیش نیشتبووەوە و بە ئاستەم دەبیسترا. لە کەشوبای کپوماتییدا کەوتە ڕەواندنەوەی دژوێنیی و قرێژیی سەر ئاوەزی، ساڵ و عەیامێک بوو ئەوەندە جدەویی هەست پێنەکردبوو، پەڕاوەکەی ئاوەڵاکردەوە و کەوتە ڕنووسکردنی سەرگوزەشتەیەکی خۆشبەز و تیژڕۆ و بە دەنگێک وەک ئەوەی لە ئەمپلیفایەرێکی گەورەی سینەماییەوە بێت لەبەرخۆوە دووپاتەی کردەوە: ئەورۆ ڕەها دەکرێین! هەر لە تاریکوڕوونەوە خۆیان پێ تەیار کردووین و دەڵێن چەند سەعاتێکی تر بە زنجیرە چیاکەی پشت ئاواییەکەدا ئاودیو دەکرێین، ئەمڕۆ ڕۆژێکی چەند سەختە، ئەمڕۆ، سەرباری ئەوەی گیراوێکیشم کەچی خودی خۆم ئا لەم زەمینەی ئومێدە دێرینەکاندا جێدەهێڵم، لە خودی خۆم دەگەڕێم هەتا گریان بڕ دەکات تێر و پڕ بۆ قەدەری خۆی لە پرمە بدات و ئەگەر نەیش گەڕێتەوە چار چییە؟ دەبێ بێ ئەو بە پەیژەیەکدا سەرکەوم کە بەرەو وێڵگەی هەزار بە هەزاری نەمان دەمبات. چەند ساتێک پێشتر بیرم لە سەرهات و چارەنووسی شوێنەکە دەکردەوە، گەلێک وەڕس و کەسەرباری کردم. وەکو ڕەشەبایەکی قودرەتمەند دەهاتە بەرچاو، کە هەرچی ڕەنج و کۆششی ساڵەکانە ڕایدەماڵیی و تەنانەت لە بیناییش ڕەنجەڕۆی دەکردن و ڕێگەکەیشی تژی هەڵدێر و کەند و لەند دەکرد. کە لە شاردا چەقێک بووم، وەکو بازنەیەکی ئاویی باوەڕم لەق بوو، بەڵام باوەڕم هێشتا لە گرێژەنە نەچووبوو، هەنووکە کە دەگەڕێمەوە، ئیدی باوەڕم بە چی پتەوە؟ چی ماوە ئومێدەکانمی پیادا هەڵواسم؟ پاش ئەوەی ڕووی باوەڕم لە هەردوو

ئاقارەکـە، ئاقـاری سـارا و ئاقـاری شـاخەکان، وەرگێـڕا، لـە ناخمـدا تازییەباریـی و پرسـە فراژییەکـی ئەمیبییانـە دەکات و لەنـاو چێـوەی تەنراوی جوغزێکی بێبەزەییدا دەمێنمەوە و لە بیردەچم...وادەیەک سڕ دەبێت، هێدمەیەکی چەتوون پەیی پێدەبات، نازانیَ چی دیکەی بخاتە سەر، وەکو پەنجەرەیەکی تاریک گوزارەی خورپەساتەکانی دانپێدانان بەسـەر پەڕاوەکـەدا وێـک دێنێتـەوە و دەکەوێتـەوە نێوبەینـی بەرداشـە بێسـۆزەکانی بیرکردنـەوە لـەو بابەتـەی ئۆپۆزیسـیۆنی نووسـینەوەیە و بۆتـەی کاسەسـەری کەیل دەکات و مۆخ و یـادگا دەکاتـە گووشـینگە و قامچـی مەیگوونـی ئـازار بـە ڕۆحـی دەگەیەنیَ.

ئـەو چەنـد ڕۆژەی دوایـی، پێش ڕادەسـت کردنەوەیـان، سەربەسـت بـوون، دەرگای زینـدان بەڕوویانـدا ئـاوەڵا کرابـووەوە و دەیانتوانـی ئازادانـە بـە هەمـوو لایەکـدا بێـن و بچـن. ئـەم هـەر ئاڵفتـەی تەنیایـی بوو، تەنیایی خولیا و دەرۆزەکردنی سات بە ساتی بوو. مقۆ مقۆی سەرومڕ و دەنگۆی گفتوگۆ و دانوستان، تۆزی ژێر سمی چارەوییە بە چوارناڵە کەوتووە بەردەوامەکانی ئەفسانە کۆنەکان بوو، پەیتا پەیتا لـە زاری شـارە مێروولەئاسـای مەردوومـەوە سـەمای بڵندبوونـەوەی دەکرد. هێشتاکیَ لێرووکانە بە سەرفیرازیی نەسپێردرابوون! مشتومڕ، یـان سـازش و گفتوگـۆ لەگـەڵ دەوڵـەت پەڕاگەنـدەی سـەر زارەکان ببوو، پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکان دەمەونخوون ببوونەوە و داخوازییە نەتەوەییـەکان لـە کەمییـان دابـوو. دەهـۆڵ بـۆ ئـەو سیفەتە پۆزەتیڤانـە دەنگێـورا کـە حەجاجەکـەی پایتەخـت ئەشـتابایانی شـکنەدەبرد. ئـەم دەکەوتـە هەڵکۆڵینی ئـەو یادەوەرییە لەبیرکراوانـەی خڵتەیـان نیشـتبووە

هزری، ئاخۆ دەیزانی شەقاوەکانی ڕوو لە کوێن؟ ئاخۆ کێماسییەکە لە کوێدا بوو؟ درکێک تیشکێکی کزی پێدەبەخشیی، ژیان بەرجەستە دەبوو، ژیان، سەرەنجامە بێپایانەکەی خۆی لە گەڕەلاووژەی پێیەکانی ڕەنگی خۆڵەپووتی دابووەوە و بەرەو نادیاریی ئاییندەیەکی بێزراو کێشیان دەکرد. مەودای نێوان خەزان و وەرزە شوێنگرەوەکەی دواتری لەوەدابوو برەویێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ وچان تەنگەبەرتر دەبووەوە و هێندێ ڕۆژیش درکی بەوە دەکرد مەوداکان ڕەنگی ڕەسەنزادەی خۆیان دۆڕاندووە و بەهیچ کلۆجێک بوونێکی ڕسکاو و مکوومیان بەخۆوە نەگرتووە. هەندێجار بەڕادەیەک ناهمێ دەبوو کەڵکەڵەی تەنها ئاوەژوو بوونەوەی شتەکانی بەخۆی دەبەخشیی.

ئەو بەیانییە، دەمێک بوو کەڵەشێرەکانی گوند لە خوێندن کەوتبوون و قووقانیان بە یاد سپاردبوو، دووی «بەهزاد»کەوتن،«کاوە»یش بە تفەنگێکەوە جێپێی هەڵگرتبوون. ڕۆژێکی فرە لە هەستوخوست بەدەر و وەڕسکەربوو. ئەدگارێکی دەعجاو و زیندووییەکی شڵەژاوی بە دەوروبەردا دەبەشاندەوە، ڕەنگە سەرنجی «بەسەر دنیاوە نەگەڕانی» لەلای هەر کەسێکدا بووروژاندایە کە ئەمی دەبینیی. ئامبازی بێنەوبەرەیەکی ناوەکییانە ببوو، لێوڕێژی مەینەتییەکی دەروونیی و کسپەکسپێکی تیژی کردبوو نەیدەزانی پێناسەی بکات و دەریبخات کە شێرازەی بەرزەفتکردنی ناکۆکییەکانی لەکیس چبوو. کە هەستیشی پێکرد، هەمووتەقەللایەکی لەپێناوی ئەوەدا بوو بیگرێتەوە و بیهێنێتەوە ژێر ساباتی ڕکێف. ئەژنۆکانی بوومەلەرزەیەکی ناحەزیان تێکەوتبوو، خۆی بەسەر پێوە ڕاگیر نەدەکرد.«بەهزاد»چەند

جارێک تێی نواڕی و وەکو کاپیتانێکی دەریاوان دەنگی لێ کرد: وەرە ئێرە..هەستی کرد ئەو زمانە زبرەی لێ ناوەشێتەوە، قەتیش ئاوا فەرماندەرانە نەیدواند بوو، سەخت هەنگاوی هەڵدەنا، کە گەیشتە حەناسی لەو بارەی ئەم داکاسا، یەکسەر وتی: ئەوە چییە، بۆ ئەوەندە سەخڵەت دیارییت، خۆ ناساغ نیت؟ چاوەڕێی وەرام ڕووی تێنا. دەنگی تۆنی خۆی لە دەستدابوو، تەنانەت گوێچکەکانیشی دەنگەکانی دیکەی دەوروبەریان بە هەڵبزڕکاویی دەقۆزتەوە. کەسەرێکی ڕێشدار ئامێتەی ئاخاوتنی بوو، وەکو قومقومۆک سەرێکی بەرزونەوی کرد و بەکاوەخۆ وتی: لێم مەپرسە..نازانم.. هێند کەڵکەڵە دێنم و دەبەم شیرازەی ئێستاکێی ئەم بارودۆخەم بۆ یەکالا و ڕوون نابێتەوە. لەوە دەترسم بەر لەوەی لە ژیان تێبگەم گەوهەرەکەی لە شەباقەی پەنجەکانمەوە بکەوێتە خوارەوە و لە چاوم ونبێت! وەک ئەوەی دڵەکوتەیەکی کێوییانە بەرۆکی گرتبێت ئەمەی دەرپەڕاند. ئەویش پاش گوێ شلکردن، چاوەکانی بوونە جووتێک تیری سەرکۆنە و تێیانی گرت. چەند کەڕەتێک پێڵووەکانی پرتەپرتیان کرد و بەبێئەوەی بڵێت: «ئەو گیرودارانەی کرمێوونیی لە ڕۆحی ماندووتدا دەڕسکێنن، قولاپئاسا بە ژیانەوە قەتیست دەکەن، یاخود دەلالەتێکی تر بە بەردەوامییەکەی هەڵکردنت دەبەخشن.» ئەم لە بێ متەقییە شپرزەکەی حاڵیبوو. ئەو کە بە مەسەلەیەک، یان دەرەنجامێکی لە ئانوساتی خۆیدا وتراو کارتێکراو دەبوو، سەرومڕ چاوەکانی دەنووقاند و برۆکانی پەیوەست دەکردن، وەک بڵێی شێی بێتاقەتییەکیان تێدا بزێت دەبوونە سەرابێکی دوورو ئەودیو پێڵووە ژاکاوەکانیان دەخستە ترووسکە ترووسک. هەر لە پرسیارەکەوە،

یـان لــە وەرامــە چاوەدوونەکراوەکــەوە، مەزەنــدەی ئــەوەی دەکــرد مەبەســت کــویَ دەپێکــیَ، ئیتــر قایلبــوون، یــان قایلنەبــوون تێڕامانێکــی بیَ تخووبیـان تێـوە دەئالأند، دەتگۆ لـە ڕۆخێکدایـە و دەنۆڕێتـە شـینایی دەریـای بێسـەروشـوێن و وای نیـازە باڵنـدە شیرئاسـاکانی ڕووبەرێکـی بێحەدوسنوور بخاتـە نێو تۆڕەکانی کەڵکەڵەیـەوە. لـەو وچانـە ناچیزەدا عەودالــی وەرام و باســو خواســێک بــوو، گــەر بکەوتبایەتــە داوییــەوە ڕوانگــەی گەشــدەبووەوە و ئەمەیــش پاڵــی بــە لێــوە زەردیلــە کڵــۆم دراوەکانییــەوە دەنــا بــۆ ئــەوەی بــە بارتەقــای وشــەکان بکرێنــەوە و بڵێــت: کونەپەپووەکانــی ســەر گوێســوانەی دەروونــت هەڵفڕێنــە، لــە ڕەهاییــە زەوتکراوەکــەی ئێســتات تێفکــرە، لــەوە تێفکــرە کــە چەنــد ڕۆژێکـی تـر دەسـتەبەری دەکەیتـەوە و دەگەڕێیتـەوە نـاو شـار، ئـەو، ئەویتــر، ئەوانیتــر دەبینیی..بۆنێکــی جیــاواز و تــازەی شــتەکان بــە لووتتـا دێـن، چونکـە تـۆ ئێسـتا خاوەنـی ئەزمـوون و تاقیکردنەوەیەکـی دەوڵەمەندتــری، تاقیکردنــەوە نەبووایــە شکســت نەدەبــوو، شکســتیش نەبووایـە بەشـێوەیەکی جیـاواز لـە شـتەکان ڕانەدەمایـت و قەتاوقەتیـش بۆنەکانیـان نەدەگـۆڕا.. ئەمانەیـش نەبوونایـە، تـۆ وەک مـرۆڤ هەمیشـە شکســتت دەدووررییــەوە و پەنــدت لــە ڕۆژەکان وەرنەدەگــرت. خەنــی لـە خـۆت، دۆزینەوەیەکـت هەیـە شـەقڵی خۆتیـان پـیَ ببەخشـیت، ئـەی ئەگـەر مـن خـۆم باوێمـە نـاو کەوشـەکانی تـۆوە، ئەگـەر مـن بڕۆمـەوە هاوکێشـەکە چـی لێدێت؟ دەبیَ قەوارەیەکـی ونبـوو بـەو دۆزینەوەیـەی خـۆم ببەخشـم و لـە خۆرگیرانێکی درێژخایـەن، نانـا خۆرگیرانێکی نیمچـە ئەبەدیی بدوێم..وەک بڵێی لـە هەمـوو ژیانیدا ئەوەنـدە قسـەی نەکردبیَ، هەناسەسـواریی بەسـەریدا زاڵبوو. ئـەو عانـە دنیـا لـە هەڵدێری دیدەکانـی

ئەمــەوە کەوتــە خــوارەوە و وردوخــاش بــوو. لەگــەڵ ئــەوەی پێشــتریش بایەخێکــی ئەوتــۆ و نــاوازەی نەبــوو، بــەڵام لانیکــەم بــەم شــکڵە لێــی ڕانەدەمــا، لــەوە بێمەیــل و دڵگیرتــر بــوو دیمانــە لەگــەڵ دەوروبــەردا ببەستێت، کەچــی ســێبووریی خــۆی ئــاوا دایــەوە: گوێــم ڕادێــراوە، خــۆم لــە نەخشــەی ســەرگەردانییش نەبــواردووە، ســێبوورییم بــەو قسانەیشــدا دێتــەوە کــە هەموومــان دەهاوێتــە دەرەوەی ئــەم کەشــتییە نوێیــەی واماندەزانــی ســێڵاوەکەی بەڕێوەیــە، واماندەزانــی نووحێکــی تێدایــە، بــەڵام ئەفســووس!!

لــە ڕێــگا ناهەمــوارە ســەرەو ژوورەکــەدا منداڵــەکان ســەرقاڵی گوێــز چنینــەوە بــوون و ناوبەناویــش یەکدییــان دەدایــە بــەر گوێــزە زۆروزەبەنــدەکان. تــازە درکــی بــەوە کردبــوو کــە هێشــتا ســەلیقەی بوونێکــی کامڵتــر بارگــەی لــە هــەواری ڕۆحیــدا نەخســتووە، شــتەکانیش لــە نادیــارەوە بــە سرووشــێکی تایبــەت بــۆی ڕەوانــەی خــوارەوە ناکرێن! بــە پێچەوانــەوە پێویســتە ئافەریدەیــان بــکات و لەســەرزەمینی دنیاکــەی خۆیــدا بیانڕســکێنێ و ســەروەرییەکی مرۆڤانەیــان بپۆشــێتەبەر، وەلــێ لەنێــوان ئــەو هەمــوو بێهیوایــی و شــپرزەیی و ئاشــیفتەییەدا دەیتوانــی شــتێکی بەرهەمــداری ئەوتــۆ بڕســکێنێت پاشــتر بــەرەو باڵایــی بــەرزی بکاتــەوە؟ یاخــود مانایــەک بخاتــە نێــو دنیــای درکییــەوە تاوەکــو هێنــدە دەســتەپاچە بەدیــار نەکەوێــت؟ ئاخــۆ هەڵاڵــەی مەبەســت شــیرینییەکی پێدەبەخشــێ، یــان لــەو بڕوایەدایــە دەکەوێتــە ئەودیــوی شــانەی هــزر و تێفکرییــن و هێزێکــی نادیــار کۆنتڕۆڵــی بەدەســتەوەیە و بێبەریــی دەکات لــەو لەزەتــەی دۆزینــەوە پێیدەبەخشــێت؟ دەتوانــێ؟ بێگومــان

پەرتبوونێکـی دەمودەسـت لەنێـو بەرپەرچنەدانەوەکانـدا نغـرۆی کـرد، جووڵانـەوە و بوونـی زارۆڵـەکان پەرێشـان و بـزر وەبـەر بینایـی کەوتـن، پتـر هەڵـوەدای ڕۆچـوون بـوو، وەکـو تـازە خنکاوێـک پەیـی بـە سـەرڕووکەوتن نەبـرد، وەکـو فیشـەکێکی وێـڵ پەیـی بـە خـۆی بـرد کـە بەلەسانە لوولـەی تفەنگێکی بەجێهێشـتبوو بـەرەو ئارمـان کەوتبووەڕێ، دوا گۆڵیـش پێکانـی نیشـانە و لـە ناواخنیـدا سـاردبوونەوەی بـوو، بـەڵام ئیـدی نیشـانە لـە ئێزبـاردا نەمابـوو! کە»بەهـزاد»ی لـە ڕیتمێکـی ئـاوا نەشـازدا بینیـی، خـۆی وانوانـد لـەم تێنەگەیشـتووە، بـە تۆنێکـی پەژارەهەڵگـرەوە بەرهەڵسـتیی ئـەوی کـرد و وتـی: پێموابـێ چـاک لـە مەبەسـتم حاڵـی نەبوویـت، چونکـە مـن هـەر ئامـاژە بـە خـۆم نـادەم، بەڵکو..هەرچەنـدە تەمـی خەسـتی سـەر دیدەکانـی زۆر لـە ڕەوینـەوەوە دوورتـر کەوتبـووەوە، هەسـتی کـرد بازنەکـە لێرەدا تەوەرەکـەی خـۆی کامـڵ دەکات و بەرجەسـتەیی بەخـۆوە دەگرێـت. لەژێـر لێویشـەوە ورتەورتێکـی دایـە بەرگوێـی خـۆی: لەگـەڵ ئەوەیشـدا هێشـتا ئێـرەم پـێ خۆشـترە، ئێـرە لەبارتـرە بـۆ بیرکردنـەوە لـە چارەنـووس، بـۆ دووبـارە ئەزمـوون کردنـەوەی بارداریيەکـی تـری سەرنوێشـت. چونکـە لـەوێ، لەڕاسـتییدا بیرکردنـەوە چلـەی وەرزی ترسـێکی هەمیشـەییە! زسـتان و ڕەقووشـک هەڵگەڕانـی وچانەکانـی سـەرکۆنە و گازاندەکانـی ئێـرە پەسـەند دەکـەم نـەک گەرمبوونـەوە لـە ئامێـزی ئابـڕوو و کەرامەتێکـی زیندەبەچاڵکراو. بـەڵام ئیتـر دەبـێ شـتێکی دیکـە زیندەبەچاڵ بکـەم، کـە ئەویـش خۆمـە. لەڕاسـتییدا ئـەم وشـانە وێنابـوون و بەخێرایـی دەنـگ بـە ئەندێشـەیدا تێپەڕیـن و لـە یـادی نەچـوو بـە خـۆی بڵێـت: ئێسـتاکێ هێنـدەی هێـزی کێشـکردنی چەقـی زەمیـن چاوەکانـم بـۆ بینینێکـی تـازەی شـتەکان

پێویستییان بەویێ هەیە، هەروەها بۆئەوەی لەناو شەپۆلی نادیاری مەستیی و خەندەی تۆزوگەرد لێنیشتووی پەناوپەسارە ماتەمبارە فەرامۆش کراوەکانیشدا، سەرجەمی دنیا تاریکەکانی مێژووەکەی خۆم بسڕمەوە، پێویستییم بەویێ هەیە. هەرکە وای وت، دڵی کەیلی سونگییەکانی داخورپان و بەخوڕ داهاتنی فرمێسکە تێزابئاساکان بوو، سەر ڕدێنە شۆڕەکەی زەنگۆڵە بێ هارمۆنییەکانیان لە کوڵی هارمۆنییەکی ناوازە گریێ دا. سەری پڕبوو لە زایەڵەی سەداکانی یادەوەریی، لەنێو کەشتیی شڵەقاو و لەرزۆکی لەپی دەستەکانا تەپاوتل و جینگڵە دەوروبەری سەریان گرت. ڕەشایی ڕابردوو بە سەرسامیی ئێستای سپارد، بیری کردەوە: هەموو شتێک هەر پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، چونکە لە ڕابردوویەکی وەکو ئەوەی ئێمەدا شتێکی لەمەی ئێستا باشتر بەرهەم نایەت نا..لەنێو ساتەکان و شتەکان و تەنانەت پشووەکان و تێفکرییەنەکانیشدا سۆراخی ئایینەدەی دەکرد، شوورەیەکی لە ڕادەبەدەر تۆکمە و قەبەی بنیاد نابوو، نەیدەهێشت بچێتە ناو کیشوەری هاتووەوە، سۆراخی ئەم، گەڕانەوە نەبوو بەرەو زەمەنی ئەو کیشوەرەی گوزەشتەی بۆ خولقاندبوو، بەڵکو گەیشتن بوو بەو زەمەنەی دواڕۆژی دەخولقاند. کاتێ ئەم بیرکردنەوەیە زەفەری پێبرد، وەکو زامێک وابوو عەودالی سارێژبوونەوە نەبێت، وەکو ئاوڵەمەیەک وابوو نەیەوێ تاریکستانەکەی خۆی بەجێبهێڵێت، بۆ ئەوەی دەرگیری تۆڕی ئەو چارەنووسە نەبێت کە باوکەکان دەیچنن..نەک هەر ئێستا، ئەوسایش هەر وا بیری دەکردەوە. ئەو ڕۆژەی لەگەڵ »ڕزگار«ی هاوپۆلیدا بەسەر جۆگەلەی چڵکاوەکەی خوار ئەو ئاسنەڕێیەی بەسەر شارەکەدا سەپێنرابوو گرەوی بازدانیان

کرد، ئینجا سەرکەوتن بۆ ئەوەی بەرەو قوتابخانە شۆڕبنەوە، ئێستایش تابلێی بە جوانی دیمەنەکەی بۆ بەرجەستە دەبێتەوە، چۆن ناکاوێک لەمی پرسیی: حەز دەکەی باوکت بمرێت؟ نەیزانی بۆچی ئەو پرسیارەی لێکرد! بەڵام وەکو لوغزێک چاوی ئەندێشەی بە هۆکارەکەیدا خشاند و وەڵامدانەوەیش، هەڵبەتا زۆر ئاسانبوو، وەلێ پێکەوتەکەی فرە دژواربوو، هەروەکو ئەوەی ئەرکی هاتنە دنیای ئەوە بووبێ بە»بەلێ«یەکی گومانهەڵنەگر بەرسڤ بداتەوە. ئەودەم هەرزەکار بوو و بەڵێیەکی چاوەڕوان نەکراویش بەلایەوە زۆر ڕەوابوو، بەڵام بەلای ئەوەوە لیسێکی ناگەهان بوو درزی خستە کەللەی سەرییەوە، چونکە، دواتر پەیی بەوەبرد ئەو بەڵێیە هەر تەنها وەڵامی ئەم نەبوو، بەڵکو لە قووڵایی ئەویشدا ئەپارتمانێکی سەرکەش بوو نەک هەر لەنائاگا، لە ئاگایشدا سەری لە هەورەکانی ڕەتکردنەوەی باوک دەسوی، بۆیە هەر دوای بەڵێکەی وەرچەرخا و بە حەپەسانەوە لافیتەی»بۆ«یەکی گەورەی ڕووبەڕووی دیواری بێدەنگییەکەی ئەمدا هەڵدا و خۆی لە قوڕوچڵپاوی نیفاقە کۆنەکان گەوزاند. سەرباری ئەوەی سێی ناوەندییش بوو، یادی هێشتایش هەر زیندووە، چونکە دەزانێت چی وت، وتی: لەبەرئەوەی لە باڵندەکان بێبەری کردووم. ئەو چاوەکانی داپچڕاند و ئەم وەیزانی بە چاو گوێبیستی وەرامەکەی بووە. ئیدی کەودەنانە وشەی کۆتری واژە کردەوە وەک بڵێی لۆمەی ئەوەی بکات و پێی بڵێ: هەر لەبەرئەوەی ناهێڵێ کۆتر بەخێو بکەیت ئاواتی مەرگی دەخوازیت؟ وێڕای ئەوەی نەیزانی بۆچی بەرپەرچی دایەوە، هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات. بەڵام سەرهاتی چەند ساڵێک پێشتری باوکی ئەوی بیرکەوتەوە. سەرهاتی

هەڵگرتنی ژنێکی گەنج کە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگری سەر زاری هەموو خەڵکی گەڕەکەکەیان بوو. بۆیە لێوەکانی دووباڵی گەورەیان بە خەندەیەکی سەرپێییانەی چەتوون بەخشیی.

ئەم زەبر و گورزە پێش هەموو شتێک بەر گیانی گەندەمووییی ڕۆحی کەوت و هەڵکڕووزا، جگە لە ڕۆندکە میهرەبانەکانیش بەولاوە دەرەتان و پەسارگەیەکی تری شکنەدەبرد، چاوی دەکەوتە نێو تەوەرە بچکۆلەکانی هەنیسک و خودیشی جوغزی هەنۆیەکی بێسەروبەر داگیری دەکرد. بارێکی ناخواسایی»بەهزاد»یشی دووچار کردبوو، شەپڕێو بوو، سیمای دەتگوت کاغەزێکی گرمۆڵە کراوە و فڕێدراوەتە نێو تەنەکە خۆڵێکی بەتاڵەوە. ئەم هەستی بەوە دەکرد لەنێو وەیشوومەی دووکەڵێکدایە و خەریکە خەفە دەبێت. سەرەتا ئەوەی ئەو بە زاریدا هات بریتی بوو لە کۆمەڵێ وشەی بەیەکاچووی کوێ□رفام، پاش مەنگییەکی پڕخرۆش وتی: ڕاڕایی گیرۆدەی نیگەرانیی و دڵتوندییەکی بێکۆتای کردوویت، لێت نەئالۆزێت، مرۆڤ هەمیشە لە ناواخنی بازنە وەهمیی و نادیارەکەدایە و هەموو شوێنێکیش بۆ ئەو هەر چەقە. ئیتر مەودای جیاوازییەکان ڕەویوونەتەوە و دەرباز بوونیش ئەفسانەیەکی بێ شیرازەیە و هیچی تر. وشەکان موتوربە بە غەمێکی ئەزەلیی دەردەپەڕینە دەرەوە، خەم وخووسەیەکی لە جاران توندوتیژتر لە بوونیدا هەڵدەقووڵان، ئەم درکی بە کەینوبەینێکی ناوەکییانەی ئەو کرد و پاش هەڵوەستەیەک گوتی: ئەی تۆ لەنێو ئەم میلانکۆلیا بێدواییەدا بە تەمای چیت؟ وێنەدەچوو ئەم پرسیارەی پرسیارێکی بێ توێکڵ بێت، چونکە زۆر بیری لێی کردبووەوە و

ماوەیەکیش بوو سەری زوبانی زووراندبووەوە، دەیوت وێڵداشێکە و دەرگیری شتێکی ناو ڕەحم بووە و دەرناپەڕێت. بێگومان قورس بوو، وەلێ سەیر و سەمەرە نەبوو، کاتێ ئەو لۆچانەی بینیی کە فەرتەنە پەنگخواردووەکەی ناوەوەیان لە سیمایدا بەرجەستە دەکرد، سەهۆڵبەندانی پەشیمانییەک مایەپووچییان بە ئومێدی وەڵامدانەوە بەخشیی، تووڕەییەکی نادەستەمۆ و پێداگری لێوەلەرزەیەکی ناکاو بەشێوەیەکی ناهەموار لە لابۆری بیرکردنەوەیدا وەڵامیان ڕسکاند. «بەهزاد»بە بێئەوەی ڕووی لێ وەربگێڕێ، بە داخێکەوە وتی: بارگە تێکنان، بیرم لە بارگە تێکنان کردۆتەوە، لەڕاستییدا دەمێکە بیرم لێیکردۆتەوە، هەر لەو کاتەوە کەڵکەڵەی ماندوو کردووم کە لە شەڕی ناوخۆ لە یەکێک لە مەڵبەندەکانی ئەم حیزبە بە مۆجیزە لە سەدان فیشەکی براکان بەلەسە بووم و تیانەچووم. بە تەمابووم بەهانەی ژیانێکی ماقووڵتر و کۆمەڵێ بەهای جوانتر لێرە بدۆزمەوە، بەڵام کەوتمەوە نێو هەمان جیهان، ئەم ناشرینییەی ناتوانین هیچی دەرهەق بکەین لە دەرەوە نییە، ناوەوە دەیسەپێنێ، ناوەوە، دەمێکیشە قەناعەتم بەم شتانە نەماوە! لێرە فێر بوونە هەر جارەی ناوێک لەو کەسانە دەنێن کە بەئاگا، بە هۆش و گۆشن، خوێندەوارن و شتیان بەسەردا تێناپەڕێت، چونکە ئەمانە بێکەڵکن بۆ ئەوان و وەکو ڕوبۆت مل بۆ فەرمانەکانیان نەوی ناکەن. بۆیە منیش چیدی ئەو کوڕە نیم کە هەتاوەکەی ئەم حزبە لە خەیاڵمدا هەڵدەهات و ڕاپێچی ئەم سەرزەمینە شاخاوییەی دەکردم، بەڕاستیی پێی هەڵخەڵەتابووم، هەستم دەکرد لە زستانێکدام، نەک هەتاو، تەنانەت تۆزقاڵە گەرمییەکیش بەشەوارەی دەخستم، بۆیە پێی هەڵخەڵەتام و پاش

چەن بە چەنێک ئینجا زانیم گەرمییەکی درۆزنانەی هەیە، فریوودەرە و دەبێ لە هزر و ئەندێشەمدا بیکوژێنمەوە و عەودالّی یەکێکی تر بم، یەکێک لە دەرەوەی کەللەم، نەک لەناوەوەی بەرقەرار بێت. چی تر بلّێم، ئەگەرچی قەناعەتیشم بە ئێرە نەماوە، بەلاّم خۆ ئەمە وای لێنەکردووم هەر بەیەکجاریی قەناعەتم بە هیچ شتێک نەمێنێ! ئەگەر دنیای ئەمان هەر ئێرە بێت و لێمانی بکەنە کوونەمشک، خۆ دنیای ئێمە هەر ئەمە نییە، کوونە مشکەکەی ئەمان با بۆ خۆیان بێت و خۆ شامیش شەکرە وەکو دەلّێن، ولاّتیش هەر چییەک بێت با ئێستاکێ موبارەکی خۆیان بێت..پاشان باسی یادەوەریی ناو بۆتەی فیشەکی براکانی کرد کە چۆن ویستوویەتی کۆمەک بۆ هێزێکی سەر چیا ببات و هەندێ لەو کەسانەی ڕێگای چوونە سەرەوەیان پێ نیشانداوە، بەتایبەتی ئەوەی ناوی «ئازاد»بووە. لەڕاستییدا بۆ ئەوە بەوێدا ناردویانە تاکو بکوژرێت، بەبێئەوەی بزانێت بۆچی مردنی ئەویان ویستووە!.. هەستێکی گوناهئامێز داوێنی ویژدانی ئەمی گرت، فززەی لێوە نەهات. دەنگی هەنگاوە تێکچڕژاوەکان لەگەلّ دەنگی چەو و بەرد و زیخی ڕێگای گەڕانەوە بەرەو سەلّتەنەتی دیوارە دزێوەکان سروودێکی پەژموورردەیان دەدایە بەر گوێی ئەزەل و لەسەر کەوشەنی ژووره هەردەم قفلّبووەکاندا دەتاسا و تاریکایی دابوتەدارەکی ناشتنەکەی وەئەستۆ دەگرت.

دیسانەوە دەفتەرە بە یادداشت قەرەباڵخەکەی هێنایەوە گۆڕێ، تیریژی تازەی چرا دەساژۆکە مەیلە و زەرد هەلّیگێڕا، سەرەتا قامکەکان نەیانتوانی ڕۆحی تێبینیی و یادەوەریی بە خامەکە ببەخشن

و هەمـوو شـتەکان بخەنـە چوارچێـوەی دیمەنەکانـی ئـەو ڕۆژەوە کـە خسـتبوویانە ئەودیـوی فەرامۆشـییەوە. دوای ئـەوەی تـاس بردنـەوە بـە تەزیووییەکـی سـاتەوەختانە گەمـارۆی دا، پێنووسـەکە ماڵئاوایـی لـە ددانەکانـی کـرد و کەوتـە ڕنووسـکردنی ئـەو شـتانەی بـە هـزری ڕامبوون و ماسیئاسـا دەکەوتنە تۆڕی خۆبەدەستەوەدان و بەرجەستە بوون: ئەمڕۆ..لێدوان کەوتووەتە نێوەندەکە و بێ وەڕزبوون و بڕانـەوە ئامـاژە بە ڕێکەوتننامـە دەکـەن لەگـەڵ دەوڵەتدا و هەمـوو شـتێک تێکـەڵ بەخۆشـحاڵییەکی گەمژانەبـووە. هەرچەنـد کەسـێک ولەگۆشـەوپەنایەکی گوندەکـەدا سـەریان کوچکاوەری مشـتومڕێکی گەرمـی داگیرسـاندووە و سـەرقاڵی دەمدانـی سرتەسـرتن و جارجارەیـش قریوەیەکـی کەمخایـەن بەرهەڵـدای ئـەو دەور و زێـوارە دەبێـت. ئـەم ڕۆژانـە ئیشـمان هێنـدە پێناکـەن، ڕێزمـان لێدەنێـن و قەدرگرتنیـش بۆتـە مێداڵێـک و بەرۆکمـان دەڕازێنێتـەوە، وەکـو جـاران بەزۆرەملێ بـەو ساردوسـەرمایە نامانهێننە دەرەوە و بـە سـۆندە ئاومـان پێدا ناکـەن. پتـر بـۆ گـەڕان و سـووڕان دەمانهێننـە دەرەوە، خواردنـی باشـتر و بڕێکیـش لـە جـاران خاوێنتـر ڕاماندەگـرن. تاڕادەیـەک ڕەهایـن، پیاسـە دەکەیـن و کوتاڵـی  خۆمـان و سـڕیی خۆیشـمان لەبەرخـۆردا هەڵدەخەیـن. بینینیـی دیسـیپلین تەمێکـە و لەدوێنێدا ڕەویووەتـەوە و پاشـاگەردانییەکی بێسـەروبەر بارودۆخەکـەی گەمـارۆداوە. ئـەم بەیانییـە بلـەی فـەرەج کـە ڕەشـتاڵەیەکی ڕیوەڵـە و چەکـداری دێرینـی دەورانـە کۆنەکـە و ئـەم دەورانـە تازەیەشـە و وەردیانـی گرتووخانەکەیشـمانە وتـی: بـەم نزیکانـە بـەرەڵا دەکرێـن. بێئـەوەی گۆڕانکارییـەک بەسـەر دنیابینییمـدا بێـت وەکـو شـتێکی خواسـایی پێشـوازییم لـە ڕستەکە کـرد و هەستیشـم بـەوە کـرد وەک

بڵێـی بـۆ بەرێخسـتنی دارەبازێـک فەراهـەم دەکرێـن. بـاوەڕم بـەو قسـەیەی»بەهزاد»کرد کـە وتـی: هەنـدێ داخـوازی قۆناغانـە نەبێت کـە بە پێوە بۆی وەستاون چیتر ناتوانن پێبەپێی داخوازییە بنەڕەتیی و ڕیشـەییەکانی نەتەوەکەمـان بکەونـە بـەردەوام بوون..چاوەکانـی لەسـەر جەسـتەی یادداشـتەکە گواسـتەوە و تلـۆری نێـو یادداشـتنامەی کۆنـی گەڕەکەکەیـان بـوو، بلـەی فـەرەج، جحێڵێکـی هاومالّـی هێنایـەوە بیـری، ئەو جحێڵە زوو زوو پاسکیلەکەی بۆ لای مەلاپاسکیلچی دەهێنا و لەگەڵ جحێڵەکانـی دیـدا دەکەوتـە دەمەتەقێ، زۆربەیـش هـەر لەبـارەی شـتێکی دیاریکـراوەوە بـوو. دوای ئاهەنـگ و بـەزم و ڕەزمەکەی»حەسـار»، کـە ئیلهامـی لـە بەیاننامەکـەی ئـازار وەرگرتبـوو، لـە شـاییەکاندا، کـە ئـەو دەمـە بێحەدوسـنوور زۆر ببـوون، ئێـوارەی ڕۆژی گواسـتنەوەی بـووک، لەگـەڵ چەنـد گەنجێکـی تـردا زاوایـان دەخسـتە ناوەڕاسـتی خۆیـان و بـە ڕەوە بـۆ خـوار ئـەو گردەسـوورەی دەیڕوانییـە دۆڵێکـی دوور و درێـژ دەڕۆیشـتن کـە تاقـە ڕێکێکـی کارەبایـی زەبەلـلاح و بـەرز لـە ناوەندیـدا قـووت ببـووەوە و ڕێچکەیەکـی سـەربەرەوخوار و سـەربەرەو ژووری خۆڵیـن گەڕەکەکـەی ئەمانـی بـە گەڕەکـە تـازە ڕسکاوەکەی»مامۆسـتایان»ەوە گرێـدەدا، لای ڕێکەکـە ڕادەوەسـتان و ئەویـش بـە شـادییەکی بێپایـان و بـە دەسـت ڕاوەشـاندنێکی کارامانـەوە شـتێکی ڕاڤەدەکـردەوە. جارێـک لای پایپـە گەورەکـەی سـەرووی ڕێکەکـەوە ڕاوەسـتا بـوو، دنیـا دەق وەکـو ئێسـتا کۆڵوانـەی کشـوماتیی و تاریکیی بـە خـۆدا دابـوو، هەندێـک بزوتنـەوەی سـەیر وردە ئارەقـەی بریقەداریـان پـێ ڕشـت و چاوەکانـی بوونـە خلخلۆکـەی خێـرا و گشـت زەمینەیەکیـان ماشـییەوە. ئـەم مەزەنـدەی ئـەوەی کـرد باسـی چـی بـۆ

زاوا دەکات..ئـەو شـتە کۆنانـەی لـە خـۆی داتەکاند و هەندێ لـە لەشـی پەلوپۆ هاوێژی شـەوگار ڕاما، پێنووسـەکەی خستە گیانی پەڕاوەکەوە و بـە دەمەبۆڵەیەکـی زەقـی نێـو تاریکییـەوە وتـی: ئـەم تاریکییـە بـەو تاریکییـەی ئـەوێ ناچێـت، نەخێـر، گەرچـی هەمـوو تاریکییـەکان لـە منداڵدانـی شـەوێکی ئەبەدییـەوە سـەرهەڵدەدەن، بـەڵام منداڵدانـی شـەوی ئێرە..ئیتر بـەر لـەوەی ڕستەکەی ئاوەزی تـەواو بکات گوێی بە هینکە هینـک و هەناسـەبڕکێیەکی شـەهوەتئامێز و ڕمـۆک سـیخناخ بـوو، وەک هەمیشـە شـەوەکانی ئێـرە هەناسـەبڕکێی زەلامێـک، چاکتـر وایـە نـاوی بنێـی گیانەوەرێکـی سـاتمە بـردووی دەوێنانـد، پڕمـە و لووشـکەی قەپـۆزی وڵاخێکـی بزێـو و بێسـرەوت شـەباقەی دەخسـتە ماتەمینیـی شـەوەوە و بـە عـارددا کەوتنـی سـمەکان و قانگدراویـی لمۆزێـک بـە ئۆردووی کەفچەڕینـی پڕمەپڕم سـیمفۆنیایەکی لـە شـەرم داماڵراویـان بـۆ ڕازی شـەو لێـدەدا. ئەوەنـدەی نەخایانـد دەنگـی گلۆربوونـەوەی تەنەکەیـەک ڕووشـانی خسـتە هارمۆنیـای هینکـە هینکەکانـەوە و مەتاڵیکیـش لـە زەوییـەوە بەرزکرایـەوە و قرتەیەکـی لێ□وەهـات، بـە دەنگـی کڵاشـینکۆفێک خەمڵانـدی کـە بـەر بەردێـک دەکەوێـت. زۆر قەڵـس و دڵگران بـوو. نەیتوانـی پتـر بـە دڵـی پڕ ترپـەی شـەوەوە گوێ ڕادێرێت، تـا درەنگانێک گوێی لـە ڕێچکەگرتنی ئـەو هەنگاوانە بوو کـە دەیانویسـت ڕەنگـی خۆیـان تێکـەڵ بـە ڕەنگـی زاڵـی شـەو بکـەن، کەچـی دەنـگ و ترپـەکان هەمیشـە ئابڕووبـەر بـوون. دواییـش سـەرلەبەری دەنگ و جیڕەجیڕ و پڕمـەکان لەگـەڵ دامرکانـەوەی شـەهوەتی بێدارییدا پرینگانـەوە.

وشکەسـۆڵەی کانوونـی دووەم نیگاکانـی سـیس کردبـوو، مێشـکی مانـدووی لـە گـۆ بردبـوو. لـە کاسـەی قۆقـزی کەللـەیدا گەردوونـی بچکۆلانـەی بیرەوەرییەکان داهاتوویـان دەبزرکاند. وەک تـەم و دومانـی نـاکاوی سـەر چاویلکەیـەک لێڵ و نـاڕوون دەردەکـەوت، دەسـتەوئەژنۆ لـە بـەر زەبەللاحیـی ڕۆژە هاتووەکانـدا کەوتبـووە هەنگاونـان و بـە هەڵـەداوان ڕوخسـاری وەردەگێـڕا. ئەمـڕۆ لـە دوێنـێ زیاتـر جیهانـە ئـاوەژووە نەبینراوەکـەی حەوجـەی بـە گـۆڕان هەبـوو. بـەردەوام پەیـی بـەو پێداویسـتییە یەخەگیـرە بردبـوو، کەچـی ئێسـتاکە! ئاژەڵێکـی بوردەبـار بـوو و نەقیـزەی تێـوە دەژەنـد، دنـەی دەدا و فرەتـر دەبـووە جـێ بایەخدانـی. دەیزانـی کێشـەوبەرە لـە گـۆڕان خۆیـدا نییـە کـە هەمیشـە بووەتـە پڕۆتینـی داخوازییـە گرنگەکانـی زیندەگییەکـەی. کـە بـە تەگەرەیەکـدا هەڵدەپـرژا، پەیدەرپـەی بوونـی گـۆڕان بـوو کـە بـە سـەرومڕیی ئاتاجـی پێـی هەبـوو، خەملانـی ئامرازەکانـی گێتییـە نـوێ و کاژفڕێداوەکـەی ناوەوەیـش ببـوو بـە نیـازی. سـەیرێکی سـەرکەلی پشـت بەزێنـی کـرد و واتەواتێکـی ئـارام بـە مابەینـی ددانـە کلیـل بووەکانییـەوە دزەیـان کـردو وتـی: ئەنجامدانـی ئـەم کارانـە چ واتایـەک بـە مـرۆ و بیرۆکەکانـی ئەودیـوی دەبەخشـن و بـەم هەمـوو کفتیـی و کەلەلاییـەی دەیـەوێ چ شـتێک بسـەلمێنێ؟ دووشـەممە بـوو، ڕۆژێکـی سارد و وشـک بـوو، وێنـەی کۆنـە فەقـێ شلوشـەپڕێووە عەودالـەکان بـە تالووکـە خـۆی هاوێشـتە نێـو ژوورەکەی»بەهـزاد»ەوە، دێـم و سـیمای شـەمزابوو، چـووزەرەی جەخـار و ماتەمێکـی نـوێ وەرزێکـی تریـان بـۆ درەختـی بـێ مانەنـدی ڕۆحـی هێنابـوو. بزەیەکـی شـەوانەی گێرەشـێوێن لێوەکانـی ئەویـان داگیرسـاند، لەسـەر دۆشـەکەڵەکەدا ڕۆنەنیشـت، بەزمـی

شڵەژان شتێک نەبوو تا بتوانێ دەستگیری بکات، ئەو سەرتاسەر ئەمی بۆ خۆی پاوان کردبوو و توانای خۆ ڕاپسکاندنی لە ناخیدا خەفە کردبوو، دەبوایە سەرلەنوێ بخولقێنرێتەوە. ئەوەی ئەو لە هەنیسکەکانیدا خوێندییەوە دڵگیری ئەوە بوو بەو شێوە چوونەوەیە مەحکووم بوو کە لە دەرەوەی خولگەی قوتاربوون قەراری دەگرت. نیگا و بێدەنگییەکی قووڵ لە ئاڕاستەی ئەوەوە بەگژیدا هات. ئەمیش بە مەلوولیی و داکاسانەوە تێیڕاما و تێڕامانەکەی وەکو پەڕەسێلکەی چوست و چالاکی پرسیارێک لەسەر دارتەلی سۆزە غەوارەکەیدا هەڵنیشت: چۆن ئەم ماوە پڕ بڕشت و پەیوەندییە دانسقە و ڕۆحییە لەبیر بکەم؟ گریان بە وزەیەکی لافاوئاساوە ئەوەی لە زارییەوە داچۆڕاند و پیتەکانی دیکەی ناوەوەی بواریان نەدۆزییەوە ببنە وشە و دەنگیان هەبێ، وەکو ئەوەی عومرێک وەستابێت، تۆزێک پەلوپۆی خۆی کۆکردەوە، هەندێک شت وڕێنەئاسا هاتنە دەرەوە و فۆرمەڵە نەبوون تا بیانفامێ، دەستەکان بوونە داڵدەی سەری و چی تری پێ نەئاخفا. چاوە غەمبارەکانی «بەهزاد» گەرم داهاتبوون، هەوری هەمیشەیی مۆرکی سۆزە ناسکەکەی بوو، ڕەهێڵەی ناوادەی پەڵەدان بە تاو گیانی وشکارۆ و تینووی بەراو دەکرد. پێی وت: گەوج مەبە، یادداشتەکانت لەیاد مەکە، ڕووبەری یادداشتەکان شوێنێکە بۆ گەورەبوون، تۆ لەوێدا خۆت باشتر دەناسیت و سەرلەنوێ خۆت دەخولقێنیتەوە، چونکە هەردەم شتەکان پێداویستییان بە ناسین و خولقاندنەوەیەکی ترە، هەناسەکانیش پێداویستییان بە گۆڕینە، ئەگینا ڕەشایی بینەقاقایان دەگرێت و خەفەیان دەکات..ماوەیەک بە تەمابوو چاوەکان مەبەستە نەڕسکاوەکان بدرکێنن، کەچی لێخنایی مشتوماڵیان

کردەوە. کەمێک لە پێکهاتە خاوخلیچکەکەی ئەم وردبووەوە، بە تەنگ لەبەر هەڵچنرانەوە سەرێکی بێوازی بۆ لەقاند، دوو گلۆڵەی بەپێزی هێسر لە ناواخنە قووڵەکەیەوە خلبوونەوە و نەیتوانی بیانشارێتەوە. هەستێکی چەمووش بەسەر ئەمدا سوار بوو. وێنەی ئەوەی لە فنجانێکی بە تلّپی قاوە سواخدراو ڕابمێنێ نیگای ئاراستەی دنیا کرد، تێڕامانی هەمیشە کلکی نایاب و قولاپئاسای سمۆرەیەکی فرە چەتوونی بە خواردنەوە سەرقاڵ بوو، چونکە هەمیشە بەدوای وەرامێکدا عەودالّی دەکرد کە پرسیارێکی سادە، یاخود بلیمەتی بۆ بڕەوێنێتەوە. پلە و پایە، توێژینەوە و زانیاریی، تاوەکو سنووری شیاویش درککردن بە دنیایەکی گیربووی نێو دۆزەخێکی قووڵ کە پڕ و ژاوەی نادیاریی بوو، سۆراخی پەیوەندییەکی ڕۆحییشی دەکرد کە دێوجامەی ڕەزامەندییەک بکاتە بەر ویستەکان و سەرکێشییە خەیاڵییەکەی دەستەمۆبکات، وەک هەمیشەیش ڕۆندک بەخیلیی بەدیارنەدەخست و سەرقافڵەچی چاوە خەمگینەکانی بوو، هەرگیزیش وێنەی میراتێکی بەنرخ پاشەکەوتی نەدەکرد. کەشکۆڵی بچکۆلە و قاوەیی مەیلەوسووری پەنامەکییەکانی خستە بن هەنگڵ و بە ئەنۆ و خووسەیەکی دژوار وەک دوو شەیدا تەنیایی یەکدییان لەئامێز نا و بە حەزێکی ساتوسەوداکارانەی مەعلانەوە پرسیی: کەی ئۆغر دەکەیت؟ دەروونی دەتوت ئەستێڵێکی قووڵە و سەدان گابەردی زەبەللاح شڵەقاندوویانە، بە کۆستێکەوە کە هەوێنی جووڵانەوەی ئۆردووی بێشوماری هەژانێکی بێئامان بوو وتی: من دواکەوتم، ئەوان ڕێگای ئاودیو بوونیان دەمێکە گرتۆتەبەر، دەمگۆی ئەوە هەیە ئەمشەو ڕادەستی سەربازگەکەی ئەودیو بکرێینەوە...نەیدەتوانی شەقڵ بە

پێناسـەیەکی ماقوولـی ئـەو پەیوەندییـە پـڕ مانایـە بـدات، بـۆ ئـەوەی شـپرزەیی سـەروسـیمای بشـاریتەوە، شێتئاسـا چـەنـد قەڵەمبازێکـی دا و تێیتەقانـدە ئـەو دەشـتودەرە و تـا وایـش بزانـێ ئـەم دڵخۆشـە هەنـگاوە شـێواوەکانی لەودیـو ڕاکردنێکـی نەرمـدا مـەڵاس دا. چەنـد ئاوڕێکی ناچار یەخـەی گرت. دەرگاکـەی بەجێهێشتبوو، لەژێر چاتۆڵـی دارگوێزەکانـەوە بـەرەو ڕێـگا تاقانەکـەی خـواروو دێ ملـی شـەقاوی گرتبووەبـەر و لـەلای خانـووە گڵەکانـەوە بەدوویدا مـەودای وەرگرتبوو. دەیزانـی ئەودەمـەی مـرۆ لـە بەرێخسـتنی ئاواڵێکیـدا هاوبەشـی دەکات، ئەڵبەتـا یەکێکـی دڵخـوا، ناتوانێـت خـۆی لـە ئەشـک بپارێـزێ و هەسـت بـەوە نـەکات کـە تەرمـی قـورس و سـەنگینی خـۆی بـەرەو دوا ئارامـگا بـەڕێ دەخـات و لـە خـۆی جودا دەبێتـەوە، بۆ یەکەمجار چاوانی دەبنە دوو فەنـەری برینئاسـا و بـە ڕووی دوا دیدەنییدا هەڵدەئایسێن، زاریشـی دەبێتـە پلووسـکی خەمێکـی بێدەرەتـان و بـە ڕوخسـاری ماڵئاواییـدا چۆڕاوگە دەبەستێت. بەڵام ئایا ئەو دەتوانێت بە یەقینێکی سەرسـەخت و پەیگیـرەوە بڵێـت: بـە ئـارەزووی دیدارێکـی دی هاوچوونەکـەم؟!..

کـە بـە پاشـکۆی ڕێچکەبەسـتنی زیندانییـە ئازادکـراوەکان گەیشـت، ئـەو لـە ئاقـاری دەرێـی گونـددا هەڵوەسـتەی بـۆ کردبـوو، ورد ورد و واقوڕماوانـە وەهەورازکەوتنـی ئەمانـی دەسـمی و دەیڕوانـی چـۆن پێچاوپێچەکانـی نێـوان زنجیـرە زوورگەکانـی پشـتەوەی دێیـان دەبـڕی و جاربەجارێـک دەردەکەوتـن و جاربەجارێکیـش لـە سـیلەی کـووڕی پێچەکانـدا بزردەبـوون. ئـەم سووسـەی ئـەوەی کـرد ئێسـتا لەگـەڵ ڕێچکەبەستن و دوورکەوتنەوەیاندا ڕۆندکەکانی چۆڕاوگەیان بەستووە و یـەک دووجار لـە وەدیارکەوتنـەوەی سـەر گۆشـەی پێچەکاندا نواڕییە

دواوە، هەر لەوێ بوو، بە بچووکییەکی دوورەچاوانەوە وەفایەکی گەورە و بێکۆتاییانەی بەرجەستە دەکرد، دەستێکی بۆ بزواند و لەشە ڕیوەڵە و شەلاڵی خەونە بێگیان و ئاواتە لەق و شەپوشڕەکەی وەپێش دا، ئاخۆ چاونەترس بوو؟ یاخود داوەڵی سلێکی لەچەر بوو لە ڕێگای نزیکیی ئەوەوە دەیویست خودی لە نەبوونێکی نزیکتر دەرباز بکات؟ هەموو چرکەیەک لە کاراکتەری شەقڵ نادیاری خۆی ڕادەما و ئاورێکی نوێی دەدایەوە، کە کەوتنە ئەودیو تەپۆڵکە شوورەئاساکەوە و پەلەواژبوونەوە ئیدی ئەو لەبەر چاوەکانیدا ڕووی لە ئاوابوونێکی هەرگیزیی کرد و لە یادەوەرییدا بارگەی هەتاهەتایی خست.

لەم جێگا بە کێوی ئەستەم و نەهامەتی زۆر تەنراوەدا، هێدی هێدی دنیا لەشی ڕووناکایی دەنگاوت و هۆگری بەڵەکیی و نووتەکیی دەبوو. ئەمانیش هەنگاوی پەڕینەوە و گەیشتنیان پارسەنگی بە ڕێبازە بەردەلانەکە دەدا و ئەمیش بۆنی ئاووسیی زەمینی هەڵدەلووشییە قوولاییەکانی سینەیەوە و بێڕادە بەو شتە ساویلکەیە خەنی دەبوو و لە زیادەڕۆییشدا هەندێجار پشووسوار دەبوو، هەندێجاری تریش هەواکە بەشی تژی کردنی هەزار بەهەزاریی ناواخنی نەدەکرد، ئاورشێنی خانووەگڵەکانی دەرەوەی شاریش هەر ئەو بەرامە کەڵئامێزەیان لێوە دەهات و فێنکاییان بە مەزاجە مێملەکەی دەبەخشیی و زۆرجار بۆ پیاسە ڕووی لەو مالانە دەنا و خۆی لە ویست و هەوەسێکی چەمووشەوە دەگەوزاند. یاڵ و ڕکە دژوارەکان تارماییە شەکەتەکانی ئەمانیان ون دەکرد، بەرزتریان دەکردنەوە و بە ترۆپکی

بێبەزەیی ئاشناتریان دەکردن. تاریکیی خەریکی هەڵچنینی پردەبازی خۆی بوو، تا بەرزتردەبوونەوە حەپە و سەگڕەوی دەساژۆی گوند دوورتردەکەوتەوە و پتر بە سەدای دەڤەرە دوورەکانی یادەوەریی دەچوون. لەو ئێوارە داکاساو تەریوەدا سەگ و ئاواییە مەنگ و پەشۆکاوەکانی پەنا کەژ و بنارە هەڵکورماوەکان بوونە دوو ڕەگەزی کەیلی واتای ئاوەدانیی کەشکۆڵی نادیاری یادوەرییە تازە کەڵەکەبووەکان. گشت ئەو شەقاوانەی لەگەڵ پێیەکانیدا هەڵیدەگرت وایهەست دەکرد لە دۆڕی ڕابردوودا شیرینییەکی دانسقە دەمەیێنێ و لە تەمەنی پڕ کارلێک و هەڵچوونیدا شوێنەوارێکی پتەو و ڕوختە بەجێدەهێڵێت. ئەو چیایەی پیایدا سەرکەوتن، وەک سنوور وابوو لەنێوان دوو وڵاتی دیار و نادیار. چیاکە لە زنجیرە هەوردۆستێک بریتی بوو، تابلێی ئەستەم و لە میهر بێبەریی و ڕک و دژوار، لە هەندێک ڕووەکی خۆڕسک و دڕک و داڵ و دارەبەن و گەزی بنارەکەی بەولاوە چیدیکە ڕووتەڵانییەکەی نەدەشاردەوە. زۆرجار»بەهزاد» دەیوت: بۆ ئەوەی لووتکە و دووندەکەی نیگاڕووش بکەیت پێویستە کڵاو و جەمەدانییەکەت سەرکێشیی بکەن و وێنەی بەردێکی قوتی داوێن خلۆرببنەوە. بێگومان ئادەمیزادی پشتکۆم و تەنانەت بەرپرسە ناشەکەت و هەمیشە تامەزرۆی حەسانەوەکانیشی شایستەی قیت بوونەوەیەکی لەبار دەکرد. بەر لە ئێستا زۆرجار بیری لە ڕەهایی دەکردەوە بۆ ئەوەی پیایدا هەڵکشێ، چونکە پێی وابوو ئەگەر بەرانبەر بە هەڵشاخین بە سەختەڵان و ڕەوەزاندا کەمتەرخەمیی بنوێنێت، ئەوا هیچ پێناسەیەک بۆ ڕەهایی شکنابات. بەڵام هەنووکە لە زۆراندایە و دژوارییی و کۆسپ و لەمپەرە زلەکانی درک پێدەکات.

یەکێک هەتا دەگاتە تەختانیی سەرەوەی دەبێ دەستێکی بە کڵاوەی ئەژنۆیەوە بگرێت و ئەوی دیشی گا بە تیلەقەی پشتییەوە توندی بکات و گایش لە پشتی کەڤر و تەڵاشێکی بە خاک ژەنگاوی لاپەڕ و تەریککەوتوو گیری بکات.

چنگلەسەرشان، قەتارەی کۆمەڵە شەبەنگێکی مەیلەونیگەران! ئەوانەی هێشتا لە خەون و ئومێد بێبەریی نەببوون، پێیان بەسەر فیز و شکۆی کەژە هەزار بە هەزارەکەدا دەنا و سەرماوسۆڵە و قارسیی زستانەکە وردە وردە ڕووی لە چڕبوونەوە و تووشیی دەکرد، وێدەچوو بەرەو ئەودیوی زەمهەریریش بانگرۆز بکەن و گیرسانەوە و ڕاگیربوون، یاخود پارسەنگیی لە ئاستێکدا ونبکەن. ئێسک و پرووسکی خۆیان دایە دەست دژوارییەکە و پوورە زەردەواڵەی خەم و خەفەتێکی تاریک لەسەر ڕوخساری مەلوولیاندا وورووژا.. نزمبوونەوەی پلەی گەرما، سەری ئەنگوستەکانیان هێواش هێواش لە گۆ برد، ئازارێکی بێشومار پەلاماری بێخی ڕدێنیان دا. بۆ ساتێکی خەیاڵ ڕکیفکردەی تیژتێپەڕ چووە قەرەی واگۆنی شەمەنەفەری ڕۆژگارێکی تێپەڕ و تێنەپەڕ، زەمانێکی تۆز و گەرد لێ نیشتووی کریستاڵیی نازیمۆکی منداڵیی و دیسانەوە ئیزباری ئەو بەیانییە کرژومۆن و بێمەزەبانە بووەوە، بەیانی ئەو ڕۆژە دوورانەی هەینی کە لە نێوەندی چلەی زستاندا بە زوقم و شەختەبەند گەمارۆ درابوون. دەبوایە پێ بەسەر خەوی بێوێنەی بەرەبەیانی تووترکاوییدا هەڵبگرێت و لە وێستگای چاوەنواڕیی»ئۆمەرە» قەڵەودا وەک مێخێکی جێلەق خۆی داکوتێت. کەینێ سینییە قەیماغەکەی دادەگرێتە سەرسەکۆی کەشتی نووحئاسای

دوکانەکـەی کـە لەسـەر تەپۆڵکەیەکدا جێگیرببـوو، کەینیێ فەخفوورییـە بچکۆلەکـەی ئـەم وەردەگرێـت و بایـی سـەت فلس قەیماغـی وێـدەدات و ئەوەیشـی لەبیـر ناچێـت بڵـێ: مـام ئۆمـەر تۆزێکـی تـر شـیری بکـە بەسـەردا..کە دەیبـردەوە، باوکـی، بـەر لـە دەمـی، سـمێڵە زلەکـەی پـێ چەوردەبـوو پاشـەبەرە کەمەکەشـی ئەمـی تووشـی گـووڕوو دەکـرد! زۆربـەی ئـەو بەیانییـە کرچوکاڵانـەی دەسـتپێکی تەمەنـی بـە بێجامـەی میزاوییـەوە، بـە بـێ نـووزە و ورتـە دەردەهـات و هەتـا دەگەڕایـەوە سایلی تاڵەمووی بەر بای هەڵکردوو کەروێشکەی دەکرد و دانەجۆقەی چلـەی زسـتانی زەق و زۆپتـر دەنوانـد. دوای ئـەوەی چەنـد چەپۆکێکـی دایکـی سـاماڵیی ڕۆژەکـەی بـە هاسـتەم لـێ دەڕەوانـدەوە، کڵاوڕۆژنـەی ڕێشـی لەبەردەمـدا ئاواڵـە دەبـووەوە و دیمەنـە تroوکەبەخشـەکانی بـە بـاڵای ڕۆژێکـی دیکـەدا تـەرە دەکـرد.

هـەر لەگـەڵ ئاودیوبوونـدا ناخودئاگایانـە تەماشـای مەچەکـی کـرد، دەیویسـت بزانـێ سـەعات چەنـدە، مەچەکـی ڕووت بـوو، هاتـەوە بیـری سـەعاتە ئۆریۆنەکـەی لـە ڕۆخـی ئـەو جۆگەلەیـەدا فەرامـۆش کردبـوو کـە دواجـار خـۆی و جلـو بەرگەکانـی تێـدا شوشـت. دەسـتبەجێ ئازارێکـی بێبەزەیـی لـە لاجانگەکانیـدا کەوتـە پلـدان. ئیـدی خۆیـان لەنێـو تـۆڕی سـەربازگەکەی سـەر قۆپـەی چیاکـەدا بینیـی و هێشـتا نەحەوابوونـەوە ئەڵقـەی لێپرسـینەوەیەکی سـەرپێیی دەسـتی پێکـرد. سـەرتاپای ئـەو کتێبەنەیـان پشـکنی کە»بەهزاد«بـە دیاریـی پێشکەشـی کردبـوو، بێگانـە، ئەفسـانەی سـیزیف، هێڵنـج، خەمێـک لەبـەر تریفـەی مانگـە شـەودا، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و پابەندنەبـوون و..تـاد و تـوێ

تـوێ دەفتـەری بچکۆلـەی یادوەرییەکانیشـیان هەڵدایـەوە و دایانـە بـەر سـەرنج و تەڕاتێنەکانـی پشـکنین. بەوەدەچـوو لـە پەیڤـە قەدەغەکانـی دوێنـێ و ڕۆژانـی پێـش سـازش و ڕێکەوتنەکـە بـۆ سـەرەنگرێیەک بگەڕێـن، بـەڵام ئەوانیـش وەک بڵێـی لـە سایەی گفتوگۆکـەی ئەمدیـو و ئەودیـو تاڕادەیـەک کاژی توند و تیژییـان فڕێدابێ، سـەرباری ئەوەیش هـەر دەسـتیان بەسـەر ئـەو شـتانەیدا گـرت و پێیـان نەدایـەوە. گومـان، وەکـو دوومـەڵان لـە قووڵاییەکـی گازاندەئامێـزدا کەوتـە هەڵتۆقیـن، دڵـی ساویلکە و وێڵـی چەشنی هەیڤی جەژنی ڕەمـەزان وابـوو، لـە ئاسمانی شـەوگاری سـینەیا خـۆی نەدەهێشـتەوە، نوقمـی ترپـە چووسـت و چالاکـەکان دەبـوو. ڕەنگـە وای دانابێـت کـە پابەنـدی هیـچ شـتێک نەبووبێت، یاخـود وای بنکـۆڵ کردبێت، بـەڵام بیری نەدەچـوو هەرگیـز وابەسـتە و یەخەگیـری قـەدەر و سەرنوێشـتێکە و نازانێـت کـێ بـۆی دیاریـی کـردووە! هـەردەم هەسـتی دەکـرد نوشووسـتیی لەبەردەمیـدا بـواری ئـەوە ڕەهـا دەکات پتـر ڕایەڵـی نێـو سـەداکانی ئەندێشـە بێت، مەودایـەک بـۆ خـودی ڕایـەڵ بـکات و لێـی بکۆڵێتـەوە و هێنـدەی تـر بـە تەلیسـمی وێڵگەکانـی ناخیـدا ڕۆبچێـت. ڕاسـتە ئـەم ئەزموونـە زۆری لەسـەر کەوتبـوو، وەلـێ گەلێکیـش باربـوو و کۆمەکـی ڕۆنانـی کەسێتییەکی خەملیـو و جیـاوازی بـۆ کردبـوو. مەیلـە و ڕەزامەندییەکـی سـادە، بـەڵام تۆکمـە و پتـەو لـە دەروونییـەوە فـوارەی دەکـرد، بـەوە دنـەدەری خـۆی بـوو کـە مەنگیـی و خـۆلادان لـە هەڵەکـردن، یاخـود نەچوونـە جەنگـەی ئەزمـوون و دوور و دۆسـت لێیـەوە ڕاوەسـتان دەیکـرد بـە ئەڵقەڕێزێکـی ونـی ڕەوتـی فراژیـی و پێشـوەچوونی ژیـان و پەیامێکـی ڕەسـەنی هاتوویـش..

ئـەو ڕۆژە بـێ ئەدگارانـە سـوارچاکی خـەو خـۆی نەدەهاویشـتە سـەر مایینـی چاوەکانـی و هەوسـاری پێڵووەکانـی بەرزەفـت نەدەکـرد. جاربەجـار تفێکـی دەکـردە ئاوێنـە و هەمبـەر بـە پەیژەکـە دایدەنـا، ئـەو پەیژەیـەی بـە ژیـان دەیچووانـد، پایەیـەک سـەردەکەوت، دووەم پایـە دەبووایـە وێسـتێک بگرێـت و پلەیـەک بێتەخـوارێ، چارەنووسـیش پێـی دەوت: کەواتـە لەنێـو پایەکانـدا نیشـتەجێ بـە، وەرە و بـڕۆ، لەبـەر ئـەوەی لـەم جوگرافیـا دیاریکراوەدایـت ڕەنگـە جارێـک، یـان چەندیـن جـار نغـرۆ بێـت، وەلـێ تەیاربـە تاکـو بنیاتـی بنێیتەوە..خـۆی دەبینییـەوە کەسـەر و خـەم و خووسـە دایگرتـووە، ئۆقـرە و هـەدادان ئاسـمانی ناخیـان چۆڵکـردووە و بـووە بـە پاشـەبەرەی ململانێیەکـی دزێو. لەڕاسـتییدا لـە بوونێـک بێزاربـوو نەیدەزانـی چـی لـێ دەوێـت و دەتوانـێ چـی پـێ ببەخشـێ؟ بیرکردنەوەیەکـی نـەزۆک پاشـخانی گشـت تێفکرینەکانـی بـوو، مەودایەکـی بەرفـراوان کەوتبـووە مابەینـی ئـەم و ئـەو نەخشـەیەی دەبوایـە بیکێشـێت و نەیکێشـابوو. سـەرجەم شـتەکان لـە یادوەریـی بـوون سـڕابوونەوە، وەخـت ببـووە تیشـکێک تاریکییەکانـی نـاوەوەی نەدەڕەوانـدەوە. بـە بـێ ئـاژاوە و بـە بێهەستوخوسـت خێـرا و لـەز چەرخـی گلێنەکانـی توونێڵـی ئەنگوسـتەچاوی ئـەو یادگارانەیـان دەبـڕی و گوزەریـان دەکـرد. چیکڵدانـەی خـۆی ئاخنیبـووە نـاو گوێچکـە شـەیتانۆکەیەکی تەنگـەوە و زووە زووە چەمووشـیی سـواری سـەری دەبـوو. دەسـتەویەخەی بـێ حاڵیـی و قەڵسـیی ببـووەوە. دەبـوو بـۆ سـەر کار ببرێـت و پێـی لـە کەوشـدا مۆڵـی نەدەخـوارد و کەوتبـووە سـەرپێچیی.»بلەی فـەرەج» هاتـە پێشـەوە و دووری خسـتەوە، بـۆ سـۆنگە و ڕیشـەی کەللـەشەقییەکەی ئـەم عەوداڵبـوو. ئـەم پێـی گـوت:

مەحاڵە لەگەڵ ئەو دووانە هەنگاو بەسەر عەرزدا بنێم! ئاماژەی بۆ چەکدارەکان کرد و دیدەکانی تراویلکەی کەفو کوڵێکی نزیکیان ڕاگەیاند. ئەو ڕۆژە ڕەتی کردەوە گوێڕایەڵ بێت، چونکە ئەو دووانە لە میانی خۆیاندا تەبا و هاودەنگ بوون، پێشتر کە بۆ ئیش دەیانبرد، هەرکە هەلیان بۆ بڕەخسایە بە بێ هیچ بۆنە و بە بێ هیچ درێغی کردنێک ئازاریان پێدەگەیاند و شلوکوتیان دەکرد. ئەو کاتێک ئەرخەیان بوو لەسەر نەڕۆشتن شێلگیرە، دەنگیدان و لەگەڵ ئەوانی تردا ڕەوانەی کردن، کە بە نیگاکانیشی جەستەی ڕووت و قووتی تووڕەییەکەی ئەمی داپۆشی، ئەم درکی کرد ئەوە لوغزێک، یان هەواڵێک نییە بۆ ئەو و ڕەنگە ئاگای لە هەموو کەینوبەینێک بووبێت. هەروەها بە سادەیی هەڵسوکەوت کردنیشی لەگەڵ مەسەلەکەدا بێئاگایی خۆی ئاشکرا دەکرد، چونکە دانایەکی ئەوتۆ نەبوو یەکەوڕاست سەر لە شت دەربهێنێ و بە سانایی بفامێ! گەلێک پێداگریی لەسەر ئەو بابەتە نەکرا و پاش چەند چرکەساتێک بە هێواشیی دەهریی بوون و هەڵچوونەکەی ئەم ڕوویان لە نیشتنەوە کرد و دامرکانەوە. پاش ئەو ساتانە بوو بە جەختەوە لە نەخشە و کەوشەنی توانا و بەرگرییەکانی زیندەوەر ورد دەبووەوە و هاوکێشەیەکی پێچەوانە دەڕسکا، ڕادەی بە بەرزیی و نزمیی هۆکارە دەرەکییەکانەوە پابەند بوو، کاتێ فشار و گوشاری دەرەوە زیادی دەکرد و لەو سان و تخووبە دەپەڕییەوە، ئیدی ڕادەی بەرگەگرتنی ئەمیش لە پنت و تخووبە سروشتییەکەی خۆی بەرەو خوارتر دەبووەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەشکەی هەژاوی دەروونی بوونەوەرە کە وزەیەک گەلاڵە دەکات بە پاڵەپەستۆی هۆکارەکان دەتەقێتەوە و شتێک تەفر و

تونـا دەکات، ئیتـر هـەر شـتێک بێت. چونکـە ئەمـە شـتێکی ئەوتـۆ نییـە بـە ڕاوەشـاندنی پێڵـوو بتەکێتـەوە و بـاری ئەسـتەم و قورسـی ناواخـن بخاتـە ئەودیـوی کێـش و ئارامیـی بـە هەڵکشـانەکان بـدات.

زیندانییـەکان، لـە حەسـاری گرتووخانەکـە جمەیـان هەڵسـاندبوو. مشـوورخواردن تاقـە شـتێک بـوو تـا ئـەو درەنگوەختـە بـۆی لـە کاردا بـن، بـەو نیـازەی بـەر لـە داهاتنـی زسـتان لـە دروسـتکردنی هۆڵێکـی گەورە ببنـەوە، تـا ئـەو دەمانـە ئامـادە بێت بۆ حەوانـەوە و خۆپاراسـتن لـە سـەختیی و قارسـیی چلـەی زسـتانی ئـەم بڵندایيە ئەسـتەمە. گۆمەڵێک لـە تفەنـگ چییەکانیـش لـە سـەربانی ژووره نەوییـە کۆنەکانـدا حـازر و تەیـاری ڕۆڵ بینیـن بـوون و چاودێریـی زێواریـان دەکـرد. گاهـگاه یەکێکیـان قیژەی بەسـەر زیندانیی و دیلێکدا دەکرد و تێی ڕادەخوڕی، ئەویـش ناچارانـە چاوێکـی نووچـداوی تێدەبـڕی و دەکەتـەوە وێـزەی بێنـە و بـەرەی قوڕگرتنـەوە و هاوردوبردی کەستەکە قورسـەکان. پاش شوشـتنی دەسـت و پێ و پریشـکە وشـکەوەبووەکانی سـەروگوێلاک و دەموچـاو، وەکـو مێگەلەمـەڕ دەئاخنرانـە نێـو ئەتمۆسـفیری ژیلەمۆیـی ژوورەکـەوە. ئـەو شـوێنەی لـە تـاو گەمـارۆی کێـچ و ئەسـپێ زرنگـەکان سـەرقاڵی خۆدۆزینـی دەکـرد - هەروەکـو جـاران دایکـی دەیگـوت- و کەمجاریـش زەفـەری بـەو بوونـەوەرە ئـازاردەرە نادیارانـە دەبـرد. ئەوجـارە نەبێـت کـە ناوکـی خرۆشـێکی بێـڕادەی تێکەوتبـوو هەتـا درەنگانێـک هـەر خرمـە خرمـی خۆهەڵکڕاندنـی دەهـات، پشـکنین زۆر توولـی کێشـا، ناڕەحەتیـی هەتـا لـە خەنـدە پـڕ بەزەییەکانیشـیدا جێگیـر ببـوون. هـەر بەڕێکـەوت لـە جـێ گرێـی بەنەخوێنەکەیـدا پەیـی

پێ بردن، چی دیت؟ تۆپەڵەیەکی یەکانگیر بوو، هەر بە پرۆتۆن و نیۆترۆنی مادده دەچوون و ئەلەکترۆنەکانیشیان ئەو خورشتە زاڵمە بوو کە هەراسانیی پێ هەڵچنیبوو، لە کێڵگەیەکی موگناتیسیی ناحەزدا جموجووڵیان بەرپا کردبوو، لێی وردبووەوە، ئەو بارستاییە لەککەئاسایە شێوا و بزووتنەوەیەکی نەخشەئامێزی گرتەخۆ، تەڵەشقارتەیەکی هێنا و لە نزیکییەوە پێی کرد، گڕە بچکۆلەکە قرچە قرچێکی خۆشی خستە ناو تۆپەڵە کێچەکەوە و دوایانیبڕی. ئەو شەوەیش هەر بە پشووسوارییی و پاڵەپەستۆوە ڕاکشا، گەرچی هێشتا درەنگیش نەبوو، کەچی زۆر درێژەی نەکێشا و تێکڕای زیندانییەکان وەکو باڵندەی سەر لقی دارەکان هەڵنیشتن و خەوتنیان دەنگێکی پەرەلێڵیی ئافراند و دەنگەکەیش کۆمەڵێک پرخەپرخی گەمارۆدراوی نێو بۆشاییەکی بچووک بوو ڕەوینەوە سەداکەی خەفە دەکردەوە. بەڵام ئەم، چاوەکانی هۆگری تیشکی ئارامی بێدارییەک ببوون. یادە زۆرانبازەکەی تلاوتلی پێ دەدا و بە مایکرۆسکۆپی بیری دەیڕوانییە وردەواڵەی ساتە بێشومارەکانی تەمەنی سەرهەڵگرتوو، بۆنی بەو ئۆخژنە کەمخایەنانەوە دەکرد کە ئیدی لەمێژ بوو زەمانیان بۆ هەمیشە بەسەرچبوو.

کە«هیوا»بوو بە ئەندامی خێزانە خەمامێز و مات و خاکەسارەکەی ژووری زیندانیان، چەند حەوتوویەک پاشتر بوو. شەوانە دەبوو بە هاودەم و لە تەنیشت ئەمەوە ڕادەکشا و تا پاش چەند بەتڵێکی شەو بەسەرچوون بە هێمنیی و لەسەرەخۆ گراوێتی خۆی و«نیشتیمان»ی دڵبەر و نازەنینی بۆ دەگێڕایەوە. ڕاستگۆییەکەی لە

دەلاقە ئاوەڵاکانی ڕۆحی ئەمەوە ئاودیو دەبوو و بە چێژەوە گوێی بە تەنافی دوورودرێژی سەربردەکەیەوە هەڵدەخست. دەزوولەی کۆلارەی منداڵییەکی دوور، گێڕانەوەکەی دەدایە دەم ئاسمانێکی ڕووگرژ و عەبووس. شانازیی بەوەوە دەکرد چۆن ڕەدووی خۆی خستووە، تاکو ئەو ساتەی تیایشیدا بۆی دەدوا بە چێژەوە دەیوت: من پیاوێکی بە شەرەفم، هێشتا دەستم بەر دەستی نەکەوتووە و بە گڵکۆی دایکیشی سوێندی خوارد، نەیشی دەزانی بۆ، بەڵام هەر لەبەر «ئەو» کەوتبووە ئەو شوێنەوە. جارێک گوتی: ئێمە چ کارمان بەو دوژمنایەتییەوە هەیە کە ساڵانێکی بێسنوورە کەوتووەتە میان دێیەکانمانەوە! بۆچی سزای هەڵەیەکی ڕابردووی ئیتران بەسەر ئێمەدا بدرێت؟ ئەمیش وتی: لەبەر ئەوەی لێرە هەموو شتێک پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە و کەس کار بۆ ئەوە ناکات ئەو ڕاستییە بگۆڕێت، هەموو بۆ زیاتر بەرقەرارکردنی سەرقاڵن. ئەویش تۆزێک تاس بردییەوە و لەناکاو وتی: ئاخر بۆ؟ خۆ ژیانی ئێمە بریتییە لە ساتێکی کورتی ناو هەتاهەتاییەکی بێبەزەیی، ئیتر بۆچی بەیەکجاریی دەیشێوێنن و تووڕی دەدەنە ناو دۆزەخ؟ هەر چەندە باسی بەڵێنی لێپرسراوانی ناوچەکە و سەرنەگرتنی هەوڵ و کۆششی بێدوایی باوک و مامی «نیشتیمان»یشی دەکرد، سەرباری ئەو گومانە حەشارەی ناو ناخیشی، کەچی نەترەی پتری دەهاتەبەر و زیاتر چاولەدووی ئەو گفتە دەبوو کە هەردووکیان بکات بە هاوکێشەیەکی پارسەنگ و پێکیان بگەیەنێت. ئیدی ئەمە کارفەرمای زۆربەی شەوەکانی بوو، لە گێڕانەوەی بە تاموبۆی ژۆڕناڵی سەوداسەرییەکەی هەرگیز ڕادەستی جاڕسیی نەدەبوو، بەڵکو پتر لە بوونیدا شکڵی دەگرت

و زیاتر درێژەی پێدەدا. ڕەنگە هێندەی هەناسە هەڵکێشاو لە باری ئەوینەکەی نەچووبوو..دەیان، بگرە سەدان کەڕەتیش بۆی گێڕابووەوە، ئەمیش درکی کردبوو ئەو سەربووردەیە تاقە داهێنانی ژیانی ئەو بوو. درەختی ژیانی ئەو، ئەو بەرهەمە هەرگیز لە پووان نەهاتووەی هێنابووە کایەوە. سەرەڕای ئەوەی لێی بێتاقەتیش نەدەبوو بە تایبەتی ئەگەر خەو زاڵمانە تەنگی پێی هەڵنەچنیبایە. هەموو کەڕەتێکیش وردەکاریی ئەوتۆی دەخستە سەر و دەیگێڕایەوە کە پێشتر ئاماژەی پێ نەدابوو، یاخود لە سەربهووردییەکە دواکەوتبوو، یان پێشکەوتبوو، ئەو جارێکی تر دەیهێنایەوە ناوکۆی سەربردەکە، هەروەها ئەم هەستێکی ناواخنیی سەمەرەشی بەرانبەر بە پاکیی و بێگەردیی وی پەیداکردبوو، لەو حاڵ و بارانەیشدا کە پێڵووەکانی فرە بە کاریگەریی خەو قورس دەبوون و گاهگاە خەوەتوێتکە تەنگی بە سەری هەڵدەچنی تا بەرگەگرتنی بسووێ و داوای مۆڵەتی لێبکات و بڵێت: درێژەی یادداشت و سەرگوزەشتەکانت - کە دوایی بوون بە قسەی سەر هەموو زارە بە ناسۆر و ئەفسووسەکان - بۆ شەوی داهاتوو بهێڵەوە. کەچی مەینەتیی گوێڕادێرانی دەکێشا و دڵی بەرایی نەدەدا جەستەی سەرگوزەشتەکەی پڕپڕ بکات لە برینی بێ سارێژ.

بێگومان بنیاتنان و تەواوبوونی هۆڵەکە چەندین حەوتوو پاش گەیشتنی ئەم ئامادە بوو، باگردێنیشیان بە تێر و تەسەلیی بە سەر هەموو سەربانەکاندا گیرا. سەرەتا ئاسایی بوو، بەڵام دوای ماوەیەک بار بە جۆرێکی دیکە شکایەوە و بۆگەنیی هێرکەری تاقە پێشاوەکەی ژووریێ هەراسانی لێ هەڵگرتن، لەگەڵ بێزاریی

و وەرزییدا زۆرانبازییان دەکرد. چەند جارێک هەوڵی ئەوەیان دا دایبخەن و دەرخواستی ئەوەیان کرد بواریان بدرێت لە دەرەوەی هۆڵەکەدا سەراوێکی تر بۆ خۆیان دروست بکەن، کەچی بێبەرهەم بوو. خۆشبەختانە ئەوەندەی نەبرد لەگەڵ»هیوا« و»مونعیم بەغدادیی»دا بۆ ئەو ژوورە گوازرانەوە کە پێشتر ئەمیان تێ ئاخنی بوو. ژوورەکە لاکێشەیی بوو، بەڵام زۆر بەرین نەبوو، دارەڕا و میچ و گڵی دیوارەکانی بە نایلۆنی ڕەنگامەی گوڵدار داپۆشرابوون، شەو و ڕۆژ ڕمبازێن و ڕاوڕاوێنی ئەودیو نایلۆنەکەی مشک، خەو و ئۆقرەیان لە چاو و گیان دەتۆراند. کە بارانیش پەڵەی دا و پەیدەرپەیی بەخۆوە گرت، کەسێک نەبوو سەربانەکە بپەستێتەوە و شەولەبان بەسەریدا گلۆر بکاتەوە بۆ ئەوەی تنۆکە نەکات، دەبوایە شەوان ئەو قتووە گەورەیەی بۆ میز بەوان درابوو لەژێر چۆڕەی هەر دڵۆپەیەک لە دڵۆپە بازرەقە بەستووەکان، یاخود لەژێر چۆڕاوگەی قڵیشەکاندا دایبنێن و گوێ لە ترپە و تکەتکە پەشۆکاوەکان ڕابگرن و تنۆکە کەم کاریگەرییەکانی دیکەش فەرامۆش بکەن. لەوێدا گوزەران وێنەی قولاپێک ڕایەڵ دەکرایە نێو ڕووبارێکی بەتین و تاو و سەرەوژێر ڕۆیشتوو، بەڵکو قەدەرێکی خۆشنوودتر شکار بکات و مانایەک لە کێڵگەی ئومێددا بچێنێت. پێکڕا دژوارییی شەوەکان هەتا درەنگانێک مشتومڕ و دەمەتەقێیان سەبارەت بە بارودۆخەکە دەکرد و پاشانیش دەبوونە چەند هەناسەیەکی قورسی گینگڵاویی و گێژەڵووکەی حەسرەتێکی قیرسچمە پێچی دەدان و پێچی دەدان، هەتا لە بۆشایی پڕ ترس و بیمی شەودا دەبوونە خەونی پەراوێزی شتەکانی مێژوویەکی لەبیرکراو.

ئەمڕۆ»هیوا»یش بۆ کار نەبرا. هەرچەندی سەری ژەنییە مەسەلە نامۆکەیەوە، نەگەیشتە سەرەنجامێک متمانە و بڕوایی بە دڵی ببەخشێت. سایلی دەستی بۆ ڕاتبە درێژبووی فەقێیەک، کەشکۆڵە خشپیلەکەی لەسەر ئەژنۆیدا ڕاکشاند و مانیفێستی وڕێنەیەکی ئازاربەخشی بە هەراوهوریا ورووژاو لەگەڵیدا گەورەبوو، کەوتە خۆنووسینەوە: ئەمڕۆ مامە برایمم بە هەزار حاڵ توانی مۆڵەتی سەردانییم وەربگرێ و بێتە لام. هەندێ جل و بەرگ و فانیلە و دەرپێی تازە، بڕێک خۆراک، نامەیەکی شەمێران، چەند کتێبێکی نوێ، هەندێ خەبەری ناخۆشی شاری بۆ هێنابووم. بە پەرۆشەوە هەواڵی»ماریا»م پرسی، بەڵام بە نیگای لۆمەئامێز قانگدراو پیامدا هەڵشاخا و هیچی نەوت. بەر لەوەی بڕوات، پێی وتم: دەڵێن وا خەریکە لەگەڵ حوکمەت پێک دێن و زۆری پێناچێت دیل دەگۆڕنەوە و..ئیتر دڵخۆشی ئەوەی دامەوە بەم نزیکانە بەر دەبم. دوای ئەو، «ماریا» باڵی بەسەر کەڵکەڵەمدا کێشا، ئەمە بۆ یەکەمجار نییە»ماریا»وەکو کزەبایەکی بێوادە دێتە نێو کێڵگەی بیرەوەرییەکانمەوە، بەمدواییە بەردەوام میوانی خامۆشییمە و بە خۆی و فەنەری پرسیارە هیساوییەکانییەوە دێت هەتا پوورەی وەرامەکان لە شانەی هزرمەوە دەرپەڕێنێ و بە خەنجەری پەسەندی پێداگرییش کوێنی دەوڵی کەنارگیرییم هەڵزڕێنێ..ژیان نابێتە عەودالی من، ئەو هەردەم دەبێ خواست و سۆراخی من بێت!..زۆرجار دەکەومە ڕاپرسیی، بۆ ئەو شتانەی لە هەنووکەدا پیادە دەکرێن و پڕ بە دڵ دەیان بێزم، یانێخۆ لێیان ڕەزامەند و خۆشحاڵ نیم؟ بەڕاستیی ئەو شتانە بۆ ڕابردوویەکی دوور دەمگێڕنەوە. هەنووکە گەلێک شۆڕی نێو هەڵدێری بیر دەبمەوە و وەکو تاکێک لە توانا و ئەرکی خۆم

وردەبمەوە، ئاخۆ لەم ژیانەدا دەتوانم چ ئەرکێک بە خۆم بسپێرم نەک چ ئەرکێکم لەلایەن ژیانەوە پێ دەسپێردرێت؟ بەخششی ئەم ژیانە جاڕوجەنجاڵەی من چییە؟ هێشتایش نەگەیشتوومەتە ئەو باوەڕە بەرجەستەیەی لە قۆزاخەی بوونمدا کرمی شارراوەی بەرسڤێکی ئەوتۆ هەبێت بە ئاوریشمێکی نایابی مەبەست خۆی بپۆشێت!..لە نێوانی وشەکانی ئاوەز و سەر ڕووپەڕەکەدا گێژیی و هەراسانییەک پەییان پێبرد، گوزارەیەکی زۆر لە ئارادا قەدەغە بوون و ڕەوایەتیی تێفکرییەن لێیشیان خۆی دزیبووەوە. دۆژداماوانە تەماشای سپێتیی دوای خاڵی بچووکی ڕاوەستان لاپەڕەکەی لەگەڵ بیرکردنەوەیدا هاوتا کردبوو. مێشێک بە گیزەگیز و باڵەفرە کەوتە سەر سپێتییەکە و لاقەی نەکرد، ئەو ساتە پەیکەر، یان بتێک بوو و هیچی تر. خامەکەی ڕاگرتبوو و توخنی نەدەکەوت، پاش چاوترووکانێک مەگەزەکە کۆپییەکی لێ پەیدابوو، بوو بە جووتێک، وەیزانی وێنەی زیکزیکە ڕەنگاوڕەنگەکان کاژی فڕێداوە، کەچی هەر یەکە و پەرتی لایەک بوونەوە. جموجووڵێکی تێگەڕا و دەستێکی بۆ دیدەی خۆی برد و برژانگە لەبیرکراوەکان بوون بە کۆسپ و تەگەرە، سەرزەنشت و گازاندەی لەو کزبینییە کرد بەدخۆراکیی هێنابوویە ئاراوە، تێفکریی: چۆن درکم بە یەکبارستایی و هاوجووتییان نەکرد؟ قەدەرێک، کە بە عومرێک دەچوو، تێپەڕی، سەرێکی ڕاتەکاند و لەگەڵ سیرەسیرِی بەئاستەمی نووکی قەڵەمەکەدا دووبارە کەوتەوە بۆتەی گەردوونی تێکترنجاوی وشەکان و کاتێک وەخۆ هاتەوە و دەربازبوو، جیرەی دان ئاڵکەری دەرکە ئاسنینە بێ بۆیەکە درزی خستبووە کشوماتییە خنکێنەرەکەی ژوورەوە، سەرە لارەکەی بە قورسییەکەوە بڵند

کـردەوە»کاوە» و «بلـەی فەرەج»سـەر کۆسـپەکەیان گرتبـوو. «کاوە» لەژێـر چڕیـی و ئەسـتووریی سـمێڵە بـە دووکەڵـی جگـەرە مەیلـە و زەردەوەبووەکـەی کـە نەیدەتوانـی لێوەلەرزەکـەی بشـارێتەوە، بانگـی «هیـوا»ی کـرد: هەسـتە هیـوا گورجوگـۆڵ بـە، دەڕۆین.»هیوا»یـش سـەیرێکی ئەمـی کـرد: بـۆ کـوێ؟ «بلـەی فەرەج»یـش وەڵامـی دایـەوە: بڕیارە لـە دێی»تاڵاوا»»نیشتیمان»ت لـێ مارە ببڕن. زووکە کۆببەرەوە. بـە قەشمەرییەکی شاراوەشـەوە وتـی: نابێ عاشـق کات بـە فیڕۆ بدات.. ستەمە ستەم! دەبێ دەستوبرد بکەین و بە پەلە بگەینە ئەوێ..»هیوا» شـارەزای ئـەو دەڤـەرە نەبـوو، ئـەو لادێییەکـی بەچـاووڕاو نەبـوو، بـەڵام ئـەم پەیـی بـەوە بـرد کـە دڵـی بـە پێشـهاتێکی شـووم خورپـەی کـردووە، بــە داکاســاوییەوە گوتی:»تاڵاوا»دەکەوێتــە کــوێ؟ مارەمــان دەبــڕن.. بەڕاسـت!..گومانێک تـاڵ و شـیرینیی ئاوێتـەی یـەک کـرد و ڕوو لـەم بـە شـڵەژاویی و دڕدۆنگییـەوە وتـی: تۆیـش وەرە لەگەڵم...ئەوانیـش بـە ئیشـارەتێکی پڕ لـە ناڕەزایەتیی و تووڕەیی داوای تەیار بوونیان لێکرد و ئەویش لـە گۆشـەکەی خۆیـەوە ڕاست بـووەوە. هەندێ شتی کۆکردەوە و.. ویسـتی بڵـێ: دوایـی بـۆ شـتەکانی تـر دێم..کەچـی فەرمانیـان دایـێ شـتەکانی تێکبنـێ و دەسـتوبرد بـکات.»کاوە» دەرگاکـەی خسـتە سـەر گازەرای پشـت و درێـژەی بـەو شـێوە لێبووکانەیـەی خـۆی دا: هیـچ نییـە نـا، ئەوەتانـێ، سـێچارەکە سـەعات لـە خـواروویی ئێرەوەیـە، بەعاسـتەم بـەلای باکـووری ڕۆژهەڵاتـدا لادەدا، زۆر دوور نییـە، ڕدێـن دەکەوێتـە سـەری..لەگەڵ وتنـی ئـەوەدا دەستیشـی لەبەردەمیـدا هەڵپـەی دەکـرد وەک ئـەوەی قەرەقـۆزی خسـتبێتە هەلەکـە سـەما و بـۆ خەڵکـی نمایـش بـکات. ئەویـش بێووچـان تررووکـەی چـاوی دەهـات، لەوانەیـە باوەڕێکـی

کـزی بــە بەمرادگەیشــتن هەبووبــێ، بۆیــە بەهەســتێکی منداڵانــەی بەپــەروا تەنــراوەوە گوتــی: ئیــدی ئێجگارییــە، نایەمــەوە ئێرە؟..ئەویــش وتــی: نەخێــر، پێشــتریش پێمــان ڕاگەیانــدی لەلامانــدا میوانــی و ئێســتایش لێپرســراوان بەڵێنەکــەی خۆیــان بەجــێ دەگەیەنن..کەواتــە بــا ماڵئاوایــی لــە مونعیــم و ئــەوان بکــەم، چونکــە ئیــدی ڕەنگــە بــۆ ماوەیەکــی درێــژ ڕێــم نەکەوێتــە ئــەم دەوروبــەرە، یــان هــەر نەیبینمەوە..ڕاســتی دەکــرد، گەرچــی خۆشــباوەڕیی لــە پێکهاتەیــدا هەبــوو، چــوون ســاویلکەیەکی بێــوەی دەئاخــاوت و پەیــی بەوەیــش نەدەبــرد هێنــد نابــات کەنداوێکــی بەرین بەرین لەنێوان ئەو و ژیاندا بەرجەستە دەبێت. هێواشێک دوای حازربــوون چــووە نێــو ڕێــگای نەگەڕانــەوە و دەرگاکــە بەســەر ئەمانــدا داخــرا. ســاتەکانی پاشــتری کەیلــی هەســتێکی غــەوارە بــوون، ســەراپا بــاک و ســڵەمینەوەیەکی دەســازۆ ماشــییانەوە و وەکــو ســوڵتانی تــاک فەرمانی گیانی، جێگیربوون و گشت شتێکی وەلاخست، تەنانەت ترپە ڕمووزنەکانیشــی بــۆ ڕووداوێکــی شــتێکی دەرەکیــی تەرخانکــرد، ســۆزەی ئــەوەی کــرد دزێوییــەک دەتەنێتــەوە و دەبێتــە ماکــی ڕاوەســتان و کــڕەک بــوون. ئــەوەی بیــر نەدەچــوو چــۆن باوەشــی پێداکــرد و وەک پەیکەرێــک لــە پەیکەرەکانــی ڕۆدان بارســتاییەکی پەرپووتــی هەســت و ســۆزیان ئافەریــدە کــرد؟ چــۆن بــە کامــی دڵ بۆنــی پێداکــرد و ڕایمووســیی وەک ئــەوەی چەنــد مانگێــک نەبــێ بیناســێت، بەڵکــو تەمەنێــک بێــت؟ چــۆن لێــی جــوێ بــووەوە؟ چاوەکانــی شــێیەکی ســوور لێڵیــان کردبــوو، قورگــی بــە نێردەوانــی هەنیســکدا هەڵگەڕابــوو، لــە زارییــەوە پیتێکیــش خــۆی ڕانەپســکاند، هەورەبرووســکەی ختوورەیەکیــش شــڵەقانێکی بێــڕادەی بــۆ ئــەم بەجێهێشــت، تەنهــا پرتــە و بۆڵەیەکــی ئومێدبەخشــانە،

پاشـان ورتەیەکی تەمومژاویـی لـە بـەرێ خسـتنیدا هەڵوەراند و خـەم بێدەنگییەکـی قورسـی کـرد بـە میوانـی . چـۆن پاڵتـۆ خاکییەکـەی پۆشـییەبەر و پێتـاوە لاسـتیکییە ڕەشـەکانی هەڵکێشـایە پـێ و وەکـو پەڕێـک سـووک شـەقاوەکانی بـەرەو پێواریـی هەڵنـا، وەک ئەوەی ئـەم هەستێکی وای تێدا بگەڕێت شـەقاو بۆ گـەرووی جیهانێکی دی دەهاوێت، جیهانێک لەنێو نیگای مابەیـن بێبەرییـان دەکات. هەمـوو هەنگاوێکی تەپوگەردێکـی خۆماڵییـان دەورووکانـد و لـە ڕەوانەکردنیـدا ڕووەو کەسـیرەییە هەردەمییەکـە، بەشـدارییان دەکـرد. ئەمانیـش دوور لـە تـۆز و خۆڵەکـە وێکهاتنـەوەی دەرگاکـە لێیـان بـوو بـە گەورەتریـن خوونـکار و ئیـدی هەرگیـز یەکترییـان نەبینییـەوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی بـەو زێـوارەدا نەهـات هەتـا بەسـەریان بکاتـەوە، یاخـود خوانەخواسـتە لـە مێشـکی خـۆی وەدەرینـان، بەڵکـو لەبەرئـەوەی ئیـدی زیندوویەکـی بەرخـورداری سـەر دنیـا نەبـوو!

چونکـە زۆرجـار بوونـی خەڵکـی تـر تەنیایـی ناڕەوێنێتـەوە، بۆیـە لـە چوارچێوەی ناڕێکی دیوارەکانی ژوورەکەدا تاقوتەنیا مایەوە. تانوپۆی دەروونـی هەسـتێکی نامـۆ و دزێـو دایگرتـەوە، دیمەنـی ئـەو شـەوانە هاتنـەوە بـەر بیلبیلەکانـی یـادی کە«هیوا»تـا سـەروەختێکی درەنـگ پانۆڕامـای تاقـە سـەرمایەکەی بـە خەوبەزێنیـی و درێـژ دادڕییـەوە دەگێڕایـەوە. خـۆی فڕێدابـووە نێـو بەرداشـی بێدەنگیـی و سـیرەی پێنووسـە خەوبینـە سـەرومڕ و میهرەبانەکـەی. بـۆن وهـاڵاوی خوێنـی تـازە ڕژاو لـە وشـەکانەوە باڵیـان دەگـرت و وەکـو ڕۆحـی شـەهیدەکان ڕەهـا دەبـوون. پەیڤـەکان بـە بـێ قـۆرت و گرفـت دانگەڕێزەیـان دەکـردە

خــوارەوە: ئەمــڕۆ مەزنتریــن ئومێــد لەنــاو دەروونی»هیــوا«دا چێنــرا. پێیــان وت دەیبەنــە نــاو یۆتۆپیاکەیــەوە - ئــەو یۆتۆپیایــەی چەنــد مانگێک بــوو شــەونخوونیی بــۆ دەکێشــا - و یــارە ڕەدووکەوتووەکــەی لــێ حــەڵاڵ دەکــەن.. چەنــد کاتژمێرێکــی پێنەچــوو، لەڕاســتییدا هێشــتا ســەرقاڵی نووســینی یادداشــتی ڕۆژەکــە بــووم، لــە دوورەوە بــە لێڵیــی ڕمبــە و شــریخەی دەســتڕێژ پــەردەی گوێچکەکانمــی ســمی، چیــا و کەندەڵانــە قووڵــەکان دەنگدانەوەیــان گواســتەوە بــۆ ناواخنــی ئــەو گوێچکــە هەســتیارانەی تەنانــەت پەیــی بــە خورپــەی دڵــە دوورەکانیــش دەبــەن. نەمزانــی ئــەو فیشــەکە بێســۆزانە بــوون بــە زەرووی شــووم و دڵــی لــە نواڵــە تەڕتــری کێیــان وشــک و تینــوو هەڵگێڕا..دواتــر کە»بەهزاد«هــات، ئەنجــا حاڵیبــووم. کەڤرێکــی بــێ شــەقڵی بــە بــەرات بــۆ هێنابــووم، لێــی وردبوومــەوە، شــوونی خوێن گوڵگوونــی کردبــوو. بەســەر ســووڕمانەوە پرســیم: ئەمــە چییــە؟ ئەویش وتــی: بــە هەڕەشــەی چوونــە پــاڵ دەوڵەتــی بــاوک و کەســوکاری «نیشــتیمان»، ئەمــان دەبنــە قوربانیــی و وەکــو خوێنێکــی کۆکتێــل دەدرێــن لــە یەخــەی بــەردەکان و قــەوارەی تــژی لــە خۆشەویســتییان دەســڕدرێتەوە و..ئاشــق لــە مەرگێــک مــارە دەبڕدرێــت هــەر تەنهــا لەلایــەن خۆیــەوە تفت و تاڵییەکــەی دەچێژرێــت و بەس!..ئــەم وشــە ناڕۆشــنانەی بــە کــەف و کوڵــەوە وت و وەکــو پیاوێــک دوو دڵــی هەبێــت فرمێســکەکانی بەرۆکــی هەڵڕژانیــان گــرت. ئەوســاکە ئــەم لــەوە حاڵیبــوو ئــەو ســۆزەیەی دوای خرمەژنــەکان ختــوورەی بــە دڵــدا کــرد گومــان نەیدەلەقانــد. ئیــدی ئاشــکرا بــوو چــی ڕوویــداوە، ئــەو گریانــەی ئەویــش، وەک هەمیشــە تەنهــا ئەشــق و ڕاســتگۆیی و بەرائەتــی ئالــوودە دەکــرد و بــە نێــو ڕیشــە لێڕئاســاکەیدا هەوڵــی خــۆ حەشــاردانی دەدا.

مـەودا و وچانـی دایـە تاكـو هێـوور بـووەوە و هەناسـەیەكی خەمبـار گەڕایــەوە بــەری، ئەوســاكە دەق وێنــەی ئەســرینەكانی تراژیدیــای ســەربهووردی ئەوینــە لەباربراوەكــەی هیــوا و نیشــتیمانی هەڵهێنایــەوە، ڕێـك وەك ئـەوەی خۆیـان كوشـتبێ!..ئەو شـەوە هەتـا تاریكایـی ڕەنگـی تێـری خـۆی دۆڕانـد، هەنـۆ مەلـی خـەوی لـە هێلانـەی چاوەكانـی ئـەم تارانـد. كەوتبـووە گێژەنگـی چارەكردنـی ژیـان و ئـەو قـەدەرەی زۆر كـەس بـە نووسـراو لـە قەڵەمیـان دەدا. بەرلـەوەی ئالوودەی وەنـەوز بێـت، سـەرنوێشـتی پێـوار و خووناوئاسـای مرۆڤی وەك لەككـە لەسـەر پـەڕەی ناسكۆڵەی چیچەكی شـەو دەهاتـە بەرچـاو، كـە تەنهـا لـە بوولێڵـی تەمەنـدا چـووزەرەی دەكـرد و لـە وادەی بەیـان كەوتنیشـدا ڕەوینەوەكـەی لـەلادا بەرجەسـتە دەبـوو. ئـەو یادەوەرییانـە سـەر پـەڕە تارەكانـی شـەویان دەماشـییەوە، جارێـك..دووان..سـیان.. بێكۆتایـی دەیویسـت دووپاتەیـان بكاتــەوە، هەتـا لـە یادیـدا چەشـنی كەسـكە نیهاڵێـك چەكـەرە بكـەن و پشـووی هەڵچـوون و نەمریـی هەڵكێشـن.

پرسـیار نەمـا ڕوواوڕووی نەكرێتـەوە! خـۆ ئـەم هـەر بـە خۆڕسكیش قینی لـە لێپرسـینەوە بـوو. بـەم بوایـە هەمـوو پـەڕەو خامەیەكی تەرخانكراو بـۆ لێپێچینـەوە شـایلۆغانی سـووتان و شـكانیان بـۆ هەڵبەسـترێت. لاپەڕەكانـی دۆسـییە تایبەتییەكـەی هەتـا دەهـات زاوزێیـان دەكـرد و قەبەتـر دەبـوون. ئــەوەی جەختێكــی زۆریــان لەســەر دەكــردەوە ئــەوە بــوو: ئاخــر تــۆ وەكـو خـۆت دەڵێـی بـۆ پێنـج ڕۆژ لــە بەرەی»فـاو»ەوە هاتبوویتــەوە لــە دێی»گەڵۆزی»چیـت دەكـرد؟ تـۆ جـار دوای جـار بەرسـڤت بـەوە دەدایــەوە: باپیــرەم، باپیــرەم زۆر نەخــۆش بــوو ماڵەوەمــان هەمــوو

چبـوون بـۆ ئـەوێ و منیـش ناچاربـووم بـۆ ئـەوێ بڕۆم..ئیتـر لـەوێ منیـان گـرت و بردمیان..دەیزانـی تۆزقاڵێکیـش چییـە بـاوەڕی پێناکـەن، بـەڵام هـەر ئـەو ڕاستییەی دووپاتـە دەکردەوە. ئیدی پاش نیوەڕۆیەکی درەنگوەخـت، دوای دوو هەفتـە گلدانـەوەی لـە زیندانـی ئینزیباتخانـە و لێپێچینـەوەی، نووسـراوی فەرمییـان بـۆ کـرد و وتیـان: دەبـێ لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا پەیوەندی بە یەکە سـەربازییەکەی خۆتـەوە بکەیت. ئەمـە بۆ ئـەم وەکـو مۆجیزەیـەک وابـوو، چونکـە پێشـتر بیسـتبووی هـەر لەوێـوە و لەژێـر چاودێریـی خۆیـان خەڵـک ڕەوانـەی سـەربازگەکان دەکرێـن. ئەوەنـدەی نەبـرد دەروازەیەکـی ئاسـنین دەریفرتانـدە دەرەوە. بـەڵام هـەر لـە کەڵکەڵـەی ئـەوەدا بـوو ئەمـە بـەم ئاسـانییە لـە کۆڵـی نابێتـەوە، چونکە لەمێژبوو ئاشنای یاسا لاستیکییەکانی ئۆردوو ببوو، نەخوازەڵا ئەوەیشـی لـێ شـارراوە نەبـوو کـە لـە ئانوسـاتی جەنگدا یاسـا دەچووە ئەودیـو دەمامکێکـەوە و سـەرلەبەر شـتەکانی دەشـێواند. لەبەرخۆیـەوە وتـی: بریـا سـزاکە دوانەخرایـە بـۆ پـاش جەنـگ و بڕانـەوەی! دەق وەک ئـەوەی خـۆی بـۆ ئـەوە هەڵگرتبێـت جەنـگ کۆتایـی بێـت! هەنـدێ شـتی تریـش لـە زارییـەوە ئاوشـاریان کـرد، بـەڵام گوێـی لێیاننەبـوو. دەیزانـی لـەم بارودۆخـی نەهامەتیـی و ناهەمواریـیـەدا ناچـارن سـزا دوابخـەن و تەنانـەت ئەگـەر داوەڵیـش بووبـێ دەسـتی لـێ بەرنـەدەن و ڕەوانـەی دۆزەخەکانـی بـەرەی جەنگی بکـەن. کەوتـە سـەر پیادەڕەوەکـە، خواسـتی ئـەوەی هەبـوو سەرانسـەری شـارە نامۆبووەکـەی بـە جـادەی نیگاکانیـدا تێپەڕێنـێ و چـاوی پڕ حەسـرەتە بـە ناسـۆر و تامەزرۆکانـی زاخاوبدات. تاسـە و پەلـەی ئـەوەی نەبوو بچێتـەوە نێو ئامێزی دیوارەکانـی ماڵیان و دووبـارە دەرگیـری بێهوودەیـی و چەنەبازییەکانـی بێدەنگییەکـی قەڵەمڕەو

ببێتــەوە، چونکــە هەســتی دەکــرد پێــی ناوەتــە نێــو ژوورۆچکــەی پــڕ تەلیسـم و ئەفسـووناویی یادەوە و دەرگاکـەی وێکهێناوەتـەوە و پەیوەندیـی لەگــەڵ ئێســتا و ئاییـنـدەدا پســاندووە و پێڵــووە نادیارەکانــی نــاوەوەی لێخوردبوونەوەیەکـی هەسـتیار گرێچنیـان دەکات. گەڕانێکـی لاپڕەسـەن ویسـتی دنـەدەدات، هەنگاوەکان وەکـو جارانـی زوو بـۆ لای باڵەخانەکـەی ماڵی»ماریا»بەکێشـی دەکـەن، ئـەو «ماریـا» یـەی ئەوسـا دەزگیرانـی بـوو، وەکـو دیوارێکـی پانـاوەر، یاخـود وەکـو قۆرتێکـی بێسـنوور و چارەسـەر هەڵنەگـری لێهاتبـوو لەبەردەمیـدا قـووت ببـووەوە و بـە هـەر شـێوەیەک بـووە دەیویسـت بیرەوێنێتـەوە و لەکۆڵـی خـۆی بکاتـەوە، تاکـو بەبێئـەوەی پێیبزانــی هەڵپــە بکاتــە نێــو ئاییندەیــەک کــە هیــچ جیاوازییەکـی لەگــەڵ ئەمـڕۆ و دوێنێـدا نییـە. بۆچـی بـە وێندەرێـدا ڕۆیشـت؟ پرسـیارێک بـوو دەترسـا لـە خـۆی بپرسـێت، بزەیـەک کـە نەیتوانـی ژەنگـی سـەردەمێک حەشـاربدا کەوتـە خـۆ ئاشـکراکردن، هەسـتی کـرد مەسـەلەکە هـەر تەنهـا ڕاهاتنـی سـاڵانی پێشـوو نییـە، بەڵکـو ئاوێنەیـەک لـە نـاوەوە دزێوییەکـی ئەوتـۆی نیشـان دەدا کـە خـۆی بەرپرسـیاری ئـەوەڵ و ئاخیـری بـوو.

دەمـە و ئێـوارەی یەکێـک لـەو پێنـج ڕۆژەی مۆڵەتەکـە بـاران دەبـاری و لــە مینــای پەنجەرەکــەوە بۆنــی گەلۆریــی ژیــان بــە بەرجەســتەیی ئەندێشــەی کاس دەکــرد، بێتاقەتییەکــی بێسەروشــوێن تەنگــی پــێ هەڵچنیبـوو، بـەدووی هەڵدانـەوەی لاپـەڕە زەردەوەبووەکانـی قـەدەری ژاوەی کەنـد و لەنـدەوە بـوو، بـۆ شـتی شـارراوەی دووتوێیـە ونەکانـی دەگـەڕا. دەرخواسـتەکانی مگێـزی تەنهـا شـتێک بـوو، ئەویـش بکەوێتـە نێـو بەرداشـی دیـوارەکان و سـایلی سـەرزەمانی منداڵیـی بەخۆیـدا

بشکێتەوە و کلۆمی دەرگاکە ژەنگێکی ئەوتۆ هەڵبهێنێ بە هیچ شتێک نەکرێتەوە و سەرباری ئەو دیوارانە، چەندانی دیکەیش لەمیانی ئەم و دەرگاکەدا هەڵبچنێت. چاولەڕێ نەبوو»ماریا»بەو هەڵەداوان و پەلەپڕووزێیە خۆی وەژووری بخات. شەمێران ڕۆیشت چایان بۆ دەم بدات. ئەو کاتەی هات، ئەم لە قوللەی سەخت و ئەستەمی تەنیایی جینگڵی دەخوارد و لە چڵەپۆپەی بێزارییدا بوو، خۆزگەی دەخواست جگەرەکێش بووایە تا جگەرەی بە جگەرە دابگیرساندایە. بێ چرپە کەوتە تەنیشتی، بە لای خۆیدا دەستی ڕاکێشا و ماتەمبارانە چاوی بڕییە ڕەنگی پەڕیو و بزرکاوی سیمای، ئەم ویستی پۆزەکەی خۆی تێکنەدات، بەڵام نەیتوانی. نێونیگایەکی بە سەروشکڵی»ماریا»دا هەڵشاخان و سەری وەک هەرەسێک بەسەر سنگیدا شۆڕبووەوە. ورتە لە زارییەوە نەهاتە دەرێ، ئەمیش هێواشێک دەستی لە دەستی ڕاپسکاند. هەر چەندە زۆرجار پاش گەمارۆدانی خۆی، گۆمی تەنیاییە مەند و بێبنەکەی ئەو کاتانە و ئێستایشی بە بوونی کەسێک لێخن و شڵەقاو نەدەبوو، بگرە گوێیشی لێنەبوو، بەڵام ئەو ئێوارەیەی هەتاو لە شێوەی خەنجەرێکی پرتەقاڵیی تۆخ ئەودیو کەلی پێکابوو، خەریکی ئاوابوون بوو، نەیتوانی لۆکەی فەرامۆشیی بئاخنێتە دەلاقەی گوێچکە چالاکەکانییەوە. ئیدی ماوەیەک بوو بڕیارەکەی ڕۆکردبووە نێو قاڵبی مەیین و لەسەری پێداگربوو، کاتی ئەوەیش هاتبوو بە کۆتاییەوە گرێی بدات و هۆکارەکانی ساردبوونەوە و پێکنەگەیشتن بخاتەڕوو، هەر هیچ نەبێت بەشبەحاڵی خۆی دەبوایە کۆتایی بەو مەودا و وچانە بێکاکڵ و واتایە بهێنێت کە ببووە هەوێک و زوبانی دەربڕینی لێ ئاوساندبوو. دوا قۆناغ گەیشتن بوو بەوەی ئیدی

ئـەو درک بـە لەئومێدبەدەریـی ئـەم هاوکێشـە تازەیـە بـکات کـە ئـەم ناپارسـەنگ دەیدیـت. ئاخـر سـەربازیی و بـەرەی جەنـگ و نادیاریـی.. یۆڵداشـی بێئومێدییەکی ناشـرین بوون و نەدەکرا ئەویش لەگەڵ خۆیدا بـەو یۆڵداشـەوە شـەتەک بـدات. لـە لایەکـەوە هەسـتی گوناهباریـی و تـاوان بەسـەریدا زاڵ بـوو، لەلایەکـی تریشـەوە پاسـاوی بۆیـان دەهێنایـەوە. تـازە دڵـی سـەرێکی تـر بـوو پەلەقاژێـی جوێبوونـەوەی دەکـرد و پێناسـەی یەکـەم پێکگەیشـتن و ژووانـی لەکیس چبـوو. چەنـد کۆشـا ئـەو وشـانەی دەیهێنانـە سـەرزار وەکو ماسـیی مردەڵـە ئاوەژووو دەبوونـەوە و ڕەوتێکی بێیارایی لەگـەڵ خۆیـدا دەیبـردن. ناواخنـی ئـەو گۆڕەپانی پاش جەنگی ترپەکان بوو. بیرێکی زارۆکانە دەمەلاسکێکانی خـۆی دەسـت پێکردبـوو، لـە نێوانـی فێربـوون و فێرنەبوونـی زوبانـدا دەیویسـت فەرهەنگێـک دەسـتەبژێر بـکات، بـەڵام هیچـی پـێ گـۆ نەکـرا، چونکـە هێشـتا کرچوکاڵبـوو. ئـەم کەوتـە خۆدوانـدن: هـەر یەکـەم وشـە تخووبـی ئاوەژووبوونـەوە بشـکێنێت و ڕێچکـە ببەسـتێت، دەربەسـتی ئەوانـی دیکـە نایـەم، قەتـارەی چارەسـەر دەگـرن و هەڵوێسـتەکە دادەڕێـژن. هـەر تەنهـا یەکـەم دانـە تەلیسـمەکە تەفروتونـا بکات! ئیتـر.. دوای ئـەم کەینوبەینـە ددانەکانـی جیڕکـردەوە و جەسـارەت هـەر نەبـووە یـاوەری، هێشـتا شـتێکی ئەوتـۆی بەدەسـتەوە نەبوو پاڵپشـتێتیی قەرارەکـەی بکات. ئاکام بـە ناچاریی ملی بۆ دا و دووبـارە سـەری بـە لاچەپـی سـینەیدا شـۆڕکردەوە. چـوون سـەرزەنشـتی خـۆی بـەوە بـکات کـە هەرگیـز لـەو تەپکـەوداوە دوورناکەوێتـەوە و وابەسـتەی ئـەو کـۆت و پێوەنـدە دەمێنێتـەوە و قەتیـش پێـی ناشـکێت!

شـتگەلێکی زۆر لـە دەروونیـدا پیشـیان خـواردەوە و لەبـەر ئـەوەی

چەمووشـیی ترسـێک ناخـی خسـتبووە ژێـر تـەپ و تـۆزی چوارناڵەکانـی خۆیـەوە و نەیدەتوانـی سـۆنگەی سـەرەکیی پچڕاندنـی ئـەم پەیوەندییـەی پـێ ڕابگەیەنـێ، کـە ئەویـش لـە چارەنووسـێکی نادیـار هەڵاتـن و ئۆغـر کردنبـوو بـەرەو باوەشـی شـاخ و دییـارە دوورەکان..بـەڵام بـە وەراووردێکـی لەسـەرخۆ ویسـتی هێـز و بوێریـی بـەو ناخـە ترسـاوەی، نەخێـر دڕدۆنگـەی ببەخشـێت بـە خـۆی گـوت: کـەی چاوقایمـی دەنوێنـم، کـەی ئـەو جوغـزە بێمانایـەی پـەروا و دڵەڕاوکـێ وەکـو ئەتۆمێکـی نادیـار دەتەقێنمـەوە و کۆتایـی بـەو دنیایـە دەهێنـم کـە ماوەیەکـی درێـژە بـۆ چارکردنـی دەتلێمـەوە و پەژارەی زاتنەکردنـی دەکێشـم، بەڕاسـتی بۆ ئـەم گرفتـە هیـچ عیلاجێکـی تـرم بـە خەیاڵـدا نایـەت. بـا ئیتـر کەمتەرخەمیـی لـە گیانـی ئـەم هەنگاونانـەدا بتەقێتـەوە، لەبـەر بـێ سـەقامیی بـارودۆخ و...نەمگوازتۆتـەوە و ئێسـتایش لەبۆچوونەکانمـدا گـۆڕان دەرکەوتـووە، گـۆڕان بەسـەر پێودانگەکانمـدا هاتـووە و یەکلاکردنـەوەی ئـەم مەسـەلەیە لەگەڵ «ماریـا»دا پێشـینەیەکی پەیگیـرە، بـە پلـەی یەکـەم لەبـەر خـودی ئـەو خـۆی، سـەرباری ئـەوەش نامـەوێ لێـرە مۆڵـەق بـم و لەمەیـش بتـرازێ بـواری دانبەخـۆدا گرتنیشـم بەبـەرەوە نەمـاوە.. دەسـتی لـە زۆپـا گازییـە کفکفکەرەکـە کێشـایەوە و لـە دەسـتەکانی ئـەو نزیکـی خسـتنەوە. بـوون بـە نـەوا و پەسـارگەیەکی نازهەڵگـر بـۆ دەسـتەکانی، یەکەمجـار بـوو هەسـتێکی ئەوتـۆی لـەلا گەڵاڵـە بێـت، وەکـو بڵێیـت لـە شـتێکی چـاوەڕوان نەکـراو تۆقیبـن و نەیانـەوێ بازنـەی گـەرم و نەرمونیانـی دەسـتی ببوێـرن و بکەونـە ئەودیـوی چێوەکەیـەوە. لەناخـی خۆیـدا لـە وشـە نەمەییـوو و کەسـیرەکان تێفکریـی، خەریکبـوو شـەقڵیان دەگـرت و سـەربزێوانە پەلوپۆیـان دەهاویشـت تاوەکـو لـە باڵەفـڕەی بوێریـی

بدەن و لە لێوەکانییەوە ڕەهایی دەستەبەر بکەن. زۆر وردانەتر کەوتە تێفکریین، سێڵاوی پرسیارەکانی چارەنووس خڕوخاشاکی بێماناییان دایەبەر ڕەوتی سەرهەڵگرتوو بەرەو دۆزینەوەی مانایەک بۆ مشتومڕ، بۆ لێکدابڕان و جیابوونەوە. ئەگەرچی وشەی »زەحمەت« پاڵەوانی ناو فەرهەنگەکەشی بوو، کەچی سەرەنجام خەساندی و لە پاڵەوانیی خست. حەپەسانێکی کاڵی بەسەر ڕووی »ماریا«وە بینیی، بیابانێک خەریکبوو لەناوەوەی ئەودا دەکشا، چاوەکانی تەنها وێنەی بێئۆقرە و جەنجاڵی گومانیان دەکێشا، چرکەساتێک تاس بردییەوە، دەیزانی چی هەڵیگرتووە ئەو بڕیارە ستەمکارە بدات و هەڵەتە و تاقوتەنیا لەنێوەندە ڕێی تەریکیی و لەدوڕیانی دەستخەڕۆییدا دەستبەرداری بێت و دنیای ئومێد و ئاواتەکانی زیندەبەچاڵ بکات و ئینجا هەموو ئەو ڕێگایانە کوێر بکاتەوە کە لە سەرزەمینی هەویاکانیدا کۆتاییان دەهات. پاش ئەوەی ئەو بوخچە بە گرێکوێرەیەی لەو گۆڕەدا هەڵڕشت، هەستی بەوە کرد هەوەڵین جارە لە خەو ڕادەبێ. سەرەنجام بە ململانێ لەگەڵ خۆکردن، توانی بێبەزەیی ترین وشەی فەرهەنگەکەی بداتە بەرگوێ بەبێئەوەی بە شێوەیەکی ڕووکەشانە بزوانی تاڵەموویەکی گیانی نمایان بکات! گوێی لە خۆی بوو بە شانازییەکی پەشیمانئامێزەوە پاڵپشتی هەڵوێستەکەی کرد و خۆی دواند: ئەوسا کیسەڵێک بوویت و پەییت بە قاوغە لەشکان نەهاتووەکەی خۆت نەدەبرد.. کتوپڕیش نەبوو، لەڕاستییدا لە دۆخێکی تاڕادەیەک نیوە مەست و نەشەدار بوو کە ناکاو گوێی لەو وشانە بوو کە قردێلەی زەردی کۆتاییان لە پرچی پەیوەندییەکەدا و بنبەستی ئێجگارەکییان پێبەخشیی. وەکو ئەوەی پەردەیەک ببینێ، پەردەیەکی خۆڵەپووتیی کە دوای تەواوبوونی شانۆگەرییەکی مێلۆدرامی

دادەدرێتەوە و جۆبلاو بە بینەران دەکات. تەواو. لە هیکرا ئەو وشەیەی بۆ گەلێک مەرام و ویستی تر بەکاربردبوو، بەلام وەکو وشەیەکی قورسی تراژیدیی نا، بەلکو هەر تەنها وشەیەکی هاکەزایی و هیچی تر. تەواو! تەواو وشەیەک بوو نەیدەزانی بۆچی لە فەرهەنگدا لەبریی کۆتایی ڕەها بەکار نەبرابوو؟ کە ئەوە سەرلەنوێ بە زاریدا هاتەوە، ڕەشاییەکانی بەر گلێنەکانی نەختێک کاڵتربوونەوە. شەباقەیەکی فێنک و مووچڕکەبەخش کەوتە هەناوییەوە، وەک بڵێی چووبێتە دنیایەکی تازە سەرهەڵداو و ئەو گرەویدەییەی لە کۆڵ بووبێتەوە کە بەوەوە دەیبەستەوە. گڕکانێک لە ناوەوەدا خەریکی بەرپا کردنی هەڵچوونێک بوو، هەڵچوونێک چنگوپەل لە ئاسمانێ گیر بکات و وەرزە هەورییەکان بگۆڕێت و مەلی باڵ شەکەت لە خەمی بێلانەیی و نەنیشتنەوە و ستەمی شکارچییەکان بڕەخسێنێ. سەدای- تەواو- بوون ناخی کرد بە نشێوی قووڵی تەقینەوەیەک و تادەهات بە زایەڵە یەک لە دوای یەکەکانی ڕەزامەندتر دەبوو، زۆری نەمابوو دیوارە دێرینەکان لە گرێژەنە بەرێت و دەرگای کلۆمدراو و گلۆپە وەنەوزگرتووەکانی شاری بوولێڵ بێداربکاتەوە، گورج و گۆڵییان دنەبدات هەتا ئاگایان لە شەکانەوەی ڕۆحە کەیلی سەرفیرازییەکەی بێ. چەند جارێک بەسەر مافوورە ڕەنگپەڕیووەکەدا هاتوچۆی کرد و هەستێکی ئەگەرچیش گومڕا، بەلام پڕ شانازیی دایگرت. لەبەرچی ئەو دەرککردنە نامۆیە سەرتاپایان ماشییەوە؟ ئەی بۆچی هێندەی نەبرد لافلێدان و شانازیی بوون بە دنیایەک هەوری چلکن و سامالیی ئاسمانەکەیان داگرت و هەموو گورزە تیشکەکانیان لە گیان تۆراند؟ پاگۆی چی دەداتەوە؟ بۆچی لەو بارودۆخانەدا سەرەتا دلاوا و ئاسوودە خۆی بەدی دەکرد

و پاشـان ئـەو هەسـتانە دەڕەوینـەوە؟ نـەک هـەر زاری، بەڵکـو کەسـم و ڕوخسـارەکەی»ماریا»یش گلەوگازاندەیەکـی زۆریـان دەردەبـڕی، کـە ئـەو پەیـی بـەوە بـرد تـازە گفتوگـۆ کەڵـک ناگـرێ و بێهوودەیـە، ئەوسـا کەوتـە سەرزەنشـت کردنـی ئـەو گۆڕانـە نەگەتیڤـە ناگەهانـەی، دەیویسـت پەیوەندییەکـە لـەم بـارە ئاڵـۆزەی بڕەخسـێنێ، بپاڕێتـەوە، بلاڵێتـەوە، پێـی بڵـێ سازش لەسـەر هەمـوو ئـەو مەرجانـە دەکات کـە ئـەم دڵگیـر دەکـەن، بـەڵام هەناسـە نەوەکامەکانـی تێکـەڵ هەنیسـکی بەکەفوکـوڵ بـوون و هیچـی نەدوورییەوە..ئەمیـش بـە تەمـا نەبـوو کتێبـی پەردەپۆشـکەری پەنامەکییەکانـی هـزری خـۆی بـۆ بخاتـە سەرپشـت و تەنانـەت بـە تەمـا نەبـوو سـادەترین شـتیش سـەبارەت بـە پلانەکـەی بداتـە بەرگوێـی. تەنها هەڵیدایـێ و وتـی: دڵنیابـە لەژێـر کاریگەریـی هیـچ ئافرەتێکـی تـردا ئـەم قـەرارەم وەرنەگرتـووە و کەسـی تریـش لەئـارادا نییـە، تەنهـا و تەنهـا دۆخەمرۆییەکـەی ئێسـتا و خـودی ئـەم ژیانـە دەعجاوە ئـەم هەنگاونانـەی لـێ داوا کردووم..ئـەو، سـەر ڕوومەتەکانـی ببوونـە ڕێـی کاکێشـانی فرمێسکە بێشـومارەکان و وەک بڵێـی وشـەکانی گـەرووی بـەرەو مـەداری کلۆکۆدامـرکان لایاندابـێ، زۆرەکییانـە چەنـد پەیڤێکـی هەڵهێنایـەوە و وتـی: چـی وای لێکـردی؟ ئاخـر ئێسـتا خەڵـک چـی دەڵێـت؟ ئێمـە ماوەیەکـی زۆرە دەزگیرانین..دەشـێ بیریـان بـۆ ئـەوە بچێـت کـە تـۆ تەنهـا دەسـتت پێـم گەرمکردۆتـەوە و..ئـەم یەکسـەر بیـری بـۆ لای یـەک وشـە چـوو، یـەک وشـە ئـاوەزی کـرد بـە کتێبێـک کـە لـە قەبەیـی و ژمـارەی لاپـەڕەدا ڕیکـۆردی گینیسـی شـکاندبێت، ئەویـش: جەنـگ جەنـگ جەنگ..ئـەم خـۆی لـە نادیارییەکـدا دەژیـا و ئەویـش لـەو کەڵکەڵەیـەی بێئاگابـوو، نەیدەزانـی چـی تێـدا دەگـوزەرێ. زاریی..فوغان..بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ سـوڵتانی

ژوورەکە بوون. بە دەنگی بەرز بیری کردەوە: هەندێ شت هەن گەلێ زەحمەتە بتوانم بۆتیان ڕاڤە بکەمەوە، بەڵام دڵنیام زەمەن بۆتیان ڕوون دەکاتەوە و..جوێبوونەوەش لەبەر ئەوە هەڵدەبژێرم، چونکە لەبەرەی جەنگدام، ڕەنگە ئەوەندەی من لە مردنەوە نزیک نەبیت، چارەنووسیش ئەوەندە تەمومژاوییە، تاوانە بە خۆمەوەت بگلێنم و هەموو گەنجییت لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە بژاکێنم. دەشێ لەهەر ئانوساتێکیشدا ببمە مەحاڵێک و تەنانەت دەستی مەعلانی پەرجوویشم پێڕانەگات، لەمانەیش بترازێ من بەڕاستیی چیدی بە تەما نیم منداڵێک بهێنمە ئەم ژینگە سەقەت و ناهەموارەی ئایندەی بێچەندوچۆن وەک ڕابردوویەتی..شتێکی تریش، هەرچی زێڕ و شت و مەکێکیشم بۆ هێناوی ماڵی خۆتە و مەیگێڕەوە، ئەویش بە نووزەیەکەوە گوتی: بیرێک لەمن بکەرەوە..من کچم لەم..دەیویست بڵێ لەم کولتوورە زاڵمەدا، بەڵام پێی تەواو نەکراو هیچی تریشی پێ نەوترا، ملکەچانە پریاسکەی قورسی ئەشکەکانی دا بە کوڵی ڕوومەتەکانیا و کشایەوە، کشایەوە و دەرگاکە هەڵیلووشی. ئەمیش بۆ شەو و تەنیایی بەجێ ما، تاکو هەردەم بیهێنێتەوە یادی ڕۆژەکانی داهاتووی کە چ خەتایەک لەم بڕیارەیەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەگەرچیش سێبەری باڵەخانەی خەمێکی کۆنکریتیی لە سەرزەمینی ناخیدا بەرجەستەیی بەخۆوە گرت، بەڵام پەیکەری پەشیمانییەکی بڕۆنزیی بۆ دانەتاشیی. وەیزانی ئیتر لەوەودوا هەرگیز ئاوڕ ناداتەوە، بۆیە بە خەیاڵ ڕابردووی سڕییەوە، نەک بۆ ئەوەی لە تابلۆی ئاییندەدا تەنها شەبەنگی کۆمەڵە ڕەنگێکی باڵادەست بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی تەنها و تەنها خاڵێکی ناچیز بێت و ڕووبەرێکی گەورە داگیر نەکات.

کەشـوبا و هەواکـەی دەرەوە چەشـنی دڵەکەی»ماریا»ببـووە داڵـدە و دەرەتانی هەرچی خـەم و پـەژارەی بێئامانـی خەڵکە بێ نەواکانی دیار و چارشـێوی ڕەشـی لـە خۆیـەوە ئاڵاندبـوو. لـە پەنجەرەکـەوە، لـە ئەسـفەڵتی بەشـێکی ئـەو شـەقامە کپ و مەنگـەی ڕووانـی کـە بـۆ ڕێگا گرتنەبـەری سـبەینێ قانەقدیلـەی پێیەکانـی دەدا. لەزەتێکـی فریـوودەری کاتیـی چـووە بنکڵێشـەی، لـەو بـاوەڕەدا نەبـوو ڕەخسـین لـە گیروگرفتەکەی»ماریا»ڕاسـتییەکی مۆتەکەئامێـز نەبێـت. گومـان لـە هەستەکانییەوە لەوتابوو، ئەو شـەوە وەکو یەکێک لە شـەوە خەونینە فرە جەنجاڵ و جڕنیاوفڕنییاییەکان هاتە بەر دیدەی. سـەرباری ئـەوەی بارودۆخەکە هەڵمێکی خەستی قورس بوو، لەگەڵ ئەوەیشـدا هێندەی پێنەچـوو ڕەوییـەوە. هێـوور بـووەوە و بـووە مەکینـەی پرخـە پرخێکی یەکنـەوا و گێتیـی لێـوە دیارنەمـا. کاتـێ هەسـتا، گەرچـی پێناسـەی سـەرەتا لەلایـدا شـکڵی گرتبـوو، بـەڵام نەیزانـی کۆتایـی لـە بۆسـەدا سـێرەگرتووانە چاوەڕێیە!»فەرهـادی خاڵـە حەسـۆ» هـات و پێـی وت: دەڵێن باپیرە زۆر ناساغە، هەستە با بڕۆین بۆ دێ. ئەمیش حازربوو بە فیاتـە سـپییەکەی خاڵە حەسۆ بۆ»گەڵۆزی»ڕۆیشـتن. هێشـتاکە بایی چەنـد هەناسـەیەک لـە ماڵـی باپیرەیـدا نەحەوابوونـەوە، بەندوبـاو و ژاوەژاوی ئـەوە پەیـدا بـوو مەفرەزەیـەک لـە چەکدارەکانـی کەرتەکـەی «هەلـۆ قوتانیـی» هاتوونەتـە دێ. ئۆخژنێـک هەنـاوی باوەشـێن کـرد: ئۆخـەی ئیتـر پێویسـت بـەوە نـاکات ترسـی بازگـەکان بچێژم..هەرکـە لەگـەڵ مامەبرایمـی لـە دەرگاکـەوە دەرپـەڕی، تـا پەیوەندییـان پێـوە بکات و لەگەڵیان بڕوات، ئەوان ڕووبەڕووی هاتن و پەلکێشیان کرد. چـوون پێشـوەختە خەبەریـان پێگەیشـتبوو سـەربازێک لـە گوندەکەدایە

و دەبێ بیگرن. جگە لە مامەبرایم و خزمگەل و تەنانەت باوکی یەکێک لە چەکدارەکانیش، خەڵکێکی زۆر هەوڵیان دا وەکو دیل نەبرێ، وەلێ بڕیاردرابوو. کەوتە غایلە، دڵتوندانە بیری بۆ شتێکی سەیر چوو، وەکو ئەفسانە وابوو، بەڵام بەدەست خۆی نەبوو باوەڕی پێیهێنا، دڵیشی تا بڵێی توند بوو، وتی: من دڵی»ماریا»م شکاند، بۆیە پلانەکەم شکستی هێنا..ئاگرێک لە ناوەوەیدا زمانەی کێشا و کرووزەی هەناوی ئاوەزی داگرتەوە و نەیهێشت ئەرکی بیرکردنەوە لە شتێکی تر ببینێت. ئەو شەوە لە مزگەوتی پەرپووتی گوندێکی دووردا مانەوە. دوو قەدەداری ئەستوور لەمیان ساپیتە و زەوییەکەیدا قیت ببوونەوە. دارەڕاکان نیگاماندووەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، ڕوخساری سەدەکۆنەکانیان لێوە بەدی دەکرا. ئەو ڕوخسارانەی مەحاڵییان لێوە ئاڵێنرابوو هیچ نەدەبوایە کاژیش فرێبدەن! ڕووبەرەکەی درێژکۆڵە و لاکێشەوار بوو، کۆمەڵێک کتێبی بەرگ چەرمینی قاوەییئامال لەناو تاقێکدا تۆزوخۆڵی زەمانێکی سست و لەبیرکراویان بەسەر خۆدا دابوو و وێژینگی بێحاڵیی و تەوەزەلییان دەدا، بەوەدەچوو دەمێک ساڵ بێ دەستی کرانەوەیان پێ ڕا نەگەیشتبێ. سەر زەوییە ناتەختەکەی بە مافوور و جاجم و بەتانی کوون و کەلەبەراویی دێرینە داپۆشرابوو. هەرکە بە تالووکە و پەلەپەل نوێژی شێوان بەڕێخرا، خەڵکەکە ڕووگەیان وەرچەرخاند و بڵاوەیان لێکرد. تاک تاک و جووت جووت بە دووعا و نزای هەڵوەریووەوە دەچوونە دەرێ و بەبێئەوەی بیشزانن تۆمەتەکەی چییە دەیانگرتە بەر نیگا قێزبزوێن و گڵاوەکانیان. پاش ئەوەی بەتڵە قوڕقوشمییەکانی شەو بە گوژمی بێدارییەکی سست و تاقەتپڕووکێن

تێپەڕین، بۆ ئەنجامدانی ئاتاجە سروشتییەکانی سەردانییەکی پێشاوی مزگەوتەکەیان پێکرد. وەختێ هاتەوە ژووریێ مەحکەم و بەزەبر لە پشتەوە شەتەکیاندا و بە تۆپزیی لەسەر بەڕە خۆماڵییە ڕەنگپەڕیووەکەی پاڵ دیوارەکەی پشتەوە پاڵیان خست و بە پەتوویەکی زیواڵ زیواڵ دایانپۆشیی، دەق بە کەڤرە گرنج گرنجەکانی ژێر دەریا دەچوو. هەموو دەوروپشتەکەی خورابوو، ڕەنگەکەشی هێندە ئاوێتەی زەمانە و ڕەتاندنەوەی کێچ و ئەسپێ ببوو مێژوویەکی بێ ڕەهەندی بەدیاردەخست. دەبوایە تا سپێدە ئاوا بمێنێتەوە و دەستەمۆیی بە خەو ببەخشێت. غایلەکان شەمشەمەکوێرەی نێو تاریکایی وێڵگەکانی ئەندێشەی بوون و تاراندنیان هیچ کەڵکی نەدەگرت. شەو تەواوێ ڕاشکابوو ئەودەمەی دوو چەکدار وەژوور کەوتن و ڕاستیان کردەوە. هەر بە ڕاکێشان بەرەو دەرەوە دووریان خستەوە. ختوورەکانی دڵی زارێکی داپچڕاو بوون و دەیانویست پێی بڵێن: هەر ئێستا دەتکوژن، دەتکوژن و سەگەکانی ئاواییت پێ تێر دەکەن!! گەرچی ترس و تۆقین وێنەیەکی نەگۆڕیان پێدا، وێڕای ئەوەش دەنگێک بوو گوێڕایەڵیی بە سەبوورییەکەی دەبەخشیی و بە توندی ترپە ڕاکردووەکانی ئاوێتەی چەند هەناسەیەکی کەنەفت و شپرزە دەکرد. زیندەگی بووە فیلمێکی سوواوی پچڕپچڕ و لەودیو یادە هەزاربەهەزارەکەیەوە خۆی هاویشتە ئەمدیو کە پارسەنگی حاڵی حازر بوو. بردیان، دوورکەوتنەوە و گەیشتنە دامێنی یاڵەکەی پشت دێ کە لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا تارماییەکەی دەیڕوانییە نێو دۆڵە بێدواییەکە. لەوێندەر دووی تریش ماخۆلانی بێئۆقرەی داوەتێکی بەلەزەت تەنگی پێ هەڵچنیبوون. بە بێ هیچ سۆراخێک

ئەڵقەیـان بـە دەوروپشـتیدا کێشـا و وەکـو ئـەوەی لەنێـو فیلمانـدا ڕوودەدات، لەنێـو خۆیانـدا دابەشـیان کـرد، بێئامانانـە کەوتنـە وێـزەی، پاش قەدەرێـک ختمـی عەردەکـە بـوو لـە باوەشـیی بێهۆشـییدا ڕاکشـا. کـە سـەرلەبەیانی چـاوی کـردەوە، دەتگـۆ لەنێـو جێوبالینگـە شـڕۆڵەکە نەبزواوە، بـەڵام ئـازای گیانـی دەیزریکاند. پاش قاوەڵتـی، برایـە بـەردەم زەلامێکی قوتیلـەی بەنێو سـاڵدا چـوو، ئەگەرچی ڕەوتارێکی جیاوازیشـی لـە بەرخوردیـدا هەڵێنجـا و هەسـتی ئـەوەی لـەلادا خەملـی وەک بلێیـت دیل و تۆمەتبارێک لـە بەرامبەریدا نەبێت. کەچی ئـەم لـە ترسا شـەقڵی فانۆسـێکی گرتەخۆ، فانۆسـێک، ڕۆحی وەکو دووکەڵێکی چڕ دەیویسـت قـەف قـەف لێیـەوە هەڵبێـت. بـە پـێ ماڵینێـک، قرتەیەکـی بێهاوتـا لـە شـوێنێکییەوە هەڵسـا، بـەڵام چتـۆ قرتـە؟ مەگـەر هـەر ئـازار بتوانـێ گـوزارەی لێبکات! کـە ئـاوا ئەشـکەنجەی بـە دڵـی گەیاند، دڵـی دووجـار لەژێـر بـەری دەسـتەکانیدا وەکـو فتیلـەی فانۆسـەکە داکشـایە خـوارەوە و بڵێسـەکەی کزکـز هەڵگـەڕا، خەریکبـوو ئـاگای لەدنیـا ببڕێـت، سـیخورتمەی لـە دڵـی دەدا، وەک بڵێـی لەگـەڵ ئەندامێکـی تـەڕ و سـەرزیندەدا مامەڵـە نـەکات، بەڵکو بارسـتاییەکی بێجووڵـەی گیرکەوتووە و هێـزی خـۆی پـێ تاقیدەکاتـەوە. دوای هەنـدێ لێپێچینـەوەی بـە زەبروزەنـگ، گەڕانـەوە. چێشـتەنگاو بـوو، لەنـاو حەوشـەی مزگەوتەکـە دانیشـتبوون، گوێـی لـە دەنگێکـی دوور بـوو، بەحـاڵ ڕادێرانـی دەسـمی، کـە نزیکتـر کەوتـەوە، «هات!....»ێکـی بێسـنوور، وەکـو تـۆپ لەنـاو گوێچکەیـدا دەنگـی دایـەوە، بـە نەعرەکێشـانە دووروودرێژەکـەی تێکقـژان و هـەرا و زەنـای خەڵکـی گوندەکـەش زیاتـر زێـواری تەنییـەوە. قاوقیـژ و هاتوهاوارێکـی لـە تـرس و بیمـەوە سـەرچاوەگرتوو بـووە تەمێکـی

سام بەخشی ئاسمانی مرچومۆنی ئاواییەکە و سەرباری پێکدادانی خەڵکی پەشۆکاو و فڕکەفڕک و سەرلێشێوان و پێشێلکردنی یەکتری، هێشتایش ڕۆچنەی دەربازبوونیان لەبیرنەکردبوو. نەیزانی چۆن لەو دۆخەی لەبیرکردنی هەموو شتێک و هەر تەنها ڕزگارکردنی ڕۆحدا پەییان بە جەنگەڵ و قامیشەڵانە چڕ چڕە سەرگیراوەکەی ناو چەمەکەی خوار دێ برد و بە چاو ترووکانێکی مۆجیزەوار خۆیان تێدا حەشاردا و هەتا شاڵاو و پەلاماری فڕۆکەکان دوایی نەهات پەیدا نەبوونەوە. دەوروبەر سەرانسەر لە کشوماتییەکی ژیلەمۆیی گەوزا. چەکدارەکان هەر یەک و دووانێکیان چوونە ماڵێک، یان لە پەنای دیوار و لای پەسارێکدا خۆیان مات دا. دوو چەکداریش لەگەڵ ئەم لە حەساری مزگەوتەکەدا مانەوە و پەنایەکیان گرت. وەک پلێتی پۆلایینی سەر بیرێکی قووڵ بە تەختایی زەوییە ناڕێک و خراپ چیمەنتۆکراوەکەدا چەسپا. سەرەتا دۆشکەکانیان لێ وەکارخست و نێو دێیەکەیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە و کۆمەڵێک دەلاقەی وردودرشتیان لە ناو دیوارەکاندا کردەوە. ئینجا لە ڕادیۆ ترانزستۆرەکەی یەکێکیانەوە گوێی لێبوو لەگەڵ فڕۆکەوانەکاندا دەدوان و پێیان دەوتن: تەرکیز بکەنە سەر دۆڵەکە..دۆڵەکەتان لەبیرنەچێ؟ ئیتر چەند مووشەکێکیان شۆڕی ناو خوار ئاوایی کردەوە و یەکێکیان پەنجا مەترێک لەولای مزگەوتەکەوە دای بە عەرزەکەدا و زرموکوتی بێهاوتای تەقینەوەیەکی ناوازە هەموو شتێکی هەژاند و کشوماتییە ژیلەمۆییەکەیشی ڕیشەکێش کرد. دارو پەردوو، لادیوار، خۆڵ و خاشاک، کەستەک و بەردی قەبارە جیاواز بەوناوەدا دابارین و سەروپۆتەلاکیشیان لەو شاباشە بێبەریی نەبوو،

وەک ئـەوەی گۆڕەوشـار درابێت لـە خاکوخۆڵدا گـەوزا. مـەرگ لەنـاو هەسـتیدا ئامادەیـی پەیداکـرد، بـە بێئـەوەی کـەس گـوێ قـوڵاغ بێـت، گوتـی: ڕەنگـە تـا ئێسـتا دەسـتەویەخەی مـن نەبووبێتـەوە، بەڵام هەرگیـز لەژینگـە و ئاقارەکـە دوورنەکەوتووەتـەوە، سـەرباری ئـەوەی جاروبـار لێیشـم دوورکەوتووەتـەوە، کەچـی زوو زوو لـە ڕێگای زەفەربـردن بـە ئێترانـەوە ڕایهەژانـدووم. زوو زوو هێمـای دوور، یـان نزیکـی بـۆ کردووم وەک ئـەوەی بڵـێ: خاترجەمبە مـن نزیکم، زۆر نزیک! نزیکم و هیـچ پێـی نـاوێ گوللـەی لەبیربردنـەوە بـە یـادی خۆتـەوە بنێـی، چونکـە مـن هەرمـاوی هەمیشـەییم، مـن هەرمـاوی هەمیشـەییم..ئەوەت قـەت لەبیـر نەچێـت!.. ئیـدی تۆزێـک لەوێـوە دوورکەوتنـەوە و کێڵگـەی بنارەکـەی ئەودیـو چـووە ژێـر چەتـری بوومەلـەرزەی دابێژانـەوە و بـووە نیشـانە بـۆ دەسـتڕێژە ڕەمەکییەکانیـان. زریکـە و هاوارێکـی تیـژ بێدەنگیـی دامێنـی دێیەکـەی ڕاونـا و تـۆوی باوکەڕۆیەکـی شـوومی لـە دەشـتاییە کاکـی بـە کاکییەکـەدا چانـد. وەک ئـەوەی دڵـی لـە گرێژەنـەوە دەرکێشـرابێ کەوتـە سـەر کەلەکـە و لـە ئاسـمان ڕامـا. فڕۆکـەکان چەرخەیەکـی دیکەشـیان بەسـەر ماڵـە کشـوماتە کانـەوە لێدا کـە ئـەو ئانوسـاتەوەختە دەیانڕوانییـە نغرۆبوونێکـی هاتـوو. ئینجـا بـەرەو چەمەکـە کشـان و بەسـەر چڵـە تێکئاڵاو و لقوپۆپـە بەیەکاچـووە چڕەکانـدا دوو مووشـەکیان گلـۆر کـردەوە و زرمـە و ڕمبەڕمبێکـی بێچـوون پەردەکانـی بیسـتنیان خسـتە لەرەلەرێکـی بیمنـاک و بـە گـەرووی کوڕوکاڵ و ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانی ئەو نێوەندە کۆمەڵێک دەنـگ و قیـژەی دزێـوی بەخشـیی و دواجـار لـە حـەوادا بـوون بـە جووتـێ هەڵـۆی بەرزەفـڕی دوور و دووکەڵـی چـڕ و تەپوتـۆزی

هەڵچوویش وەکو گوڵێکی ڕەشی بێهاوتا خۆیان لە بەرۆکی ئاسمان دا. هێشتا نیوەڕۆ نەببوو گڕەگڕ و گرمە گرمە ناحەزەکان گۆڕیان گوم کرد، نیو کاژمێر زیاتری پێچوو ئینجا خەڵک زاتی ئەوەی کرد بە خۆیان و تازییەکانیانەوە، بە غەوغا و غەڵبە غەڵب و شین و واوەیلێ و لوورەلوور و شیوەنە تەڕەکانیانەوە جارێکی تر خۆیان بە دیدا بکەنەوە. دۆخی ئەم لە هینەکەی ئەوانیش هەڵبزڕکاوتر و شڵەقاوتر بوو، وێڕای ئەوەی دووچاری ئازار و بەدمەینەتییەکی ناوەکیی و پێوار هات، کە تەنها و تەنها ڕۆحە گۆشەپەرێز و نائومێدەکەی دەیزانی ناوی بۆ بدۆزێتەوە، کەچی پەروای ئەوەی لێ نیشتبوو زووخاوی ئەو بارە دۆزەخییە بەم برێژن! بەڵام خۆشبەحاڵی لە تاو بارە ناهەموارەکەی خۆیان ئەو دەمودەستە لە بیریان تەکیبووەوە. ئەو چرکەساتە پڕ وێرانیی و نغرۆییە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەر قەوارەیدا هێنا، گۆڕانکاریی هەمیشەیی، هەروەک ئەوەی ئەمە ئەو دنیایە نەبێت کە بەسەرییەوە هەڵدەسووڕا!

ئەو چەند ڕۆژەی لەلای مەفرەزەکەی»پۆڵا«ناوێکدا گلیان دایەوە، شەوانە بەر لە نووستن قۆڵبەستیان دەکرد و بە ڕۆژیش چەکدارێک دەبووە دارۆغە و دەبوایە هەتا قۆڵبەست دەکرێتەوە دفنی بە دفنییەوە بێت. ئەو بەیانییە فەرمانی خۆ تەیارکردن ڕاگەیەنرا و دوای چەند کاژمێرێک لەگەڵیاندا ئەزموونی بەرەو سەری سەرەوە ڕۆیشتنی پراوەکرد. ئەگەرچیش سەرێ زۆر شت و زۆر شوێنی دەگرتەوە، بەڵام ئەم دەیزانی کوێیە. هەر لە منداڵییشەوە ئەو سەرێیە لەناو جەرگەی ئەتمۆسفیرەکەیدا سەقامگیرببوو. هەر لەو وادەیەشەوە متوورفەی سڵ و سامێکی سەیر و ئۆخژنێکی نهێنییش ببوو. سەرێ،

سەرێ، سەرێ..ڕۆیشتن بەرەو سەرێ چی دەگەیەنێت؟ ئەم هەموو هەڵکشان و داکشانە بەردەوامە بێ دەرەنجامە چی دەگەیەنێت؟ هەر لە یەکەم ساتەکانی شەقڵگرتن و یەکەم ترووکەی گومانەوە فێری ئەوە بووە تێڕامانەکانی بەرهەڵدای ژیان بکات. ئەم هەڵکشانە نوێیەیش، ئیستەرەم داکشان چاوەڕوانی دەکات، چونکە دادپەروەریی شکنابات. هۆکاری ئەم تێڕامانەشی گرتنە بێ سۆنگەکەیەتی.

هەرچۆنێک بێت لە ڕۆیشتن زۆر فشاریان بۆی نەدەهێنا. چەند دێیەکی تریشیان بڕی. بەرە بەرە لە سەرێی جێ مەبەست نزیکتربوونەوە. لە دەمەدەمی زەردەپەڕی ڕۆژی سێیەمیندا گەیشتنە دێیەکی فرەواژو بەربەرین. بۆ لای بەرپرسێکی بە نێو تەمەن کەوتووی ڕوخسار گەشی ڕیش تاشراوی تابلێی تەڕپۆش بردیان، ئەویش دوای پچە پچێکی قورس و سەنگین فەرمانی دا هەواڵەی گرتووخانەی شۆڕش بکرێ. نیو بۆ سێچارەک سەعات لەوێوە دوور، بە سەختەلان و سەرەو کەندالییەکی تاقەتپڕووکێندا شۆڕبوونەوە و کۆمەڵێ پێچاوپێچی ڕکیان بڕی کە لەناو چەمە لێوانلێو لە هاژەهاژ و بە دارگوێز تەنراوەکاندا سەری گومڕای خۆیانیان وندەکرد و لە چەند خانووەگلێکی بەعاستەم دیاری قەدپاڵێکی بێڕادە عاسێدا شەقاوەکانیان خەفە دەکرد.

لەو باڵەخانەیە دوورکەوتەوە کە ماڵەکەی »ماریا«ی لێبوو. چەردە دروشمێکی ڕەنگالەی بەسەر دیوار و چەپەر و میان ستوونەکانی کارەبای سەر شەقامەکاندا بەدی کرد. بەیادی...بەیادی...بژێ...بژێ... بەیادی... ئەوەنە ساڵەی شۆڕشی...مۆتەکەی بێهوودەیی و پووچیی

هەمدیسان سواری کۆڵی بوونەوە. سەروبەندی کورپژگەیی وەکو هەندێ گرتەی فیلمێکی دووردودرێژ هاتە بەرچاوی، ئەو گاڤانەی سواری پاسە ڕیمەکان دەبوو قەڵەمەکەی دەردەهێنا و لەسەر کوشنی کورسییەکاندا بە دزی شوفێرەکەوە هەندێ شتی ڕنووس دەکرد، بەراووردی کردن و پێکەنی، یادگاریی... بەرواری...ئەییووب و ڕزگار و...ئەییووب و...پێکەنی و هاوکات سەخڵەتیی و نیگەرانیی دایگرت. هیچ جۆرە جیاوازییەکی لەنێوانی ئەو دروشمانە و نووسینی سەر کوشنەکاندا بەدی نەکرد! ناوادە کامڵ ببوو، بە قەوارەیەکی گۆڕاوەوە هاتبووەوە، بەڵام شتە کۆنەکانی پێش ئەم قۆناغەی هێشتا هەر لە فەزا کۆنەکەی شاردا لەنگەریان گرتبوو. مەودای ڕۆچوونی چاو و نیگای گەلێک لە هینی جارانیان بەرینتر و فرەواژتر ببوون، هەستی کرد تەنها خۆی و زەمەن لە پێشبڕکێدا بوونە و هەردووک گۆڕاون و هەورازتر هەڵکشاون، شوێن و جێگاوبانەکان وێنە و دیمەنەکانی ڕابردوویان هەروەک خۆی پاراستووە، تەنها چەند گەڕەکێک، چەند کۆڵانێکی قەلەندەرنشین نەبێت، کە هەنووکە بوونیان لەنێو شاردا چەشنی بەروبوومی درەخت چنراوەتەوە و چیدی بەدی ناکرێن، ئەویش بە بیانوو و سۆنگەی ئەوەی شەقام و جادەوبانی پانوپۆڕیان پشتێن ئاسایی بۆ ناو تەنگەی شار ڕایەڵ کردووە و بەسەر هێلانە شەپڕێو و هەمیشە لەقەکانی ئەواندا ڕەتبووە و هەمووانی پێ پەرتەوازە و تارومار بوونە. کسپەی دڵی گەواهیدەرێکی ڕاستگۆیە و ئاگرئاسا سۆزی دەبوژێنێتەوە. بە نیگایەکی گازاندەبارانە دەستەویەخەی ڕۆژگار دەبێتەوە، خەروارێک «بۆ؟»ناخی وەکو عەرزی بە دوومەلان ئاووس هەڵدەتۆقێنێت، بە ڕاشکاویی ناوێرێ دەست بۆ

بەرسـڤەکان بەرێـت، بەرسـڤەکان هێنـدەی دی دڵەڕاوکـە و نیگەرانیـی نـاوەوەی دەخرۆشـێنن. بـە خـۆی دەڵـێ: بەرسـڤەکان بەفەرامۆشـیی بسـپێرە، چونکـە ئەمـە سـەرزەمینی ناشـتنی پرسـیارەکانە!..لەوێوە زۆر دوور نەکەوتبـووەوە مەفرەزەیەکـی خاکیپۆشـی دیـت سـێبەری ترسـی بەمبەروبەوبـەری جادەکـەدا بڵاودەکردەوە. نەیزانی بۆچی سـەربازەکان لەبەر چاوەکانیدا بە مۆمی تـوواوەی پاش هەزارویـەک شـەوە دەچوون، هاتنـە وێـزەی، یەکێکیـان کـە ئاسـەوار، یـان کاریگەریـی وەنەوزێکـی بێشـەرم سکی چاوەکانی هەڵمسـاندبوو، وتـی: ناسـنامەکەت. کیتابەکـەی ئینزیباتخانـەی دایـە دەسـتی و..فەرموویەکـی لێکـرد و بـەردەوام بـووەوە لـە هەنگاونـان و بیـری بـە کاغـەزەوە لـکا: کاغـەز، کاغـەز ژیانمـان بەڕێـوە دەبـات، کاغەز..گوێـی لـە وەراوورددی خـۆی بـوو. بـەو شـوێنەدا تێپـەڕی کـە زۆرجـار منداڵـە کوژەکـە و چـاوەزار و مـازوو و نووشـتەی بـەرگ سـەوزی سـێ چمـک بـە شـان و سـەر بـەکڵاوە پارچـە پارچـە ڕەنگاوڕەنگـە پێکـەوە دووراوەکان، یـان سـەرقۆتەکانی بەردەرکـە کەونینەکانـی دەدیـت و مـەودای نێـوان ئـەوان و گەنـد و پاشـەڕۆ و چڵـک و پۆخـڵاوی پاڵدمـی شـەقامە پڕ قـۆرت و چاڵوچۆڵەکانـی ئـەو کۆڵانانـەی بـە تیژیـی و کاسـکەریی و تۆخیـی هـەوری بۆنـەکان دەپێـوا و نیـگای لەسـەر ئـەو مێش و مەگـەزە بێشـومارانە دەنیشـتەوە کـە لەسـەر تەنەکـە زبڵ و خاشـاکی کووچەکانـدا بـە گیزەگیـز دەنیشـتنەوە و هەڵدەفڕینـەوە. ئـەو کۆڵانانـەی بـە حەوتوویـش ئۆتۆمبێلـی زبڵبـەری شـارەوانیی نەیاندەبینیی و بـە ڕاگوزارییش بەسـەریاندا ڕانەدەبووردن، جگـە لـەوە چیـدی ئۆتۆمبێلـی دووکـەڵ مێشـیش سـەردەمانی زوویـش نەمابـوو کـە جاروبارئـەم نێوەندانـەی بەسـەردەکردەوە، بەسـەریان بکاتـەوە.

سـەرباری ئـەو بێبایەخییـەش بـەردەوام شـۆڤڵ دەهێنـرا و لانەکانیـان دەڕووخێنـراو، لانـەواز دەکران و دەتارێنـران. خـەم و کەسـەرێکی نـوێ و بەلەسـە وەکـو تەپودومـان لاپـاڵ و قـەدی دڵیـان تەنـی، پێیخۆشـبوو هـەر ئـەو ڕۆژە بـە وردیـی و دیقەتـەوە تـەواوی شـار تەیـی بـکات و بـە تێبینییـەوە لـە زێـوار و ژینگـە و هەمـوو شـتەکان ڕابمێنێت..بـەڵام دڵشـکاوانە هەنـگاوی هەڵنـا. لـە ئاڕاسـتەی قـەڵاوە هـات، سـەر پـردە داهێزراوەکـەی بـڕی، ئـەو پـردەی چەنـد سـاڵێک دوای لەدایکبوونـی ئـەم خوێنێکـی زۆری پێـدا ڕژابـوو برینەکانیـش سـاڕێژبوونەوەیان ڕەتدەکـردەوە. لەوێـوە بـە دەسـتە ڕاسـتدا لایـدا و بـە کۆڕنیشـدا ملـی ڕێـگا دوورودرێژەکـەی گـرت و ویسـتی وێنـەی سسـتیی و کۆڵیـی ئـەو شـەمەندەفەرە کەونارایـەی گۆچانـی دووکـەڵ و شمشـاڵی کەرخـی سـووتەکەی ببوونـە شـوانکارەی بێدەنگیـی شـارەکە و هەمیشـەیش چەشـنی ئەژدەرێکـی ئەفسـانەیی بێهاوتـا کۆمەڵـە سـەربازێکی سـاقۆ لەبـەری خەمـۆک و ڕەوەیـەک ولاخـی بـەرزەی لەنـاو سـکی خۆیـدا جێگیـر کردبـوو، بـۆ چەندیـن دەور و زەمـان سـووتی لێدابـوو، قـەف قـەف دووکەڵـی چڕیشـی وەبـا دابـوو، هەمـوو ڕۆژێکیـش چـوون خشـۆکێکی ئەفسـانەیی زلهێز و قەبـە و تێکسـمڕاو بـە هاتنـی باڵندەکانـی بێدەنگیی دەخسـتە دڵەڕاوکـە و بـۆ چەند چرکەسـاتێک شـاری وڕوکاس و سەراسـیمە دەکـرد و تێدەگـوزەری، ئـاوا ڕابووریـێت.

بـەلای ئوتێلـی سـەمیرئەمیس لایـدا و سـەڵڵانە سـەڵڵانە ڕووی کـردە شـەقام و بـازاڕ و دوکانـە ڕەنگامـە و سـینەما پـوورە هەنگئاسـاکان و قاوەخانـە و تـەلارە نایابـە بـە ڕووەک و لاولاو تەنـراوەکان و بـە

تینوێتییــەوە دەیڕوانییــە ورد و درشــت، چــاوی بــە هەمــوو هــەوراز و بەرزییەکـدا هەڵدەشـاخا، قاچەکانیشـی شـووژن بـوون و هەمـوو ڕێگاکانیـان پێکـەوە دەدووری..وێنـەی کەسـێکی نابەڵـەد و لایـدە نیگاکانی شـەهوەتی حەپەسـانیان چۆڕاندەوە، وەکو ئـەوەی شـتێکی بە نـرخ و گرانبەهـای لـێ ڕسـکابێ و لەبـری ئـەوەی کەوتبێتـە بەردەمـی، کەوتبێتە باڵەفڕە و بە ئاسـتەم لـە دوورایيەکی نهێنیئامێزەوە لێی دیار بێت. بـە نیازبـوو هـەروا بـە پیادە، هـەروا بەکاوەخـۆ چنگـی دەسـەڵات و قەڵەمـڕەوی خـۆی لـێ گیـر بـکات و پتـر پەیـی بـە بوونـی خـۆی بەرێـت. هەسـت بـەو کرمـە نـەرم و نیانـە داگیرسـاوەی خووسـە و کەسـەری قەڵبـەزە کردوویشـی بـکات کـە ناخـە بێکۆتاییەکـەی مانـای پێیاندەبەخشـیی. گاڤ ئیـدی لەدەسـتی بەلەسـە ببـوو، زۆریـش لـە ئـاوەڕۆی ڕۆخـی ئـەو شۆسـتانە بەرتەسـکتر و بێموبالاتتـر ببـووەوە. نەیزانـی چـۆن بـە تاسـە و نیـازی شـتەکان ڕابـگات، چیبـکات بـۆ ئـەوەی واتایـان هەبێت؟ ویسـتی لـە نـاوەوەی چوارچێـوەی زەمەنـدا، لـە فەزایەکـی پابەنـد بـەم کەشـوبایەدا گەلێـک شـت ئاوەژووبکاتـەوە و بـە یەکجارییـش هەسـتی تەنیایـی و بێدەرەتانیـی تووڕهەڵـدات. تەنیایـی گەمـارۆدراو بـە تەمومـژ و سەرماوسـۆڵە و تـەرزە و بـاران و گێـرە و کێشـە و گـڕە و گێژەڵووکـە بێسـەروبەرەکانی ئـەم ناوچـە و دیـارە. زۆرجـار گـەڕان و سەنگوسـووژ لـە شـەقام و کۆڵانـە پشـتگوێ خـراو و بازاڕۆچکـە میللییـە بۆدڕناوییـە پێشـێل کـراوەکان، هەروەکـو چـۆن دەرەلینگی پانتۆڵ و پێڵاوەکانیـان قوڕاوی دەکرد ڕۆحیشیان لە چڵپاو هەڵدەکێشـا. بێـڕادە پەسـت و قەڵـس هەڵدەگـەڕا، بێهـوودە هەناسـەکانی هەڵدەکێشـا و درێـژەی بـە هەڵکـردن دەدا! دوکان و هاموشـۆکەران و

ئـەو ئافرەتـە ڕازاوانـەی بـەدی کـرد کـە وەکـو لەیسـتۆکی جامخانـەی نێـو موغازەکانـی ئـەم شـوێن و بازاڕانـە خۆیـان دەردەخسـت. بێزاریـی و پەسـتییەکەی زیاتـر ئاوسـا. تەنیاتـر لـە کناچـە گـەروو بەئازارەکانـی زەردەپـەڕی ئاسـۆی ئێواران دنیای بچکۆلـەی شـاری تـەی کـرد و دەنگە کۆنەکانـی مـەراق و خۆخواردنـەوە هاتنـەوە زایەڵـە و..پـاش هەڵڕشـتنی کۆمەڵێـک هەنـگاو گەیشـتە لای مەیخانەکەی»هەزارویـەک شـەوە»و تاڕادەیـەک هێووربـووەوە. سـەرزەمانێک، ئەگـەر کەسـی ناسـیاوی بەرچـاو نەکەوتایـە، خـۆی بـە تەنیـا تیایـدا دادەنیشـت و سـەری بەسـەر ڕۆژنامەیـەک، یـان کتێبێکـی تـازەدا شـۆڕدەکردەوە، یـان بـە قووڵیـی گوێـی بـۆ سـترانێکی سۆزدارانەی»ئەسـتێرەی ڕۆژهەڵات»ڕادەدێـرا، سـترانێک بـەرەو قووڵایـی نـاخ سـەری هەڵدەگـرت، زۆرجاریـش یادێـک، یـان سـەدایەکی کـۆن دەبـووە هاودەمێکـی شـیرین و لـە کێڵگـەی مەخمووریـی و مڕییەکـی وەنەوشـەییدا دەیانچاند و قژی بژی بێوەرییەکەیـان هێنـدەی تـر دەئاڵۆزکانـد و شـادی دەبـووە تراویلکـە و هێـدی هێـدی لەبەرچـاوی ژان و کۆڤانەکانـدا دەیانڕەوانـدەوە. تێکـڕای شـتەکان لـە ڕۆحیـدا پەنگیـان دەخـواردەوە. ژیـان خەریکبـوو دەبـووە بارێکـی قورسـتری سـەرکۆڵی، ڕێـگای بەردەمیـش هەمیشـە دەینواڕییـە هەڵەمـووت و هەڵدێرێکـی هەزاربەهـەزار. بیـری هـەر لای ئـەو پرسـیارە بـوو: ئەگـەر تەنگـت پـێ هەڵچنـرا یـارای ئـەوەت هەیـە هێسترئاسـا شـان بدەیتـە بـەر ئـەو بـارە قورسـەی هـەردەم جمکـی چارەنووسـت بـووە؟ یاخـود هەمیشـە ئەلکـۆڵ، ئەلکۆڵـی بەگژدا دەکەیت؟ بـە ئەلکـۆڵ سـووکتری دەکەیتـەوە و بـۆ چەنـد کاژمێرێکیـش بووبێـت پشـت لـەو بێئومێدیـی و ترسـە ئەفسـانەییە دەکەیـت کـە ئەسـپی یـارات دەخەسـێنێ

و لـە حیلـە حیلـی دەخـات! درەنگانێکیـش، قاچـە بـە گـەڕەلاووژەی هەنـگاو تەنراوەکانـی جرجئاسـا ڕێـگای گەڕانەوەیـان دەکـرۆژت. تاریکیـی ڕێـگای گەڕانـەوەی لەکرژیـی و ماتەمبارییـەوە هەڵدەپێچـا. هەنـدێ بەپشـتی پەنجـە بێتینەکانـی دەرگاکـەی دەهێنایـە دەنـگ، ئینجـا ڕایدەوەشـاند و جیڕەجیڕێکـی درێـژ ددانیـان ئـاڵ دەکـرد، چاوەڕوانیـی بێهـوودە بـوو، خـۆی هەڵدەدایـە سـەر محاجـەرەی پەرژینەکـە و پیایـدا هەڵدەگـژا، بـەڵام پیرێژنـە کەزییـە سـپییە ڕوخسـار ژاکاوەکـە سـیرەی لـە دەرگاکـەی نـاوەوە هەڵدەسـتاند و بـە خەواڵووییەکـی تەوەزەلـەوە جەسـتە سـاڵخواردووەکەی دەهێنایـە پێـش و لێنەدەگـەڕا خـۆی باوێتـە نـاو حەوشـەکە، سـورگییەکەی دەخسـتە سیڕەسـیڕ و ژێـر باڵـی دەگـرت و دەیبـردە ژوورەوە. وێنـەی شـەوە بەسـەرچووەکانی پێشـتر، دەمـە بێدانەکانـی دەبەشـییەوە و تەشـییەکی بێهـوودەی چەقاوەسـوویەتی بـۆ دەڕێسـا. هەمبـەر بـە وڕێنـە و واتـە واتەکانـی ئـەو پتـر بـە بتێکـی چوارمێخـە کێشـراو دەچـوو، دەیڕێسـا و دەیڕێسـا، ناچـار لـە ئاکامـدا دەیـوت: ئـەرێ ڕۆڵـە تـۆ ژیانـی خـۆت دۆزیووەتـەوە؟..زۆری تـری دەڕێسـا و بایەخـی پێیـان نـەدەدا، تەنهـا ئـەوەی بـە خـۆی دەوت: ژیـان ئەگـەر بدۆزرابایەتـەوە بەهادارتـر دەبوو...کـە دەچـووە ژوورێ، شـەمێران لـە حـەوت خـەودا بـوو. سـەرەنگرێیەکی بۆ لـە بۆسـەدا دەبوو، دەیبوارد، سـەرەنگرێکە دووبـارە دەبـووەوە و بـە پاڵپشـتی خـۆی دەیبـردە نـاوەوە و لـە ژوورە ڕۆشـنەکە دایدەنیشـاند. جلەکانـی بـۆ دەهێنـا و لێفەکەشـی لەسـەر قەرەوێڵەکـە بـۆ هەڵدەدایـەوە، کـە دەچـووە نێـو وەتاغەکـەوە بـە بایەخـەوە دایدەپۆشـیی و ئینجـا گڵۆپەکـەی دەکوژانـدەوە. وەکـو خووخـدەی گشـت شـەوەکانی تـری بەرلـەوەی جێـی بهێڵێـت دەیـوت:

خۆزگـە بمزانیبایـە بـۆ وا لـە ڕۆحـی خـۆت دەکەیـت!؟ لـە عاسـت پرسـیارە نەزۆکەکەیـدا بـێ ورتـە دەمایـەوە. ئیتـر چـاوەدووی ئـەوە دەبـوو لەناوجەرگـەی ئـەو جەوقووتـەدا خەونەکانـی بخەملێـن، بۆیـە بێدەنگییـە بـە هەناسـە پەپکەخواردووەکـەی پاگـۆی هەربـووی ئـەو بـوو دنیاکـەی لـە جاڕوجەنجاڵییەکانی ژیـان تاریکتـر هەڵدەگێڕا و چاوەکانـی قەپـات دەدا.

ئەودەمـەی دەرگاکە کرایـەوە هێند نەدەبوو فراوینیـان کردبوو، »بلـەی فەرەج«بـە سـەرە لۆبیەئاسـا بچکۆلەکەیـەوە کەوتـە نێو کەوشـکەنەکە و بـە دەنگـە تیـژ و زیقنەکـەی تێـی خوڕیـن: دەی بـەرەو ئیـش بکەونەخـۆ، دەسـتوبرد وا چێشـتەنگاوە..هەرچەندە فەرمـان درابـوو ئـەم بـۆ ئیـش نەبرێت، کەچی کـۆک و تۆکمـە خـۆی ئامادە کرد و لەگەڵیاندا پێی هەڵنایە ئەودیـو سـێڤدەری ژوورەکـە. لـە دەرێ وەسـتان، دوو جحێڵـی سـیما خەمگیـن و کز هەڵگـەڕاو هاتبـوون لەگـەڵ خۆیانـدا بیانبـەن. حەوجەیـان بـە چەنـد ڕۆژێـک هاریـکاری هەبـوو، یەکێکیـان سـەرنجی ئەمـی ڕفانـد و بەوردیـی کەوتـە تێڕامانـی. لـەو سەروسـیمایانە دەچـوو مـرۆڤ بـە یەکـەم دیتـن هەسـتی بـە ئاشـنایەتییەکی دێرزەمانانەیانـی دەکـرد. لـە تەوقـی سـەرەوە هەتـا پاژنـەی پـێ تێـی ڕامـا. جووتـێ پێڵاوی لاسـتیکی ڕەش لە پێی و دەسـتێ جلی نیوداشـتیش ئێسقانبەندەکەیان دادەپۆشـیی. سـاقۆیەکی دێـزی کۆنەسـاڵ بەسـەر ئەندامەکانـی باڵا مامناوەنجییەکەیـدا هاتبـووە خـوارێ و بـێ چرپـە و هەسـتیار لێیانـی دەڕوانـی. هەرچەنـدە سـیی سـاڵ نەببـوو، کەچـی وێدەچـوو زەمانـە جەزرەبـەی کوشـندەی لێوەشـاندبێ، چونکـە خـەم و کەسـەری زسـتانگەلێکی قیرسـچمە

قژیـان ماشـوبرنج هەڵگەڕاندبـوو. تفەنگێکـی ڕووت، وێنـەی لقەدارێکـی زڕ باوەشـی بـە شـانیدا کردبـوو، بەڵگەنەویسـت بـوو، بـەو شـێوە هەڵگرتنەیـدا دیـار بـوو قورسـایی هەمـوو بەدبەختیی و کەساسـییەکانی دنیـای لەکۆڵ ناوە. دوای چەنـد چرکەسـاتێک کەوتنە میان ئەو و ئاواڵـە مـرچ و مۆنـە بێتاقەتەکـەی و هەنـگاوی گورجـی ڕووە و کاریـان هەڵنـا. ئـەو چەنـد وشـە مەنـدەی لەژێـر سـمێڵە پـڕە مەیلـە و ڕەشـەکەیەوە لەبەردەرگاکـەدا کـردی گلاراویـان خسـتە گیانـی ئەمـەوە و بەدرێژایـی ڕێگا بـەردەڵان و بـە ئـاوی بـاران تەڕەکـە، لەتـای تـەرازووی ناوەوەیـدا هەڵیسـەنگاندن و لـە تـۆن و شـێوەی دووان و خەسـڵەتی وشـەکانیدا خـەم و خەفەتێکـی بەرپێـواری هەڵێنجـا و بـە حەژمەتـەوە چـاوەڕێ بـوو زوو بگەنـە جـێ و بوارێکـی بـۆ بڕەخسـێ تـا زیاتـر گـوێ لـە دەمـودووی بگرێـت. پەیتـا پەیتـا هەنگاوەکانـی ڕوو لـە بڕینـی مـەودای پتـر و پتـر بـوون. زۆر دوور نەبـوو، ئیشـەکە لـە بارەگاکەیـان بـوو، چەکەکـەی لـە شـان کـردەوە و مەخزەنەکـەی دەرهێنـا و بێدەربەسـت لـە قوژبنێکـدا هەڵیپەسـارد. بـە دێـم و ڕوویەکـی ئـاوەڵا و زەردەخەنەیەکـی خۆڵەمێشـیی بەحـاڵ بینـراوەوە بـەرەو ڕوویـان هـات و وێـڕای ئـەوەی نیگا تفتوتاڵەکانـی ڕوویـان لـە بۆشـاییەکی دوور بـوو، گوتـی: هـەر چەنـد سـەعاتێک شـانوقۆڵ دەکوتیـن، پاشـانیش نیوەڕۆژەیەکـی دەروێشـانە ئامـادە دەکەین..هـەر هەمـوو بێدەنـگ تێیـان ڕوانـی. هـەر یەکـە و لەئاسـتی خۆیـەوە بـە شـەقڵێک سـەری بـۆ بزوانـد و چوونـە وێـزەی ئـەو کارەی نیشـانی دان، کـە ئەویـش لێدانـی بناغـەی دوو ژووری نیمچـە بـوو. بـە دەسـتوبردێکی سـەیرەوە سـەرقاڵی ئـەوە بـوون بـە ڕەنـج و هەناسـەکانیان زەمـان بدەنـە دواوە و بەڕێیخـەن. نـەک هـەر ئـەم، بگرە

ئەوانــی دیکەیــش نەختێــک حەپەســان و سەراســیمەیی ڕوخســاریانی ســمی بــوو. نزیکــەی چــوار مانــگ بــوو ئەوەنــدەی چبوونــە ســەرکار و ئــاگاداری هەڵســوکەوتی چەکدارەکانــی تــر بــوون، ئەمــە بــۆ ئــەوان شــتێکی جیــاواز بــوو، هەســتیان بــەوە نەکــرد زیندانیــی بــن، بەڕاســتیی وەکــو پەرجوویەکــی جــوان هاتــە بەرچــاوی. چــۆن ئــەو کاژمێرانــە بــەو نیوەڕۆیــە باڵیــان گرتبــوو؟ ئەفســوونێکی بێغەلوغــەش بــوو. لــە چاپەســتە قەترانییــە گەورەکەیــدا چایەکــی پڕڕەنگــی بەهێلــی دەمــدا و نانــی تیریــی تەڕکــرد و هەندێــک گوێــزی لەژێــر دارگوێــزە کەڵەگەتەکانــدا کۆکردبــووە، زۆربــەی کاکڵــەکان زێڕئامــاڵ بــوون. ئــەم یەکەمیــن جــار بــوو لــەو چەنــد مانگــەدا خــۆی ئاســاییانە دەبینیــی و هەســتی زیندانیــی بوونــی لــێ دادەماڵــرا. بــە بــێ دیــوار و بەربەســت و یاســاوڵ، بــە بــێ تفەنگــی ســێرەگرتوو و مــۆرە و تێخوڕیــن، کەوتنــە دووان.. پێیوابــوو ئــەوە یەکەمجارە لــە عومراتیدا بــە قووڵیی هەست بکات ئەگــەر زمــان تــەواوی هەســتە مرۆییــە هاوبەشــەکانی لەگەڵــدا بێــت هەرگیــز بەدحاڵیبــوون و تەگــەرە و گرفت نانێتــەوە. لێرە، لــە گەرمــەی تێفکرییــن و بیرکردنەوەیدا «بەهزاد»هاتــە قســە: ئەوکاتــە لــە ژیانــدا قەیــران دروســت دەبــێ کــە بیرکردنەوەیەکــی مرۆییانــە بەســەر پەیوەندییەکانــدا زاڵ نەبێت..یانــی مــرۆڤ خــۆی ســەرچاوەی قەیرانەکانێتــی و دەیانهێنێتــە کایــەوە!

ڕۆژ ســایلی باڵندەیەکــی ســرک بەرهەڵــدای دنیــای نەگەڕانــەوە دەبــوو، کاتیــش خێڵێکــی کۆچەریــی بــوو، قەتاوقــەت لــە شــوێنێکدا ســەقامی نەدەگرت و زوو زوو بارگەی تێکدەنا. ئێوارانێک کە دەگەڕانــەوە، پێی لــە تاشــێک هەڵەنگوت و بەســەر»مونعیم بەغــدادی»دا داڕمــا. ئەگــەر وێنــەی

کۆڵەکەیـەک نەیگرتبایـە ئـەوا تاکـو نـاو چەمـە قووڵەکـە خلۆردەبـووەوە و لەوانەبـوو جێیەکـی بشـکایە و ئەزیەتێکـی زۆریشـی پـێ بگەیشـتبایە. ڕەنگـی تۆخـی شـەرمەزاریی لێنیشـت و چاوێکـی بـوردن خـوازی بـە بـەژن و باڵای»بەهـزاد«دا گێـڕا، وەکـو ئـەوەی بـە بۆنـەی خەتایەکـەوە سـەرکۆنە کرابـێ سـەری نـەوی کـردەوە، ئەویـش بۆ ئـەوەی پردێـک بۆ سـەر کەنداوی بەرینی نێوانی لەگەڵ ئەمدا ڕایەڵ بکات وتی: لەسـەرخۆ بـڕۆ، پەلـەی نـاوێ بـرا ئـاوا زوو غەریبیـی دیـوی نـاوەوەی دیـوارەکان دەکەیت؟..ئەوەیـش دنـەی ئەمـی دا بڵـێ: چیبکـەم ڕەوتـم بیرچۆتـەوە!.. چەنـد ڕۆژێـک دواتـر، بەسەرسـووڕمانەوە ڕووی تێکـرد و درێـژەی بـە هەمـان کەینوبەیـن دا و وتـی: بمبەخشـە، تـۆ بـە بـەراوورد بەوانـی تـر زۆر جیاوازیـی. وێدەچـوو بـە چاکـی لـە مەبەسـتی حاڵـی بووبێـت، بۆیـە کاڵایەکـی سـادەی بـە بـاڵای سەرسـووڕمانەکەی ئـەم بـڕی و شـەکەتانە وتـی: هیـچ جیاوازییـەک لـە خۆمـدا شـکنابەم، تەنهـا ئـەوە نەبـێ مـن دەزانـم مـرۆڤ دەتوانـێ بەکردەوەکانـی، خـۆی جـوان، یـان ناشـیرین بـکات و منیـش لەبەرئـەوەی خۆمـم زۆر خۆشـدەوێت هەمیشـە بـۆ جوانتربـوون هەوڵـی خـۆم بەگەڕدەخـەم. دەیشـزانم دەبـێ بـەر لەهـەر شـتێک لـە نـاوەوەی خۆمانـدا بـۆ جوانیـی بگەڕێین..یـان جوانتـری بکەیـن، چونکـە شـێوە قاڵبـە و گۆڕینـی مەحاڵە..ئیـدی خولیایەکـی قووڵتـر هانـی دا بڵێـت: مەبەسـتمە بڵێـم ئاخاوتنـت، هەڵسـوکەوتت، تەنیاییـت، بەڵـێ تەنیاییەکـەت زۆر دیـارە!.. سـاتۆکەیەکی پێچـوو ئینجـا بـە هەسـتەوەرییەوە وەڵامـی دایـەوە: حاڵـی دەبـم، ڕەنگـە لەبـەر ئـەوە بێـت قسـەی بـێ کـرۆک لـە فەرهەنگەکـەی منـدا جێگای نابێتـەوە، هـەر لـە منداڵییشـەوە بـۆ هەڵپەڕکـێ و ڕەشـبەڵەک ڕانەهێنـراوم. دوای کەتەلـۆگ و مۆدەیـش ناکـەوم، بـێ خۆنوانـدن و

لافوگـەزاف لیـدان پیـم خۆشـە ئەرکـی خـۆم ڕاپەڕێنـم و قەڵاندۆشـکانی ویژدانیشـم بـە سـووکیی و ئاسـوودەیی بسـپێرم...بەمە ئامێـزی دڵـی بەیەکجاریـی بـۆی ئـاوەڵا بـووەوە و وەک دۆسـتێکی بەهـادار، وەکـو ئەییوبی کوێخا حیکمەت هاتـە بەرچاوی، کە لـە ڕۆح و گیانیدا سەقامی هەمیشـەیی گرتـووە و مەحاڵـە دەسـتبەرداری بێت. ئینجا بەرلـەوەی بـە ڕێگاکـەی لای خـوارەوەی بـارەگای گرتووخانەکـەدا هەڵکشـێن، ڕایگرتـن و وتـی: دڵتـان بـە چییەوەیـە سـبەینێ بۆتانـی حـازر بکەم؟..کەسـیان ورتـەی لـەزارەوە نەهـات. ئـەم دەیزانـی بـاری گیرفانـی ئـەو سـووکە، چونکـە ڕۆژی پێشـووتر پەلکێشـی کردبـووە سـیلەی چەپـی بارەگاکـە و بـە زۆر پێنـج دینـاری لـە کۆمەکـی مانگانەکـەی خـۆی پێدابـوو. ئیتـر چۆن دەبوو بۆ خۆراکی گرانبەها ڕاییبسپێرن! بەوە نەدەچوو تەلیسمی بێدەنگییەکەیـان بشـکێت. بۆیـە تەنگـی پێهەڵچنیـن و ئەمیـش وتـی: هیـچ پێویسـت نـاکات ئەزیـەت بکێشـی..دەم بە پێکەنینـەوە وتـی: دەزانـم شـەرم دەکـەی، قەینـاکا، سبەینێ..قسـەکەی تەواونەکـرد و چـاوی بـە ڕوخسـاری تەپوتـۆزاوی هەموویانـدا گێـڕا، ئینجـا میهرەبانانـە تەماشـایەکی مونعیمـی کرد و هەرکـە ڕوانینەکانیانی خوێندەوە، وەک ئـەوەی مەتەڵێکی هەڵهێنابێ سـەرێکی ڕەزامەندانـەی ڕاوەشـاند و بزەیەکـی پەژمـوردە کەوتـە سـەر لێوە بەخـەم ئاوەڵاکانـی، وەک ئـەوەی ڕوانینەکانیـان پێـی بڵێـن: حەزمـان لـەو قتـووە گۆشـتە سـەرەمانگا لەسـەرەیە بـە پیـاز و نانـی تیرییـەوە.. هەرکـە نیگاکانـی تێگەیشـتنێکیان ئاشـکرا کـرد ڕووی وەرگێـڕا و کۆسـپەی دەرگا جیڕووڕاوییەکـە بـوو بـە داڵـدەی هەنـگاوە مانـدووەکان و تاریکیـی شـەویش هەمـوو جموجووڵەکانـی تاسـاند و هێـدی هێـدی ئابڵۆوقـەی هەناسـەکانی دان و بوونیانـی هەڵلووشـییە نـاو بۆتـەی خـەوەوە.

ئەو ناخە داهێزراو و بارگرانە هێندەی تر شۆڕی کردەوە. لەوێوە، بەلای کتێبخانەی گشتییدا، گەڕایەوە سەر جادەی کۆڕنیش و لاچاوێکی گرتە قوتابخانەکەی جارانی و هێدی هێدی سەرەوژوور بووەوە و پشووسوارانە گەیشتە ئەو پردە بچکۆلەیەی ئاسنەڕێ دێرینەکەی شاری لە سایە نووتەک و شێدارەکەی خۆیەوە گوزەراندووە و شەمەنەفەرە ڕەشداگەڕاوە سەرسەوزەکەی شار بەژێریدا گوزەراوە. بە بێ ئەوەی وەکو جارانی زوویش تەماشای ماڵی قازی بکات شۆڕتربووەوە، هێزێکی ڕمۆک هەڵیپێچا بۆ ئەوەی دیسان لەگەڵ شتەکاندا خۆی ئاشنا بکاتەوە. بەرلەوەی بگاتە گۆڕستانی سەر تەپۆڵکە وشک و برینگەکە، گۆلاوێک سەرنجی ڕاکێشا. ماوەیەک لەگەڵ نەرمە سەمای وەک کرۆشمەی بڗی ئەسپی شەپۆلێکی سەر ڕووی ئاوەکە پەنگی خواردەوە، نەیتوانیێ بشنێتەوە و ناچار ڕابوورد. دنیای ڕۆژ ڕووی لە ڕەنگێکی تر بوو و هەوایش ڕەنگی بیلبیلەکانی دڕندەیەکی دەقۆزتەوە. گەیشتە گۆڕخانە شاش و نارێکە پەرشوبڵاوەکە و ساکان وێستێکی پێگرت. دەتوت بووەتە خشۆکێکی زەبەلاحی سەرزیندە، گردۆڵکە و زوورگی پاڵ ئاسنەڕێکەشی تێپەڕاندبوو چبووە خواری خوارەوە. ویستی بپرسێ: کوێڕا ئاوەها ئاوەدان کراوەتەوە؟ بەڵام لە بریی ئەوە بە خۆی وت: ئێمە بەس قەبرسانەکانمان ئاوەدان دەکرێنەوە!.. تاسێک بردییەوە، ئەو تولەڕێیەی ئێستا پیایدا تێدەگوزەرا، ئەوسا لە دەرەوەی گۆڕخانەکەوە سەرەولێژدەبووەوە، کەچی هەنووکە خۆی بە مەعبێنی گۆڕەکاندا کردبوو و لە نێوانیاندا وێنەی ڕەشمارێکی درێژ خوارببۆوە و کێلەکانی بۆ خۆی کردبوو بە داڵدە. لە جاران تەنیاتر پەیی بە خۆی برد، لەوانەی ئەودیو خاکوخۆڵەکە تێفکریی،

کەڵکەڵـەی ڕاوەشـاند، بیری لـەوە کردەوە ئاخۆ لـە خۆی جیابووەتـەوە! چونکـە پێیوابـوو تەنها کاتێ لـە خـۆی جیادەبێتـەوە، تەنیایـی زەفـەری پێدەبـات و بێهـوودە، بێهـوودە گەورەبوونـی گۆڕسـتانەکان دەبینـێ. هـەر لەوێـوە سـەرنجێکی خێـرا و بـە تالووکـەی دیـوی نـاوەوەی شـەقامی خــوار گۆڕســتانەکەی دا کــە قوتابخانــە ســەرەتاییەکەی شــەمێرانی لێبـوو، تاپۆیـەک، یـان دوو تاپـۆی لێـک نزیـک سـایلی قـولاپ ماسـیی نیگاکانیـان بەرزەفـت کـرد، هەسـتی بـەوە کـرد لـە گەرمـەی دەمەقاڵـە و مشـتومڕێکی شـێلگیردان، لـە ئیشـارەت و جووڵانـەوەی دەسـتەکان تووڕەییەکـی خوێنـدەوە و..حاڵـی نەبـوو، پێـی وابـوو زێوانێکـە، لەگـەڵ مـردوو خێوێـک، یانیش ڕەنگـە لەگـەڵ تارمایـی مردووییەکدا کەوتووەتـە کێشـمەکێش. مەراقێکی لاپڕەسـەنانە پێـی پـێ هەڵگـرت، پێـی ئەغـز بـوو بوونـی ئـەم شـپرزەبەخش و ترازێنـەر بێـت. ئـەو مەراقـەی خولیایەکـی بێئامـان بـوو وەکـو منداڵێکـی وڕکنـی لێکـرد و دەیویسـت مەتەڵئاسـا شـیکاریان بکاتـەوە. خـۆی گەیانـدە دیـواری سـەنگچنی قوتابخانەکـە و خشــە و خشــپەی لــە پێیــە ماندووەکانــی بــڕی، کــە گوێــی بــە دوو دەنگـی جیـاواز سـیخناخ بـوو، هەسـتێکی کاتییانـەی پـڕ لـە خەجاڵەتیـی ســەراپەردەی تەنــی، چونکــە ڕاســتیی بــە قســەی ســەرزاری خەڵکــی بەخشـیی و بـووە گوێچکـەی نـاو دیـوارە نیمچـە لارەکـە. هەوسـاری هەنگاوەکانــی تونــد بەرزەفــت کــرد، بــەڵام جڵــەوی لاپڕەســەنییەکەی ڕەهــا هێشــتەوە. گوێچکەکانــی وێنــەی پەڕەشــووت لەنێــو ئاســمانی ئـەو ڕاز و گفتوگـۆ نەزۆکـەدا بڵاوبـووەوە. جێگاکـەی گـۆڕی، ڕەنگـی ســەرەتای ئێــوارە حەشــاری دابــوو و چــاک نەدەبینــرا. وەلــێ چاکتــر بەرجەسـتەی تارماییەکـەی کـرد، لەڕاسـتییدا جووتێـک تارمایـی دەبینـێ،

جووتێک تارمایی و ژووانی ناو کۆمەڵێک کێل کەوتبوونە گەرمەی ڕەتکردنەوەی ویستەکانی یەکدی:

«تۆ بۆ لادێکانت پێ خۆش نییە؟ ئەی باوباپیرانمان لەوێوە نەهاتوون؟ تۆ خۆت پێت وتم هێشتایش زۆربەی خزمەکانت لە دێ ماونەتەوە و نەهاتوونەتە ئێرە. جگە لەوە تۆ هەمیشە نەتدەوت خۆشەویستیی بە شوێن و جێگاوە پابەند نییە و زەمەنبەدەرە و ئێستایش دان بەو شتانەدا نانێیت؟!»

«من بەوێ قایل نیم. ژیانی ئەوێشم بە دڵ نییە. کە خۆشەویستییش گرەو لە جێگا و وەخت دەباتەوە و پێیانەوە پابەند نییە ئەی بۆ تۆ دەست لەوێ هەڵناگریت؟ پێم بڵێ ساڵگارێکی دوور و درێژە ئەو بەزم و ڕەزمە لە ئارادایە، کێ بەروبوومەکەی بینیووە و لە سایەیدا ئاهێکی خۆشنوودی بە بەردا هاتووە؟»

«من گومانم لە خۆشەویستییت هەیە، تۆ خۆشەویستییت نەزانیووە و ئەوەیش نازانیت کە بەدەر لە جێوکات و تەنها لەسەر گۆڕەپانی ڕۆحدا دەگەشێتەوە و لە سەرووی گشت پێودانگەکانیشەوە دەوەستێت. من بوونم کردوومی بە خودانی خۆشەویستییەکی گەورەتر، کە تۆ بەشێکی لێی. من لەناو ئەم جوگرافیایە هەڵمبژاردوویت، تکایە ببەرە بەشێکی گرنگ لێی. ڕاستە ئێستا بە وشەیش ناتوانم بڵێم دەستبەردارت دەبم، چونکە دەشێ نەمتوانیبێ لە کیشوەری سۆزدارییەکەی خۆمدا جێگایەکی گەورەترت پێبدەم، بەڵام! بەڵام ئاخر ئەم جوگرافیایە کانیاوی ئێمەیە، کێ کانیاوێک پیس و لێخن دەکات کە سەرچاوەی ژیانی بێت؟»

«جوگرافیای چی و کانیاوی چی؟ لەم پەند و بیرۆکە بێئاکامانە

گەڕێ، تۆ ئەمساڵ پەیمانگات تەواوکرد، پەیوەندی بە سوپاوە بکە بۆ ئەوەی ژیان و بارودۆخت مسۆگەر بێت و نەبیتە سووتوو، تکایە کوڕی چارەنووسێکی نادیار مەبە.»

«ئەم ویستەی تۆ بۆ من مەحاڵە. من چۆن ئەوە جێبەجێ دەکەم؟ ئەگەر ئەوە بکەم ژیانم هەرگیز ئاسوودە نابێ و سەری خۆشنوودییش نانێمە سەر ئەم خاکەی لە خۆیشم بۆم لەپێشترە.»

«کەواتە لێرە بەدواوە دوڕیانێکمان لە پێشە، تۆ یەکێکی هەڵبژێرە و منیش ئەوی تر.»

«مخابن کە ئەمە دەبێتە دواخاڵی ئەم لاپەڕەیەمان و لاپەڕەیەکی تریش پێکەوە دەست پێناکەین..کەوایە تاقە یەک تکام لێت هەیە.»

«تکای چی؟»

«مادامەکێ ڕێگاکانمان پەرەلێلن و بە یەک ناگەنەوە، وێنە و نامە و یادگارییەکانم بۆ بگێڕەوە، یان بەڵێنی ئەوەم بدەرێ کە دەیانسووتێنی!»

دیاربوو شتێک ڕێگای نەدەدا ماڵئاوایی بکات. بەڵام ئاکام دەرکەوت ئەو وشە بەدئەمەکە خەنجەرێکە برینەکەی  بە ئامان و زەمان سارێژ نابێتەوە و ئازار دەکاتە پۆیلانەی هەمیشەیی دەمە داپچڕاوە خوێن دەڵێنەکەی. ئیتر بە ئەوک و گەروویەکی گیراو و هەنیسکاوییەوە پێی وت:

«دەیانسووتێنم. بەڵام بیرت نەچێ تۆ بەرد لەسینەتدایە بەرد!»

«دەزانم مەبەستت چییە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، ئەوە من نیم ڕێگایەک دەکەم بە دوڕیان، ئەوە من نیم خاڵی کۆتایی دادەنێم.»

«ئەی کەوایە بۆ ئازاری من نابینیی؟»

بێدەنگییەک زارەکانی لە کلیلە برد. کچەکە، لە حەیفاندا خەریکبوو سینەی هەڵدەزڕا و گیانی دەسپارد، چنگ لەسەرشان لە قولێنچکی دیواری سەر شەقامەکەوە پێچی کردەوە و یەکەوڕاست بە ڕووی ئەمدا هەڵزەقییەوە. ئەمیش هیچ خۆی بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوە کتوپڕە ئامادە نەکردبوو، ڕاچەنی، شەرمێکی سەیر ئارەقەی بچووکیی پێ دەردا. لە سۆنگەی ئەم فزوڵە نەنگینەوە خۆزگەیەکی ڕاستەقینەی بە ڕەوینەوە خواست. ئازای گیانی لەو کزەبایەی ئەودەمە هەڵیکردبوو، بوو بە چەند پەڵە هەورێکی داهێزراو، بەڵام یەکیان نەگرت تاکو دەست لە بارین گیر بکات و بڕبڕ لە زەویدا ونبێت. ئەو، چۆن ژووانێک لەوێ ئامادەی کردبوو، هەر ئاوایش ژووانێکی لەبارچوو ڕەواندییەوە. هەستەکانی ئەمیش لە گوناهێکی دۆزەخییانەوە گەوزا و ملی دایەوە دەم شۆڕبوونەوەیەکی لەزگین تا لەو دیمەنە بێتەدەرێ. هەندێک خوارتر بووەوە، سێ کیژۆڵەی خشپیلە لە گەرمەی مشتومڕدا بوون، پێنج بەردێن بکەن، یان خانەخانە! بە تەنیشتیاندا ڕابورد و قەوغا و هەڵلایەک بوو بە ئەڵقەڕێزی گوێچکەکانی. نەخێر، ئەوە دەنگێک بوو لە ئەنگێورانی دەهۆڵێکەوە بەرجەستە دەبوو. زەلامێک بە تەنیشتیدا ڕەتبوو، خەریکبوو سۆراخی سەروسەداکە لەو بکات، کەچی زاتی نەجوولا و بەرەو دەنگەکە بەکێش چوو. بۆچی لەنێو ئەو هەموو هەراوهوریا و ئاپۆرەیەدا ڕاستەوخۆ چاوی بۆ سەروسەکوتی»عەلی حەمامچی»گێڕا؟»عەلی حەمامچی»ماوەیەک بوو کەس سۆراخی نەدەزانی، سەیرە ئەو کابرا کورتەڵە قیچەی هەرگیز دەقی کەوا و چاکەتەکەی قەمچ نەدەبووەوە و هەموو زەماوەندێکی ئەم شارەشی گەڕدەدا و تامو لەزەتێکی ناوازە و

گەرموگوڕییەکـی بێوێنـەی پێدەبەخشـیی. لـە زەوق و تەڕپۆشییشـدا کەسـی پـێ بـەراوورد نەدەکرا. هـەر لـە منداڵییـەوە دەیبینیی، کاتێک بـە تەنیشـت گۆوەندێکـدا تێدەگـوزەرا، بـە تایبەتـی ئـەو کەڕەتـەی هەشـت سـاڵان بـوو، بینیـی وا کۆمەڵێـک زاڕوزیچـی لـە دەور و زێـوارە و لەگەڵیانـدا سـەرقاڵی دەسیسـە نانەوەیـە لـە دژی ژنەکانـی نـاو ڕەشـبەڵەکەکە و هانیـان دەدا بچـن لەپشـت ڕا فاقانەکانیـان پێکـەوە گرێبـدەن. بیـر لـە چـی دەکاتـەوە؟ ئـەو کابـرا ڕەوتـار پـڕ لـە تەلیسـم و ئەفسـوونە لـە ڕەشـبەڵەکدا دەسـتبەردانی لـەلادا نەبـوو، بیدیتبایـە دەموچـاوی دەبـووە پەڵەهەورێکـی هەوەسـباز و هۆگـری توانـەوە دەبوو، کەچی بە زەردەخەنەیەکی فریـوو دەرانـەوە دەمـی دەبەشـییەوە و دانەزێڕەکـەی درەوشـەی چەتوونانـەی بـە چـاوان دەبەخشـیی. کـە کەوتـەوە نـاو فـەزای چرکەسـاتە حازرییەکـەوە، پەسـتیی پێماڵـی کـرد و خەریکبـوو نەفرەت لـەو خەڵکـە بکات و بڵێ: چۆن دوای دیارنەمانـی ئـەو پیـاوە حـەزی هەڵپەڕینتـان دەبـزوێ؟ بـەڵام نەخێـر، کەونـان چـاک نیشـانیان پێکاوە کـە وتوویانـە ڕەش بـە پێـی خـۆی، سـپیی بـە پێـی خۆی. هێدی هێدی لـەو کژە نامۆیە دابڕا و شـەقاوە شەهوەتئاسـاکانی هاوێژتـە منداڵدانی بۆگەنی ئەو جادە خەمۆکەی هـەر بەرەوخواردەبێتەوە و سـەری هاتنەدنیـای لەبازاڕۆچکـە کـەی گەڕەکـدا لەباردەچێـت و ڕێگایەکـی چـوار جمکیـی لێدەکەوێتـەوە. چوارڕێیانێکـی ئاسـۆگیی و شـاقووڵیی لـێ پەیـدا دەبێت و»محەشـێت«ی قوربانیی سروشـت دەبێتـە زەقتریـن بوونـەوەری ئـەم ناوچەیـە، سـایلی پەیکەرێکـی پتـەو و خۆڕاگـری ئازادیـی شـێوەدەگرێت و لەبـەردەم چەپگەڕیـی و جەوروسـتەمی زەمانـە و چەپۆکـە بێبەزەییەکانـی خـۆی ڕاگیـر دەکات.

دەی بینێت، هەست دەکات بە هیچ شێوەیەک لەبن نایەت و لەق نابێت. لەوەتەی لەم بازاڕۆچکە میللییەدا دەیبینێت، هەر بەرەو ڕووی ژن و پیاو و مێردمندالّ و دوکاندارەکاندا دەچێت و نیازی خۆی دەداتە بەر گوێچکەیان..لە دوورەوە کە بەدی دەکات، بە هەڵەداوان و گورگەلۆقە بەرەو پیری ئەم دێت و بە زاری داپچڕاو و لیکاوییەوە سڵاوقوتێکی سەربازییانەی بۆ ئەنجام دەدات. بەدەنگێکی تاساوی تکاچۆڕ، بەڵام بە تۆنێکی گڕی قیڕە قیڕئاساوە، دیسان گوزارە تاقانەکەی دەداتەوە بەر گوێی ئەم: عانە..عانە..عانە..مامە عانە..میمی عانە..هێند نابات بە دەنگێکی تیترواسکانەی هەتابڵێی قووڵ دەچریکێنێ: دایە..دایە..دایە...ئیدی وەکو لێرە باوە و دەڵێن: لەنس وەردەگرێت و نایبڕێتەوە. زاری بێ ددان و پووکە زەردەوەبووەکانی وەکو میهبەلی ئەو سۆزانییەی»حەی ئەلتەرەب«دێتە بەرچاوی کە ناشیرینانە تۆپەڵی بنێشتی ئەجاوی. دوای سەرەیەک پیاو، کە بۆ گرتنی پەیوەندییەکی گوناهبارانە چووە وێزەی، پێی وت: یەڵڵە ئەبو خەلیل.. ئەمیش کە بینیی مشتێک تۆوی پەیت لەناو زێیەوە داچۆڕاون، ئەوەندە قێز و بێزی جما، قاچەکانی هەڵبڕی و تفێکی ناوازەی لە ناوگەڵی ڕۆکرد، خۆشبەحاڵی کەغاری دا، ئەگینا لەسەر ئەو هەڵسوکەوتە دارکارییەکی باش دەکرا. هەیکەلێکی بێئەندازە کەتە و بەرزی هەبوو، چوار وەرزی ساڵیش پێنج تا شەش دزداشە و بە سەریشییدا چەند چاکەت و قاپووتێکی درێژی دەپۆشییە بەر و دوو جەمەدانییش، کە یەکێکیانی بە سەرییەوە دەپێچا و ئەوی تریشیانی هەمیشە بە ملییەوە لوولدەدا. هەردەم چڵمی پەتیی ڕەنگی ئاسینەکانی قاپووتەکەی شێواند بوو. پێیەکانی زۆر ئەفسانەیی بوون، دەتگۆ

بێچووە نەهەنگن هیچ پێڵاوێک بۆیان نەدەبوو، ڕەنگی زەوییان وەخۆ گرتبوو، ڕەجاڵیی خۆیان بە خوێنی مەییووی قلێشەکان و قوڕ و لیتەکان دادەپۆشیی. دەمێک بوو دەیبینیی، لەوەتەی فامی کردبووەوە و قەڵاکەی شاری بینیبوو ئەویشی دەبینیی، تەمەنی چەند بوو؟ پرسیارێک بوو وەڵامێک فرچکی نەدەبڕی. بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەو باوەڕەدا نەبوو کەسێک هەبێت شتێکی لەمەڕ بزانێت و ئەو تەلیسمە بشکێنێ. پێی خاوس، تەنی بە قەدی درەختێکی سەدسالان دەچوو، خەڵک تاک و تەرا کڵاش و پێڵاویان دەدایێ، کەچی هەمیشە تووڕی هەڵداوێشتن. بەردەوام سایلی قوتابییەکی ئەبەدیی کۆمەڵێ کاغەز و گوێچکە ڕۆژنامەی بە لوولیی لەنێو دەست دەنا و بە لاڕانییەوە توند و سفت چەسپی دەکردن. بە بێئەوەی خوێندەواریی هەبێت و مەبەستێکی تایبەتی پاڵی پێوە نابێت، خولیای بەوەوە گرتبوو. هەر کەسێک لێی داوا بکردبایە وێی بدات، یاخود نیشانی بدات، پڕ بە زار دەیشیڕاند: ئەم کاغەزانە نادرێنە دەست زاڕوزیچ، دنیای تیایە، دنیا..ئەگەر بکەوێتە دەست ئێوە هەرهەموو شتێک دەبێتە قەرەبرووت! ...کە ئەوەی دەگوت، ورگە زلەکەی دەردەپەڕاند و تا پەنا و پەسارەکانی دیکەی گەڕەک و بازاڕەکە تەی بکات زیکزاک کەرانە ڕای دەکرد و دووردەکەوتەوە. زۆر داستان و سەرگوروشتەی باوەڕ نەکەردەنییان لە بارەوە دەگێڕایەوە. خەڵکی ئەو شتانەیان لەبارەیەوە دەگێڕایەوە و خۆیشی ئاگای لە هیچ نەبوو. لەو چرکەساتانەدا چەندی پێخۆش بوو پەتیارە و دینۆیەک بووایە، دینۆیەک بیری لە هیچ شتێک نەکردبایەتەوە، دایک، خوشک، دەزگیران، هاوڕێ، ماڵ و ئەرک، عورف و عادەت و ڕەوشتی باو،

پێڵاو، جلوبەرگ، ڕەفتار، وەخت و بەرپرسیارێتیی و شتی تریش، هەردەم پێکەنین میوانی بوایە و سەفەریش بە ناو ژیانێکی تر نیشتیمان و هەموو شتێکی بوایە. هەڵبەتا زۆربەی زۆریان هەڵبەستراو بوون. تەنیا هەنێکی نەبێت، ئەوەیش لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵک کردبوویانە وێرد و مێژووی ژیانی ئەو و هەر بێژەوانێک بە تۆزێ تاموچێژی تایبەتی سەلیقەکەی خۆیەوە، بە دەست بزاوتن و سەرلەقاندنێکی حەیرانبێژانەوە تێهەڵدەچوو، دەیەها مەتەڵ و نووکتەی سەیری تێهەڵکێشی ئەو ژیانە بەزایەچووە دەکرد. بەڵام «خەلیفە عەبدوڵڵا»لە هەمووان کارامەتر و بە چێژتر دەیگێڕایەوە و هێندەیش لە خۆی ڕازی و گومڕابوو، سنوورەکانی تێک و پێک شکاندبوو. دوکانەکەی لە هێمایەک زیاتر چیدی نەبوو. لە سایەی ئەودا بەدیار کتێبە زەردیلە و چاپئامالەکانییەوە جادوو و نووشتەی دەکرد و لە کوونی ژوورەوەی دوکانە تاریکەکەیدا دادەنیشت، هەموو ڕۆژ و ساتێک، گەر چاوی ئەم بە ئاراستەیدا وەرسووڕایە، دەیبینیی بە گوێی ژنە غەوارە و نەناسیاوێکدا دەسرتێنێ: دەسەسرێکی خۆتم بۆ بێنە، دەسکەنە پرچێکم بۆ بێنە ئیستیخارەی پێدەکەم، هەرگیز نەیزانی ئەو وشەیە یانی چی! یان ئەو کتێبە تایبەتییەی نێوی کتێبی»حیجابات»ی لێنابوو، لە پێش دەمی خۆیدا ئاوەڵای دەکردەوە و ڕاستەیەکی ئاسنی بچکۆلانە و قەلەمێکی مۆری قۆپییەی لەسەردا دادەنا و خەریکی دێرکردنەوەی پەڕە کاغەزە پڕ سیمبولەکانی بوو. قژێکی ئاڵۆزکاوی خەڵوزیی مەیلە و ژیلەمۆیینی دەروێشانەی بەسەر شانوملیدا بەردابووەوە، لووتێکی قەڵەمیی و چاوێکی تابڵێی داپچڕاو و مەیلە و زەردی تراویلکە تێزاو کە کلک و گۆشەکانی

سـەرومڕ سـپێتییەکی سـەیریان دەردابـوو وەکـو بڵێـی بێحەدوسـنوور لـە جوگرافیـای ئێشـک و بێدارییـدا دێوانـە و وەلییەکـی ئەبەدییـە. جەمەدانییەکی چڵکنی دەبەست و شـەرواڵ و مرادخانییەکی بۆری میل میلی دەپۆشیی و سـەرومڕ کڵاشـی بن قەڵتاغیشی لەپێدەکرد. ئای لـە ناخــەوە چەنـد دەیبیـزا! لەگوینـە لەبـەر ئـەوە بووبـێ بەیناوبەیـن لـە خەونەکانـی منداڵییـدا دایکـی جێـگای ژنـە غـەوارە و نەناسـیاوەکانی دەگرتـەوە و فسـکە فسـکەکانی گوێـی ئـەوی دەسـمی و ڕقیـان لـە ناخـی ئەمـدا ئەسـتوورتر دەکـرد. هەمیشـە تابلۆیەکـی کەمالولمولکـی هەنەرمەنـدی قاجاریـی وەبیـر دەهێنایـەوە! کـە دەبـوو بـە باڵنـدەی تکاکاریـش هەنگیـن بـە لافوگەزافێکـی ڕەزاقورسـەوە دەینۆڕییـە سـووچ و قوژبنـی دوکانـە پـڕ شـمەکە کـۆن و داهێزراوەکانـی سـەروبەندی پادشـایەتی و چـاوە سـک ئاوسـاوەکانی دادەپچڕانـد و تێیهەڵدەچـوو و دەکەوتـە گێڕانـەوەی ئـەو حەکایەتـە تراژیدییـە خـەم و کەسـەر ورووژێنـە و دەیـوت: کـەس نازانێـت چەنـد سـاڵ بـەر لەوەی»شـۆراو»خاپوور بکرێت، ڕەزا گاوان ئـەم کوڕەی خستبووەوە. بە ڕۆژ هەتاکو ڕۆشنایی پەنامەکییـە کانـی دنیـای ڕووت و ڕەجـاڵ دەکـردەوە، گاوگۆتاڵـی دەلەوەڕانـد و شـەوا و شـەویش دەگەڕایـەوە کۆلیتـە پەرپووتەکەیـان و..ئـا لێـرە ئیـدی بـە شـانازییەوە لەسـەر خـەرواری دەمشـڕیی و چەنەلێدانـی خـۆی سـەقامی دەگـرت و تـا دەیشـهات تـەوەرەی دیـدە جنۆکەییەکانـی دەسـتبەرداری داخرانـی سـاتەکان دەبـوون ودادەپچـڕان، دادەپچـڕان و وەیدەزانـی هەنووکـە گلێنەکانـی وەکـو دوو گێژەنگـی ئەفسووناوی سەراپای بوون هەڵدەلووشن و ئەو واتایەی پێدەبەخشن کـە هەتـا ئێسـتاکێ ئـەم عەوداڵـی بووە..ئینجـا کاتـێ دەگەیشـتە ئـەو

شوێنە تایبەتییەی حەکایەتەکە، بە پارێزەوە تەماشای ئەم لاو ئەولای دەکرد و ئینجا دەکەوتە چپەدوو، باسی ئەوەی دەکرد چۆن چۆنی ساڵی شەست و سێ«محە»ی بەو دەردە بردووە..غاری داوە، غاری داوە وەک بڵێی لە کۆپتەر هەڵبێت، بەرەو نشێوێک غاری داوە و تلۆربوونەوەیش تاجی شێتیی خستووەتە سەر.

«دایە..دایە..دایە..»وەکو ئەوەی لیسێکی سەر ئەسفەڵتاویی ئەستووری بە کەللەدا بکێشن. چەندین ساڵ و عەیام بوو ڕەنگ و شێوەی ئەم زەلامە بێدەرەتانەی بە جەستە بە هێرقل چووەی دەبینیی و گوێبیستی دەنگە ناوبەناو سۆزناک و ناوبەناویش زبرناکەکەی دەبوو. ئەو ئانوساتە دەستبەجێ دوا دەستەواژەی سەربوردەکەی «خەلیفە عەبدوڵلا»ی بیرهاتەوە و لە گوێچکەیدا زرنگەی دایەوە کە وتی: دەک ئۆجاغی باوک و باپیریشت پڕ گوو بێت..نەیزانی بە کێیەتی، بەڵام دڵنیابوو ئەو گوزارەیە»محە شێتی»ی نەدەگرتەوە. ئەم شتانە هەروەک چۆن ڕابردوویان بەرقەرارکردووە، دەبنە بەرقەرارکەری ئاییندەشی، گەر بە دووپات کردنەوەیەکی واقیعییانەیش نەبێت ئەوا بە تێفکریین، چونکە ئیدی لە یادگەیدا مۆرکی سێ ڕەهەندیی بەجێهێشتووە. ئەوەتا ئێستا فێنکاییەک بە مولوولەی خوێنبەرەکانیدا تەزووە مێروولەی کرد و دەتوانی بڵێیت لێی حاڵی بوو. ئەو تێگەیشتنەیشی لە کرۆکی شتەکان، گێڕایەوە بۆ هەست و سووسە کردن کە هەمیشە دەیانگێڕایەوە بۆ ناواخنی تویکارییەکانی زیندەگیی و دووچاری بێمانایی و پووچییان دەکرد. قایلبوون هەستی نەلەوتاند، بیری سەرقاڵی ڕۆح بەخشین بوو بە وشە: ئەمە هەمووی کاوێژکردنەوەی ڕابردوویەکی هەمیشەییە..بەڵام

ئـەم کەوتووەتـە ئەمدیـو شـوورەی تاریکاییـەوە، هیـچ ڕێگـە چارەیەکـی نییـە، هـەر دەبێ خـۆی بجووێتـەوە و چـاو بـەو بازنانـەی دەوروبـەردا بگێڕێـت کـە لـە چەقیاندایـە.

تـا لـەم دیمەنـە دابڕێت قاچەکانـی بۆ چەنـد هەنگاوێکـی تـر لاکەیـان دێـت و ئـەو هـەرزەکارە میتامۆرفۆسـەی کۆلانـە تێکچڕژاوەکەیـان لـە پیادەکردنـی یەکێـک لـە ڕۆتینـە ئاسـاییەکانی خۆیـدا دەبینـێ، چـاوی لێیـە چـۆن بـەدووی گوربەیەکـدا غـاردەدات و لەنـاو محاجەرەکـەی ماڵی »شـێخ عومـەر«دا کلکـی دەگرێـت، ڕایدەکێشـێتە دەرێ و تـا هێـزی تێدایـە ڕایدەوەشـێنێت و دەیگرێتـە دیـوارە بەرزەکـەی دەسـتەچەپی جادەکـە، ئـەم لـەوە حاڵـی نابێـت چـۆن ئـەو گیانلەبـەرە پـاش ئـەو هەمـوو سـووڕانەوەیە و پاش ئەوکەوتنـە ناگەهانەیش لەچاو وندەبێ! لـە دەرگاکـەی ئەولایشـەوە ژنێکـی بەتەمـەن بانگـی زارۆڵەکـەی دەکات، ئاسەواری دەنگە بەیەکداچووەکانی ڕۆژەکە لەگەڵ هەنگاوەکانیدا خەریکە دەستیان دەخەنە ناو دەستە نادیارەکانی ڕەوینەوەوە. دەموسیمای لە تـاڵاوی بێزاریـی و پەژیوانیـی و چارەڕەشـیی سەرشـارە، بـەڵام شـتێکی ئەوتـۆی نەکـردووە کـە ڕەنگـی پەشـیمانیی ڕەوانـەی دەرەوە بـکات. ئـەو پەشـیمانییەی دەزانێـت وەکـو هیـچ شـتێکیتر نییـە و دۆزەخێکـی ئاوەدانـی بـۆ هەڵدەگیرسـێنێ. دەزانێـت ڕابردوویەکـی بەجێهێشـتووە، ئەگـەر وانـەی لێهەڵهێنجـی ئـەوا بـە هیـچ جۆرێـک بـە زەلیلییـەوە ملـی ڕێـی هاتـوو ناگرێتەبـەر. بازنـەی ژیـان هێشـتاکە گەردوونێکـە، ئەزموونێکـی سـەرومڕە و خـۆی بـە تەواوبوونـەوە گرێنـەداوە، چـەق و پارسـەنگێکی جیـاواز و بەرجەستەترە. گەرچـی ئیدی چاوپۆشـیی لـە

بارودۆخەکـەی خـۆی دەکات، لـێ بـە هیـچ کلۆجێـک ڕازی نابێـت بـارە فیکریـی و مانەوییەکـەی ڕەشـمە بکرێـت. ئـەو ڕۆژانـەی دێنـەوە یـاد کـە قـەت قـەت چاوەڕوانیـی ئێسـتایەکی ئـاوای نەدەکـرد! کـە پـڕۆژەی کۆنـی ئازادییەکـەی تاوتـوێ کـردەوە، دەنگێـک لـە ناواخنیـدا هاتـەوە زایەڵـە: ئیـدی قـەت ئـەو ڕۆژە نابێتـە ڕاستییەکی وەدی هاتوو!..هـەردەم جیهانـە ناوەکییەکـەی بەسـەر جیهانەکـەی تریـدا زاڵ و سەردەسـتە دەبێـت، کەچـی ئێسـتا، ئـەم سـاتەوەختانە ڕاسـتییە تاڵەکانـی ئەزمـوون بەسـەر جیهانـە جماوەکـەی هەناویـدا سـەروەریی بەخـۆوە دەگـرن. هەسـت دەکات ئەمـە تانگـۆی سـەرەمەرگی ئـەو شـتە جوانانـەی نـاو ئاواتەکانێتـی، ئاواتـی ئـەوەی دووی بیـر و ئایدیاکانـی بکەوێـت، بـەڵام حەیـف!.. ئێسـتا چیـدی ئـەو خەونـە دوورەی سـەروبەندی منداڵییەکـەی پێویسـتیی بـە لێکدانـەوە نییـە. کـە ئـەوەی وەبیـر دێتـەوە ڕادەچەنێت، ڕادەچەنێت و لەبەردەمیدا دەبێتـە ئاوێنەیەکـی بەرجەسـتەی ڕۆشـن. لـە نـاو ئاوێنەکـەدا مارێـک کەڵبەکانـی لەنێـوان پەنجەکەڵـە و دۆشـاومژەیدا جێگیرکـردووە و چاوەڕێـی بزووتنێـک، جووڵانەوەیەکـە، ئامـاژە بێـت بـۆ هەڕەشـەیەک هەتاکـو یارایـەک بـە گلانـدە شـەیتانییەکەی بـدات، خـۆی بگووشـێ، بگاتـە ئـۆرگازم و شـەهوەتی مەرگێـک لـە پزدانـی ژیانێکـدا خاڵـی بکاتـەوە. لـە جەسـتەیدا جورئەتـی بزووتنـەوە مەحاڵـە، چاوەکانیشـی دەڕواننـە جووڵانـەوەی تولەمارێکـی دیکـە، گەرچـی مەوداکـەی زۆر نزیـک نییـە، لـێ لەپڕێـکا دەچێتـە ژێـر خاکەکـە و هەڵیـدەدڕێ، دیـارە لەودیـو گڵەکـەوە بـەرەو ڕووی ئـەم دێـت، لـە شـاڵاوی ترسـوبیمی ئـەوەی نەبـا بجووڵێتـەوە دەکەوێتـە نێـو بێـدار بوونەوەیەکـی شـەڵاڵ بەئارەقـە و پەلەفرتێـی نێـو بۆتـەی جەنجاڵیـی و تاریکایـی. دیسـان ڕادەچەنێتـەوە،

ڕەزامەندییەک باڵ بەسەر تێڕامانیدا ئاوەڵا دەکاتەوە، دڵنیایە دوای ئەم جەنجاڵییەی نێو بازنەکان پتر بە چەقەوە پابەند دەبێت، بۆ ئەوەی بشتوانێت شتەکان سارێژ بکاتەوە دەبێ برینی خەیاڵ ترۆ بکات، پلانی بێدەنگییەکان تەتەڵە بکات، تەنها ئەو دەستەواژەیە بداتەبەر ڕادێران کە سەرباری هەموو چەرمەسەریی و مەینەتییەکان ئاییندە تایبەتە بەو کەسانەی بە دید و لێخوردبوونەوەیەکی وردەوە دەچنە ناویی و تەقەلای دەستەمۆکردنی دەدەن. ئەو دەمە شاشەی بچووکی ڕوخساری وردودرشتی ناو دڵی دەخاتەڕوو.»محە»یش هەر بەدوایەوەیەتی و جاروبار دەنگی دایە..دایە.. دایە..کەی بەرەڵای ئەو ناوە دەکات، ئەمیش سەرەنجام دەستە ئاودیوەکەی بەرکی بە هەندێک وردە دراوەوە دەهێنێتە دەرێ و پاش ڕۆکردنی لەناو لەپیدا ڕادەبوورێت. هەرکە لە پەرژینە خشتینە محاجەرەدارەکەیان نزیک دەکەوێتەوە، بە قووڵیی پەیی بەو نووتەکییە بێچوونە دەبات کە دەرگاکەیانی بە ژەهراوی تاریکییەکی خەست لوولداوە.

بەر لەوەی گەیشتن هەڵیبلووشێ، چاوەکانی، کە هێشتایش فریووخواردووی دەستی وەنەوزێکی جادوویین، بەڕووی دنیایەکی دژواردا ئاوەڵادەبنەوە، دنیایەک بڕیارەکان بە ئاوەژوویی دەسپێرێت و دوورکەوتنەوە دەبێتە شێوازێکی دیکەی خۆدزینەوە لە چرنووکە تیژەکانی چارەنووسێک و گیرسانەوە لەنێو لەپی یەکێکی دیدا، کە مانای دوورکەوتنەوە دەخاتە نێو گێژەنگی درکێکی تیژ و گومان هەڵنەگرانە گەوهەری شتە بایەخدار و قەدرگرانەکان لە ناوەوەی بەریی دەکات و بە ونبوونیان دەسپێرێت. هەرکە لە دەرگاکەیش

ئاودیــو دەبێــت و لــەو دنیــا جەنجاڵــەوە دەگەڕێتەوە..ئــا لــەو عانــەدا شــوفێرەکە بــە دەنگێکــی ناخــۆش دەڵێــت: دەی گەنجــۆ ئــەوە گەیشــتین.. لەســەر جادەیەکــی ڕاکشــاوی بــەردەم قەڵایــەک، مێژوویــەک نیگاکانــی کەمەندکێــش دەکــەن و یەکێــک لــە کورســییەکەی دوایــەوە دەڵــێ: دەی برالــە، بکــەوە خــۆت، ئێســتا وەختــی داڵغــە نییــە. کــە دادەبەزێت، ســەرێک هەڵدەبڕێــت و دەڵێــت: ســوپاس خودایــە، بــاش نەبــوو نەچــووم ســەر لــە باپیــرەم بــدەم! ئینجــا ئــەو بەرزاییــەی بــەردەم ســەرنجی ڕادەکێشــێت و بــۆ ماوەیەکــی نادیــار دەیــکات بــە چەقــی خــۆی..دەیــکات بــە چەقــی خــۆی و وای لێــدەکات بیــر لــە ئاییــندە بکاتــەوە، بیــری لــێ بکاتــەوە و ئاواتــی ئــەوە بخوازێــت وێنــەی ئەســتێرەیەکی قووڵاییەکانــی تاریکایــی بکشــێت و لــە مەدارێکــی چــۆڵ و هۆڵــدا ڕێیەکــی ڕۆشــن بــە میــرات جــێ بهێڵێــت.

**ئەیلوولی١٩٨٦کەرەج – ئایاری ١٩٨٩دیمەشق**

# کتێبی دووەم ڕابوون

**تۆ ئاوا وێنای ئایینده دەکەیت وەک بڵێیت ڕابردوو بێت.....**

پاولۆ کۆیلۆ– ڕۆمانی «ژنە جادووگەرەکەی پۆرتۆبێللۆ»

کــە بەخەبــەر هاتــەوە، دەبوایــە دەســتبەجێ بگەڕێتــەوە و واز لــەو ڕۆیشــتنە هاتونەهاتــە بهێنێــت، ئەگەرچــی زۆرجــار گوێبیســتی نەنکــی ببــوو دەیــوت: خــەو دەلیلە..بــەو واتایــەی ڕێنماییکــەرە و پێشــوەخت لــە شــتەکان بەئــاگات دەهێنــێ، بــەڵام بەبێئــەوەی تەفســیرێکی بێجگــە لــە نەچوونە»گەڵۆزیــی»ی بــۆ نەگەڕانــەوەی هەبێــت، ڕۆیشــت، ڕۆیشــت لەبــەر ئــەوەی خــۆی بــە ئەزموونگــەر دادەنا و دەیویســت هەمــوو شــتێک بجەڕبێنــێ و بــە چاوەکانــی خۆیشــی ســەرجەم ئــەو شــتانە ببینــێ کــە دەبوایــە ڕووبــدەن..

پــاش ئــەو مۆتەکــە جاڕوجەنجاڵــە، ئیــدی مەبەســتی نەبــوو هەرگیــز بچێتــەوە نێــو کیشــوەری خــەو و دووبــارە ڕووبــەڕووی ئــەو پانۆڕامــا دزێوە ببێتــەوە. گەرچــی خڵوپانــی گومــان و دوودڵییەکــی فــرە بێڕادەشــی کــرد، بــەڵام بێشــک لــە فەرهەنگــی ئــەو ســاتەوەختەدا لــە دوڕیــان ڕێیەکــی تــر نەبــوو، ســێ ڕێیانیــش هەرگیــز لــە بیرکردنەوەیــدا ڕووبەرێکــی نەدەگرتەخــۆ. بۆیــە ئــەو مەودایــەی هەڵبــژارد تاکــو ئــەو جوداییــەی نیــازی بــوو پێیــدا بیهێنێتــەدی. هەمــوو شــتیک بەرەواژببــووەوە، شــێوە، تەمــەن، نــاو، دەنــگ و هاتوچــۆ، بیرکردنــەوە، تەنانــەت مووەکانــی قژیــش کەوتبوونــە ســەرپێچیی و هێــدی هێــدی بــە داخ و حەســرەتی ســپیبوون ئاشــنایان دەکــرد. لــە جەنگەڵــی بێســنووری شــەونخوونییدا سەراســیمە و ســەرگەردانبوو، وێنــەی تەرازوویەکــی لێهاتبــوو نەیدەزانــی بــە کێهــان بــاردا خــۆی لاســەنگ بــکات. دەیویســت چەندیــن جــار ڕســتە ناوازەکــەی داپیــرەی بــە گوێــی خۆیــدا بداتــەوە، بێگومــان ئــەوەی دەیگوت»خــەون دەلیلــە». تێفکریــی و وتــی: دەبوایــە بــاوەڕ بــەو خەونــە درێــژ و

پێشبینکارە بهێنم کە لەو ڕێگا دوورکەوتووەوە منی گەیاندە شاری ژمارە دوو، خەوە تویێتکەیەکی تیژتێپەڕی لێکردم بە سارایەکی لە هەتەری چاو بەلەسەبوو..جا خۆ ئەگەر باوەڕیشی بە هاتنەدی بکردبایە دیسانەوە هەر دەبوو بەم ڕێگا هاتونەهاتەدا گوزەر بکات! چونکە لە ئەندێشەی خۆیدا بڕیاری نەگەڕانەوەیەکی یەکجاریی تۆمار کردبوو. لەو شارەی قەڵایەکی کەونارا و منارەیەکیش هێمای بوون، باوەڕی بەوە نەدەکرد ئەو زەمەنە دووردرێژەی خەیاڵی بە تەمەنێکی ترەوە گرێدا بوو، کە هەستی نەدەکرد تەمەنێتی، بەڵام تەمەنی بوو، هەر تەنها خۆی لە دەوروبەری دوو سەعات دەدا. چەند ڕۆژێک لەگەڵ کۆمڕادەکانی زانکۆکەی ئەوێدا مایەوە. کەشوهەوا فرە گونجاو نەبوو، جاروبار باران پشووە دواییەکانی زستانی تازە دەکردەوە و کاتێ خۆشیشی دەکردەوە ناوشار دەبووە قوڕ و لیتە و پیاسەیش وەکو بێگارییەکی تاقەتپڕووکێنی لێدەهات. بە تۆزقاڵێک کۆسەکارییەوە خۆی بۆ قوتابییەکی زانکۆ گۆڕی و مشتومڕ و گفتوگۆکان وەکو هەرەوەزییان لێهات و هەموو ساتەکان هاریکاری تێدا نواند. «قالەی لێبووک»ڕیشنێکی داوەڵئاسا و ڕیوەڵەی بەژن بڵند بوو، زۆرکەڕەت خۆ هەڵقورتاندنەکانی متورفەی قەشمەریی و گاڵتەجاڕییەکی ئەوتۆ دەکرد ئەم یەکسەر هەستی ئەوەی لەلادا ئافەریدە دەبوو کە کاراکتەرێکی خۆڕسکە و ژینگەیەکی ئە ئاوا و ڕەفتار و کردارەکانی ئێتران لە سازاندنیدا بەرپرسیارن! لەژێر دەمامکی ئەو ڕەفتارە بێپەروایانەدا بەشداری دەمەتەقێکانی نێو ژوورە بچووکەکە و ساتی پیاسە تەواونەبووەکان و مۆڵەتە کەمخایەنەکانی زانکۆی دەکرد هەتا گەر تەڵەزمە گومانێکیش هەبوایە

لــە ســەرخۆی بیرەوێنێتــەوە. ئــەو ئێوارەیــەی بیستیشــی نیــازی ئــەم ئەوەیــە بــەرەو مەڵبەنــدە قەدەغــەکان بــڕوات، قاقاکێشــان و پێکەنینەکانــی لــە جوغــزی گشــت تــام و بۆیــەک چبوونــە دەرەوە، لــەوان زۆر پتــر پێداگریی لــە مــەزاق و گاڵتەجاڕێتییەکەی کرد و چەند کەڕەتێکیش خۆی خلۆرکــردەوە ژێــر قەرەوێڵــە دوونهۆمییــەکان و ئــەم خۆیشــی لەگەڵیــدا کەوتــە قریــووە قریــوو. وەکو چۆن ئــەوان دەیانزانی بەچی دەخەنینــەوە ئەمیــش دەیزانــی، بــەڵام متمانەیەکــی سەددەرســەدی نەبــوو، وەخــت توخمەکــە بــوو، وەلــێ کام ڕەهەنــدەی؟ هــەر چەنــدە بێــزار و فــگاری ئــەو دیمەنــە بــوو، ســەرباری ئەوەیــش پێگەییوانەتــر مامەڵــەی لــە تــەک هەڵوەستەکاندا کرد، لەوەیش خاترجــەم بــوو کــە بوونی ئەڵتەرنەتیڤێکی دی هێشــتا نەخولّقابــوو. دیمەنەکــە پتــر ئــەو پرســیارە خولّقانــدی کــە بــە مەزاقــەوە ئاڕاســتەی ئەمــی کــرد و وتــی: ژیــان وەکــو بــەردی نێــو گورچیلــە وایــە، زبــر و دڕە، مانــەوەی ئــازار و ئەشــکەنجە دەگەیەنــێ و نەمــان و فرێدانیشــی خۆســڕینەوە دەگەیەنــێ، چۆن بەردەوامیی پێدەدەیت و لــە دییارێکــەوە بــۆ دییارێکــی تــر دەیبەیــت و بــە بــێ چاوەڕوانیــی کردنــی گــۆڕان دەمێنیتەوە؟..دەبوایــە بەشــێوەیەکی جەختئامێزانــە وەرام بداتــەوە: ئــەوەی بەرپــای دەکەیــت خەونێــک بەرپرســیارێتی و هــەر ئەویــش بەردەوامیی و گــۆڕان بەرجەســتە دەکات..بێلێبــڕ و کەمڕووانــە وتــی: ئــەی گریمــان خەونەکــە وەکو هەڵمێــک، یاخــود بڵقێک ڕەوییــەوە؟.. ئەمیــش ڕەزامەندییەکــی بێهاوتــا لــە ناخییــەوە ســەری کــرد و وتــی: ئەوســا ناچــار دەبــم قەمتــەر بــە ئومێــد ببەخشــم و بیکەمــە ســەرپشــکی ســەرومڕییەکان..ئەو تولاّزانــەی دیکەیــش کــە دەســتەبژێرێک بــوون و بەرهەمهێنانــی گۆڤارێکــی فیکریــی وکولتووریــی ســەرقاڵی کردبــوون

و تەنها یەک ژمارەی ڕووناکی پێکا و دواتر بوو بە نەفرین و پەڕەوازەی کردن و ئیدی یەکدییان نەبینییەوە، بەو وەرامە پڕ گەشبینییە بەهرە و زرنگییان بۆ ساتێک لەخشتە برا و لە دوو سێ لاوە دەرخواستی ئەوەی لێکرا ئەو وەڵامە پوختەیەی خۆی لە خۆیدا دەربڕی چەمکێکی گرنگ بوو بکاتە گوتارێک دەربارەی هەڵبژاردنی بەدەڵەکان و لە گۆڤارەکەیاندا بە ناوێکی خوازراوەوە بڵاوی بکەنەوە. کەشێکی ئەفسووناویی لەو چەند ساتەوەختەی ئەو دوائێوارەیەی لەگەڵیاندابوو هاتە ئاراو هەموویانی کرد بە گرەویدەی خۆی و بۆ یەکەمین جاریش بوو» قالە» قڕوقەپی لێکرد و جیددییەتێکی نایاب لمۆزی بە ڕیش شاراوەی لە ڕنگە ڕنگ خست و ئەو ئەفسووسەیش تێکەڵی هەناسەکانیان بوو کە پتر نامێنێتەوە و ئەو وێستگا ونەی نێو گاڵتە و ڕاستیی بۆ ئەوان دەهێڵێتەوە و بە شاکەلێکی تردا مشووری ئەوە دەخوات تەوێڵی لووتکەیەک بخاتە ژێر هەنگاوە ڕەمەکییەکانی شەوارەی هەڵشاخانێکی نهێنییەوە.

ڕۆژی دواتر، هەندێ هەڤاڵ برادەرانی شاریان ئاگادار کردبۆوە بۆئەوەی کۆمەکی بکەن تا بگاتە جێمەبەست. ئیتر»خەسرەو» ناوێک دەمە و چێشتەنگا و بە سووپەرێکی شیریی و بێ لەککە ئەمی نابەڵەدی بە چەندین گەڕەک و کووچەی جۆراوجۆردا ڕەتکرد و بۆ جێگایەکی کاتیی کەوتبووەڕێ هەتا لەوێوە کاتی لوواو بە کۆمەکی ئاواڵێکی تر بیگەیەننە مەڵبەندە یاساغەکە. بەرخوردێکی میهرەبانانە فەزای نێو ئۆتۆمبێلەکەی لە گرژ و مۆنیی خاڵی کردبووەوە و ئاسوودەییەکی مامناوەندی باڵادەست کرد بوو. هیچ گومان لەوەدا

نەبوو کە لەم مەعلانتر و شارەزاتر بوو، بە دڵسۆزێکی ساختەیش نەدەچوو، بەشێوەیەک تێیڕامابوو دەتگۆ گوێڕایەڵی پەیامێکی تازەیە و دەمێکە سووسەی بۆ کردووە. تاقە شتێکیش کە خۆی ئاشکرا نەدەکرد ئەوە بوو ئایا ڕۆڵی دەبینیی، یاخود سروشتێکی ڕاشکاوی نمایان دەکرد؟ ئەمیش هەستی ئەوە قەڵاندۆشکانی سەنگین کردبوو کە بەکارهێنانی ئەو شێوازە بۆ ئەوە بوو هەتا ئەم لە مەحەکی نرخاندنی خۆی بدات! گەرچی وەڵامی پرسیارەکانیشی لەلادا بوو، بەڵام دیسانەوە لێدانی ترپەکانی وەرامی دەتەپاندە نێو پێوەرەکەی خۆیەوە و شارراوە دەیهێشتەوە. لەبەرئەوەی گەلێک بە ئیشتیاوە بەرەو ئەوێندەر دەچوون بەبێئەوەی بەقەد گەردیلەیەک ئاگاداریی و هەڵسەنگاندنیان سەبارەت بەوە هەبێت کە ڕوودەدا! ئەم کاتێ بە وردیی باسی ئەوەی کرد خوێندکارەکان سەبارەت بە مەڵبەند چی دەڵێن و تێفکرییني خۆیشی بەرامبەر بە خوێنرێژییەکی نوێی برینێکی کۆن دەربڕی و ناوی»ئەحمەدی سەی ئیدریس«ی هێنایە گۆڕەپانی بیرەوە و خستییە ژێر پرسیاری ڕکێف نەکردنی ئەو ئیرادە ڕەهایە و ئەو پەیوەندییە بێ سەرەدەزووی لێپرسینەوەیەی لەنێوانی ئەو و ڕێکخراودا بونیاد نرابوو. گەرچی هیچ شتێکی ئەوی نەبینیبوو، بەڵام دانی بەو ئازایەتیی و دەستکەوتانەیدا نا کە زوو لێیان دەگێڕایەوە و دەیانوت وەکو باهۆز دەبزوێ و بە ترووکەی چاو سنوورەکان پێشێل دەکات. بەڵام ئاخۆ ئەمە مۆڵەتی ئەوەی دەدا هەموو شتێک بۆ خۆی بە ڕەوا بزانێت و پاوانی بکات؟ وەکو ئەوەی ئەندامە دەرۆست نەهاتووەکانی مووچڕکەی تەشەر پەیی پێ بردبن، بە چەشنێک تێیدەڕوانی وەکو ئەوەی پێی بڵێت: تۆ یەکەمین

کەسیت بەو جەسارەتەوە دەم لەو مەسەلانە وەردەدەیت و پرسیاری ڕەوایەتی ئەو هێزە دەکەیت کە تیایدا تێکۆشان بۆ نغرۆکردنی سەرچاوەی تاریکییەک لەئارادایە..وێدەچوو چاوە ڕەنگ تووتنییەکانی قەرزاری تەماشاکردن بن و بە ئازاردانی یادەوە پابەندبن. چەند جارێک کەمخایەنانە ئاگای لەبەردەمی خۆی بڕا و کەللەپووکییەکی سەمەرەی ئەودیو مەداری بیرکردنەوەی پێوە دەرکەوت، بەڵام دووبارە لە مرواریی سەرسامبوون و شکۆیەکی پێوارەوە چنگی گیرکرد و گوێڕایەڵتر بوو. تێڕامانەکەی ئاگادارییە وردیلەکانی ئەمیان خستە ژێر پرسیارەوە و زاڵمانە ئاژۆتنی خێراتر کرد و نەفرەتێکی کاتیی لە ڕەفتاریدا بەرجەستەیی گرتەخۆ. ئەم دەیویست بزانێ: بۆچی کردەوەکانی ئەو خەڵکانەی بەرپرسارێتییان هەیە نەخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو و لێپرسینەوەیەکی ڕاستەقینە؟ بۆچی هەر لە ئێستاوە سیستەمێکی ئەوتۆ پیادە نەکرێت بۆ ئەوەی دواڕۆژ دابین بکات؟ پێداویستییمان بە سیستەمێکی دادوەریی بێلایەن هەیە تا تاوان و خەبات لێکدی جیابکاتەوە و هیچ مافێک تیایدا پێماڵ نەکرێت! لەبەرچی چاوپۆشییان لێبکرێت و ئەوانیش بە بیانووی لە شاخبوون هەر شتێک بیانەوێ پیادەی بکەن؟ لەبەرچی چەکداری خەمخۆر و دڵسۆز لە مەیدانی قەرەباڵخی گوندەکاندا ئابڕوویان دەڕووشێنراو لە ڕەنگی سووکایەتییەوە هەڵدەکێشران؟ بە کەم زانین و پشتگوێ خستنی ئەوانەی بزاڤەکەیان بە پشت و پەنا لە قەڵەم دەدا و لەناوبردنی لە پشتەوەی ئەو چەکدارانەی نیشانەی پرسیار و گومانیان لەسەر کردەوە سەیر و ڕمۆکەکانی هەندێ بەرپرس دادەنا و موخابن هێشتاکە پێی نەدەکرا دەربارەی»حەمەسلێمانی حۆری

خـان»و قەندیل و گوللـە لـە سینەوە دەرپەڕین و قەڵاچۆکردنی دیل و یەخسـیرە شـەڕنەویسـتەکانی لایەنەکانـی دییـەوە بدوێت، چونکـە ئەوانـە پێشـهاتی دواتـر بـوون و مشـتێکی دیکەیـان دەخسـتە سـەر خـەرواری بوودەڵـەی شـکاندنی هەمـوو یاسـایەکی مرۆیـی. نهێنییـەک لەبـارەی ئـەو شـتانەوە لـە ئـارادا نەبـوو کـە ڕوویانـدەدا، لەگـەڵ ئەوەیشـدا دڵـی پتـر، زۆر پتـر لـە ئاسـایی لێیـدەدا، بـەڵام وا دیـار بـوو ئیـدی نیـازی بـە تـرس و بیـم نەبێ. گەلێـک شـتی تریـش خۆیـان هاویشـتە نێـو دلێریـی دەربڕینەکانییـەوە کـە لەڕاسـتییدا بۆ»خەسـرەو» دەریدەخسـتن، وەکـو ئەوەی لـەو گۆڕەپانـە جەنجاڵـەوە هاتبێتـە خـوارەوە، نـەک بـە پێچەوانـەوە تـازە بـە تـازە بیەوێـت بـەرەو ئەوێنـدەر هەڵبکشـێت.

پێـش ئـەوەی لـە ماڵـی»کاک عەبدول»بەجێـی بهێڵـێ و بـڕوات، «خەسـرەو» پێـی وت: ئەگـەر سـبەینێ بـار مـەودای پەرژانـی نەدایـن ئـەوا چەنـد ڕۆژێکـی دی بەدواتـدا دێین..پـاش ڕۆیشـتنی سـەرزەنشـتی خـۆی کـرد: بۆچـی نموونەی»بلـە قەتـێ«و ئەوئاساکانیشـی نەهاتـەوە یـاد بـۆی ڕوون بکاتـەوە، کـە سـمێڵە مامناوەندییەکـەی بـە پەنجـە جموجووڵاوییەکانی دەنایە نێو زارییـەوە و دەیکرۆژتن، پۆل و شـانەی بەڕێـوە دەبـرد و ئابوونەکانیانـی ئاودیـوی بەرکـی خـۆی دەکـرد و کاتـی داواکردنـی پسـووڵەی پەیوەنـدی کردنیشـی بـە شـاخەوە خـۆی لـە گێلیـی دا و دەبوایـە ئـەو سـەرچڵییە بگرێتـە ئەسـکورد و بکەوێتـەڕێ و بەرپرسـیاری ئـاکام و ئاقیبەتیـش هـەر خـۆی بێـت! هـەر چەنـدە ئـەو وەبیرهاتنەوەیـە ختووکـەی تووڕەییەکـی دژواری دا، بـەڵام جێپێـی هەڵنەگـرت و وێڵـی کـرد. کاتـێ ئـەو ڕۆیشـت، ئـەم بـە دڵنیاییـەوە زانـی

ئـەوەی لـە ئەندێشـەی ئـەودا یەکلابۆتـەوە ئەوەیـە ئـەم یەکێکـە لەوانـەی مەحاڵـە ویسـت و ئیـرادەی کەلەپچـە بکرێـت. چونکـە گەیشـتبووە میـوەی درەختـی ئـەو بـاوەڕەی گرنـگ و پەیگیـرە تاکڕەوێتییەکـی سـەربەخۆی هەبێ، ئەگینـا هەمـوو تەقەللایـەک بـۆ بەخشـینی کەماڵێکـی کاریگـەر بـای بەهــەدەر چــوون دەیبــرد و دەوسەکیشــی بەجــێ نەدەهێشــت.

ئــەو چەنــد ڕۆژە نەیتوانــی هیــچ شــتێک دەربــارەی ئــەو خانەوادەیــە هەڵکرێنێ، بێجگـە لەوەیـش خانەخوێـی سـەلار و کەمـدوو ئەسـتێرۆکەیەک بــوو تەنهــا لەنێــو پرســیارەکاندا چریســکانەوەی خــۆی دەردەخســت و قایلانەیـش گوێـی بـۆ وەڵامـە دوور لـە هەتـەری ئەزموونـە مەیدانییەکانـی ئـەم ڕادەدێـرا. بـەڵام لەزەتـی درەوشـانەوەی ئـەو شـەمەی کە»پەرویـن»ی هــەرزەکار لەوێــدا هەڵایســاند و دوای ونبوونــی ئــەم لــەو شــوێنەوارەدا کاژی یادوەرییەکـی پۆشـیی و وردە گوڵەژاڵـەی خۆشـییەکی بێـڕادە تاڵـی بــەو ســەفەرە بەخشــیی کــە لــە ســەیرانی دەیجوورێکــدا غــەرق بــوو. «پەرویـن»ی بـرازای»کاک عەبـدول» میوانێکـی ئێسـک سـووک بـوو لـە ئاسـمانی جوانییەکـی بێهاوتـادا باڵەفڕکـەی دەکـرد. لـە یەکـەم نیگاشـییەوە ئـەم دەڕۆسـتی عەشـق نەدەهـات، بـەڵام ئـەو هێنـدە گرەویـدە و شـیفتەی ئـەم بووبـوو گوتـی: هــەردەم خەونـم بـەوەوە بینیـووە ببمـە هاوسـەری پێشــمەرگەیەک. خۆشحاڵیشــم کــە بڕیــارم داوە چاوەڕێــت بم!..کاتــێ ئـەوەی وت، ئـەم سـەرقاڵی ڕنووسـکردنی هەندێـک وردە یادداشـت بـوو و نەیدەویســت لــە درزەکانــی ئەندێشــەیەکی پەرتــەوە بخزێنــە دنیــای خۆسـرینەوە و خێرایـی دەسـتەبەریان نـەکات. لەنێـو دارسـتانی چـڕ و سـەر پێکـەوە نـاوی وشـەکانەوە کتوپـڕ قرمەژنێکـی نـەرم لـە نووکـی پێنووســەکە جیابــووەوە و پەرچەکردارێکــی ناگەهــان قینێکــی قووڵــی

بەرامبەر بەو کەمتەرخەمییە لە بیریدا خرۆشاند، درکی نەکرد چۆن مەداری ئەو دەرفەتە دانسقەیەی پشتگوێ خستووە؟ کەودەنییەکی کەمخایەن گوزەری کرد و هێندەی پێنەچوو زەردەخەنە گۆڕانێکی ڕەزامەندانەی بە فەزاکە بەخشیی و مەحەببەت جێنیشتەی ئاستانەی خۆی بووەوە و ئەو ساتەوەختە دەوسەکی هیچ جۆرە هەستێکی نەگەتیڤ لە دەروونیدا نەمایەوە. کەس لە ژوورەکەی سەرەوەدا نەبوو ئەمان نەبێت، دەستە بچکۆلەکانی ڕاکێشا، لەبەر کێویلەیی تێڕامانیدا بووە نێچیرێکی گۆشەبەند و پەلوپۆی تەکینەوە. چەند وردە ماچێک کەوتنە ئەودیوی حەزێکەوە کە بەرگری ڕەتکردەوە و هەڵوەرینە سەر تامەزرۆیی لێوە سفتەکان و چرکەساتێک لەسەر پێخەفی خەیاڵپەروەری بیرەوەرییدا تەڕوبڕییان بڵاوکردەوە. دەیزانی بەیناوبەین پێداویستیی بەو چرکەساتە کێوییانەی غەریزە هەیە و دەبێ لە ژیانی هەموو تاکێکدا مافی ڕەوا و گومان هەڵنەگربن.

مەڵبەند، زۆر لە جادەکەوە دوور بوو، ئاسەواری دوا بارانیش هێشتاکە گیانی خڵووپانی قوڕ و لیتە دەکرد.»عەلی قەمبەر« کە چەکداری کۆنی ئەو دەوروبەرە بوو بەرەو سەرێ بەرز دەبووەوە، چاوێکی بڕییە تەپۆڵکەکە و بە بێئەوەی تەماشای ئەم بکات وتی: دوێنێ هەر لەبەیانییەوە ئاسمان بەسەر ئەم هەوارەدا گریا..گەرچی لەژێر قورسایی کۆڵەپشتەکەی و شێلانی ئەو لیتە بێزارکەرەدا هەورازی گرتبووەبەر، کەچی بینینیی ئەو هەموو چەکدارە بێشومارەی کۆنترۆڵ و پاسی جادەکەیان دەکرد و بەو ناوەدا بڵاوبووبوونەوە، تیشکی ئۆخژنێکی عەجایەب و ڕمۆکی بە هەسارەی دڵی بەخشیی.

پەلـەی بـوو بگاتـە  سـەرەوە و دیارییەکانـی ئـەو کوڕگەلـەی زانکۆیـش هێنـدەی تـر باریـان سـەنگین و دەوڵەمەنـد کردبـوو. کـە هەنـگاوی بـە نێـو پایـەگا تاریکەکـەدا نـا بەتەمـای سـڵاوکردن نەبـوو، چاوەڕوانییشـی نەدەکـرد ئەمەنـدە چەکـداری تێـدا مـۆڵ درابێـت. یەکسـەر چەندیـن هاوشـاریی ناسـیاو و نەناسـیاو بـە پیرییـەوە هاتـن، سـەرجەم تاسـەی بیسـتنی هەواڵـی نێـو شـار بـوون. حەزیـان نەدەکـرد پرسـیارەکانیان بکەویێتـە بەینـی قەمچەکانـەوە، بەرسـڤەکانیش دەیبردنـەوە بـۆ ئـەو ئەتمۆسـفیرەی خۆشەویسـتەکانی دەگرتنەخـۆ. ئـەو سـاتەوەختانەی سـەرەتا، مەحەببەتێکی زۆر قووڵ و بێبن ئەمی فەراپۆش کرد و لۆمە و ڕەخنەکانـی دایـە لاوە و سـەرقاڵی ئـەو یۆتۆپیـا زووگـوزەرە بـوو. سـەرما و سـەقەمەکەی ئەوێیـش چەنـد ڕۆژێـک ناسـاغیان کـرد. دوای ڕۆژەکانی ناسـاغیی، تەندروسـتیی دەسـتەبەر کـردەوە و»ڕێکـەوت» کـە ڕێکخـراوی بەڕێـوە دەبـرد و نەختێـک لـەم بەرزتـر و تێکسـمڕاوتر بـوو، بۆ دیمانەیەکی کـورت لەگەڵیدا دانیشـت و پـاش حاڵیبوونـی لـەوەی کـە ئاواڵی»پێشـرەو»بووە و بـەر لـە چوارسـاڵ پێکـەوە کاریـان کـردووە، بـە چاوێکـی گەوجبیـن، یـان پـڕ لـە بەزەییـەوە سـەرنجی دا، وەکـو ئـەوەی بڵێـت: هــەی گەمـژە بـۆ هاتیـت؟ لەوێنـدەر بمابـای چێتـر بـوو، لێـرە چ شـتێکی گرنـگ چاوەڕوانـی دەکردیـت تـا بیهێنیتـە کایەوە؟!..پەنجەکانـی دزەیـان کـردە ژێـر جەمەدانییەکـەی و کەوتنـە هەڵکڕاندنـی سـەرە نیمچـە ڕووتاوەکـەی. تێڕامانـی، وەکـو چاوتێبڕینـی گـورگ بـۆ نێچیـر، دەربـڕی گوزارشـتێکی دڕندانـە بـوو، ئەمـی دووچـاری هەسـتێکی سـەیر کـرد، وەک ئـەوەی پێی بڵێت: تۆیش هاتیت خۆت بکەیتـە ژمارەیەکی بێبایـەخ و هیچـی دی!..تۆیـش هاتیـت ژیانێکـی تـر لەباربەریت کـە ژیانـی خۆتـە؟..

بێگومـان ئەمیش لـە قسـە و پرسیارە ئاساییەکانی نـا، بەڵکو لـەو بەزەییە ڕووکەشـە پتـر قەڵـس بـوو کـە بـە ئاشـکرا گاڵتەجاڕییەکـی تـاڵ دەربـڕی بـوو.

چەنـد حەوتوویـەک دواتـر لەگـەڵ هەنـدێ دۆسـتی دیکـەدا لـە ڕاگەیانـدن جێگیـر بـوو، ئەگەرچـی بەرنامەیەکیشـیان بـۆ دانەڕێژرابـوو، بۆیـە هـەر یەکـە و بـە خولیاکانـی خۆیـەوە سـەرقاڵ بـوو. نووسـین، شـێوەکاریی، مووزیـک و خوێندنـەوەی ئـەو بەرهەمانـەی لەوێـدا چنـگ دەکەوتـن و ئەوانیـش زیاتـر ڕامیاریـی و ئابووریـی و وێژەیـی بـوون، بەشێکیشـیان کەلەپـوور، یاخـود بیرەوەرییەکانـی پێشـەوا و ڕابـەری خەبـات و بزووتنەوەکانـی دنیـا و ئەزموونـی ئازادیخـوازان و ناودارانـی شـەڕی پارتیزانیـی جیهـان بـوون.

شـەڕی ناوخـۆ لەبـەر کۆسـپەکاندا ملەقوتـەی بـوو. هێشـتا بۆنـی بەهـار بـە دەشـتاییەکاندا شـەپۆلی نەدابـوو، سـەریهەڵدایەوە. بـاران بڕانـەوەی بیرچبـووەوە و ژێـر سـوانەی خانـووە گڵەکانیـش فریادڕەسـی زۆربـەی زۆری چەکـدارەکان بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی بـاوەڕی لەوانـی دیـش پێـی کەمتـر بـوو، بـەڵام هەسـتیکی ڕمۆکـی ئەرکمەندیـی دنـەی دا و چـووە لای بەرپرسـی مەڵبەنـد و دەرخواسـتی ئـەوەی کـرد ئەرکێکـی پێبسـپێرن. کەرتەکەی »پێشـڕەو«لە بـەری ئەمبـەری شـاخە قۆقزەکـەی پشـتەوە کـە دەیڕوانییـە نێـو گونـد، لـە بـاری داکۆکـی کردنـدا سـەقامگیر ببـوون. لـەو دوو ڕۆژەی دواییـدا هیچیـان بـۆ نەچووبـووە سـەرەوە و یەدەکـی خۆراکیشـیان شـکنەدەبرد. هەمـوو لـە حەوشـەی مەقەڕەکـەی خـوار مزگەوتەکـەدا بـە چینچکانـەوە دانیشـتبوون و کـەس نەیدەویسـت خـۆی

لـە قـەرەی سـەرچڵییەکی مەترسـیدار بـدات! فیداکارییەکـی ئاوایـش بـە زەینی زۆر کەسدا ختوورەی نەدەکرد، نەخوازەڵا کەسانێک کە خودانی ڕۆحێکـی چـرووک و قرچـۆک بـوون و لەژێـر سـێبەری فیداکارییەکانـی ئێترانـدا بوونیـان بەرجەسـتە دەبـوو.

کەرێکی مامناوەنجی دێز نزیک کەوتەوە، گوێچکەکانی گەمەیان دەکرد و سـات ناسـاتێک خـۆی دەلەنگانـدەوە. جەواڵەکانـی سـەر کورتانەکەیـان لـە گۆشـتی قتـوو، پەنیـری کرافـت، نانـی تیریـی و فیشـەکی جۆراوجـۆر لێواولێو کـرد و ڕەشـمەیان دا بەدەسـتییەوە و پێـش ئـەوەی بپرسـێ، بـە هێمـا باشـترین ڕێگایـان لـە خوارووی گوندەوە بۆ دیاری کـرد و وتیـان: هەرکـە چەمەکـەت بـڕی بـە قەدپاڵەکـەدا هـەوراز بـەرەوە و بـەلای ڕاسـتدا سـەرکەوە. ئیتـر کەوتـەڕێ و لـەو تەمومـژە خەسـت و بارانـە بێلێبـڕەدا هێـواش هێـواش ڕێـی سـەربەرەوژووری گـرت و هەڵشـاخا. خوتەخوتـی گومـان جگـەری هەڵنەکۆڵـی، ئاخـۆ چاوەنـۆڕی ئـەوە بـوون یەکێـک پەیـدا بێـت و بەسـەر زینـی مەرگـدا هەڵیگێـڕن! گوندییـەکان، دەتگـۆ دیدەیـان لـە هەسـان دراوە، بـە شـێوەیەک ڕامابـوون نەیدەزانـی ئـەوان مردوویەکـی ڕۆیشـتوو دەبینـن، بەڵکـو لـەو بڕوایـەدا بـوو ئاگادارییەکـەی تێژدەکەنـەوە و هەڕەشـەیەکی هاتـوو نیشـاندەدەن. ئـەوان لەنێـو بۆتـەی سـەرسـامییدا دۆشـدامابوون و ئەمیـش خـۆی بـۆ ئـەوە ئامـادە کردبـوو بـەو هـەورازەی سـەرەوە بـگات. گوێدرێژەکـە ماوەیـەک بـە لاپاڵـی بنارەکـەدا سـەرکەوت و هێـدی هێـدی تەوەزەلیـی و قورسـیی نیشـان دا، ئیـدی لەبریـی ئـەوەی بەدوایـەوە بێـت پێشـی کـەوت و جارجارەیـش دەبوایـە قەمتەرەکـە ڕاکێشـێت و زەحمـەت بکێشـێت تـا دەسـتوبرد بگاتـە ئـەوێ. دەنـگ و سـەدای شـیقژن وخرمـەی تەقـەکان، بەبێئـەوەی بزانێـت سـێرەیان لـێ

گرتووەتــەوە، هەنــگاوە هــەوراز کەوتووەکانیــان دەکــردە هاودەمێکــی ئەمەکدارتــر و بــە خەمســاردییەوە دەتەپینــە گوێچکــە بێباکەکانییــەوە و زایەڵەیــان دەدایــەوە. لــە ئاســتێکدا، بــە مەزەنــدە هــەر پەنجــا مەتــر لــە ســەنگەرەکانەوە دووربــوو، لــەو زێــوارەدا دەنگــە دەنگێکــی بێهاوتــا شــەقڵی گرت و ماخۆلانی خستە هێمنیی ولاخەکەوە، ئەم هێشتا فەرقی بــەوە نەکــرد بــوو چــی دەگــوزەرێ، برێشــکەی فیشــەکەکان زنۆقیــان بردبــوو. کــە بەردەکانــی بەردەمــی کەوتنــە شــەقبردن و تەکانخــواردن، ئەوســا پەیــی بەوەبــرد لــەو بــەرەوە نیشــانەیان لێــی گرتــووە و ئینجــا ڕاســتیی بــووە لوقمەیەکــی هەرســکراو! دەرەقەتــی نەهــات، چبــووە دنیــای بێســەروبەری خەزرینــەوە، هــەر چەنــدە هێنــای و بــردی، هــەر چەنــد تەقەلایــدا، بایەخــی نەبــوو، هــەر ڕایکێشــا و بــە دوویــدا نەهــات. گوللــەیش پەیدەرپــەی لەمــلاو لەولایــدا بــەر بــەردە زلــەکان دەکەوتــن، هەندێجاریش ســەریان دەکرد و چززە و گڤڤەی ترسێکی پەشۆکێنەری دەهێنایە بەرگوێی و هەندێجاری تریش بەردێکی قەبە شــەقی دەبرد و مووچڕکەیەکی ســامناک ســەراپای دەتەنی. گوێبیستی دەنگی برادەرانی خۆیــان بــوو کــە لەودیو مەتەرێزەکانــەوە دەیانوت: خــۆت بدە بەعــەردا، خــۆت بــدە بەعــەردا دەتکوژن..کــە ئــەو لــە جێــی خۆیــدا وەکــو ســندمی داکوتــراوی لێهــات، ئیتــر بــە خورتیــی خورجــە ســەنگینەکانی ڕاکێشــا و هــەردوو تاکــەی کەوتنــە ســەر قوڕەکــە، بــە زۆرەملــێ ڕایکێشــایە پــاڵ زنارێــک و چــووە وێــزەی کەرەکــە، ڕایکێشــا، بــەڵام تەنانــەت قیچێکیــش لــە شــوێنەکەی خــۆی تەکانی نەخــوارد و ڕەنجەکــەی بەزایــەدا. هێشــتاکە هــەر نیشــانەی پێــکان بــوو، لەودیــو ســەنگەرەکانی سەریشــەوە هــەر هاواریــان لێدەکــرد بچێتــە پــاڵ تاشــەبەردێک، لــەو بــاران و گوللــەیەدا،

پۆشـاکە ئەبەنۆسـییەکانی قاوەیـی هەڵگەڕابـوون و بێزاریـی تەنگـی پێهەڵچنیبـوو. دوای ڕەنجەڕۆبـوون و بـەر لـەوەی خـۆی بـە زەوییـە قوڕاوییەکـەدا بدات، لـە حەژمەتاندا تووڕەیی ئەوەنـدە بەهێـزی کردبـوو لەقەیەکـی ئەوتـۆی بـە گوێدرێژەکـەدا کێشـا، دەتگـۆ تۆپێکـە و شـەقی بەرکەوتـووە، تلۆربـووەوە، بـێ کڕووزانـەوە تلۆربـووەوە، قەدەرێـک لێیڕامـا، زۆری مابـوو بگاتـە کەندالّـی میـان دوو چیاکـە و بگیرسـێتەوە. بـەڵام هیـچ نەبـێ تۆڵـەی ئـەو ڕەفتـارە خۆسـەرە لەزەتێکـی نیوەناچڵـی بەرهـەم هێنـا و ئـاوا خـۆی دوانـد: بریـا مەودایـان بدایـە هەتـا خـوارەوە نیـگای بکـەم و ئەوسـا خـۆم مەڵاسـی پشـت ئـەو بەردانـە بدەم..ئـەو دیـار نەمـا، ئەمیـش کتوپـڕ لەسـەر سـک خـۆی هەڵـدا و لەودیـو گابـەرد و تاشـەکانەوە تەختـی عەردەکـە بـوو، هێنـدەی تـر لـە قوڕەکـە گـەوزا، گوللـەیش بێلێبڕ وەک ئەستێرە بەسـەر سـەریدا دەکشـان، هەتـا هەورێکـی عەبـووس چڕوچـاوی ئـەو نـاوەی تێکنەنـا نەیتوانـی لـەوێ بجووڵـێ، ئەوسـا بـە کێشـمەکێش و دژوارییەکـی زۆر جەواڵەکـەی بـردە سـەرەوە و خـۆی گەیانـدە سـەنگەرەکان. چرکەیـەک شـادمانی دایگرتـەوە، وێنـەی منداڵێـک چاوەڕوانـی سـتایش بـوو، دوای گاڤۆکەیـەک زانـی وەختـی ئـەوە نییـە هیـچ بڵێـت و هیچیشـی پـێ بووترێـت. هەندێـک لاشـەی لـە خوێنهەڵکیشـراو تەمـە کرێتەکەیـان دەرەوانـدەوە و هەندێکـی دیـش چاوەڕوانـی ڕەواندنـەوەی تەمەکـە بـوون و لـە تەنیشـت گابەردەکانـدا هێشـتا سـڵەمینەوە و ترسـی خوێنـاوی بوونیـان لـە ئاشـکرابوون دەپاراسـت. هەمـوو لـە مەزاجێکـی سـەیرەوە لەوتابـوون، کـەس لـە خورجـەکان نەهاتـە پێشـەوە، لەمـەڕ جەسـتە ڕەقهەڵگەڕاوەکانیشـەوە، تـا زەردەپـەڕی ئێوارێیەکـی درەنـگ لەگـەڵ چەنـد چەکدارێکدا هێنایاننـە

خـوارەوە و دیمەنەکەیـش بـوو بـە پەرشـکەرەوەی لەککـەی هەمیشـەیی لەسـەر دێوجامـەی یادەوەرییەکانیـدا و تەنیـا بـە تەنیشـت چەمەکـەی قەراخـی ئاواییدا لۆژلـۆژ دانگەڕێزەی کـرد و ڕێـی چوونـەوەی گرتەبـەر. بەژنـی بـە پەڵەهەورێـک دەچـوو گووشـین چۆڕاوگـەی تێخسـتبێ، جلەکانیشـی لـە قـوڕ وەردرابـوون، ئـەو چەنـد ژنـەی لـە ڕۆخ چەمەکـە مابوونـەوە بینینـی دەسـتی خرپنیانـی بەسـەر ڕوومەتەکانیانـدا زاڵ کـرد و کەوتنـە کرۆژتنـی لێـوە لەرزۆکەکانیـان، وەک ئـەوەی بڵێـن: دەک دایکـت کوێـر بـێ..دەک دایکـت بمرێ..لەودیـوەوە چەنـد مێردمنداڵێـک شـڵپوهوڕ بـەو زسـتانە خۆیـان فڕێدایـە نێـو ئاوەکـەوە. چـاوەکان بـە دوایـەوە بـوون، سـەری چەشـنی ئەتۆمێـک لـە تەقینـەوە دەگـەڕا. لـەو ئانوسـاتەدا ئـەو ئامۆژگارییـەی گرتەخـۆ: بـۆ ئـەوەی لـەو پێسـتەیەی خۆتـدا نەبیـت گرنگتریـن شـت ئەوەیـە بتوانـی هەسـت و سـۆزەکان قەڵاچـۆ بکەیـت. کـە لـە هاشـوهووش و ئـاژاوە بـێ ئاڕاسـتەکەی نـاو گوندەکـە نزیـک کەوتـەوە، ئەوانـەی ڕێگای نەگەڕانەوەیـان نیشـان دا، بەتایبەتـی هـاوڕێ دێرینەکـەی خـۆی، وێنـەی قرژاڵـی ون لـە جووڵانـەوەدا بـوون و لـە ماکیـاژی مامۆسـتاکانی دێ وردەبوونـەوە کـە ڕێیـان گرتبووەبـەر و بـەرەو جادەکـە دەڕۆیشـتن تـا بـۆ چوونـە شـار ئۆتۆمبێلیـان دەسـت بکەوێـت. ئـەو هەمـوو دیمەنانـە و ناردنـی نیـگا لـە هەمـوو گۆشـەیەکی کـراوەوە بـەوە دەهاتـە بـەر ڕامانـی لـە سـینەمایەکدا بێـت و فیلمێـک گرەویـدەی کردبێت.»فەیزۆ»کـە بـە دەشـتیی ناسـرابوو، لەڕاسـتییدا بوونێکـی بـێ ڕۆح و لـە هەسـت خاڵیبـوو، یەکێـک بـوو لەوانـەی وەک وێسـتگە تەماشـای حیزبەکانـی دەکـرد و لـەوێ گیرسـابووەوە، لەژێـر سـوانەی مزگەوتەکـەدا جگـەرەی دەکێشـا و خـۆی خافڵاندبـوو، لـە

شـتێک دەگـەڕا خـۆی لـە پاڵیـا بشـارێتەوە. کـە لـە دوورەوە تێبینیـی کـرد، بـە دەنگێکـی ڕمـووزن هـاواری لـێ بەرزبـووەوە: ئـەوە لـە کـوێ خـۆت شـاردبووەوە؟ نیـوەڕۆ سـۆراخمان کـردی دیـار نەبوویت!..لـە تووڕەییـدا دەنـگ لـە کرۆکیـدا دەرکەوتنـی ڕەتکـردەوە و خەفـە بـوو. ئـەو تووڕەییـەی ئەزموونێکـی تـاڵ هانـی دا زۆر شـتی دایـە بەرگوێـی و چـاوی هـزری بـۆ بینیـن قووڵترکـردەوە. ئـەو چاوێکـی مۆنـی بـە باڵایـدا هەڵگێـڕا و تەریقبـووەوە، بـەو مانایـە نـا پەژیـوان بووبێتـەوە، بەڵکـو لەبەرئـەوەی کەسـی دیکـە درێـژەی بـە سـەرەداوی قسـەکەی نـەدا و کەوتـە نێـو تەڵـەی تێشـکانەوە. بـەڵام بێئـەوەی بایەخێکـی ئەوتـۆ بـدات چـووە ژووری و بـێ سـێودوو خـۆی لـەو جلانـە داماڵـی و لـە لایەکـەوە پەنجـەکان خەریکـی داخسـتنی دوگمـەکان بـوون و لـە لایەکـی تـرەوە مەگیرانـی ئەوەیـان دەکـرد خامـە بگـرن و یادداشـتەکان بخەنـە فۆرمـی سـەربهووردییەکی تـرەوە. هەسـتی درزی تێکەوتبـوو، ژیـان دوای ئـەو ئەزموونـە، ببـووە سـەفەرێک و مـەودای کورتیـی بـە جێهێشـتبوو، چبـووە نێـو مەودایەکـی پێچەوانـەوە و گوێـی بـە قرچـە قـرچ و نێڵـە نێڵـەکان سـیخناخ دەکـرد. دەنگێکـی نادیـار هـەدای دەسـتپێکردنی نـەدا و نارەزایـی دەربـڕی! لۆژیـک لـەوەدا نەبـوو ئـەو وردە تێبینیـی و شـتانە ببینرێـن و بخوێنرێنـەوە، نەیدەویسـت لـە قاڵبـی بوونێکـی نووسـراویان بـدات. تەنانـەت تێفکرییـن بـۆ لەقاڵبدانـی بەمشـتێ وشـەی نـاو فەرهەنـگ، هەنـاوی بـە هـاڵاوی خیانـەت دەلەوتانـد و دەیکـرد بـە پەیکـەری ئـازار و جـدەوی ململانێـی ئاشـکرانەکردنی ڕازەکان. درکـی جەڕانێکـی وشـکی تێکـەوت، ئەوانـەی چاوبڕکێیـان لەگـەڵ هاتنەوەیدا کـرد جـۆرە ئیرەییـەک تیایانـدا کەوتبـووە خرۆشـان و بـە پەرۆشـیش نەبـوو بزانێـت چییـە،

چونکـە ئـەوە تەنـگ و چەڵەمەیەکـی دەرەوەی دنیاکـەی ئـەم بـوو، لـە کولخانـی ڕۆحـی ئـەوان جێگیرببـوو.
ئـەو ئێـوارە درەنگـە کۆئەندامـی هەرسـی ئیشـتییا و نەوسـی وشـک کردبوو، بە ماتیی و بێ مەیلییەکەوە ماوەیەک لەگەڵ»کرمانج»و»خەلیل دەلاک»و ئـەو خۆشـناوەی بـە تاقـە نۆبەرەیـەک هاتـە نێـو خێزانـی شـیعرەوە و سرووشـەکەی تاهەتایـە دەستەویەخەی ئیشـکارۆیی بـوو، لـە باکـووری دێدا وەسـتان و قسـەیەکی فـرە پەیدەرپـەی دەهاتنـە نـاو فـەزای بیسـتنەوە، ئـەوەی ئـەم قۆزتییـەوە گەیشتنی»مارشـاڵ»بوو بـە هێزێکی زۆر زۆرەوە بۆ ڕیشەکێشکردنی هەموو تەڕ و وشکێکی سـەر ڕێگاکەیـان. ئـەو شـەوە دەسـخەڕۆی خـەو بـوو، بێداریـی بینـی گـرت، لەتانوپـۆی گینگڵـە ژەهراوییەکانـەوە کەوتـە نـاو مەشـقەڵانی بیرێکـەوە کە بە مشتومالّی دۆژی پەپکە خواردووی ناو دەروونـەوە سـەرقاڵبوو. ڕۆژی دواتر بوو وتیان «هەڵۆ»بە هێزەکەیەوە لەو نزیکانەدا نیشتەجێ بـووە و مەترسـیی و هەڕەشـەکان پـەڕەوازە کـراون. بـەڵام سـەرباری ئەوەیـش هیـچ ڕۆشـن نەبـوو تاکـەی کۆتایـی بـەو ناحەزییـە هێنـراوە؟ چونکە بەڵگەنەویست بوو شـەڕ تەنهـا چارەی کاتیی پێشـکەش دەکرد و هەمیشـەیش سـەرهەڵدانەوەیەکی تری بە دوای خۆیدا دەهێنا! دێتەوە یـادی، «هەڵـۆ»دوای شـەڕەکەی «حوزەیرانـی٦٧» ئەمـی بردبـووە قوتابخانەی»نیـزاڵ»و ناونووسـیی کردبوو..ڕۆژەکانـی سـەرەتا بـە شـەیداییەکی منداڵانـەوە ڕادەوەستا و دەیڕوانییە گوزەری شـەمەندەفەرە سـەر سـەوز و ناوقـەد و کلـک ڕەشـە کەنەفتەکـەی شـار و لـە هـزری سـادەی ئەوسـایدا نەیدەزانـی لـە کوێـوە دێـت و بـۆ کـوێ دەڕوا و ئـەو خاڵانـە کامانـەن کـە پێکیانـەوە دەبەسـتێت! ئـەوە دواسـاڵی ئـەو قۆناغـەی

ئەو بوو، دواسایش زۆر بەدەگمەن ڕێکەوتی یەکتریان دەکرد و هەریەکە دەیویست لە ئەفسانەیەکدا نوقم  بێت و کەس نەزانێت سەرقاڵی چییە! ئەگەرچی تەمەنی لە تەمەنی ئەم هەڵکشاوتر بوو، کەچی دوو ئاواڵی خۆشەویست بوون و پەیوەندییەکی سەرزەنش هەڵنەگر بە خەرمانەی ڕێزێکی تایبەتییەوە گەمارۆی دەدان و قەتیش پەیڕەوی یاسای یەکتر لە بیر بردنەوەیان نەدەکرد. ئەو دوانیوەڕۆیە هەر بۆ هەوەس و سەرگەرمیی لە ڕەزەکەی پایینی دێ دانیشتن و کەوتنە پەرچڤەکردنی گوتارێک لەسەر دوورگەی قوبرس و کێشەکانی، ئینجا هەندێ لۆمەی زەمەن و ئەو هەموو لێک دابڕانەیان کرد و لەبەرئەوەی مێژوویەک پێکەوەی گرێدەدان هەڵڕژتنی ئەو دەردەدڵە شتێکی فرە تەندروست و ئۆباڵ سووککەرەوە بوو. بەر لە ئێوارێ، تەرمی»پێشرەو»یان هێنایە نێو مزگەوتەکە و پێکڕا بۆ دیداری لاشەکەی چوون و لە حەوشەکەدا بێناز جاجمێکی بەسەردا درابوو،»ڕێکەوت»یش بە دوو بینایی پەنماو و پڕ هەنۆوە لە کەناریدا ڕاوەستابوو، لەگەڵ هەڵدانەوەی جاجمەکە دەسەسڕەکەی دەرهێنایەوەوکەوتە حەشاردانی تابۆیەکی دێرین و بەبێئەوەی ڕوخساری دەربخات بە نووزەیەکی تازیمانەوە وتی: هەستاوە بۆ ئەوەی ورە بە پێشمەرگەکان بدات!..کوونێکی لە سەریدا بینیی، گوللەی قەنناسەیەک تەپڵی سەری سمی بوو، دەستبەجێ سەهۆڵبەندانێک ڕەوتی ژیانی لە بەردەوامیی خستبوو. دوای بینینیی ئەو دیمەنە، ئیتر نەیاندەتوانی لە پێستی کرژی جەستەیاندا چیدی ڕاگیربن. چەند ڕۆژێک دوای ئەو شەڕە میراتییە، بەو ئومێدەوە ئەوێی بەجێهێشت کە لە مەڵبەندێکی دیکەدا کەنارنشین نەمێنێتەوە و بکەوێتە پراوەی دان و ستاندن و لە سەنگینیی خۆی بەرخورداربێت.

کە ئـەویٚ کەوتـە چەقبەسـتن لـە ڕابـردوودا، گلانـدی قەبـەی جەخارێک لــە تەنیــدا هەڵئاوســا، بــەوە نەدەچــوو هیــچ هەتوانێــک بتوانێــت لــە ســەریدا ڕاکشــێ و چارەیەکــی بــۆ پەیــدا بێــت. هــەر لــە تەتەڵەکردنــی بیـری خۆسـەپێنی ئـەو ڕێگا تووشئاسـایەدا بـوو کـە هەندێجـار هەسـتی دەکـرد کۆتایـی ڕەتدەکاتـەوە. ئـەو هاوڕێیـەی جاروبـار پێکـەوە لـە سـەر ســەبانەی مزگەوتەکــە و ڕێچکەکــەی ســەرووی دێ، یــان ڕەزەکــەی خــوارەوەدا پیاســەیان دەکــرد و بــە ســۆزێکی ڕیشــەداری ســەردەمانی زووەوە دەکەوتنــە نێــو ئاخاوتــن و چــەوت و چێڵیــی و هەڵــە و ناڕاســتییەکان بــە ڕوونیــی و ســازگارییەوە لــە قســەکانیاندا ڕەوتیــان دەکــرد و ئایدیاکانــی خۆیشــیان دەردەبــڕی و دەیانخســتە قەپانــی بـەراووردەوە، لـە زۆر مانشـێت و سـەردێڕدا یەکیـان دەگرتـەوە، بـەڵام کاتێ«جووتیـار» چەنـد ڕۆژێـک دوای شـەڕەکە، نهێنیـی ئـەو هاوڕێیـەی بــۆ درکانــد، هەرگیــز گــوزارش و ڕاپۆرتدانــی بە»ڕێکەوت»لەمــەڕ ئــەو گفتوگۆیانەیــان و بیرکردنــەوە و هەڵســەنگاندنەکانی ئــەم بــۆ ئــەم ئەزموونـە نوێیـەی شـاخی بۆ ڕاڤـە نەکرایـەوە و بووە سـۆنگەی ئـەوەی مەڵبەنـد وەکـو ژەمێکـی هەرسـنەکراوی لێبێـت و بڕیـاری ڕۆیشـتنی پـێ وەربگـرێ. گەرچـی پـاش چەنـد ڕۆژێکـی کـەم بـە تـەواوی لێکدابـڕان، بــەڵام قەتاوقــەت لــە شــێرپەنجەی ئــەو داخــە موخەننــەت و خەمــە ســەرکوت هەڵنەگـرە نەڕەخسـیی و کەڵەکـە بوونـی شـتەکانی دواتریـش لـە بوونیـدا نەیـان ڕەوانـدەوە. ئەوێیـش، ئـەو جێگایـەی تریـش هـەر لـە ئەتمۆسـفیری پشتگوێخسـتن و کەمتەرخەمییـە کەونـارا و کەسـبەکەس نەبووەکەدا مەلەوانی دەکرد! هێوورییەک بەسەر هەستەکانیدا زاڵببوو، جـۆرە دڵشـادییەکی تـر ناخیـان لـە ئامێـز نابـوو، وچانیـش زیاتـر بـوو

تاوەکـو چەشـنی جاڵجاڵۆکـە تۆڕێکـی بەربڵاوتـر بـۆ پەیوەندییەکانـی بهێنێتەکایـەوە. حەوتووەکانـی سـەرەتا لاپڕەسـەنییەکی سـەیر سـەرقاڵی کردبـوو، دەتگـۆ بـۆ کاراکتـەری ڕۆمانێـک دەگەڕێـت، لـە هەمـوو کـەس و ڕەفتـار و سـەرهاتێک ڕادەمـا، هـەر جـارەو لـە گۆشـە و سـیلەیەکی گوندەکـەدا بناغـەی دادەکوتـا. گورگومێشـی ئێـوارە، لـە پەناوپەسـیوی کۆڵانێکـی تاریـک، یاخـود ڕێگایەکـی پەرپووتـی نێـو ماڵەکانـدا خـۆی دەخسـتە بۆسـەوە، ئاخـۆ چ شـتیک بکەوێتـە داوی پشـکنینییەوە؟ لـە گۆبەنـد نەدەگـەڕا، بـێ ورتـە دەمایـەوە و لاپڕەسـەنیی وێنـەی فرەکێکـی تەریوو هەڵیدەگرت بۆ ئـەوەی کەشـفی شـتێکی نائاسـایی بکات، وێڵ و باژێڵـەی ئـەو شـتانە بـوو کـە لەژێـر ئاسـمانی شـەودا شـێوەیان دەگـرت و تەنهـا لەنـاو سرتەسـرت و چرپەچرپەکانـدا دەژیان.»مستۆ»چاوباشـقاڵ، تراشـکردن و پاکوخاوێنیـی ئەرکێکـی ڕۆژانـەی بـوو، هەرگیـز بـە لەککەیەکـەوە نەدەبینـرا! بەرپرسـێک بـوو، هـەردەم وەکـو تاپۆیـەک بـە کووچەکانـدا خـوار دەبـووەوە و لـە سـووچەکەدا ملـی بەمـلاو ئـەولادا وەردەچەرخانـد و ئەوپـەڕی ئاگایـی دەنوانـد تـا نەبینرێـت و هەنگیـن خـۆی دەتەپانـدە ماڵی»چیمـەن»ە شـۆخ و شـەنگەکەی گونـدەوە و پـاش تاوێک»برایمۆک»بـە مـاری پەپکەخـواردووی هەسـتێکی تـوورە و تۆڵەیەکی زۆر ئەسـتوورەوە دەردەپەڕییـە دەرێ و بـە خۆخواردنـەوەوە لـە تاریکیـی کۆڵانەکانـدا بـەرەو سـەرێ دەڕۆیشـت و وەک تارماییـەک دیارنەدەمـا. ئـەو ڕۆژەی خانووەکەیشـیان لێـی بەکـرێ گـرت، بـۆ هەمیشـە گەنجینـەی یادەوەرییەکانـی ئەمـی دەوڵەمەنـد کـرد و بـە هێسـترە قاوەییەکـەی تایپرایتـەر و ڕۆنیـۆ و ستێنسـڵ وکاغـەز و کتێـب و شـتەکانی دی بۆیـان هێنایـە ناوییـەوە. ئـەم هـەر خـۆی بـوو، ئەوانـی

دی کەسیان لـەوێ نەبوون، نە»زامـدار»، نـە»کاوەی عەینەکرەش»یش هیچیـان لـەوێ نەبـوون. دەمەوئێـوارێ، برایمۆک تەڵاقەکانی هەڵکێشـایە سـوێندەکانییەوە و وتـی: بەخـوڵای مامۆسـتا هێـوارێ دەبـی لـە خزمەتدابیـن، هیـچ ئەملاوئەولایەکـی پـێ نـاوی، دەچینـە مـارێ خـۆ.. گـەر ئـەو کاتـە بیزانیبایـە «چیمەن»ژنێتـی، دەسـتبەجێ دوای دەکـەوت، بـەڵام تەقەلـلای خۆیـدا و بەرهەڵسـتییی کـرد و سـەرەنجام سـوپاس بـۆ کەلـلـەرەقیی و سـووربوونەکەی برایمـۆک کـە بەرهەڵسـتییەکەی چـرووک دەرچووانـد. وێنـەی گشـت چەپێنراوێکـی دیکـە بـە دزییەکـی تەلیسـماوییەوە تەماشـاکانی بـە خەیاڵییـەوە گرێبەنـد کـرد و شـادییەکی سـەیری بەرهەمهێنـا. دەنگـی دەرگاکـە جیهانـە لـە شـەرم گەوزاوەکـەی یەکـەم دیـداری هەندێـک شـڵەقاند،»برایمۆک»دووبارە هاتـە ژوورەوە و گوتـی: مامۆسـتا عەفـوون کـە بابـم لـە دووی نـاردووم، سـەرێکی دەدەم و حەلحـان دێمەوە..بـە دابونەریـت بوایـە دەبـوو هەڵسـێت و بـڕوات، کەچـی بەخورتـی داینیشـاند و دووبـارە سـوێندەکانی هێنایـەوە مەیدان.»چیمەن»کـە چبـووە نێـو خـەون و ئەندێشـەی هەمـوو پیـاو و تولازێکـی ئـەو ناوچەیـە، تۆزێـک لـەو لایـەوە دانیشـتبوو، ترسـێکی بێرەنگـورووە خەریکـی خـۆ باڵادەسـت کـردن بـوو، بـەڵان هێزێکـی لەباوەڕبەدەریـش بـەرەو دۆزەخێکـی غەریزیـی پەلکێشـی دەکـرد، هەسـتی ئاوێتـەی نیگەرانییەکـی لێوڕێـژ بـە لەزەتێکی چەمـووش ببـوو، لـە یەکـەم پەرچەکـردارەوە بـە پیاڵـە چایەکـەوە دەسـت و ئەنگوسـتە نایابەکـەی گـرت و نەیهێشـت مـەودا لـە مابەینیانـدا بمێنێتـەوە، بازنگـە ئاڵتوونەکانی کەوتنە زرینگە زرینگ و زایەڵەیەکی پڕ چێژ و خەیاڵیـان کـرد بـە تۆمـارگای حەزێکـی بێوێنـەی لەبیرنەکـراو. فرسـەتێکی ئـاوا

بێهاوتـا بـە پیرییـەوە هاتبـوو، دەیتوانـی لـە بـاری بچوێنـیَ؟ دەرگاکـە کلۆمدرابوو، دەرگایەکی دیش لە سەرگازەرای پشت چاوەڕێی دەکرد. جورئەتێکـی بێئابـڕووی تێگـەڕا و وتـی: زۆر ئێوارە»مسـتۆ»دەبینم بـە دزیـی و پارێـزەوە دێتـە ئێـرە و..! نزیکتـر ببـووەوە، بـۆن و بەرامـە شـالاویان بۆ هێنـا، مێخەکبەندەکـەی، شـەمێرانی وەبیرخسـتەوە و بۆنـی کەسکوونی خەنەی(ئەبو بنەبیە)ی پرچـە درێژەکەیشـی دایکـی لـە یادیدا ئامـادە کـردەوە، ئـەو دوو بۆنـە هەمیشـە بـۆ ئـەم ورووژێنـەر بوونـە، هەمیشـە، بەتایبەتـی ئەگـەر لـە یەکێکـی وەکـو ئـەو فریشتەیەشـەوە سـەری کردبێت..پەنجەکانـی کردبـووە بەربەسـتی لێوەکانـی ئـەم، وەکـو ئـەوەی بڵێت: ئێسـتا وەختـی شـتێکی ترە..بـە تۆنێکـی منداڵانـە و چاوێکـی بـە هـەوەس دەرەوشـاوەوە وتـی: مامۆسـتا حـەزیَ دەکـەم جارناجـار سـەرمان بدەیت!..مـەودا نەمابـووەوە و هەمـوو شـتێکی بیرچبـووەوە، تەنانـەت ئەوەشـی بیرچبـووەوە بڵـیَ: بەسـەرچاووو. یەکەیـەک پێکهاتبـوو، ئێسـتا ئیدی دەیزانـی خەیاڵیش ڕەشـکی پێدەبـات و لەڕاسـت مـاچ و ئامبازیـی و ئاشـنابوون بـە جوگرافیایەکـدا دەڕەوێتـەوە کـە خـەون و خەیـاڵ و تاسـەکانی داگیرکـردووە و وەکـو ڕیئاڵێکـی نادیـار هەبـوون دەسـەلمێنیَ. دوای دەرچـوون لـە دانسـقەیی ئـەو یەکانگیریـی و بەیەکاچوونـە لیبیدۆییـەی وزەیەکـی فـرەی پێهەڵڕشـت و دەسـتبەرداری سـتاندن و وەرگرتنـی کـرد و بـە هەمـوو کلۆجێـک خـۆی بـە قەڕاڵێکـی مـەزن هاتـە بـەر دیـدە و وێنـای ئـەوەی کیشـوەرێکی بێـڕادە بەهـاداری داگیرکردبـیَ یەخەگیـری بـوو، تاهەتایـش وەک یادەوەریـی خودانـی بەئەمەکـی بـوو. ڕۆژەکانـی دواتریـش ئـەو دەرگا میهرەبانـە ئومێدێکـی بێچـوون و نایـاب بـوو لـە تێرکردنـی بێبەرێتیـی و تاقـە دەرچەیەکـی

ئەو حاڵەتەیدا دەهاتەوە یەک و سەخاوەتمەندانە شیرینییان بە تاڵییە ڕۆتینییەکانی ئەوێی دەبەخشیی و پتر دەبوونە مایەی ئەوەی گشت شتە نادیارەکان ببینێ، ئەو شتانەی لە ئاستیاندا بێدەنگیی هەرگیز کوێرماڵیی نەدەزانی و ڕۆژێک سەلامەتی سەری خۆی تێیاندا دەرەوییەوە .

«ڕەسۆ»ی باریکەلە هەروەکو ژنۆکە بەدسیما دەعجاوەکەی نێوی دەبرد، لەگەڵ»سادۆن»دا هاتبوون، «سادۆن»ئەو فەیلییە چاودەرپۆقیووە تەنگەستوورە بوو کە تفەنگەکەی تەنها بۆ ئەو بەرپرسە بەخۆدا هەڵواسیبوو. قرچەی ئەو نیوەڕۆیە هاتبوونە وێزەی ژوورە بە خامۆشیی و تایپڕایتەر و ڕۆنیۆ و دەستە کاغەزبەندە سپیی و سۆڵ و کتێب و ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤاری بەسەریەکدا کۆمبوو و سەبەتەی نانی تیریی و قاپ و قاچاغی شەپڕێوو هەندێ وەتاغی نیوداشت قانگدراوەکە. وچانی بە خۆی نەدا و یەکەوڕاست وتی: وەکو سوکرات زمانت درێژە و بە گومڕاکردنی نەوجەوانان سەرقاڵیت! نازانی زوبانت بە ئەڵقە زەردیلەکانی پشتی کولاژدووم دەچێت، هەرکە بقە گەمارۆیدا دەچەمێتەوە بەسەرخۆیدا و ئۆخری تاڵی خۆی دەبێژێ؟ بێگومان لەوەتەی هاتوویت بۆ ئەم مەڵبەندە هەر گوزارش و ڕاپۆرت دەربارەی چالاکییە چەواشەکارەکانت دەگاتە دەستمان و لە ئابلووقەدانی خۆت بترازێ هیچ شتێکی ترت ئەنجامنەداوە؟..سێبەری کپی ناخۆشییەکی بێ تانوپۆ دایگرتەوە و ڕۆژی ماتییەکی نوێ لە ڕوخساریدا ئەنگوت. بەبێئەوەی ئەم پێشتر لە نزیکەوە چاوی بە چارەی کەوتبێت و لەو وەختی حەسانەوەیەدا

بزانێت ئەمە لێپرسراوی تازەی دەزگای ڕاگەیاندنە. بە جووڵەیەکی چاوەڕوان نەکراو لوولەی زڕی شانازییەکە لاجانگە کرێشاوییەکەی نەختێک ڕووشاند. خووخدەیەکی منداڵیی لەسەر ئاستانەی ئەم فرسەتەدا وەستابوو. ئەوسا بۆ هەموو شتێک زەردەخەنەی لەسەرڕێبوو، دەموچاویشی قەت لە کرژبوونەوە نزیک نەدەکەوتەوە. هەر لەو کاتەوە پەیی بە دانسقەیی لێوەکانی خۆی بردبوو، دەشیزانی لێو بە جووڵە و بزووتنیش بەخشندەی جۆرەها واتایە. یەکێک لەو خەندانە سۆلاڤی کرد و ڕەوییەوە، بەڵام ئەمجارە بە خۆی خەنییەوە، خەنییەوە، چونکە ئەو ڕۆژانەی خۆشباوەڕیی خۆی کەوتنەوە یاد، ئەو ڕۆژانەی باوەڕێکی ئەوتۆی لە هزردا چەسپیبوو، وایدەزانی بە گەیشتنە شاخ نەک ئازادی بەرزەفت دەکات، بەڵکو هەر پێشکەشی دەکرێ. ڕوانینێکی بەئاگا و مەیلەو ترساوی ئاڕاستە کرد و بەردیدەکانی هێدییەک لێڵ بوون، سایلی ئەوەی لەنێو ئۆتۆمبێلێکدا ڕۆنیشتبێ و بەکاوەخۆ باران میناکەی ئیزباری تەڕ بکات و هاکا سەرانسەر شووشەکە وەک ڕووبارێک لێخن داگەڕا و سەرجەم درەخت و خانووبەرە و کەسم و ئاسەوارەکان وێنەی تابلۆیەکی مۆدێرنیان لێهات و فلّچە زراڤەکان لە کارکەوتن. هەموو شتەکان لێخنیی و ڕەنگ و دیمی خۆیان بەو لەمپەرە سپارد کە لەم ڕوونییە لە خەیاڵپڵاو جودای دەکردەوە. هەرگیز قۆزاخەی مەنگیی نەشکاندبوو تاوەکو هەنووکە بەو چەشنە بەرپەرچ بدرێتەوە، تەنها شتێکی لێ یاخیبوو، نەیدەزانی بەچی فرچکبڕ کرابوو؟ ئاژاوەگێڕ، چەواشەکەر، خەفیە، خەتمایلی لایەنێکی تر، چییی؟ بە خەمسارديیەکەوە لغاوی بیرکردنەوەی مەحکەم گرت و هەڵچوونی سەرکوت و خامۆشکردەوە.

دیسانەوە تاماری سەر شتەکان ڕەوینەوە. هەڵبەتا ئەو هەڕەشەیە هەر تەنها ئەمی نەدەگرتەوە، بەڵکو»زامدار« و»کاوە عەینەکڕەش«یشی نەدەبوارد، چونکە نەدەبوونە قفڵی ژەنگنی سنووقی ڕاستییەکان و لە ئاستیاندا لاڵوپاڵ و کفت نەدەبوون. بە ئەسپاییەک کتێبە قەبەکەی دەستی لەسەر بەتانییە ڕەنگ سووتاوەکەدا توێ نخوون کرد و بەو ڕووالەتە پڕ ئوودایەی لەمێژ بوو پێی ڕاهاتبوو، ڕووی مژی ساردی بەفرێکی تازە باریووی لێهەڵدەچوو کاتێ وتی: تا ئێستا چ ئەرکێکم پێ سپێردراوە جێبەجێم نەکردبێ؟..خۆیشی پرسیارەکەی پێ هەرس نەکرا، کەچی بیری لە گاڤی شتەکان کردەوە ئەویش هەر لە هەرس بەدەر بوو، لەبەر ئەوەی کاتەکان لەبەر چاوەکانی ئەمدا یەک ڕواڵەتیان هەبوو، سەرتاپای گیانیان دەکردە خمخانە و نغرۆیان دەکرد. زۆر شت گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوو، خۆشەویستییەکەی بۆ هەندێ شت هەروەک خۆی بوو، تەمەن وەکو بای تێپەڕیوو هەڵیدەکرد و ئاوئاسایش ڕەوتی بە خوڕی پەیدا دەکرد، بەڵام ئەو، یانی کات، لە هەموو قۆناغەکانیدا هەمان شت بوو، هەمان شتیش دەمایەوە.»سادۆن«کە ورگی لە کتێبە هەڵچنراوەکانەوە نزیکبوو شەقێکی زاڵمانەی وەشاند و شەقلێکی جیاوازی بە کپییەکەی ژوورەوە بەخشیی و دووری خستەوە لە نەگۆڕەکیی و ئەوەکەی دیش، کە دەستی لە تەوێڵی ئەم نزیک دەخستەوە، دەستاوێژە نەفرەتییەکەی دوورخستەوە و وتی: نابێ لێرە بمێنیتەوە، بە بێ تەل مەڵبەندەکانی دیش ئاگادارکراونەتەوە و ناویان ڕنووس کردوویت، تەنها دوو چارەسەرت لەبەرە، چوونەوە، یان بەجێهێشتنی ئێرە و ئاودیوبوون!.. دەیزانی ئەو ڕۆیشتنە ئاودیوی کێوی سرکی قافی دەکات و واربەدەر

دەبێت، لێ چارەی دیکەی نەبوو، چونکە بە خەونیشیدا گوزەری نەکردبوو جارێکی دی بگەڕێتەوە شار، ئەو بڕیارە کۆنەی سازش هەڵنەگر بوو. کەواتە بژاردەی تری نەبوو، دەبوایە سەرکێشانە بڕوات و خۆی گومبکات، بڕوات و هەرگیزیش مۆرکی ئەو کاراکتەرە بنچینەییە وەرنەگرێت کە نیازی بوو.

لەناکاو نێو دەمی بوو بە بێروونێکی کاکیبەکاکیی و پێی نەکرا باخێوێ. ئەندێشەی، وەک ئەوەی زەوادەی سەفەر تەیار بکات، لە دیمەنەکانی زێوار گیانڕێژ بوو. ئەو نشێوەی لە وەختی وەڕزییدا دەبووە گۆڕێک و جموجووڵ و دەنگی دەشاردەوە، ئەو دارگوێزانەی لە هەموو لایەکدا قوللەی بەرزبوون و زۆربەی ڕۆژەکان چەند سەعاتێکی لە سایەیاندا بەسەردەبرد و گیرفانەکانی ساقۆ خاکییەکەی ژاوەی بەخشندەییان دەکرد و دەگەڕایەوە نێو پەیڤ و ڕووپەڕ و فانۆسی هیساویی ژوورەکە و تەنیایی جوداواز بۆ ئەوەی لە گشت پێچ و پەنایەکی ڕێگاکانی نێوان دنیای دەرەوە و ئەو چوار دیوارەدا گۆڕیچکەی تاک و تەنیای دێرین و نوێیش بەدی بکات و بە چرپەوە بڵێت: ژیانێکی بێهوودە لەدەستچووی تر..ئەو جۆگەلەیەی بە چەتوونیی ڕادەبوورد و ماتیی دۆڵە درێژەوەبووەکەی ڕادەچڵەکاند و ناگەهان بێئاگاییەکەی دەسڵەماندەوە، ئاشنای ئەو بێدەرەی دەکرد کە دەبووە وەڕوێڕکەی شەوە بێدواییەکان، ئەو خانیلانەی هەردەم چاوەدووی کاولاشیی بوون، ئەو جێوبانە بڵند و نەوییانەی ماندوێتیی و داهێزرانیان بە جومگە و ماسوولکە پتەوەکان دەدا و ئەو ڕوخسارانەی جۆرە خۆشەویستییەکی کەونارایان دەشێردەوە و متۆی خەمۆکیی دەبوون، دەبوو ئیتر دەستبەرداریان بێت، دەبوو بە

دوای خــۆدا جێیــان بهێڵێــت، دەبــوو دەبــوو..
هەرچەنــدە شــکبەدەربوو تەمەنــی هاوشــانی تەمەنــی ئــەو بــوو، لەوانەبــوو بەرەژوورتریــش بووبێــت، کەچــی تررووســکایی ڕێــزی لەبــەر وشــەکانیدا بــەدی نەکــرد، زۆر مگێــزی لــەوە بــوو زاری بــە نەفریــن شــەق ببــات و بڵــێ: چمــا ئــەم خاکــە مڵــک و میراتــی پشــتاوپشــتە و تەنهــا بــۆ ئێــوە ماوەتــەوە؟ بــەڵام کــە لاجانگــی بــەر لــە چەنــد خولەکێکــی وەبیرهاتــەوە بــووە مــەولای بێدەنگییــەکان، چونکــە دەیزانــی بــە قســەیەکی زیــاد ئاوەوئــاو دەڕوات و... ئیتــر بــە نەفرەتێکــی دۆزەخییــەوە ئەمــەی لــە ناواخنــی خۆیــدا تامانــد و گوتــی: ئاخــۆ کــێ بــێ وتبێتــی هەندێجــار بێدەنگیــی و ڕاکــردن دلێریــی و چاوقایمییە؟..لەگــەڵ ئــەوەی زۆر لــە یارانیــش لەبــەر ئــەو هەڕەشــانە پەڕاگەنــدە و ڕەهەنــدە ببــوون، بــەڵام نەیزانــی لەبەرچــی ئێرووکانــەی بەســەرهەڵدانی قاتوقڕیــی و تەنینــەوەی لەنــاو ڕۆحیــدا درک پێکــرد! کــە گۆڕیشــیان گوومبــوو، بــە ســەنگینییەکی لــە ڕادەبــەدەرەوە خــۆی لــەو چوارچێــوە گڵینــە دابڕیبــوو، کەوتبــووە میــان ڕەهاییەکــەی دەرەوە و گوێچکەکانــی بــۆ بــا ڕادێرابــوو کــە بــە نێــو گەڵاچڕەکانــدا دەســتی بــە هەڵاواردنــەوەی گۆرانییەکــی کۆنینــەی هەرمــاو کردبــوو.

دواجــار کــە باوکــی بینیــی، هەرەســێکی نامــۆ ئــەوی بــە زەلیلییەکــی تــەواو ســپاردبوو. ســەر و قــژی شــڵەژاو و کانیــاوی چاوەکانیشــی وەکــو کوانــی گەییــوو تەقیبــوون. بۆیــە ئــەو بــار و دیمەنــەی قــەت لــە یــاد ناچێــت، چونکــە شــتێکی پــێ وت بــە تێفکرییینــی خــۆی پەندێکــی پرشــنگداری ئەوتــۆ بــوو هەمیشــە تاریکییەکانــی بــۆ ئــەم دەڕەوانــدەوە. شــتێک خراپەکانــی ئیتــران و چاکەکانــی خۆیشــی پــێ فەرامــۆش دەکــرد

و هاوکێشـەیەکی ناماقووڵـی ئەوتـۆی پێکدەهێنـا سـەرەنجامەکەی سـفر بێت و ئەفسووسـی بـەدوادا نەیـەت. هەرچەنـدە هێشـتاکونێ نەکەوتبووە کۆڕەتـی پیرییـەوە، بـەڵام هەروەکـو دایکـی لـە سـەردانییەکەی پێشـوویدا بـۆ مەڵبەنـدە کۆنەکـە هێمـای ئـەوەی بـۆ کـرد کـە سـەرباری ئـەوەی تەنوورێکی کۆن پیاوەتییەکـەی لـە گرێژەنـە بردبـوو، کەچـی ئـەم جـارە کـە گیرابـوو، فەرمانیـان پێدابـوو بێت ئـەم بباتـەوە و ڕادەسـتی دەوڵەتـی بـکات، ئەویـش وتبـووی: ئێـوە دەوڵەتـن ئەگـەر بـە ئێـوە دابیـن نەکرێت، ئیتـر بـە کەنەفتێکـی وەکـو مـن چـۆن دابیـن دەکرێت..بـەوە زۆر لێـی دەهـری ببوون و دوو مانگی ڕەبـەق ئـەو شـەوق و زەوقـەی تەنانـەت بۆ زیندەگییـش هەیبـوو، لـە دەوری ئـەو تـەزووە ئەلەکتریکییـە گەڕابـوو کـە لـە ژوورۆچکە تاریکەکانـدا بـە گوونـە ئارەقاوییەکانییـەوە چزابـوو. کاتێ ئامـادەی ڕۆیشـتنەوە بـوو، بـەر لـەوەی «فەرهـادی خاڵـە حەسـۆ»بێت بەدوایـدا، لـە دۆخێکـی زۆر سـەیردا ئـەوی بینیـی، کەوتـە سـەر ئەژنـۆ بێبڕسـتەکانی و گەردوخاکـی ڕۆژێکـی دریـژی شـەکەتیی لـە ئـازای تەنـە بـە ئـازار کەسیرەکەی بەرزبـووەوە. ئـەم لەبـەر ئـەوەی تێفکرییني خـۆی بـە کـەس ڕانەدەگەیانـد، هیـچ کەسـێک نەیدەزانـی چ پلانێکـی لەژێـر سـەردایە. بۆیـە بـە زوبانێکـی تکاڕێـژ و دوو چـاوی خـوڕەوە گوتـی: مـەڕۆرەوە، هەڵوێسـت ژیانێکـی تـر بینـا دەکات! دەزانـم دەتـەوێ بچیتـەوە بـەرەی جەنـگ، مەچـۆرەوە، زوورپییەتـم مەحـف مەکـەرەوە، ئەگـەر نایشـچیتە شـاخ، بچۆ لـە دێیەکەمـان سـەقام بگـرە، سـواڵم کردبێ هەمـوو ئاتاجێکـت دەهێنمـەدی، گـەر بـە لەتـە چاوێکیـش بتبینـم هـەر سـێبوورییە بـۆ مـن، توخـوا ئۆجاخـم مەکوژێنەوە..ئیتـر بـە کەفوکوڵێکـی بێچوونـەوە فرمێسـکی هەڵڕشـت. بـۆ سـاتەوەختێک هەسـتی کـرد هێشـتا

لەبەر چاوی ئەودا مێردمنداڵێکی پێنەگەیشتووی کاکۆڵدارە، پاشان وێنەی هەترەش چوویەک دیدەی بە هەموو لایەکدا وەرسووڕاند و لەو بێدەنگییەی کفنی پۆشیبووە بەر، کوڵ و کەسەر تارای گریانی بەسەر گشت شتەکاندا دا. شتەکانی کردە بووکی پاش پرسە و تازییەباریی! ئەم خۆیشی ئاواتەوازی ئەوە نەبوو بەو سانایییە قەڵای هومێد بە دەستەوە بدات و لە دەرگایەکی پەنامەکەوە چنگلەسەرشان ڕووە و ئۆلکەیەکی دی هەنگاوی بەلەز هەڵنێ، بەڵام فرمێسکەکانی ئەو قاچەکانی ئەمیان بە هەنگاو برسی کرد و چاوەڕوانییەکەی بە یەکجاریی دەستبەرداری مانای خۆی بوو. هەنووکە کە بیری دەڕوات، سەرزەنشتی خۆی دەکات و دەڵێ: بۆچی تاقە جارێکیش ئاوورم لەو شین و چەمەرەیە نەدایەوە؟..دواییش بڕوای ئەوە بە خۆی دەدات کە: هەر بە تەنها لە چەرچووبەی ئەمڕۆدا ناژێت و هێشتا کاتێکی فرەی لەبەرماوە.

وێستێکی گرت و بە دەمەبۆڵە بێئومێدییەکی تازەی بە خۆی بەخشیی و خەندەیەکی گاڵتەجاڕانە سیمایان داپۆشیی و دووبارە وتی: هێشتاکە وەختێکی زۆر و زەبەندم لەبەرە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە ببەمەوە، یان بیدۆڕێنم کە داومە!..کاتێ کەوتە سەر ئەو باریکە ڕێیە دەتگۆ لە گۆڕەپانی تۆپی پێدایە و یاریکەرێکی کۆڵنەدەرە، ئەختوچاری دەکرد بە تۆپەکە بگات، تاڵە یەکانگیرە ئارەقاوییەکانی قژی باژێڵەی نێو هەوا ببوون و لاقەکانی لە ڕاکردندا سەرهەتاپا دەموچاویان کردبووە پەڵەیەک ئاوونگی ماندوێتیی و لە نێوەندی قاچەکانیا ببووە تۆپ و گۆڵی لێ ونببوو، لە شپرزەییدا پێیەکانی دەسخەڕۆ ببوون. چاوە دەگمەنەکانی یادی زوومی سەدەها میلیمی نایابی کامیرایەکی

سـینەمایی بـوون بەشـێوەی گرتـەی گشـتیی و گرتـەی تایبەتیـش شـتەکانیان هەڵدەڕێژایـە سـەر پـەردەی بێگـەرد و ئاڵـۆزاوی ئێسـتاکێ! دووسـاڵ و حـەوت مانـگ پاش دوورکەوتنـەوە و بەرییبـوون لـە شـار و وردەئۆخژنە سەرنجڕاکێشـەکانی و ڕەنج بەخەساربوون، سندمی باوەڕە چەسـپاو و تۆکمەکـەی پێـش ئـەو وەختەیـش ببـوو بـە تۆزوخۆڵـی ژێـر سمی ئەسپەشێییەکی ڕووەو هەڵەمووت و هەڵەنگووتـن لـە چوارناڵـەداو. بـەر لەوەیـش، گەرچـی بـە ماوەیەکـی زۆر هەسـتی بـە لەقبـوون و لـە گرێژەنەچـوون و هەڵکەندرانـی ڕیشـەی خـۆی کردبـوو، بـەڵام خـۆی لـەو لەقەرەدانـە دەپاراسـت. هەڵتەکیـن لـەو لانـە تـاق و تەنێیـەی خەونـی خۆشـنوودیی سـاڵگارێکی گـەرم وگـوڕی تەمەنـی بـوو، ئومێـدە زەق و بەرجەسـتەکانی ڕووەو پێواریـی ڕادەماڵیـی. چەنـد شـۆفارانە تێڕادەمـا، چاوەنـۆڕی خەونێکـی پیـرۆزی دەکـرد و لـە هەمانکاتیشـدا هەسـتی بـەوە دەکـرد خـۆی لـە بـاری ئاییندەی دەچوێنێ و لـە ئارمانـی تەمـەن خـۆی دادەبڕێ..ناچارانـە دەیـوت: کەینـێ، کەینـێ یەکـەم شـەقاو دەچێتـە گەرۆمـەی ئـەو فرسـەخانەی دەمبەنـە سـەر تخووبـە دوورەکان و نادیارێـک ئـاوەزم فریـوو دەدات تـا خانەکانـی پشـکنین دووبـارە بتوانـن خۆیـان تـازە بکەنـەوە و بمخەنـە سـەر ڕێـگای سـەرەڕۆییەکی نـوێ!.. بێگومـان ئەمـەی گـوت، چونکـە وەکـو ئاهێکـی بوردەبارانـە وابـوو، هەتـا ئـەو پاش نیوەڕۆیـە زۆرەکییانـە خـۆی هێشـتبووەوە، خـۆی دواخسـتبوو تاکو لـە زەینیـدا بیچەسـپێنێت هەنووکەیش کارلـەکار نەترازاوە و وچان بـۆ بزووتنەوەیەکـی ڕاسـتەقینە هـەر ماوەتـەوە. بـەڵام کـە ئـەو سـاتە تێپـەڕی، کەوشـەنی بەرگـری چـووە نێـو کیشـوەری گەنیوییـەوە و ئیـدی لـەوە تـرازا هـوودەی تێدا مابێتـەوە. میلـی نێـو گێجـی ئـەو پرسـە

بەرەژوورتر ببووەوە و هەموو شتێک لە بناری چاودا هەرەسی هێنایەخواریێ و واتاکان شلویێ بوون. لەو ساتانەدا مرۆ هەست بە قێزی دڵ و بێبارییەکەی دەکات، نەک تەنها بەرانبەر بە ژینگە و دەوروخول، بەڵکو زۆرجار تەنانەت هەمبەر بە خودی خۆیشی! دەیزانی یەکەم هەنگاو کاژێکی ئەستووری پێ فڕێ دەدات، کاژێک بەشێکی گرنگی ڕۆح لەگەڵیدا دەستبەرداری دەبێ و ئیتر لە بوونی بێبەش دەبێت و نابێتە مەسەلەی قیرسچمە و پێداگری ساڵێک و دوان، بەڵکو دەبێتە مەسەلەی ئێستا و هەمیشە.

گۆڕانکاریی بەسەر زۆر شتدا هات و لە تەوەرەی جاران دووریان خستەوە، بەڵام دەبوایە ئەو خۆشەویستییەی سەرتاپا بوونی گۆڕیی و واتایەکی دیکەی بە هەڵکردنی بەخشیی هەروەکو خۆی بمێنێتەوە. هەرچەندە بە بڕوای هەندێک سەرچاوە نغرۆییکەر بوو، بەڵام لەلای ئەمدا بووە هەوێنی خولقاندنەوەیەکی سەرلەنوێی خۆی، خولقاندنەوەیەکی سەرلەنوێی بیرەوەرییەکان و شوێنەکان و ئەو هەنگاوانەی لە زەمینێکی نەزۆکدا ڕووان و لە سەرزەمینی ڕابردوویدا پەلوپۆیان هاویشت و سێبەریان بە سەر ئاواتە مەزنەکاندا بڵاوکردەوە. لە هەموو وادە و قۆناخە جیاواز و جۆربەجۆرەکانی تەمەن، ئومێد شەقڵ و دیمێکی سپیی بوو لە قورمە دنیاییەکان پاکژی دەکردەوە. مانایەک بوو، ڕووالەتێکی جوداوازی بە ئەختوچاری دەدا و لە کرەکیی و نەگۆڕەکیی ژیان دووری دەخستەوە. گوندا و گوند شەقاوەکانی سەگرەو پێشوازییان لێدەکردن و خۆیشی دەبووە میوانی تاریکایی ئەو ناوچەیەی پێهەڵگرتنی دادەپۆشیی. چەند شەوڕەوی کرد، چەند

ڕۆژەڕێی بڕی، کە گەیشتە مەفرەزەی یەکێک لە گرووپە چەکدارەکانی دی، پێداویستیی بە ئێستێک هەبوو، لە هەمووجێگایەک، لە هەموو بەرە و لایەنێک بە پێی شێوازی جودا پرسیاری ئاڕاستە دەکرا، سەرەتا کە پەیوەندی بە مەڵبەندیشەوە کرد، دوای ئەو کەلەلایی و نەخۆش کەوتنەی دەمەتەقێکەی»ڕێکەوت»ی هەر لە بیرە، تەنها لەبەر ئەوەی ئاوالانە بوو بۆیە بە لێپرسینەوەی لە قەڵەم نەدا، ئەگینا..مۆرانەی داخ وحەژمەت هزریان تەنیبووەوە و بە پیشخواردنەوەوە جەمەدانییەکەی لە سەری داگرت و تولازییە ژاکاوەکەی بۆ ئەم دەرکەوت و لەژێر زارەوە ڕستە یەکانگیرەکان وێنەی هەڵمی سەر پەنجەرەکانی زستان، دلۆپەئاسا بازرەقەیان بەست. بۆی ڕوون نەبووەوە چی دەڵێت، دوای چەنبەچەنێک کە دۆستیی لە میانیاندا ڕسکا، بە هێمنییەوە پێی وت: ئەزانی ئەو کاتەی هاتیت جنێووم پێدایت و لەبەرخۆمەوە گوتم هەی کەرە بۆ هاتیت!؟..ئەو گفتوگۆیە دوای کوژرانی «پێشڕەو»ڕوویدا، بەر لەوەی ئەو مەڵبەندە بەجێبێڵێت. بێدەنگبوو، بەڵام دڵی لە ئەفسووسێکی قووڵدا کەوتە گەوزین. کە لە گرووپەکەی یەکەم جودابوونەوەی ڕاڤە کردەوە، زانیان گەرەکێتی خۆ لە هەموو شتێک بتەکێنێت، هەندێک حورمەتیان پێ ڕەوا بینیی، چونکە دەیانزانی هەر لە هیچە و بێ گۆشەنیگا، یاخود هۆیەکی ماقووڵ ئەم ڕێگایەی هەڵنەبژاردووە. زۆریان لەگەڵیدا تەقەلادا، بە فیڕۆی دان، پاش قەدەرێک بە تکاوە فەرماندەکەی ئاگادارکردەوە ڕێنمایی بکات هەتا بە نزیکترین و بێوەی ترین ڕێگادا بگاتە ئەودیو..ئەودیویش، مەبەستی لە پەڕینەوە بوو بە سنووردا. ئەوەیشی پێ ڕاگەیاند کە ئیتر وزە و سەبووریی مانەوەی پێنەماوە و بێ حەجمینیی و چاولەدووییش لەڕاستییدا شتێکی

بێهوودەیە..چاوەکانی سایلی دوو وەرەم داپچڕیی و ئەمی نیگارڕێژکرد. وەکو لەیستۆکی دەستی زارۆڵەیەک چاوی بە هێواشیی ترووکاند و وتی: هەندێک دانبەخۆدا بگرە، چاوەڕوانیی شتێکی خراپ نییە. لەم ڕۆژانەی داهاتوودا دەکشێینەوە سەرێ، ئەو ڕێوبانەیش گەلێک جێی ئەو متمانەیە نییە تاکو بە تەنیا پیایدا ڕابووری. لەبەرخۆت دەبێ سووربین لەسەرگلدانەوە و ڕێگەنەدانت..لەگەڵ بێدەنگییەکی درێژدادڕدا کەوتە بیرکردنەوە لە گوزارەی«لە بەرخۆت»و لە پێدەشتی ئازاردیدەی مێشکیدا تۆختر هەڵکۆڵرا و درکی کرد مەسەلەکە هەر بۆ ئەوەیە ببێتە ئەندامێکی تۆڵەخواز دژی گرووپەکەی یەکەمی و لە لای ئەواندا بمێنێتەوە و بازنەی گەمارۆکەی سەریشیان هەتا بێت بچووکتر بێتەوە، لە هەمان کاتدا لەبەرخۆیەوە وتی: ژیان کە ئاوقای ئومێد و ئارمان بوو ئەوسا شتێکی باڵا دەگەیەنێت، بەڵام ئێستا بێ ئەوانە و بە ونکردنی شتەکان، پارێزگاریی کردن لە ژیانێکی زڕی ئەم ڕەوتە چی دەگەیەنێت؟.. بێدەنگیی دووبارە بووەوە بە کفنێکی بێگەرد و لە دنیا حەشاری دا. داڵدەی بردە بەر قڕوقەپیی. کە لێی دوورکەوتەوە ئەم سەرێکی بە بە ژن و باڵا بنێسەکەیدا هەڵگێڕا، ڕەق و وشک و ڕەشداگەڕاو، لەژێر ئەو بارە قورسەشیدا هەستی بە توانا و هێزێکی بێڕادە کرد، بەڵام نەگەتیڤانە تێفکریی: جارێک تووش بووم، دەیەوێ جارێکی تریش تووشم بکاتەوە!

ئەو چەند ڕۆژە هاوبەشییەکی ورد و بەپێزی گەشت و گەڕیدەییەکانی کردن. عەیامێک بوو جادەی قیرتاوی نەدیتبوو، بردیانە سەر جادەیەکی قیرتاوکراوی دوور و هەروەکو شتێکی بەدەر لە هەست وخوست داچەمایەوە و ویستی زیارەتی ئەسفەڵتەکە بکات، بەڵام

پشتی ڕاست کردەوە، کە قیت بووەوە بەسەر سووڕماوییەوە کێشیان کردە ڕۆخی شەقامەکە و سەرجەم بڵاوبوونەوە و خۆیان لە قەراخی جادەکە قایم کرد. بن تاشەبەردێکی بە خاک قەرتماغاویی کردە حەشارگا. بیری کردەوە: هەمیشە دەبێ وەکو ئاژەڵێکی تۆقیوو حەشارگایەک هەڵبژێرم! هەندێ ملە ملەی کرد و بیری ڕووی زۆر شتی داپۆشیی. کشوماتیی ختووکەی بیرەوەرییە پەپکەخواردووە کەسیرەکانیان دا و جووڵە جووڵێکی نواند، گرەگرێکی دووری وەبەرگوێ کەوت، خۆی کرِ و بێخووست کرد، هێدی هێدی گرەگرەکە نزیک و نزیکتر کەوتەوە، هیچی وای نەما بگاتە سانیان، دەیزانی ئەو ساتانە چ تەقینەوەیەک لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن! چ هەستێکی سەیر و ڕمۆک سەرتاپای مرۆ دەتەنێت و چ گۆڕانێک، بوومەلەرزەیەک بەسەر پێکهاتە ناوەکییەکەیدا دەهێنێت؟ درک بەوە دەکات کە ئەمە بە هەوەڵین جار و دووهەمین جاری ئەزموونەوە وابەستە نییە، تەمەت ئەوەی گرەویدەی ڕاستەوخۆی بە مرۆ خۆیەوە هەیە. هەموو گەندەمووەکانی سەرلەبەری گیانی سیخئاسا ڕەپ ڕاوەستان و شایلۆغانی ترسیان تێگەڕا.»ئەبو حەیدەر«ی فەرماندە ڕاستبووەوە و فەرمانی وێستی دا، ئیڤایەکی زلحۆرت بوو دەڕۆست نەهات و تێی تەقاند، یاخود ڕەنگە پتر لە سۆنگەی کەوتنە بۆسەکەوە بووبێت، شڵەژان و خورپە و پەشێوییەکی دژوار کەوتە دڵ و دەروونیانەوە و ڕکێفیان لە دەستدا، دوای سێ، یان چوارجار دووپات کردنەوەی وێستەکە هەر ملی نەدا، ئەو حاڵەتە کتوپڕانەیە هەندێجار تەنانەت کۆنترۆڵی خۆیش بەرزەفت دەکات و مرۆ دووچاری بارێکی نالەباری وا دەکات لەبریی ئەوەی پێ وەسەر ئیستۆپدا بنێت، ئەو پێکوتەیەیشی لێ نادیار دەبێ و زیاتر

پێ بەسەر پێکوتەی بەنزیندا دادەگرێ، پاڵەپەستۆی داوێتە سەر و کارەساتێکی تاڵوخوێناویی بەسەر خۆیدا دەهێنێ! کەس نەیزانی داخۆ ئەگەر تۆزێک دووربکەونەوە ڕادەوەستن؟ بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ شتێک دەستڕێژ دەستی پێکرد، لە چاوی بەدی هەموو تفەنگە دڕندەکانەوە گیان کێشان سەری دەکرد. تەنها ئەم سەری هەڵنەبڕیبوو، کە سەرەتاتکێیەکی کرد، هەموو ڕێکوڕاست ببوونەوە و بەکەف وکوڵ و نەترەوە گشت شتێکی هەمبەری خۆیان دادەبێژایەوە. یەک، دوو، سێ، لە سنوورترازا بوو، فیشەک بەسەر سەر و بە ناویاندا چزەچز و خرمەژنی دەکرد و هەوڵی بێدەنگ کردنێکی یەکجاریی سەداکانی دەدا. سایەی خەمێک، ژوارێکی بە تینی قووڵ ئامبازی ڕوخساری تۆزلێنیشتووی بوو، نەیتوانی ماڵاوایی لە ڕابردوویەکی دڕدۆنگ و ناپارسەنگ بکات، زایەڵەی دوا وشە هەڵوەریووەکانی دایکی ئەو ساتەی ڕووخانی شتەکان و هەمیشەیش بزماتەی فەرامۆشیی گوێچکەکانی بوو، هەوریش هەندێک جار، یاخود زۆرجار یادی دەچوو زاری بە تریشقە و برووسکەکان بکاتەوە کە لە قەوارەیەکەوە بەرەو قەوارەیەکی تر بچێت و بتوێتەوە، بەڵام ئەو بیری نەچووبوو بڵێت: شیرم حەڵاڵت نەبێت گەر بەرەو خراپە بڕۆیت!..ئەو کاتە چەنێ خەنی دەبوو ئەگەر درەختیک بوایە، بۆیە هێندە لە درەختان ڕادەما، بریا هەنووکەیش بە چاوی منداڵێکەوە نەیڕوانیبایەتە خەواس و هەڵسوکەوتی شتەکان، ئاژاوەی شتە هەدادان نەگرتووەکانیش، هەردەم وێنەی زارۆڵێک دەهاتنە بەرچاوە زوو بەساڵداچووەکانی، ئەو چاوانەی ناوادە لە سیما ژاکاوەکەیدا ئاسەواری ڕەگیان لەخۆدا دادەپۆشیی و چرچولۆچییشیان بە نیگاکانی دەبەخشیی.

ئیدی خامۆشیی شایلۆغانی گۆڕینی لەگەڵ خۆیدا هێنا! بەڵام چ گۆڕینێک؟ نزیکەی سێ سەد مەترێک خوارتر، تایە و چەرخەکان لە جادەکە لایاندا و خولانەوەی تایەکان گیانەلای تێکەوت و هێواشێک خۆڵەپووتی کرەکییان لەسەروپۆتەلاک هەڵنیشت. ئەوانیش هەروەکو بزماری داکوتراو ڕاوەستابوون، تاڕادەیەک تاسە و خرۆشانیان ڕووی لە دامرکانەوە کردبوو. کاتێک بەرزەپێ بووەوە، دەموچاوی جێگەواری ترسێکی جەنجاڵی پیادا هەڵپەسێردرابوو. ئیدی بە لاپڕەسەنییەوە چوونە سەر ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکە، هەموویان شەش سەربازی جحێڵی پتەو و تازە هەڵچووبوون، لە بزاوت کەوتبوون، جۆگەلەی باریکی خوێن بە گیانیاندا بازرەقەی بەستبوو، بەر لەوەی بەروباخەڵیان بپشکنن، هێنایاننە خوارەوە و لەسەر عەردەکە دایاننان، ئینجا ڕایانکێشاندنە ڕۆخ ڕێگاکە و بە تێڕوانین و هەڵسوکەوتی سەرفیرازانە لە یەکدی ڕامان. لە هەمووی سەیرتر مانای ئەو تێڕامانانەی لە گلێنە چەقبەستووە بزۆزەکاندا خوێندەوە و ڕووی بۆ سەر لاشەکان وەرگێڕا. زوڵفی خاوی بسکە بسک، ئارمانیانی بە بزەخەنین هێنا و کەوتنە سەر ئەو ترس و شەکەتییەی زۆرکەڕەت هەستیان پێکردبوو. خەنەبەندانی خورپەکان ترسەکەی ئەمیان خەڵتانی ڕاشکان کرد! چەشنی لقەدارێکی شکاو شۆڕبووەوە و بەسەریاندا نوشتایەوە، ئەوە یەکەمجار نەبوو گەواهیدەری قوربانیی بێت! بەڵام هیچ کاتێک ئاسایی نەبوو بیبینێ. خۆی بۆ نەگیرا و وەکو یەکەمجار ئەو دوانیوەڕۆ تەمومژاوییەی»قەمبەر»تێیدا هەرەسی هێنا، گوێچکەی بە سنگیانەوە ناو لە پەنجەرەی دڵیاندا سۆراخی ئاوەڵایی ژیانی کرد، داخرابوو، لەگەڵیدا تێڕامانەکانیشی داخران. چاوێکی

کڵۆمدا و لە سایەی حەسرەتێکدا ڤیتییەکەی خۆی ڕەها کردەوە و تۆزێک بەرزی کردەوە. کە کەوتنە یەک یەک پشکنینیی گیرفانەکان، درکی کرد چالاکییەکی سەربازیی چاوەڕوانیی چەند ناسنامەیەک دەکات تا بە بێتەلەکە بیکەنە پۆیلانەی ئێزگەی»دەنگی گەل«. لەناکاو، سەرجەم شپرزەیی و پەشۆکان هەڵیلووشین و بۆ ساتەوەختێک درزی ئاگایی نەیهێشت ئەم حاڵی بێت و بزانێت چی شەقڵ دەگرێت. دەنگە دەنگ لەسەر سەربازە جوانخاس و مووزەردەکەدا لەنگەری گرتبوو، تەنها دەنگیان وشک و مۆمیا نەببوو، بەڵکو جموجووڵیشیان وشکهەڵگەڕابوو. چەند لاپەڕەیەکی بەرایی چاپکراو بە دەستیانەوە دەسووڕایەوە و دەستاودەستی دەکرد، کە گەیشتە بەرچاوی بیریان نەمابوو ئەم ڕەوەندێکی میوانە و نابێ لە کارەکانی وان ئاگاداریی پەیدا بکات، بۆیە دەستوبرد هەستان و هاتنەوە سەر هۆش و ئاوەز، لێ کارلەکار ترازا بوو. ئەو چەند لاپەڕەیەی لە بەرکییدا دەریان هێنابوو یەکێک بوو لە ئۆرگاننامەی حیزبەکەی خۆیان. ئیتر ئەم دەتگۆ چەندین فرسەخ ڕاکەڕاکی کردووە و قورقوڕاگەی لمی سارایەکی تەواوی دەرداوە. هێڵنج گەیشتە چاوەکانی و بە پەلە هەڵوەرییە سەرگۆنا پەژموردەکانی، خەم و کەسەرێکی سەمەرە گەمارۆی ڕەوانیان دا و نەیزانی چۆن ئەو ڕووداوە هەرس بکات! چنگ و پەلێکی ئەهریمەنیی لە ناخی وەربوون، هەرچی بیرەوەریی زوقوماویی هەبوو هەڵیهێنایەوە و بەناعیلاجییش دووبارە نۆشتییەوە. ماخۆلان بوورکانێک بوو تیایدا کەوتە وورووژان. ئەوانیش، بێگومان هەندێکیان، وێدەچوو کاری لە بێخی دڵیان کردبێت، دڵتەنگیی و خەم بەر دیدەیانی لێڵ کردبوو، هەندێکیش خەم و ئەفسووسیان بەسەر

خوێنە هێشتا نەمەییوو و ئاڵەکاندا ڕشت و خامۆش بوونەوە. قەدەرێک حەپەسان هەدای کەسی نەدا ورتە و نققەی لێوەبێت، پاشان هەندێک سکاڵا کرا و لەمیانی خۆدا بە ڕادەیەک کەوتنە مشتومڕ و دەمەقاڵە، کە ئیدی سەرەداوەکەی بەدەستی کەسەوە نەما و بێنەوبەردەیەکی فراوانی بەرپاکرد. یەکێکیان کە لەبەر هەتاودا هەڵکرووزانێکی قەرەخەرمانییانەی پێوە دیاربوو، وەک بڵێی کوچکێک لە سنگیدا لێبدا، چاوە بەدخووەکانی وەرسووڕاند و ڕووی تێکردن و گوتی: ئێوە بۆ وا تەنگەتاو بوونە و پەشۆکاون، بۆچی خۆتان بە خەتابار دەزانن، ڕەنگە ئەو ئۆرگاننامەیەی دۆزیبێتەوە، یاخود لە باخەڵی هەڤاڵێکی شەهیدماندا دەری هێنابێت. دوای ئەوەیش ئەگەر ئەندامێکی حیزبیش بێت لە بەرەی دوژمن چی دەکات؟ بۆ لەناوماندا نییە؟ لەوەش بترازێ، خۆ ئێمە بە دەستی ئەنقەست ئەم چالاکییەمان ئەنجام نەداوە!..چەند دانەیەک بەوە نارەزایەتییان دەربڕی کە حیزب چاپکراوەکانی هەروا فڕێ نادات هەتا بدۆزرێنەوە! بەڵام دەرئەنجامێکی نەبوو، بۆیە پاش بێدەنگییەکی کورت، نووچیاندا و وێکڕا هاتنە سەر ئەوەی ئەندام، یاخود لایەنگر نەبووە و بە وتەی چڕوچاو هەڵکرووزاوەکە قایلبوون و زووتر لەو مشتومڕە ڕەخسان. ئەوسا دوانیان لە مابەینی خۆیاندا کەوتبوونە کەینوبەینێکی بێسەروبەر و نەیان دەبڕییەوە. ئەوەی زیاتر پێی دادەگرت و بە»کارەساتە دڵتەزێنەکە« ناوی دەبرد زۆر پێی کارتێکراو بوو، بە ئیشتییای شەڕەوە داخاوت و ئەوی دیش ڕوویەکی تێنا و پێی وت: تۆ هێشتا نەبوویتە بە زیندەوەرێکی سیاسیی، هێشتا هۆش و گۆشی ئەوەت نەهاتووەتە بەر ببیتە یەکێک! بزانە چەند سۆزدارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوودا

دەکەیت و لە دەرەوەی قۆناغەکەوە تێی دەڕوانیت!..ئەویش کە لە تووڕەیی و خۆ بە گوناهبار زانیندا وای لێ بەسەر هاتبوو دووکەڵ لە ئومێدی بەرزدەبووەوە و چاوەکانیشی پزیسکیان لێوە دەپڕژا، بە کرژ و مۆنییەوە نیگایەکی برووسکەئامێزانەی تێگرت و بەجێیهێشت، دوورکەوتەوە، دوورترکەوتەوە و ئینجا لە دوورەوە لەمەی ڕوانی، ئەمیش سەرنجی چەکەکەی ئەوی دا، لە دەستیا شلوشۆڕببووەوە و زوو زوو ئاوڕی لە جادە مردووەکە دەدایەوە و دەیڕوانییە لاشەکان، چوون شەپۆلێکی دڕندە و سەرشەقی جەنگێکی نەفرەتبار و بەردەوام ڕایدابنە ڕۆخ، هەتاکو پاش قەدەرێک شی ببنەوە، ئێسقانەکان ببن بە خۆڵ و گۆشتەکەیش ببێ بە هێڵەک و کرمە بێشومارەکان تەتەڵە بکات. چەند ئۆتۆمبێلێک، کە گەیشتنە نزیک چالاکییەکە، وەکو گوللە تێیانتەقاند و لە هەتەری چاو دیارنەمان..ئیتر ئەو کە وەرگەڕایەوە، لە ئەندێشەی ئەمدا نهێنییەکی دانسقەی چەسپاند، تێبینیی ئەوەی کرد بەگومانێکی مەزنەوە هەست بە ونکردنی شتێکی بایەخداردەکات. هەتا دوور کەوتەوە هەستی کرد هەموو شوێنەکان بوونەتە تاپۆ و تارمایی هەلاژاوەکان و دوا ئاوڕی ئازارێکی بەتین و لەبەرگری بەدەری لەگەڵدا ڕاگەیاند و لێوەکانی بەشبوونەوە و هیستیرییانە کەوتە وێزەی گوێچکەکانی ئەو کاسەسەرانەی لەوێوە خلۆردەبوونەوە و وتی: ڕاستە، ئێوە پێگەیشتووتر و کامڵترن! ڕاستە داکۆکی و دۆستایەتیی و مامەڵەکردن لەگەڵ سۆزدا لە شتێکی تر نزیکت دەخاتەوە ئەویش تەنها دوورییە لە دڕندەیی، چونکە...»ئەبو حەیدەر»هاوارێکی کرد، هەموو بێدەنگ بوون، نەڕاندی: ئەوە ئێوە گەنگەشەی چی دەکەن، یاڵڵا با بڕۆین، ئەوەندە نابا داڵەئاسنینەکان ئاسمانی ئەم ناوە دەتەنن، دەی

دەستوبرد..چاوی ئەم، زەوییە نارێک و پڕ کەند و قۆرتە بێئەندازەکەی دەماشتەوە. بەر لەوەی بڕۆن، ئیڤاکەیان گردا و ئاسمان بە چەرە دووکەڵی سووتانەکەی قانگدرا. زەمەن وەکو ڕووبار لە پێچەکانی خۆیدا ئاوادەبوو، لەبەر تەمەن دەڕۆیشت و دڵنیابوو لەوەی جارێکی تر ناگەڕێتەوە. ئەو ئازارە سەربزێوەیش، کە لەمدیوی شتەکاندا چەپۆکانی بوو قەڵاچۆکردنی ئەم سێرەی وی بوو، دەیویست بەرەو هەڵدێران و باژێڵە بوونی بەرێ. ئەو ڕۆژە هەستی دەکرد مرۆڤ دەست لە هەموو شتێک هەڵبگرێت و لێی لاتەریک بێت، ناتوانێ دەست لە سۆزپەروەریی بەربدات و سەرمایەی ئینسانبوونەکەی خۆی کە دڵێکی زیندووە پێشێل بکات و تووڕی هەڵبداتە ژێر پێی دڵڕەقییەوە. نەیتوانی دەست لەو دەموساتە بکێشێتەوە و خۆی لێ بێبەریی بکات، چونکە بەشێک بوو لە قەوارە و بوونە شەقڵگرتووە ناوازەکەی..کە لە شەوە بێ مانگەکەی دواتریشدا کەوتنەڕێ و بەرەو سەرێ هەڵکشان، خەواڵوویی ئەو مۆتەکە و خەونە سامناکە هێشتایش بەربەستێکی پتەو و مکووم بوو چاوەکانی بەر نەدەدا و نەیدەهێشت بێتەوە نێو ئەم دنیایە و پێڵووە بەشەکەتیی قورسەکانیشی بکەونەوە باڵەفڕە. سەرێ، ئەو سەرێیەی دەیویست لە مەڵبەند و هەوارگەی دەرکردنەکەی ئاودیوی بکات کەوتبووە سەختاییەکانی سەرسنوور، سنووری ئەمدیوی ئەو شاخ وکێوە بە ئاسمانداچووانەی چاویان پێ هەڵدەگلۆفت و هەواڵەی سەر زینی ئەو هێسترەیان دەکرد کە ئەمدیو کەوشەنی دەخستە ژێر سمە تۆزاوییەکانی و ئاوا دەبوو، نەک هەتا بیگەیەنێتە بەهەشتی دەربازبوون، بەڵکو سەرباری ئەو ناخۆشیی و دژوارییانەیشی، لە بەهەشت دەربەدەری بکەن. کە ڕێگایەکی دوور و

سرک دەبڕێت و لە پێناوی خاڵێکی دیاریکراودا تاقە ساتێک هەدای خۆی نادات، بیرکردنەوەی تیژڕەوتر دەبێت و لە غایلە ناوێستێ. هەرچەندە پێ بەسەر سەختەڵان و پێوارییەکانی تێفکریینیدا دەنێت و جڵەو بۆ هەویاکان بەرهەڵدا دەکات و بەتاوتر دەیاننێرێتە خزمەتی ڕەوگە و خۆیان پێ شاگەشکە، یاخود خەمبار دەکات، دەڕوات و بەدووی ئەوەدا عەوداڵ دەبێت، ئەو شتەی بە پنت و قۆناغێکی تری دەربازبوونی خۆی دادەنێت، لە ئاژاوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، پاشتر بۆی دەردەکەوێت بێجگە لە داوێک، یاخود کوێرە کەلەبەرێکی زەوی سەر ڕێگاوبانەکەی بەولاوە هیچی تر نییە، یانێخۆ بێجگە لەڕەوڕەووکی خەونێک بترازێ شتێکی ئەوتۆی تر نییە!

ئەو کاروانچییە ڕدین بۆرە گیان تۆز و خۆڵاویی وگورج و گۆڵەی ڕایانسپارد بیگەیەنێتە سەرسنوور، وتی: دەبێ بگەڕێینەوە و بە لایەکی تردا بڕۆین، دەبێ لە ئاوەکە بتپەڕێنمەوە و بە زینۆی ئا ئەو شاخە سوورەدا بتگەیەنمە ئەودیو..هەر ئەمەی وت و ئیتر وەکو تێسکەی تفەنگ کەوتە بڕینی قاچاخەڕێکە. لەو ساتەوەی ئەم کەوتبووە تەک ئەو قافڵەیە، دووچاری بارێکی سەیر و ئەفسووناویی ببوو، چاوی لێ سوورهەڵدەگێڕا و خەدەنگی مۆڕەی تێدەگرت، گەرەکی بوو عەزیەتیی و قەڵسیی وێ بدات، بەتالووکە وڵاخەکانی داژوا و بازی دەدایە نێو دنیایەکی ڕمووزنەوە. لە ئاوێنەی تێڕوانینەکەی ئەودا ئەم خۆی وەکو خوونکار دەبینیی، یان ئەو هەستەی لەلادا دەڕسکا. چوارپەلی چارەوییەکان، بە بازووی ئارەقاویی و شەکەتی ئەو سەربازە ڕەشپێستانەی بەرەکانی ئەو جەنگانە دەچوون کە

لــە فیلمەکانــدا بینیبوویانــی. گاهگاهیــش هەڵوەســتەیەکی کەمخایەنــی دەکـرد و نەقیـزەی پرسـیارێکی تیـژی تێـوە دەژەنـد و پـێ و پلـی بیـری ئەمــی شــەتەک دەدا و تێفکرینــی دەئاڵۆســکاند. خەیاڵــە چەمووشــەکەی دەبــووە داوەری ڕەهــای دنیــا پەرتوبڵاوەکــەی و بــە گشــتگریی ژیانــی ڕاپێــچ دەکــردە نێــو قووڵایــی خۆیــەوە و بەهێمنیــی لــە وردە ڕەفتــار و عادەتەکانــی دایدەبــڕی و قۆزاخــەی جیابوونــەوە ئامــادەی ئــەوە دەبـوو ئاگاییەکـەی حەشـار بـدات و لـە دنیایەکـی دیکـەدا گلۆڵـەی ئـەو قۆزاخەیــەی بدڕێنــێ کــە کێڵگــەی موگناتیســی نائاگایــی لــە ئامێــزی نــاوە و ململانێــی بەرەنگاربوونەوەکانــی لەبەیــن بــردووە. ئیــدی پــاش سـڕبوونێکی بێڵـەزەت کانگای وەرامـە بێسـەروبەرەکان ئەمیـان سـەرقاڵ دەکـرد و دەیڕوانییە هاتووی نادیار. لەناکاو لەگـەڵ بڕیاری وەرگیراوی دوای نسـکۆ پەیتاپەیتـاکان و لێخوردبوونـەوەی چەندیـن سـاڵە، هـەروا بــە ســانایی پێــی وت: بــۆ کــوێ دەڕۆیت؟..ئەمیــش لاچاوێکــی ڕەوانــەی چــارەو ســیما ڕەشــداگەڕاوەکەی کــرد و تێبینیــی کەپوویەکــی زەبەلــلاح ئەوقـی کـرد کـە وردە ئەندامەکانـی تـری لـە سـایەی خۆیـدا ڕەواندبۆوە! وەڵامـی پرسـیارەکانی بـە بێدەنگییـەوە گـرێ دا. نەیزانـی چ جـۆرە ناوێـک بــە ویســت و مگێــزی ئێســتاکانەی ببەخشــێت، چونکــە لــە هەمــان کاتــدا چەردەیــەک شــتگەل ناقرگەیــان گرتبــوو و لــە ئاوەزیــدا هەڵاوێرکردنیــان خەفــە دەکــردەوە. بەڵگەنەویســت بــوو پــاش ئــەو دیدەنیــی و پەیوەندییــە پــڕ میهــرەی لەگــەڵ ئەزموونــدا، هەمــوو شــتەکان پێچەوانــەی ویســتی دەکەوتنــەوە، پێچەوانــەی ویستیشــی لێــی دوور دەکەوتنــەوە، ئەوانــەی ئەمیش تەقەلـلای دوورکەوتنـەوەی لەگەڵـدا دەدان بە هەویای لەئامێزنانی لێــی نزیکدەبوونــەوە و دڕیــان بەدوورییەکــەی دەدا. هەندێــک پرســیار

هەبوون لەبەرامبەر یاندا دۆشدادەما و لە پەلوپۆ دەکەوت، دەکەوتە دوورِیانێکی سەخت و ئەستەمەوە، وەنەبێت بەرسڤیانی نەزانیبێت، یاخود بەرسڤێکی بۆیان نەبووبێت، بەڵکو حەزی نەدەکرد بکەوێتە پێچوپەنا و گۆشە وکەنارەکانی وەڵامدانەوە. هەستی بە گورگانەییان دەکرد، شەویلاگەی ئالوودەی خوێناو و لیکاوی قووتدان و ونجر ونجرِکردنیان لە ڕوویدا بەرجەستە بوو، دەبوایە هەتا شنگ و تاقەتی لە باردا بوو هەڵبهاتایە. نەیدەتوانی قەوانی بێزراو و سوواوی سەرتاپای تەمەنێک بخاتە سەر گرامافۆنی جووینەوە، چونکە دەبوایە پێشینەیەکی گونجاو ڕابەری وەرامەکەی بکات و زریزەیەکی لێکدانەبڕاو لە تێپەڕیووەوە تا هەنووکە ڕایەڵ بکات. شیاو بوو گاهگاهـ ئەوانی تریش بکەونە تەڵفیزە پێکردنی و خەڵتانی گاڵتەجاڕیی و پێکەنین بن. ڕەنگیشە بیان وتایە: ئەم کابرایە چی لە ژیان دەوێت؟ هەروا هاتووە و بە خودا بە شێوەیەکی تر بەسەرناچێت و ڕانابوورێت! بە بێ خواست و ئارەزووی خۆت پەیدا دەبیت و ئاوایش دەبیت. هەمیشە وتوویانە بە بێ کەڵەشێریش ڕووناکایی گۆی زەومین هەر دەتەنێتەوە. بەڵام کوانێ؟ ئایا ئەوە لەسەر بارودۆخی ئێمە پیادە دەکرێت؟ دەبا ئەم هەموو ڕچە و یاڵ و ڕکە سەخت و دژوارانە نەدەینەبەر جا با ئەو تیشکەمان لێ هەڵبێت. هەڵبەتا ڕۆژی ئێمەومانان بێ چەند و چۆن شێوە و تام و بۆیەکی دیکە دەگرێتەخۆ! ئەی تۆ چی هەی سەرقۆت، ڕەنگە ماڵوحاڵێکی مامناوەنجیی و ئەرک و مووچەیەکی باشت هەبێ، ئێ بۆ خۆت بۆ ناژییت، چیت لە سەرەگێژەی ئەم کێشمەکێش و گیروداره داوە؟!..ئاخۆ لە وەڵامی ئەوانەدا دەتوانێت نەڵێت: هەڵبەتا لە دید و تێڕوانینی ئێستامدا، هەمووتان ڕاست دەفەرموون، چونکە

باسی گۆشـەنیگا و ویسـت و بیرکردنـەوەی خۆتـان دەکـەن، هەمووتـان لـە زوبانـی یەکتـری حاڵـی دەبـن و لێـک دەگـەن، بـەڵام مـن درک بـەوە دەکـەم زمانـی وەرامدانەوەیەکـی تـەواو جیـاواز بـە سـەرمدا باڵادەسـتە. دەڕۆم، چمـا هەمـوو زیندەگیـی ئێمـە هـەر سـەرهەڵگرتن و دەربەدەریـی و لەگـەڵ ڕێگاوبانـی سـەخت و زۆزان و گەرمەسـێرکردن و چـادر و تـاوڵ هەڵـدان و شـەبەیخوونی دوژمـن و تۆفـان و سـووتان و لەهیـی سروشـتدا زۆران گرتـن و ململانـێ نەبـووە؟ بـەردەوام ڕوو لـە پیّواریـی و پەرتگا نەبووینـە؟ ئـەی بۆ ئـەم ڕۆیشـتنە بۆتـە ورووژێنـەری پرسـیار و دایکاسـاندوون؟ دەمێکـە سـۆزەی ئـەوەم کـردووە هیـچ شـتێک لـەم هەرێـم و دیـارەدا نەماوەتـەوە بـە خۆیـەوە سـندمم بـکات. ئـەم ڕێگایەیـش مـن هەڵمنەبـژاردووە! چونکـە هەرگیـز میـوەی بێوەفاییـم نەخـواردووە تاکـو بێوەفـا بـم و زێـد و واری خـۆم بـە فەرامۆشـیی بسـپێرم، تاراوگەیـش مایـەی قێزەوونییەکـی بـێ تخوومـە و ڕەنگـە لـە سـەرزەمینێکدا تویّژاڵـی ژیانێکـی دی لـە خۆمـەوە بئاڵێنـم هەتاکـو نەبێتـە سێبەر بۆ سـەرزەمینی یەکەمین، بەڵام هەرگیز بیرم ناچێت لە دەرەوەی جوغـزی زێدەکەشـمدا بـۆ ئـەوە تێبکۆشـم لـە نۆژەنـەوە پشـکنینێکی دیکـە بەرپـا بکـەم، پشـکنینێک نەخشـەیەکی تـازەی هەنووکانـە بـۆ ئـەو ڕابـردووە تەیار بکات کە هـەردەم لە حاڵـی حازر و ئێسـتادا ئامادەگیی و سـیحرێکی بەهێزتـر بەرزەفـت دەکات، لەبـەر ئـەوەی مەملەکەتـی نادیارییـە و لـە ئـاگا و خەونەکانیشـدا زۆر شـتی سـەیر و عاجباتییـم تێدا بینیـووە. ئـەو شـتەی منیش هێشـتا پەییـم پێـی نەبـردووە، ئەوەیـە دەشـێ لـە دەرەوەی مەجهوولـدا نەتوانـم هەڵبکـەم، بمخنکێنـێ و مردنـم بـە گـژدا بـکات، لەوانەشـە بازنـەی عومرێکـی تـر تـەوەرەم لـە دەوردا

بکێشێت، ئاکام هەر شتێک بکەوێتەوە ئەوا هەر بە تەنها خۆم لێی بەرپرسیار نیم!..هەستی کرد ئەو سووسە ئەفسانەیی و جادووییەی لە سۆنگەی ئەوەوەیە هێدی هێدی هەڵچوونی درەختی تەمەنی بەدی دەکات، پەیی بەوە دەبات لە گەنجیی و تاقی سەردەمەکەی پچڕاو و دابڕاوە ..وەڵام ناداتەوە، ئەو سەڵتە سۆراخە خەناوکێکی قەترانیی درێژ درێژ دەهۆنێتەوە و گەردنی ناسکۆڵەی ڕۆحی پێ گەمارۆ دەدات. خەفەبوون دایدەگرێت. شەکەتیی و شەپرێویی ڕێگاوبان نیوەی گیانی کێشاوە، بە ئاستەم شەقاوەکانی نووزە و خۆ بەکێشکردنیان تێدا ماوەتەوە. جارجارە لەسەر پشتی هێستەرەکە بۆ پشوویەک دادەبەزێت و ڕێ دەبڕێت، هەرچەند خولەک جارێکیش خۆی بە کلک و بژی وڵاخێک لە وڵاخە پشوو قورسەکانەوە دەگرێت و لە هەڵدێران و هەڵخلیسکان چاوپۆشیی دەکات. ئینجا بە نارەزاییەکەوە بە خۆی دەڵێت: لە وڵاخەوە بۆ پیادەڕۆیی و گوزەر لە ئاو و..دەمی بە شتی بەرینتر ئاواڵە دەبێتەوە، کەچی لە پڕێکا دەکەوێتە بیرکردنەوە و کەسە پەنهانەکەی ناخی دەدوێنێ: ئەی ئەو وڵاخانە چۆن بەو تولە ڕێچکانەدا بە بارێکی ئاوها گران و تاقەتپڕووکێنەوە جێگایان دەبێتەوە و بێ پەروا و سڵەمینەوە و گوێدانە دۆڵ و نشێوە قووڵ و هەزاربە هەزار و بێبەزەییەکان بەرسڤی دارعاسای کاروانچییەکان دەدەنەوە؟.. وزە و توانای وێنەی گەرمی پێوێک لە نزمبوونەوە و هاتنەخوارەوەدابوو، هەستی کرد ڕۆحێکی تر هاتووەتە بەر گیانی. کاروانچییە ڕەشداگەڕاوە ئارەقاوییەکانیش بەرەو قۆرتی ونبوون ڕەوانەی دەکەن! جاروبار چاوی نزای، چاوی وێرد و پاڕانەوەی بەرز دەکردەوە و دەیگوت: هەر من چراخانی ئەستێرەکان سووژدەیان بۆ هێنام؟ هەر من

خـۆری کـوژاوەم بـەدی کـرد و مانگـی کزۆڵەکـردووی سـەر درەختـی شـەوم بینیـی تریفـەی بێڕەنگـوڕوو بازرەقـەی لێوە دەبەسـتەخوارەوە؟.. نەیدەزانــی ئەمانــەی بــە کــێ دەوت و بۆچــی لەکاتێکــی وادا وەکــو شــاعیرێک دەدوا، بــەڵام زنۆقــی لــەوە دەچــوو بێدەنگیــی ڕەوانــەی تەنیایــی بــکات. پڕمــە و لووشــکە لووشــکی هێســترێکی نێــو قەتارەکــە حەپەسـانێکی بێڕادەی پێبەخشـیی، دەنگێکـی تـەواو نائاسـایی بـوو، لێـی نزیـک کەوتـەوە، کەوتـە قیـژە و هـاوار و نەعرەکێشـان، تـەواو درشـت و قەبەتـر لـەوەی گـوێ بتوانێـت خـۆی لەبـەردا ڕاگرێـت. پێیوابـوو لەنێـو زڕوهـۆڕ و هەنسـکی گریانـدا زەنـای بەرپاکـردووە، دەقیژێنـێ، ئەوقـە و گرەویـدەی خەمێکـی ڕمـۆک و سـەیری دەکات، ئاوێتـەی پڕمەکانێتـی، دڵـی لـە ترپـەکان زویر دەبێت، لـە کاروانچییەکە دێتە پێشـەوە، بەدووی ڕاڤەیەکی ئەو دەنگ و هەڵڵایـەدا دەگەڕێت! هەست دەکات ئـەم دنیایـەی بەرامبــەری پرســیاری وەڵام نــەدراوەی زۆر و زەبەنــدی تێــدا پەنگــە و لەناویـدا پیشـیان خواردووەتـەوە. چاوەنـۆڕی ئەوانـەی هاتـووە هەتـا گرێـی ڕازەکان واز بکەنــەوە و پتــر شــارەزایی دەربــارە پەیــدا بکــەن. پێویسـتە ئـەو پەنگخواردووییـە بتەقێنێتـەوە و پەنامەکییـەکان شـاراوەیی جێبهێڵـن و دەرکـەون، پێویسـتە پەیـی بـە وەڵامـەکان بەرێـت و چیـدی لێـی دوورەدەسـت نەبـێ.

کتوپـڕ زاری ناکاتــەوە بپرســێ، لەبریــی ئــەوە گــوێ بــۆ مشــتومڕی کاروانچییـە لێـک نزیکـەکان ڕادەدێـرێ. خودانــی هێســترەکە هەتاکــو لــە دژوارییــ ڕەوەزێـک ئاوابـوون بـە دەوروکشــەی وڵاخەکەیـدا هــات و لاپاڵــی گــرت، لــە ترســا لەســەرخۆ لێیخــوڕی و دەنگێکــی غــەوارەی

لــە میــان لچولێــوە ئەســتوورەکانییەوە بەرهەڵــدا کــرد. ســەرنجێکی پەلــەی تــێ ســرەواند، هەروەکــو ئــەوەی ســۆراخی ئــەو عەودالییــەی ئەمــی دووبــارە لــە چــاوە تاســاوەکانیا خوێندبێتــەوە، یەکەوڕاســت ئــاوا هاتــە قســە: تاکەکەیمــان لــە ئاوایــی جێهێشــتووە، زۆریــان ئۆگریــی بــە یەکتــرەوە گرتــووە، تەنانــەت بــێ یەکتــر بــۆ هیــچ شــوێنێکیان نابــەم، ئەمجــارە ئەویانــە لاقــی کوانــدار بــوو بۆیــە نەمخســتە تــەک قافڵەکــەوە. لــەوە دەســڵەمیمەوە خــۆی باوێتــە خــوارێ. کــە لێــک جــوێ دەبنــەوە ئــەم فەرتەنەیــە لەژێــر ســەریاندایە. خەزریــن و سەرشــێتییەک دەبێتــە دەسکەلایان و هەتــا دەگەمــەوە مەنــزڵ دەســتم لەســەر دڵــە بەدڕدۆنگیــی کلۆربووەکــەم دادەنێــم و لــە شــڵەژاندام. هەزارویــەک دووعــا و نــزا و ئایەتولکورسی بە جۆشوکوڵ دەخوێنم و دامانگیری شێخ و مشایەخان دەبم. ئەها ئەو هێسترەت دیتووە؟..دەستە وشکەڵگەڕاوەکەی درێژکرد و وەکــو ئــەوەی ســیغار بپێچێتــەوە دووبــارە کەوتــەوە قســان. ئەمیــش ســەرێکی ئارامــی بەرزکــردەوە، بــەڵام ئیشــارەتەکەی ئــەو بــەرەو قووڵاییەکــە بــوو، بۆیــە ئــەم ملــی لارکــردەوە و چــاوی بڕییــە کەنداڵــە ترسناکەکەی دەستە ڕاست و گوێیشــی هەروەکو ڕادارێک چاوەڕوانی قۆزتنــەوەی شــەپۆلە ڕمۆکەکانــی زاری کابــرا بەپەرۆشــەکە بــوو. بــە گومــان هەڵنەگریــی تێهەڵچــووەوە و وتــی: حەوتــووی پێشــوو خــۆی هەڵدێرا و ئەوڕۆیش وەکو دەیبینیی لە کەلاشێک زیاتر نییە. ئێستاکێ خاوەنەکــەی پاش ئــەو خەسارە بۆ وڵاخدارێک ئیش دەکات، ئەمەیش.. هامانــا ونکردنــی گرنگتریــن دەســتاوێژی ژیــان! منیــش ئەمــەم لــە کیــس بچێت بــێ ســێودوو ئــەوی دیشــم لەدەســت چــووە و...هــێ..یێ..یێ.. ی... ڕڕڕڕ...هۆۆۆ...هــێ..یێ..یێ..ی...»

هێسترەکە خەریکبوو لە ڕێگا دژوار و تەنگەڵانەکە لای دەدا، ڕایکرد، خەڵتانی بیم و پەروا بەرەو ڕووی بووەوە، چاوەدووی ئەوەی نەکرد ئەم چی گۆ دەکات، هەر چییەکیشی بووتایە شارییەک بوو و چ کاریگەرییەکی دەبوو؟ بەر لەوەی ڕایەک گەڵاڵە بکات جێیهێشتبوو و کەوتبووەوە جوغزی تەنگ و بچکۆلانەی پەیوەندییە بەراییەکەی بە دنیاکەی خۆیەوە و دووبارە پابەند و وابەستەی هێسترە پەشۆکاوەکەی و سەرنوێشتەکەی بووەوە، سەرلەنوێ سەرقاڵ و ئاگاداری بارەکەی بووەوە و بێجگە لە دەنگی سم و لمۆزی ولاخ و خلیسکەی سم و هەنگاوەکانی ڕەوەکە و هێمای دەنگیی نێوان کاروانچیی و ولاخەکان، هیچ گفتوگۆیەکی دی لە ئارادا نەما. لەگەڵ بڕینی کەند و کۆسپی ڕێگاکەدا کەوتبووە ڕەنگدانەوەی بیر کردنەوەیەکی پشکۆیین و تۆزێک لەو فەزایە دابڕابوو. ئەو ولاخەی بە کرێی گرتبوو- زوو زوو لێی دادەبەزیی، سمتی بەرگەی ناڕەحەتییەکی بەردەوامی نەدەگرت - سەرباری ئەوەی بارێکی گردۆڵکە ئاسایشی بەسەرەوە کەڵەکە بوو، دەبوا بەسەر بارەکەوە دابنیشێ، دوو هێندە بەرزتر بوو، لەسەر تاوێرێک ڕادەوەستا و خێوەکەی بە هانایەوە دەهات و هێسترەکەی بۆ ڕادەگرت، ئەمیش دەکەوتە سەر پشتی بارەکە و دەنگێک بڵند دەبۆوە و تێی ڕادەخوڕی: باژۆ شاریی..ئێئێ ی ی.. باژۆ دەی بە درەنگمان مەخە..چەند نووکە کەوشێکی لەو بەرزاییەوە دەگەیاندە پۆقەتەی ملی هێسترەکە و بە تۆنێکی سەیروسەمەرەی دینگڵ دنگڵ.. دینگڵ دنگڵی وێرغەکردن دەستی بە بڕینی ڕچەکان دەکرد و بەرزتری دەکردنەوە. نەیدەتوانی زۆری لەسەردا بمێنێتەوە، کە سەیری خوارێی دەکرد، گێژی سەرەسووڕکە دەبوو، پشتی، سەرتاپای دەیدا لە زریکە

و پلــی دەهاویشــت، هێنــدەی ڕادەژانــد، هێنــدەی لاروخــوار دەکــردەوە ناچــار دادەبەزیــی، هەمــوو دەیانــدا لــە پرمــە و حیلکەحیلکــی پێکەنیــن و خەنی خەنی دەتریقانەوە. لەوانەبوو پەندێکی دێرینیان وەبیر هاتبێتەوە، کورتەبنــە قووتیلەکــە ڕووی تێدەکــرد و دەیــوت: چــی تــۆی گەیانــدە ئێرووکانــە؟ بۆچــی ئــەم هەمــوو جێوبانانــە دەبــڕی، ئــەو هەمــوو نــاز و نیعمەتەی شارت بۆ بەجێهێشت؟..خۆزگە لە توانایدا بوایە حاڵییان بکات! خــۆی ڕاســت و قیــت کــردەوە و ســایلی خۆدوێنەرێــک بەکاوەخــۆ وتــی: دەڵێــن ئــەوەی بــەدووی شــتێکدا عــەودال بێــت مەحاڵــە پەیــی پێنەبــات و نەیدۆزێتــەوە، ڕەنگە تووشــی ســەخڵەتیی و ناحەزییەکی زۆر بێت، ڕەنگە چەخماخــەی ئاوارەیــی بیپڕووکێنــێ و باجێکــی بێپایانــی هەڵبژاردنەکــەی پێبدات، بــەڵام گرنگ قایلبوونــە، قایلبوونــی خــۆی، گرنــگ ئاکامــە، ئاکامــی کــردەوە و هەڵبــژاردن و سەنگوســووژەکانی خــۆی نــەک هینــی ئیدییــان. وەلــێ دەیشــڵێن، ئــەوەی مــرۆڤ نەیەوێــت دێتــە ڕێگای!..لەنێــو دەنگــە نــەرم و چاوەڕوانیــی ڕەوێنــە وردیلەکــەی ســمی چارەوییەکانــدا دەنگــەکان دەپرینگێنەوە و دەنگی وردە کوچک و پلووکە بەرد، چەو و خیز و تەپە تەپــی خۆڵەکــە دەوروخولــی هەمــوو ڕێچکۆڵــەکان دەتەنــن و بــە ملەیەکدا ئاوا دەبن. تۆپباران دەیانخاتە نێو چێوەی بازنەی خۆشاردنەوە و پاڵ تاوێرگرتــن، یــان زەوی لــە بــاوەش گرتــن و لەنێــو خۆڵەکــەدا ڕاکشــان. هەرچــی ئــەو قەدپاڵ و بەندەنە ناتەبایەشــە دەیکوتێتــەوە و تــۆز و خــاک تەیمانێکی بڵند لە زێوار و چواردەوریاندا هەڵدەچنێت، خۆیان لە تەنیشت تــاش و گابــەرد و قەڵشــە قرێژاوییەکانــدا مــات دەدەن و پــاش هــەدادان و ئارامێــک دیســانەوە دەبزوێــن و ڕێچکەکــە وەبەردەگرنــەوە و دارگۆیــژە پەرتەکانــی ســەر شــاخێکی مامناوەنجــی بــەدوای خــۆدا جێدەهێڵــن.

هێدی هێدی نیری ترس و زراوچوونیان لە کۆڵ بووەوە. گەیشتنە سەر نسێ و نیزاری لاڕێیەکی دوور و لایان دا. لە سەرکانیاوەکەدا تۆزێک حەسانەوە و کوچکاوەرێکیان سازکرد، کەوتنە ژێر گەواڵە هەوری چەڕە دووکەڵی قەف قەف بە بەرزایی ئاسماندا هەڵشاخاو. کۆکەیەکی توندوتیژ دەستەویەخەی سینەی بوو، چاوەکانیشی بە خەستیی گلیان کرد. هەستی بووە نەینۆکێک و سوورهەڵگەڕانی دەوری بیلبیلەکانی پیشان دا. پیرەمێردە بە شان و باهووە بە کۆڕەتی ساڵدا کەوتووەکە ڕووی لێ وەرچەرخاند و بە تۆنێکی کەللـەشەقانە، بەڵام وەکو ئەوەی بۆ خۆی قسە بکات وتی: ئەهریمەن هاتبووە بنکڵێشەت، یان غەزەبت لێگیرابوو، ناعیلاجی نەبێ کێ خۆی فڕێ دەداتە نێو بۆتەی ئەم حاڵوبارە ناهەموارە؟..ترووکەکانی چاوی ئەم لە زیادییان دا و هەندێک پێی نایە سەر گازەرای پشتی خۆڵەکە و کەوتە هەڵکۆڵینی. وەکو قوماربازێکی دۆڕاو، یان زارۆڵەیەکی شەرمنی نێو چەردە بێگانەیەک، یاخود کۆمەڵە نەناسیاوێک، هەروەکو گووڕووەکانی وادەی منداڵییەکەی سەری دانەواند و هەڵینەبڕی. چایەکە هێواش هێواش خەریکی دەم کێشان بوو، نەیهێشت پۆلووە گەشەهەڵگەڕاوە مەرجانییەکان کفنی ژیلەمۆ لەبەربکەن، چەند بە ڕوویەکی خشپیلەی تێ فڕێدا و سەبر سەبر لەنێو پشکۆکاندا لەگەڵ برژان کەوتنە کێشمەکێش و تاقوتریقی یاخیبوونیان گوێچکەکانی ئاخنییەوە. چەند دانەیەکی دا بە کوڕێژگە چڵکن و هیس داپۆشیووەکە و توێکڵەکانی یەک دوانێکیشی داماڵیی و کەوتە نێو لەزەتی خواردنیان. ئەو تاموچێژەی لەو بارەدا بە دانسقەیی خۆی ڕووکەشکرد، خانەکانی زوبان گەنجینەیان کرد و پاراستیان بۆ ئەوەی لەیادی بەلەسە نەبێت و لەگەڵیدا بمێنێتەوە و

لەگەڵیشیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاوای نێو دالانەکانی ژێرزەوی بێت. لەناو قتوویەکی بەتاڵی پەنیردا چایەکی لە دید و ڕوانینی ڕەشتر و پارچە نانێکی وەکو لەشی مێیینەیەکی ساڵخواردووی جیڕ و قاشە پەنیرێکیش کە لەمێژ بوو بۆرایی کەڕووی گرتبووەخۆ و ڕەنگوڕووی دۆڕاندبوو، بوو بە بەشیی و خرایە بەردەمی. هەر یەکە و لەلای خۆیەوە کەوتبووە خواردن، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگبوو، بە قسەی ئەوان پشتی ڕێگاکەیان شکاند بوو، ئەوەندەیشیان نەمابوو ئاودیو بن. پێش بارگە تێکنان چوو هەندێک گۆیژەسوورەی لەو چەند دارە کوڵەی بەندەنی ئەو کەژە سوورە چنییەوە و گیرفانەکانی لێ کەیلاند و بەدەم قۆزتنەوەیشەوە هەر خەریکی خواردن بوو. قەدەرێک بوو کەوتبوونەوە ڕێ، دەیڕوانییە بەرزترین پۆپە و ئەو گوندەی چەند سەعاتێک پێشتر پیایدا گوزەریان کردبوو، ئیدی لە دواوەڕا سڕابووەوە و لێیەوە دیار نەمابوو. لەگەڵ سووکبوونەوەی گیرفانەکاندا، کاوێژکردنەوەی بیر و لێکدانەوەکان دەستی پێکردبوو. لە دوڕیانەکەی سەرەوەدا، ڕێگاکەی دەستە ڕاستیان پێ نیشان دا و لێی جودابوونەوە. پاش دابەزین لە هێسترەکە، تۆزێک ڕاوەستا و تێبینیی جووڵانەوەی دەستی هێسترەوانەکەی کرد. لە دوا پێچدا کەوتنە ژێر پەڵەیەکی ئەرخەوانیی جوان و تابلۆیەکی تریان پێکهێنا و ئیدی بەیەکجاریی لە گۆشەی ڕامانی دەرچوون. لۆژلۆژ ملی ڕێچکە خۆڵیینە سەرەوژێرییەکەی گرت و دەمە دەمی زەردەپەڕی ئێواریێ، ڕێک وەک ئەوان گوتیان،»چەپەر»کە خاڵی پشکنینی سەرسنوور بوو، لە سیلەکەوە دەرکەوت. هەناوی خەفەت و کەسەرێکی ڕمۆکی هەڵهێنایەوە. بە خۆی وت: بریا هاوڕێیەکم لەگەڵدا بوایە!..ئاخر

هەروەکو دایکی دەیگوت هـاوڕێ تویێشووی سـەفەرە سـەفەر! نایەتـەوە یـادی لـە چ وادە و دەورانێکـەوە قوولّیـی خووسـە و کەسـەری بەسـەر ئۆخـژن و کامڕەوایيـدا هەڵبژادبـێ! بـەڵام درکـی کردبـوو کـە هیـچ بـە ڕووکەشیی و سانایی دلّگیر نەدەبوو، بۆیە خەمێکی چڕ و بێ هەمتـا، لـە خـەم و ئـازاری دڵڕەقـی ماڵئاواییش ئەسـتەمتر دایبێـژا. لـەو سـاتەوە ئیـدی بێووچـان هەسـت بـە هەتیوویـی و پەڕەوازەیـی و بێناونیشـانیی خـۆی دەکات. ڕاڕایـی و بێبارییـەک دەروونـی شـپرزە دەکات، پاشـگەز نابێتـەوە، خۆی تەیـار دەکات گورجتـر و هەشـتاوتر دەڕوات، هەتـا بـەر لـە هاتنـی تاریکیـی و بارگـە تێکنانـی سـێڵی کـەم تینـی خـۆر بگاتەجـێ و هەنگاوەکانـی لــە خاکوخۆڵــی ئــەم ســکۆڵەیەی دڵ و ئــەم بەشــەی یاخیبوونـەکان دابڕێـت و وێنـەی خێـوەت پەیڤـی ڕەهەندەیـی بەسـەریدا بسـەپێت!

تەنیایـی و خـەم لـە هەسـت و نەسـتێکی سـرک و ڕمـۆک سەرشـاریان دەکـرد. ئیتـر هەمـوو شـتێک دێوجامـەی نادیاریـی لەبـەر دەکـرد، لـەم بگرەوبەردە و چاوشارکێ کاتییەدا، بوونی شتەکانی تر ڕەوییبوونەوە. بــەڵام خــەم پەیدەرپــەی جێئەتــەری هەڵدەگــرت و وەکــو تاژییەکــی مەعلان و چوست و چاپووک وابوو خۆی لە نێچیرەکەی نەدەخافڵاند. ئەگـەر لـە هەمـوو ئـان و وادەیەکدا بەرامبـەری نەگرتایـە ئـەوا لەناخیـدا چەشـنی گیانەوەرێکـی ئاشـنای دەسـاژۆ و خۆگونجێـن لەگـەڵ گشـت بارودۆخێکـی دەرەوە و نـاوەوەی جەسـتەیدا هەڵدەتروشـکا. کـە لـە سـووچ و قوژبنـی ژووری»پایەگایـەک«دا ڕۆدەنیشـت، ئێسـتا دەبـووە دیـوار، بیرکردنەوەیـش دەبـووە پەیـژە و دەیگەیانـدە سـەر قوللـە و

بڵندایی ئه‌و شوێنانه‌ی له‌ پشته‌وه‌ جێیهێشتبوون و جیایشی ده‌كرده‌وه‌ له‌ ژینگه‌ و ده‌وروبه‌ر و خه‌ڵك و ئاپۆرای ڕۆژانه‌، یان هاوژووریبیان ده‌كرد، یاخود قه‌ره‌ووڵ بوون، یان حوكمی ناڕه‌وایان به‌ سه‌ریدا ده‌دا. چه‌خماخه‌ی ته‌نیایی مه‌شخه‌ڵی بیركردنه‌وه‌ی بوو. سه‌رحه‌د كه‌ له‌ دواوه‌ به‌جێما، وای دانا توێشه‌به‌ره‌ی ئازار و تاڵیی و سوێریی و ئه‌زموونی گه‌وره‌ی بیره‌وه‌ریی و وارگه‌یه‌كی تازه‌یه‌ و ئیدی قه‌ت قه‌ت لێی جیانابێته‌وه‌. یه‌كه‌م ئێستگه‌ پرسگابوو، له‌ دڵیدا ڕقێكی به‌تینی دنه‌ دا. هه‌ستی به‌وه‌ نه‌كرد پرسیاره‌كان خه‌نده‌ ئامێزبن، به‌ڵكو ڕووبه‌ڕووی گه‌مژه‌ییه‌كیان ده‌كرده‌وه‌ و ده‌یویست له‌ قاقا بدات. به‌ر له‌وه‌ی چه‌په‌ری لێ ده‌ركه‌وێت و سه‌ر كه‌وشه‌ن بداته‌ ده‌م وه‌ختێكی تێپه‌ڕیووه‌وه‌، ڕێگاگه‌لێكی فره‌ و زه‌وه‌ند له‌به‌رده‌میدا مارئاسا ده‌خزان و شۆڕده‌بوونه‌وه‌، به‌ گه‌یشتنی سه‌رجه‌م له‌ترووكانێكدا ڕه‌وینه‌وه‌! به‌ حه‌ژمه‌تێكی شاراوه‌وه‌ به‌ خۆی وت: نازانم من ونبووم، یاخود ڕێگاكانی پشته‌وه‌؟ یان من به‌ ونبوونی ئه‌وان ونبووم؟ یان هه‌ردووك پێكڕا هه‌ڵكه‌وتێك ونی كردین؟..ئیتر هه‌تا پایته‌خت، فه‌رمان پێكراوێك ده‌ست به‌ند و چاودێر بوو شاره‌وشار له‌گه‌ڵیدا ڕه‌وانه‌كرا. ئه‌م شوێنه‌ نه‌فره‌تییه‌ به‌ چه‌ندین وێستگه‌ی لێپرسینه‌وه‌دا گوزه‌ری پێكرد. له‌وێدا ئیدی به‌ چڕ و پڕیی بازنه‌ی گه‌ش و بریقه‌داری یادوه‌رییه‌كانی ئاوابوونیان ڕه‌تده‌كرده‌وه‌. شتگه‌لێكی زۆر ئاڵۆز له‌ پڕێكا په‌لاماریان ده‌هێنا بۆ ئه‌وه‌ی به‌سه‌ر دنیاكه‌یدا زاڵ و باڵاده‌ست بن. دایكی ڕاستی ده‌كرد: مرۆ وه‌كو ته‌یری بێ باڵ وایه‌، ئه‌مڕۆ لێره‌یه‌ سبه‌ینێ خوا ده‌زانێ سه‌ری باڵه‌فڕه‌ له‌ كوێوه‌ ده‌رده‌هێنێ! به‌ڵام بۆ ئه‌و كاتانه‌، ڕانه‌بووردن به‌ كۆمه‌ڵێ ئه‌زموونندا، دنیای ده‌كرده‌ هه‌ندێك فرت و

فیڵ لـە چەشـنی ئەفسـوونە ناوازەکانی»حەمید چکچکـە»ی سـیحربازی ناوداری شـارەکەی و ڕاسـتییەکانی لێ پەنهـان دەکرد. بە چپەدوویەکی لێـوە پەژمووردەکانـی وتـی: ئـەوە ئەگـەر پەلوپۆیـان هەڵنەقاچـی بـێ!.. بەرلـەوەی خۆیشـی بە یۆتۆپیای سبەینێ بسـپێرێت لەزەتێکی تیژڕەوی خۆپەرسـتیی بـە دەمارەکانیـدا ختوورەیـان کـرد.

ئـەو ژوورەی زۆرێکـی وەکـو ئەمیـان تێـدا مۆڵدابـوو، بۆنـە دڕن و هێڕکەرەکـەی ڕۆژەڕێیەکـی دەپێـوا. هەمـوو ڕۆژێ دەهاتـن، نەیدەزانـی بـۆ کـوێ دەیبـەن، بـەڵام دەیزانـی بۆچـی دەیبـەن. وێـڕای داهێـزران و شــەڵاڵیی و بێتاقەتیـی سـەراپای، خەندەیەکـی دۆڕاو لەسـەر لێـوە بەبارەکانیـدا سـەرەتاتکێی دەکـرد و بینابیەکـەی لەودیـو شـریتە تونـد و تـۆڵ بەسـتراوەکەوە تیـژ و تیژتـر دەبـوو. توانـای ئـەوەی نەبـوو تاریکیـی بخوێنێتـەوە. بەحـاڵ زەفـەری بـە دروشـمێک بـرد، نوسـرابوو: هیـچ شـتێک دادت نـادات، دانپیانـان تاقـە ڕێیەکـە بـۆ خـۆ دوورخسـتنەوە لــە ئەشـکەنجە..ڕاگیرا، زانـی گەیشـتوەتە جـێ مەبەسـت، وەک ڕۆژە تێپەڕیـوو و بێهـوودەکان پرسـیارە کەونـاراکان دووبـارە دەبوونـەوە: ئەمـڕۆ چیـت بڕیـارداوە، دان بـەوەدا دەنێیـت خەفیـە و سـیخوڕی و بـۆ تێکدانـی ئاسایشـی ولاتەکەمـان هاتوویـت، یـان نا؟..بێئـەوەی هیـچ شـتێک بـەدی بـکات، بـە قووڵیـی، بـە سـوێ و ناڕەحەتییەکـەوە تێیـان ڕادەمـا. ئـەوەی بـە هیـچ کلۆجێـک بیری لـێ نەکردبـووەوە لـە بنەڕەتـەوە شـەقڵی بیرکردنـەوەی گـۆڕی. بـۆ ئـەوان باڵندەیەکیـش لـە ڕۆژاوا، یـان لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بهاتبایەتـە نێـو ئاسـمانەکەیان ئـەوا لەبـەرەی دوژمنـەوە هاتبـوو، تەنانـەت سـێبەریش دوایـان بکەوتایـە ئیسـتەرەم ئـەو گومانـەی

لەلایاندا دروست دەکرد. لە جەنگێکەوە بۆ یەکێکی دی، مێژوو ئەم سیناریۆیە و ئەوانی دیکەیشی سەلماندووە و هەموو دەرگاکانیش بەڕووی ئاسۆگەی نادادیی و تاریکیی شەڕوشۆڕ ئاوەڵا دەبنەوە! لە بنچینەوە باوەڕ بەوە دەهێنێ کە هەموو»بەرە»و»لا»بەشداربووەکانی جەنگ بە شێوەیەک، یاخود بە شێوەیەکی دیکە دوورن لە داد و هەق و ڕەوایەتییەوە. لە سۆنگەی ئەوەیشەوە سێبەرە دوورەکانیش لە دڵیاندا بنیاتنەری ترس و بیمن. ختوورەی ئەو بیرانە چرکەساتەکانی داگیر دەکەن، بەڵام ئەوەی فەلاقەی دەکات درێژەی دەداتێ: دانی پێدا بنێ و تۆبە بکە، بەرەڵا دەبیت و بە هاسانی سەفەر دەکەیت.. بێدەنگیی بەڵگەی هەر شتێک بێت ئەوا بێگومان لای ئێمە بەڵگەی قایلبوون نییە و چەکی دانەدواوە و ڕەتکردنەوەیە. نازانێ ئیعتیراف لەسەر چی بکات! ئەوەی وتوویەتی هیچ لادانێکی تێدا نییە بەلای درۆ و دەستخەڕۆکردن و گزی چنیندا. بیرکردنەوەیەکی بێڕادە ئازاردەر دەستەوئێخەی ببووەوە و خۆی دەدواند: موخابن بۆ ڕاستگۆیی، ئاخر ئەو پاسەپۆرتە نەگبەتەی ئەو شیووعییەم نەکڕیبایە و»محۆ خۆشناو»ڕەسمەکەی نەگۆڕیبایە و لەگەڵ خۆم نەمهێنابایە چ دەبوو؟ بزانە ڤیزەیەک، ڤیزەی یەکێتی سۆڤییەت، چ بەدبەختییەکی بۆ نامەوە!..ژوورە تەنگەکە تژی بوو لە گومان و هەر لە ساتی یەکەمەوە لێپێچەرەوەکە پێی وت: بۆ هاتوویتە، کێ ناردووتی؟.. پاسەپۆرتەکە لەبەردەمیدا کەوتبوو، دەستێکی بەسەر ئەو ڕووپەڕەدا کێشا و بە خەمساردییەکەوە وتی: ئەمان، یان ئەوان؟..ئەم دەیزانی مەبەست لەمان کێیە، بەڵام نەیدەزانیی ئەوان کێن، لەگەڵ ئەوەیشدا ویستی بڵێ: من لە هەموویان هەڵاتووم.. سوور دەیشیزانی کەڵک

ناگرێت بۆیە متەقی لێوە نەهات. بێدەنگییەکەی کەللەیی دەکردن. ڕیش هەتا گیرفانی چاو هاتووە ناحەز ڕوخسارەکە سەرێکی بۆ دوانەکەی دیکە لەقاند. تێی بەربوون، لەشی بوو بە لابۆری گشت جۆرە ئازارێک و هەموو شێوە ئەشکەنجەیەک لەسەر گێلگەی جستەیدا پراوەکرا. لە خۆی ڕانەدەبینیی بەرگەی زەبر و زەنگی ئەو هەموو ئەشکەنجە و تێهەڵدانە بگرێت. هەستی کرد بیرێکی ئیرتیوازییە و خوێن و ژانی لێ هەڵدەهێنجرێت. هەتا بەرنەبووەوە سەر زەوی لە کۆڵی نەگەڕان. ڕاستیان کردەوە، لەسەر ئەسکەمیلەکە دایان نا. لەو دۆخەی بە دەست ئازارەوە لە پێچ و لوول خواردندا بوو کتوپڕ دەگەڕانەوە و دیسانەوە پرسیارێک لە پرسیارە بێمانا و سەرەتاییەکانیان لێدەکردەوە، زۆر کەڕەتی تریش هەر لەو دەمانەدا لێی کرابوو، هەڵبەتا تاقیکردنەوە بوو، تا بۆیان دەربکەوێت تاچ ڕادەیەک بەرسڤەکان لێکچوون و هاوجووتیی بە خۆوە دەگرن. ئەم دووبارە هەمان خاڵی دەخستەوە سەر پیتە ئاشنا و نەگۆڕەکان و دەیگۆ: جاران ماسیی سەرئاو دەکەوت، ئێستا مرۆڤ پەسلانێتی. دەمویست دووربکەومەوە لەو شتەی گەرەکم بوو، هەموو سۆنگە و ئەنجامەکانی ئاشووب و ئاژاوەم ڕەتدەکردەوە و قێزیشم لە ئەرکەکەم دەهاتەوە، هەست و خوستم بەرە بەرە ڕووی لە خامۆشیی کرد. بە تەمابووم شێوەی زیندەگییەکەی خۆم خۆم بیڕسکێنم و نەخشەیەکی نوێی بۆ بکێشم. دەمگوت ڕەنگە لێرە ئەو ئاواتەم بێتەدی، بەڵام وادیارە هەروەکو دەڵێن هەتا مرۆڤ بای لێبەر نەبێت چوارمشقی لێی دانانیشێت!..

دوای ئەوەی لە بەندیخانەیەکی گەورەدا جێگیر دەبێت، کە بە»زیندانی قەسر»ناودێری دەکەن، بە ناچاریی هەوڵدەدات هێدی هێدی ئەو شتانە فەرامۆش بکات. چەند ساڵە بنیات نراوە؟ بۆ دەپرسێت؟ زۆر ڕێی تێدەچێ لە سەرەتای پەیدابوونەوە ڕۆنرابێت. لەوە تێدەفکرێت: ئایا هیچ کەسێک پێشتر دانی بەوەدا ناوە کە پتر بێگوناهان لە گرتووخانەدا توند دەکرێن؟..بە نێو ئەو جەڵەبانەدا چاوی دەگێڕا، وەک مرواریییەکانی قووڵایی شەوی ئاسمان بێشوماربوون و حەوسەڵەبەدەریان دەکرد لەوەی جێگایان لە ژماردندا بکاتەوە. بە خۆی دەوت: ڕەنگە سەرهەتاپای بوونی وەخۆ گرتبێت و وەخۆیشی بگرێت!..بەرلەوەی بۆ ئەوێی بەرن، ئەفسەرێکی ڕەزا گران و خوێنتاڵ پەنجەمۆری دەگرت، دەستی لە گۆ چبوو، یا کرژبوونەوە سڕی کردبوو، پەنجەکانیشی وەک بڵێی گۆج ببوون، دووسێ جار دەستی بە توندیی کێشا بەسەر مێزەکەدا و پەلکێشی لاوەی کرد، کە گۆڕان و خاوبوونەوە نەهاتەدی، شەپازللەیەکی بێمەزەبی تێسرەواند و ئەمیش هەر بە زمانەکەی خۆی، بەتۆنێکی نیمچەتاساو وهەنسکاویی، پرسیارێکی گازاندەپۆشی ئاڕاستەکرد: ئاوا مامەڵەی ڕەهەندەیەکی جەنگ دەکەن؟..ئەویش وەکو ئەوەی تێگەیشتبێ، بە فیز و باییبوونێکەوە نزم تێیڕوانیی و بە تۆپزیی و خۆ دنەدانێکەوە گوتی: تۆ، تۆ خەفیەی سیاسییت، ڕەهەندەی جەنگی چی!..ئەو کاتانەی یەکێک بە چاوەکانی ئەم خۆی تێیڕانامێنێت و بەو شێوە ناهەموارە دژایەتی بۆچوونەکانی دەکات، هەست بە داخران و دڵشکانێکی سەیر دەکات، دەنگی دەتاسێ و ژەنگی لاڵوپاڵیی هەڵدەهێنێ. سایلی خۆڵەپووتی داربەڕووەکان بەسەر زەوییەکی نەزۆکدا هەڵدەکورمێ. دیسانەوە وەکو گەڵایەکی

هەڵوەریووی دەم بایەکی ناحەز خۆی دەبینێتەوە، کە تا چاو بڕکات لە دارەکەیەوە دوور و دوورتری دەخاتەوە.

هەتا دیدەی هەتەری دەکرد هەناسەی سەرنجەکانی هەڵدەگرت، دەتوت خەدەنگی سەرکۆنەیە و هەوساری کەوانی بۆ بەرهەڵدا کردووە. گەرچی لە مانگی شوباتەوە فڕێدراوەتە ئەم شوێنە، لەگەڵ خۆیدا هەر لە خەڵوەتدایە. لەو گاڤەوە هیچ شتێک لەبارەی ئایندەوە ڕوون نییە. ئەڵبەتا پاش ئەوەی ژمارەی دنیاکان لە بیر و لێخوردبوونەوەیدا زیادیان کردووە، وەکو تەرکە دنیا و ڕەبەنەکان، بە زۆرەملێ لەسەر ئەو بارە ڕاهاتووە. بە هەوانتە، یاخود وەکو ئەوان خۆیان دەڵێن»بێ تەکلیف«شەو و ڕۆژی لەنێو ئەو ئاپۆرا و حەشاماتەدا بەسەر دەبرد. بێ تەکلیف، یانی پشتگوێ خراو، یانی بێ بوون! بە هەرحاڵ، ئەم بەندە بریتی بوو لە گۆشە و پەنایەکی بچکۆلانەی ئەم دنیا نوێیە و کامڵ و سەربەخۆ بەڕێوە دەچوو. ڕاڕەوێکی چل مەتریی و حەوشەوبانێکی وەکو حەوشەوبانە هاوینییەکەی سینەما عەلەمێنی کەرکووک، ڕەنگە تۆزێک بچووک تریش بووبێ، چواردە ژووری تێ ئاخنرابوو، ژوورەکان لە زیندانییە مەنزڵ کردووەکان جمەیان دەهات، تەنانەت لەڕاڕەوەکەیشدا جێگای ئەوە نەمابووەوە یەکێکی دی جێی بەربکەوێ. پانتایی ڕاڕەوەکە سێ گەز و نیو دەبوو، لەوانەبوو هەر تەنها دووبست لە نێوەندیدا بۆ هاموشۆ مابێتەوە. ئاودەستی بەندیخانەکە هەموو دوو ڕۆژ جارێک دەگیرا و گەند و پیسایی قولەپێیان تێدەپەڕاند. زۆرکەڕەت پێیوابوو سیپەلاکی وا خەریکە هەڵدەگەڕێتەوە و لە زارییەوە دێتەدەرێ.

بەیانیـان هێشـتا تاریک و نووتەکیی نەپرینگابـووەوە، هەڵیان دەسـتاندن. شـەوانیش دووکاژێـر بـەر لـە نیـوەی دەیـان خسـتنە نێـو جـێ و ژێـر بەتانییەک بە کەلەلایی و ڕەنگە پەڕیوو و تەنکییەکەیدا دیاربوو پێشتر خەڵکێکی بێشـومار پێـی خەوتبـوون.

لەکاتـی لێپرسـینەوەدا تانەئامێزانـە بـە کابـرا ورگ ئەسـتوورە کینەبارەکـەی وت: چ تۆمەتێکـم لەسـەر ئیسـپات بـووە وا فڕێـم دەدەنـە زیندان؟..لێپرسـەرەوە چـاو دەرپۆقیـووە ڕدێـن هەتـا دامێنـی هێلـوون هاتووەکـە، کـە کراسـە ڕەشـە تاگـەردن دوگمـە دراوەکـەی لـە بـەردا بـوو وتی:»ئیمـام» فەرمووبەتـی زینـدان زانکـۆ و فێرگەیـە! پێویسـتە پیایـدا تێپەڕییت، پێویسـتە ناخـە پیس و گڵاوە لـە ناپاکیی لەوتاوەکـەت لەژێـر ئـەو بـارەدا بکەوێتـە تۆبەکـردن، هەتـا بـە پاکژیـی و پاکیزەیـی بێیتـەوە دەرێ. تاکـو ئـەم قۆناخـە ببڕیـت و بـە داوێـن پاکییـەوە بێیتـە نـاو کۆمەڵگا..بـە گاڵتەجاڕیـی و بزەخەنینـەوە ئـەوەی تەواوکـرد و بـە سـەر ڕاوەشـاندنەوە چەنـد کەڕەتێـک وشـەی»فێرگە»ی دووپـات کـردەوە و ئەمیـش پەیـی بـەوە بـرد ئـەو خۆیشـی قەشـمەریی بـەو قسـانە دەهاتـەوە. ئیـدی لـە هەمـوو وادە و دۆخێکـدا دەبـوو بێدەنگیـی ببێتـە دەمڕاسـت و ڕدێـن چەرمـووی. بۆیـە نەدەبـوو بەهیـچ کلۆجێـک داکۆکـی لـە بێتاوانیی خـۆی بکات، یـان لـە چارەنـووس بکۆڵێتـەوە، ئـەم سـێبەرێکی شـۆفارە و لـەم وڵاتـەدا هـەر چەندێـک بمێنێتـەوە ڕەبـەن و کەساسـە. دەبـێ بـێ سـەردانیی و بـێ جلوبەرگـی پاکوخاوێـن و چـەرەز و میـوە و خـەرجـی هەفتانـە هەڵبـکات. زوو زوو هێـدم دایدەگـرت و بەدەمەبۆڵـە خـۆی دەدوانـد. ئـەو ڕۆژە سـەمەرە و عاجباتییانـەی بـە هەنـگاوی نـاو حەسـارەکە هاوسـەنگ دەکـردەوە. دەیویسـت بەقـەد

هەموو گەڵای وەریووی لێرەوارەکانی جیهان شەقاو بنێت، چاویشی هەر لە شوورەی بەرزی حەسارەکە بێ و تەلبەندەکانی چڵەپۆپەی وەکو چقڵی بێداریی بچەقنە دیدەکانییەوە. لەوێ بێڕادە سەرقاڵی خواردنەوەی دیژلەمە بوو، پێچەوانەی جاران، تەنها ئارەزووی نۆشینی دیژلەمەی دەکرد، زەوق و چەشەیەکی جودای لێ دەبینییەوە. هەموو بەیانییەک هەستی دەکرد زەفەری بە زاوایەتییەکی تازە بردووە، قەڵس و نیگەران دەبوو، چونکە قورساییەکی بێهاوتا شانەکانیان بەرەو خوارەوە تەکان دەدا، دەیویست بڵێ: ئیدی کەروێشکە خەو دەکەم!..بەڵام پاشگەز دەبووەوە. لە نواوە باوەڕی پتەو بوو، بەڵام ئەزموونی شاخ و دواتر فێرگاکەی ئێرەشی هاتە سەر و هەموو شتێکی لەق کرد. بەر لە گوزەری ئێرەی جۆرە سزایەکی بۆ تاوان بە ڕەوا و پێویست دەزانیی، گرنگیی هەندێ وتە تەنگییان بە لێوردبوونەوەی هەڵدەچنیی و دووبارە لە بواری گۆ کردنییەوە خۆیان تازە دەکردەوە و دەیوت: زیندان دەستاوێژێکی پێداویست نییە، چونکە تیایدا دەقاودەق خراپییەکان بەسەر چاکییەکاندا زاڵترن، ئەوا ئەگەر بێت و چاکی تێدا هەبێت!.. چرکەساتێکیش تێنەدەپەڕی ساتوسەودای نامۆ و ڕیزپەڕی گرتووەکان نەژنەوێت. کەچی دوای گوزەری ئێرەی هەموو باوەڕی تووڕهەڵدابوو هاتبووە سەر هیچێکی گەورە. لە حاجییەکەی باوکیشی تەمەن هەڵبواردووتری تێدابوو، کەچی لەناکاو گفتوگۆیەکی ئاسایی ئاوەژوو دەبووەوە و گوێی بە مشتومڕی پڕ جۆشی دوو زیندانیی دەئاخنرا، هەر لەناو ڕارەوەکەدا بەرۆکی یەکتریان دەگرت و یەکێکیان دەیگوت: با سەر بە سەرێک بکەین..زۆرجاریش وا دیار بوو ئەوی دی قایل نەدەبوو، نەک لەبەر

کەمیـی ڕێژەکـە، بەڵکـە ویدەچـوو تۆزقاڵێـک نەنـگ و شـەرم تەمەنـە خاڵییەکەیـان ژاوە کردبێـت، کـە ئیـدی نەنـگ و شـوورەیی فـرە دەگمـەن بـوو، هەنـدێ جاریـش ڕەنگـە سـەودا و ئاڵوویرەکـەی بـە دڵ نەبووبێـت، بۆیـە ئـەوەی یەکـەم زیاتـری دەدایـە دەم و دەیـوت: دەبـا دوو بەیـەک بێت!..بـە تفت و تاڵییەکی گازاندەبارانـەوە نیگارشـێنی دەکـردن و گومـان دەبـووە دنیـای تەنـگ و هەمـوو شـتێکی دەگرتەخـۆ. پتـر لەبـەر ئـەوە سـەری هەڵدەدا و باڵادەسـت دەبـوو، چونکـە لـە ڕاڕەوەکـەدا دەنووسـت. مـەودای ئەوەیـش لەنێوانـدا نەبـوو تاوەکـو بـە ئاسـوودەیی بجووڵێـت، یاخـود ئەمدیو ئەودیو بکات، بە ڕادەیـەک سـووکە بزاوتنێکیش دەبـووە مایـەی ئـەوەی بـەر تەنیشـتەکەی بکەوێـت، یاخـود پێیـەوە بچەسـپێت و بـە نەفـرەت زاری لـێ ئاواڵـە بکاتـەوە.

ئـەو شـەوە لەبـەر کلۆربوونـی بیرکردنـەوەی، لەبـەر ڕابـردوو، ڕابـردووی هەمیشـە! ڕیشـەی پێواریـی ئاییـندە، ڕەگوڕیشـە بێڕادەکانـی نەخشـەی ژیانـی، پیلـووەماندووەکانـی لـە ئامبازییەکـدا وەسـەر یـەک نەکەوتـن. شـەمێران شەونمئاسـا کەوتـە سـەر لاپـەڕە زۆروزەبەندەکانـی یـادی، دیسـان بیـری ڕۆیشـتەوە: ڕەنگـە ئەویـش هەنووکـە شـیرازەی سـەرجەمی ئومێدەکانـی پتـر لـە دەسـت ترازابێـت، دوور نییـە ئێسـتا هەڵوەدای سەروسـۆراخم نەبێت، کـێ دەزانـێ نـاو لـەم بێسەروشـوێنییە بنێـت؟.. زۆربـەی شـەوەکان لەبـەر پەلامـاری هێـزی ئاسـمانیی، سەرانسـەری پایتەخـت دەبـووە شـەوەزەنگ، لەگـەڵ ئـەو ترسەیشـدا تاریکیی پاڵنەرێکی بێڕادە و مەزنی لەزەتـە پڕ ڕازەکان بـوو غەریـزەی ختووکـە دەدا، ئەندێشـەی تەیاردەکـرد تاکو بەرامبـەر بـە ئـارەزووەکان

ڕووت بێتــەوە. نەدەخــەوت، هەســتی دەکــرد لەنێــو ئەفســانەیەکدایە و دەیــەوێ پــەردە لەســەر پەنامەکییەکــی دێریــن هەڵبماڵێــت، دەیویســت پەیی بە دەستە ناسک و نەرم و نیانەکانی خەو بەرێت. بەڵام هەرچی چۆنێـک بێـت ئـەو دەسـتەی بـۆی ڕایـەڵ کـرا دەسـتی خـەو نەبـوو، نەخێـر! هێدییـەک پەنجـەکان وەکـو خشـۆکێکی بچکۆلانـە کشـانە سـەر دۆخینەکـەی، دیقەتیدا»سـەمەد»بوو، «ئاغـا سـەمەدی ئازەریـی»، جحێڵـە تـازە هاتووەکـە. بـەوەدا درکـی پێکـرد کـە لـە تەنیشـتی چەپیـدا جێـی چێکردبـوو، بەردەوامیش بەسـەر ئەولایەیدا هەڵدەئـاژا. لـەو جەوقووتـەدا پێویسـتیی بـەوە نەبـوو بیرکردنەوەیەکی قووڵ وەرێ بخات تاکو خاوەن دەسـتەکە بناسـێتەوە، کتوپڕ ئـەدگار و دەموچـاوە منداڵکارانەکـەی لەبـەر دیدەیـدا شـەقڵێکی پـڕ نـازی گرتەخـۆ. جەسـتەیەکی زۆر تەڕوبڕتـر و نەرمونیانتری لەودیو تەمەنـە هـەژدە - نۆزدەسـاڵانەکەیدا حەشـاردابوو. لەوەتـەی هاتبـوو هـەر لەگـەڵ ئەمـدا هەڵسـوکەوتی دەکـرد، ببـوو بـە هاوخوانـی، پێکـەوە لـە حەسـارەکەدا پیاسـەیان دەکـرد، جارجارێکیـش چەوتـو چێڵیـی زمانەکـەی بـۆ ڕاسـت دەکـردەوە و پێکەنینێکـی خشـپەی گەلائاسـایانەی بـەڕەلا دەکـرد، وەکـو شـتێکی فـرە ئاسـایی دەسـتی بـۆ ڕیـش وسـمێڵی ئـەم دەبـرد، شـانەکانی دەتەکانـد و قامکەکانـی دەگـرت، هەرگیز بە گوێ ڕادێران و دوان لەگەڵ ئەم ماندوو نەدەبوو. تەنانـەت بـەو کـردەوە پێنەگەیشـتووانەیەی سـەرنجی زۆربـەی گرتووەکانـی ڕاکێشـابوو، ئیرەییەکـی شـەڕانگێزانە نیگاکانیانـی ڕەش دادەگێـڕا و شـەڕیان بـەم پێدەفرۆشـت، ئـاوی گەرمیـان پێدا دەڕشـت و چاوەڕوانـی ئـەوە بوون ورتەیەکی لێوە بێتە دەرێ و بکەونە وێزەیی و داپڵۆسن. ئیرەییەکەیـان لـەوە ڕەشـتر و قووڵتـر بـوو چاویـان بەرایـی ئـەو بەختـە

یارەی بدات. ئەمیش هیچ بیری لەوە نەکردبووە بۆچی سەرجەم جێنشینەکانی ئەویێ خۆزگەی ئەوەیان دەخواست لەو نزیک ببنەوە و ببنە هاوخوانی. ئەم تێڕامانی پێچەوانە و ناهەمواری نەدەخستەکار و پێودانگەکان وێنەی بۆردی گلۆپداری فرۆکەخانەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات و لەجیاتیان پێودانگی نوێ دەهاتنەئاراوە..دەستی کشا، شەڕواڵە ڕەشە کرماشانییە ئەندازە بچووکەکەی لەبەریدا داماڵییە خوارێ و بە نەوازشێکی دانسقەوە کەوتە وێزەی بوونەوەرە بێشەرمەکەی ناوگەڵی. گەرچی لەزەتێکی زۆری لەوە دروێنەکرد، بەڵام نەختە قەڵسییەک ئاوێتەی ئەو لەزەتە ببوو و ئاسوودەییەکەی شلویێ دەکرد. هەستی بەو لەککەیە کرد کە لە نزیک بوونەوەدایە و دەیەویێ بە ناخییەوە بئاڵێت، دەیویست بزانێت کار بە کوێڕا دەگات! کەچی ئەو کەینوبەینەشی نەدەڕەواندەوە. ئەو بە کاوەخۆ چووکی دەشێلا و هەڵچوونیش لەم جێوگاڤەی ئێستادا نەفرینێکی تربوو. سەرباری تاریکداگەڕاویی ژوورەکە، ئەنگوستەکانی بە چاوی هەست و ئاڵۆش شتەکانیان بەدی دەکرد. بۆ ساتێک دەستی دوورکەوتەوە و بە ڕووتوقووتی سمتوگوڵمەکانی هێنایە پێشێ و خستییە سەرکۆشی ئەم. بە دەست خۆی نەبوو، جۆش وخرۆش و زەوق و مگێز گڕی لە ئاگردانی بێوەرییەکەی هەڵگیرساند و لە خەونەوە، لە بێزرانەوە، بەرەو ڕاستیی و ڕازیبوون و خەنێتیی پەڕییەوە. هەر بە پاڵ کەوتنەوە خۆی ئاڕاستەی ئەو کرد و وەکو مەشکەی دەستی بێرییەک ڕایهەژاند. دەستی بەسەر ڕانەکانیدا دەهێنا و لەسەر زوورگی گۆیینی گوڵمە تورتەکانیدا ڕاگیری دەکرد. بە خۆی گوت: هەرچییەک دەقەومێ چش!..و دیسانەوە گوزەرکردوو ختوورەیەکی کۆن و تیژتێپەڕی بەرپا

کردەوە. هێشتا خۆی هەر لە یازدەساڵان دەدا، باوکی بۆ مزگەوت پەلکێشی کرد و بردییە لای فەقێ نەجاتی کوڕی»مەلا عەبدولکەریم» هەتا فێری خوێندنەوەی قورئان و کۆڵەکە ئایینییەکان بێت، زۆرجار ئیزنی نەدەدا لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا بڕواتەوە. ئەو ڕۆژەی بە تەنها مابوونەوە، دەستی خستە سەر ڕانی و بەسەریدا خشاندی، دەستێکی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و ڕیشە گلۆڵەبووەکەی خرمەی تێکەوت و پاشان خستییەوە سەر جێگا نەرمەکەی خۆی. مووچڕکە و تەزوو سەراپای گیانیان تەی کرد و لە ئەنگوستی پێیەکانییەوە ئاوابوون. ئینجا دەستی بۆ ناوگەڵی ئەم برد و کەوتە هەڵگلۆفتنی، ئەو دەمە زۆر شەرمەندە و بێدەنگ بوو، نەیزانی چۆن دەستی ڕاوەشاند و بەرزەپێ هەستا، ویستی گلی بداتەوە، پەلاماری دا و ئەمیش وەکو ماسییەکی بەلەسە خۆی ڕاپسکاند و چنگلەسەرشان تێی تەقاند و جارێکی تریش بۆ ئەو مزگەوتە نەچووەوە و لەلای کەسیشدا نەیدرکاند، چونکە دەیزانی کەس باوەڕی پێ ناکات. بازرەقەی خوێن بەسەریدا هاتە خوارێ، بەڵام هەر نەیدرکاند و وتی: لەماڵەوە دەخوێنم.. ئێستایش، کە ئەوەی بیر دەکەوێتەوە دەڵێ: بۆچی هەنووکە لێگەڕاوم و ڕێگام خۆشکردووە ئەمە ڕووبدات؟ لەکاتێکدا ڕابردوو سەلمێنەری ئەو قینە گەورەیەیە؟ ئەگەر ئێستا بەم شێوە( دەیویست بڵێ دزێوە، بەڵام بەوە نەدەچوو بڕوای بەو پەیڤە هەبێت بۆیە وازی لێهێنا)یە دەستگیرمان بکەن، ئاقیبەتمان چی دەکەوێتەوە؟..پرسیارێکی چەتوون بوو ڕووبەڕووی خۆی دەکردەوە، بێگومان دەیزانی سەری کەچەڵ دەکەن و کۆسەئاسا بە نێو زیندانەکەدا دەیگێڕن و سایلی ئەوەی هەموو لەسەر داوێنیاندا نوێژ بەرقەرار بکرێت، بەوانی سەیران دەکەن،

ئەوسـا دەبیـەن و نزیکـەی مانـگ و نیوێـک یـان زیاتـر لـە تەنیادانێکـدا فرێی دەدەن و تاوانی لۆتییەتیشی دەخەنە پاڵ و فایلێکی دیکەیشی بۆ ئـاوەڵا دەکەنـەوە! ئەمـە بێجگـە لـە جەڵـدە و شـەللاقەکان! ئەمانـە هەمـوو ڕاسـتن، بـەڵام ئێسـتاکێ غەریـزە و ڕەمەکی ئەمدیـو دیـوارە بـەرزەکان ڕێـگای چـی دەدەنـێ؟ هەمـوو شـتێکی کەسـیرە کـردووە و هۆشـیش لـە ئاسـتییدا کرنووشـی بـردووە! هاوخوانـە گەنجەکـەی هینکـە هینکێکی هێواشـی پێکەوتبـوو دەتگـۆ لـە پرخـەی خەوێکـی مۆتەکانـە لایـداوە، سـینەی ئەمیـش لرخـە لرخێکـی وایگرتبـووە خـۆی هـەر بـە خرەخـرێ پلووسـکە شـلۆقەکانی بـەر ڕێژنەیەکـی تـووش دەچـوو. کـە ئـەو پـراوە چـاوەڕوان نەکـراوە دوایـی هـات، دەتگـۆ خەنجـەر داوێژێتـەوە کالان، ئاهولەزەتـی هیلاکییەکـی جـودا و هەناسـە لرخنەکانـی ئامێتـە و یەکانگیـر ببـوون. شـەڕواڵە داکەوتووەکـەی هەڵماڵییـەوە و چـوون شـەوەکانی ڕابـردوو تەخـت و سـفت کەوتـە نێـو لۆکـەی نەرمونیانـی خەوێکـەوە و تـا بەیانـی لێـی نووسـت. کاتـی سـەرژمێریی شـەفەقی بەیانییـش سـۆزە و هەسـتی بەسـەرکەوتنێکی بێپایـان کـرد و لـە دەسـتخەڕۆکردنی دەوروپشتیشـیدا ئاوەدانیـی دەروونـی خـۆی بینییـەوە.

ئێوارەیەکـی سـەرەتای سـێپتەمبەر کاتـێ لـە بڵندگۆکـەوە ناویـان خوێنـدەوە، بـاوەڕی بـەوە نەدەکـرد ئـەو نـاوە نـاوی خۆیەتـی و دەیژنەوێـت، گومانێکـی زۆر هورووژمـی بـۆ ئەندێشـەی هێنـا. دووبـارە نـاوی خوێندرایـەوە. بـە لێنەپرسـینەوە و فەرامـۆش کـردن ڕاهاتبـوو، چونکـە وەکـو پاشـان حاڵـی بـوو ئـەوە مانای»بـێ تەکلیـف»ی بـوو. ڕدێنـی سـێ گـرێ شـۆڕببووە خـوارێ و سـمێڵی لێـوە تەنکەکانـی

داپۆشـیبوو، ئەگـەر کاکەیـە شـێوەکارەکەی شـار لـەوێ بوایـە بێشـک ڕەشـکی پێدەبـرد. قـژی لەبـەر کـەم شووشـتنی زۆر درێـژ نەبـوو. بەبـێ سـڵکردنەوە و زانینـی پێشـهاتەکانیش سـبەینێی خـۆی خسـتبووە بۆسـەی چاوەڕوانییەکـی تـرەوە. بـە دەسـتبەندەوە برایـە «ئۆردووگای زوباهـەن»ی شـاری»کەرەج» و لەبەردەمـی ئـەو لێپرسـەرەوەیە ڕاگیـرا کـە لـە خـۆی بـەولاوە کەسـی دی بـە بەرپرسـیار نەدەزانـی و هەمیشـە دەیـوت: من»ئیمـام مەهدی»ئێـرەم. دووبـارە زەردەواڵـەی پرسـیارەکان گوێچکەکانیـان قانگـدا و پـوورەی سـەریان ورووژانـد. لەنێـوان یەکێـک و یەکێکـی تـردا بیـری لـەو درەختانـە دەکـردەوە کـە هێنـدەی نەمابـوو بـە پۆشـتە و پەرداخییـەوە بچنـە نێـو دنیـای پاییـزەوە. ڕێگاکان و گشـت شـتێک لەبـەر بیناییـدا جۆرێکـی تریـان دەنوانـد. نەدەلـوا بەیەکجاریـی بەنـد بەجـێ بهێڵـێ و وەکـو ئـەو درەختانـە بچێتـە نێـو وەرزێکـی نوێـوە. سـەرەتا پرسـیارە ئاسـایی و سـاکارەکان ڕووبەڕووی بوونـەوە و دوای چەنـد ڕۆژێـک ئینجـا وشـک و برینگەکانـی ئاڕاسـتە کـران. قێزکردنـی هێڵنجـی پـێ دەهێنایـەوە. چەنـد ڕق وکینـەی بەرامبـەر بـە جەنـگ و مارشـەکانی دەمـی پەلامـار و هێرش بردنـەکان هەڵدەگرت، هێندەیش ڕق لـە ناخیـدا بەرامبـەر بـەو چەکـەرە و نەشـونمای کـرد. دەیزانـی خاڵییـە لـە مرۆڤایەتیی و گرنگیی و بایـەخ بـە تاقـە شـتێک دەبەخشـێت و بـەس، ئەویـش بیرێکـی ڕەشـە وەکـو چاویلکـە کرێـت و ناقۆڵاکـەی، چونکـە لـە چوارچێوەیەکـی ڕەشـدا دنیـای دەخسـتە بـەر تێڕوانینیی. گـەر ئـەم بـۆی بلوایـە هـەر ئـەو سـاتانە پـڕ بـە زار دەیشـیتاند و لەعنـەت و بـەڵای بـۆ دەڕشـایەوە. خـۆی بـە بەرپرسـیارێکی مـەزن دەهاتـە بەرچـاو. ڕەنگـە خـۆی بە لێپرسـەرەوەیەکی وەکـو شـاڕلووک هۆڵمز، یان ئارسـین لۆبین،

یاخـود پـوارۆ لەقەڵـەم دابێـت. گرفتـار و بەنـدی ئـەو بـارە ناهەمـوارە هــەر تەنهــا ئــەم نەبــوو. هێنــای، بــردی، ڕوواوڕووی پرســیارگەلێکی ئاماریـی دوور لـە زانیاریـی کـردەوە، چەنـد فڕۆکـە، چەنـد: جـۆر و شـێوە چـەک و تفـاق، چەنـد فڕۆکەخانـەی نهێنیـی، چەنـد چـەک و تەقەمەنیـی قـورس، چەنـد دامـودەزگای سـەربازیی، دروسـت کـراو و ڕۆنـراوی کوێـن، چەنـد فڕۆکـەوان کـوژراون، ئایـا ئـەو زانیارییانـەی ئێزگەکانتـان ڕایدەگەیەنن ڕاستن؟ تۆڕی بەرگریی ئاسمانیی چ ڕۆڵێکی لـە ڕاگرتنـی هێرشـی فڕۆکەکانمانـدا هەیـە، وڵاتەکەتـان تـا ئێسـتا چەنـد قەرزاربـارە، کاروبـاری ناوخـۆ چۆنـە، ڕاسـتە هیـچ شـتێک چنـگ ناکەوێـت؟... ئەمانـە و بێجگـە لـە دەسـکەنەیەک پرسـیاری یەکانگیـری تایبـەت بـەم و ماڵەوەیـان، هەندێکیانـی لـە کورتـی دەبڕییـەوە و هێشـتایش وەکـو ئەرکێکی نیشتیمانیی وەهمیی هەر پێی ئەغز بوو هەموو زانیارییەکی بخاتــە بــەر دەســت، بەرامبــەر بــە هەندێکیشــیان ســەری نەزانینــی دەلەقاند و بێدەنگ و سڕ خۆی دەردەخست. گاهگاه لەباروکاتێکدا کە هیـچ شـتێکی ئەنجـام نـەدەدا ماوەیـەک لەبـەر دەرگاکەیـدا ڕایدەگـرت و سەریشـی لـە سـانیدا بـەرز نەدەکـردەوە. وەیدەزانـی بووەتـە مەگەزێـک و گیزەیشــی ناگاتــە بەرگوێــی ئــەو، یــان بــێ باڵــە و ناتوانێــت هێنــدە لــە ســەر سەروســەکوت و شووشــەی ئەســتووری چاویلــە چەرچووبــە ڕەشــەکەیدا بنیشــێتەوە هەتــا تــەواو ســەخڵەت و تەنگەچیکڵدانــە بێــت و پیڵوویــەک، یاخـود دەسـتێکی کـش لـێ کردنـی بـۆ هەڵبـڕێ. ناچاربـوو، چیـی لـێ دەوەشـایەوە؟ زەمـەن هەواڵـە و ژێردەسـتەی ئـەو نموونانـەی دەکـرد و ئەوانیـش بڕیـارە بیمـار و ناحەزەکانـی خۆیانیـان بـە سـەریدا پیـادە دەکـردا!

ئەو ڕۆژەی»شێخ کامیل» هاتە «کەرەنتینە» بۆ ئەوەی خواحافیزی لە «شەماڵ» بکات کە مووچەخۆرێکی تەنگەستووری ئۆردووگاکە بوو و چاوباشقاڵێکی بێ شەرم و شکۆیش بوو هەمیشە بازی چاوەکانی بۆ نێچیرە بە ئاو و تاو و جوانەکانی ئۆردووگا بەرهەڵدا دەکرد و بە بینینیان لیک دەزایە زاری هەردەم داپچڕاوی هەوەسییەوە. کە ئەمی بینیی، خۆشحاڵییەکی زۆری هەڵڕێژا و گفتیشی پێدا چاوی لێی بێ و لە هەندەرانەوە کۆمەکی بۆ بنێرێ. بەڵام ئەم تا ئەو ڕادەیەیش گەمژە نەبوو تاکو تەنانەت ئومێدێکی کزیشی پێوە هەڵبواسێت! ئەو ڕۆژە بوو، دوای هاورد و بردێکی زۆر و دەهەری بوونێکی لەڕادەبەدەر،»ئاغای شەهیدی» لێپرسەرەوە بێزەوەرەکەی»ئۆردووگای زوباهەن»ی ناو شارۆچکەی»کەرەج»، پێی وت: ئەوا لە»کەرەنتینە»دەرت دەهێنم، بەڵام جارێ هەتا دوو مانگ بۆ هیچ شتێک مەیەرەوە لام..بە تاق و تەنیا و بە بەتانی بن هەنگڵ و دوو دەفر و کەوچکێکەوە هاتە دەرەوە. سەیرێکی ئەمدیو و ئەودیوی تەلبەندەکەی کرد و ناشوناس و غەوارە نەهاتە بەرچاوی. دەق وەکو»ستیڤ مەکوین» خۆی هاتە بەرچاو، چۆن چۆنی لە فیلمی»هەڵاتنە مەزنەکە»دا سەیری قوللەکان و پەرژینە تەلبەندکراوەکەی دەکرد ئاوا. گەلێک سەمەرە و ئەفسووناویی بوو، پێش ئەوەی بچێتە شارێک، یان جێگایەکی ئاوەها، لە ئەڵهای خۆیدا شوێنەوار و شەقڵگەلێکی فرە بێچوونی بۆ دادەنا، بەڵام کە دەیبینیی وایدەزانی ئەوە نییە لە کۆمارە جەنجاڵەکەی کەللەیدا نەخشەی بۆ کێشاوە، بەڵکە شارێک، یاخود شوێنێکی دیکەیە. ئەوێیش شوێنێک بوو یەکەمجار نەبوو دەیبینیی. جۆرە ڕەنجوورییەک دەستی بەسەردا کێشا و هەستی بە ئاشنایەتییەکی

دێرینی دەوروبەرەکە کرد. تژی ناخی چاوە بادەمییە وشکەڵگەڕاوە بێ جیلوەکانی نواڕییە دارە کەسکە تۆخەکان و کەوتە هەڵبژاردن، هەڵبژاردن لەنێوانی ئەو دوو دنیایەدا، یاخود ئەو دوو بینا ڕۆنراوە، لەگەڵ ئەوەی سەختییەکی زۆریشی بەدی کرد، کەچی زیندەخەوێکی بریڤ کردییەوە منداڵەکەی جاران.»شەمێران»شتێکی دەخستە نێو دەستە خرپنەکانی و لە پشتەوەڕا دەیشاردەوە، ئەوسا دوای تاوێک بە گردیی و نوقاوییەوە دەیهێنانییەوە بەردەمی و دەیگوت: لە کامەیە؟.. دوای ئەوەی قامکێکی بە هەنیەیدا دەهێنا و هەلوور مەلوورێکی دەکرد بێئەوەی لەو وشانە حاڵی بێت، لە دەستێکەوە دەستی پێ دەکرد و دەستەکەی تر دەردەچوو، کە دەیگوت: بیکەرەوە..دووچاری بەتاڵیی و ڕەنجەڕۆیی دەبوو..بزەیەک گرتی و بەرەو بینا سێ نهۆمییەکە ملی ڕێگا چیمەنتۆییەکەی گرتەبەر و ڕۆیشت. ئیدی لێرووکانە ئەرکی سەرشانی ئەوەیە وێنەی شۆفار ڕۆژەکان بکوژێت و ئاوور نەداتەوە و وەک کرمی ئاوریشمیش قۆزاخەئاسا تێیان بنواڕێت و چاوەڕوانی دڕینیان بێت تاکو دنیایەکی تر ببینێت. کە لەسەر پاچینەکانەوە سەردەکەوت، لە هیکڕا یەکێک پڕی دایە بەژنی و لە هەمێزی گرت، تێروتەسەل بە خۆیەوەی گوشی. تێر لە سیمای درێژکۆڵە و خەمزەدەی ڕاما و ئەوسا ناسییەوە، بە دووچاوی حەپەساو و سەرسامەوە پێی وت: چۆن ناسیمتەوە؟..ماتیی و بێدەنگییەکەی تانە و تەشەر بوو تێی گرت، پێی وابوو ئەو ڕۆژەی بیر دێتەوە کە لە شاخ پێی گوتی:»نیهاد»من و تۆ زۆر لێکدەچین، بیریشت نەچێ لێکچوون دەشێ وا لە ئاڕاستەکانمان بکات یەک بگرنەوە! ئەم بە دەموچاوێکی کەیلی پاشماوەی سەراسیمەییەوە دووپاتەی کردەوە، دەیزانیی گۆڕانی

ڕووالەت و خردەلووکە سپییەکانی ئێرە و ئەوێی قژەکەی بە شێوەیەکە، ڕەنگە دایکیشی چاوی پێی بکەوێت بە ئاسانی نەیناسێتەوە! یان بە زەحمەت بیناسێتەوە. دووبارە کردنەوەکەیش وەرامی نەقۆزتەوە و بە سەختگیرییەکەوە چاوی هەڵبڕی و چەند نێونیگایەکی پڕ تانە و توانجی ڕمئاسای «کاوەی عەینەکڕەش» هورووژمیان بۆ هێنا. ئەو لە پێرار پتر سەری ماش و برنج هەڵگەڕا بوو، پڕۆژەی چرچ و لۆچییەکانی زوو بەساڵداکەوتن چبووە بواری جێبەجێ کردنەوە و لە پێکهاتەی چارە و ڕوخسارە خەمبار و ماندووەکەیدا جێگیر ببوو. ڕیشی لە جاران درێژتری بۆر هەڵگەڕابوو، لەڕ و لاوازتر ببوو، گەر ئاوا لە نۆرینگەی پزیشکێکدا ڕابگیرایە گرەو دەکرا کە ئێسکبەندێکە و هیچی دی. خۆیشی نەیزانیی بۆچی خەجاڵەتییەکی کز دایگرتەوە، ئاخۆ دەیویست هێمایەک بۆ ئەو بارودۆخە بکات کە تێیکەوتوون، یاخود شتێکی تەواو بێ سۆنگە بوو؟ بەتانییەکانی لە بنباڵی دەرهێنا و دای بە شانی خۆیدا و بەرەو نهۆمی سەرێ ئەمی برد. لەسەر بالینگەکەیدا داینا و لەسەر زەوییەکەیش جێیەکی نوێی بۆ خۆی سازدا. دوای گفتوگۆیەکی لامسەرلا کەوتە نێو پێخەوی حەسانەوە و خەوێک بردییەوە، ئەویش بۆ لای دوکانۆچکە و وردەواڵەکانی خۆی چوو. هەروەک چۆن بە منداڵیی بەیانییان زوو پاقلە، لەبلەبی، لۆبیا و چێشتەنگاو بەدواوەش محەلەبی، شرووب، چلوورە و کرێمستیی لە کۆڵان و بازاڕ و سەر شۆستەکاندا دەفرۆشت و زۆرجار لە ماڵەکانەوە بە شیلاوکەوە دەهاتنە دەرێ و ئاویان پێدا دەکرد، چونکە هەراوهوریا و ئاپۆرەی لەبەردەم دەرگاکاندا بەرپا دەکرد و زارۆڵەکانی لە باوان هاردەکرد و دنەی دەدان شتی لێبکڕن ئاوها،

بـەڵام، ئێسـتا ئیـدی ئـاوی پێـدا نەدەکـرا گەرچـی هەمیشـە سـەرما و سۆڵەی ئۆکتۆبـەر بـەدواوە هەڕەشـەیەک بـوو بـۆ ڕچاندنـی، بـەڵام لـەو خەمـە منداڵکارانەیـەی ڕەخسـابوو. ئەمیـش چـوون لاشـەیەکی مۆمیاکـراو و بـێ جموجـووڵ لەسـەر تەختـەی ژێرەوەی چوارپایـە دوو نهۆمییەکـەدا لێـی ڕاکشـابوو و خـۆی دابـووە دەسـت کۆچێکـی بـە تالووکـەی نێـو سـەختایی مەوداکانـی خـەوەوە. نەیزانـی چەنـدی لەگـەڵ ئـەو کاروانـەدا بڕیـووە، کـە بەخەبـەر هاتـەوە، چـاوە خەواڵووەکانـی گـورج هەڵگلۆفـت و ڕاپـەڕی. بـە چاوێکـی بـەد و ناپـاک ڕوانییـە دەور و زێـوار، جگـە لەوانـە هەندێجـار دیـوار و درەخـت و ئـاوی گەرمـاو و پێشـتەماڵ و هەناسـەی نزیـک و دەرپـێ و فانیلەیـش شـتی سـەیر و عاجباتیـی بـوون و دەیـان خسـتە بارێکـی سـرک و خـۆ بەدەسـتەوە نـەداو. دەیویسـت هەواڵـی کاتژمێـر بپرسـێت، دوایـی پاشـگەزبووەوە و وتـی: ئـەوە نییـە بـێ مەبەسـت سـاڵێک پتـرە لـە زەمـەن دابڕێنـراوم و نازانـم گاڤ چ مانایەکـی لەنێـو بازنـەی سەراسـیمەیی و نامۆییـدا هەیـە؟ کـەی لـەم ئاقـارەدا کات موڵکـی ئادەمیـزادە؟..زۆری نەبـرد قافڵـەی مۆنۆلۆگەکـەی لـە سـارای زێڕینـی چارەنووسـدا ونبـوو. بـەراووردی بـاری خـۆی و خەڵکانـی تـری کـرد، کەوتـەوە سـەر بڕوایەکـی کـۆن، ئەوەی ڕووکەشـانە و هاسـان بیـر لـە حاڵوبـار و هەڵکردنـی خـۆی نەکاتـەوە و سـازش و ساتوسـەودا بـە هەڵوێسـت و ڕەفتـار و سـۆز و پەیوەندییـە مرۆییەکانـی خۆیـەوە نـەکات و لێیـان دانەماڵرێـت زیندەوەرێکـی خۆشـبەختی ژیـان نییـە! ئەمێـک کـە هەمیشـە بچووکتریـن شـتی بـە هەفتـە لـە بۆتـەی دڵـدا کوڵاندبـوو، بـە دژواریـی و جیڕییشـەوە بیـری لـە کـورۆک و گەوهـەری شـتەکان کردبـووەوە و لـە کلیلدانـی دەرگایەکـی مەحاڵـەوە تەماشـای

دنیـای دەکـرد، هەمیشــە پەراوێـز خولّگـەی نەگـۆڕ و بێجووڵـەی بـوو. ئیتـر چـۆن نەدەبـووە زیندەوەرێکـی بەدبەختـی ژیـان و ئاکامـی کار ئـاوا نەدەکەوتـەوە؟ ئیتـر چـۆن ژیـان نەدەبـووە بیۆگرافیایـەک و لـە دەرەوەی زەمەنـدا سـەقامی نەدەگـرت؟ بەهەرحـاڵ، هەرچـی چۆنێـک بێـت مـرۆی پیاوانگـر دەتوانـێ مـەودای بێبڕانـەوەی دۆژیـش ببڕێـت ئەگـەر مـەودای پیاتێپەڕینـی دیـاری بکرێـت و بزانرێـت. ئـەو نادیاریـی و گۆترەکاریـی و هەوانتەییـە بێگومـان ئاڵفتـەی حاڵەتێکـی سـەمەرەی دەکـرد. لـە خـۆی ورددەبـووەوە، ڕاسـتە بـە ڕەنـگ و دیـم پۆشـتە و کـۆک دەکەوتـە بەردیـدە، بـەڵام کاتـێ لـە خـۆی ڕادەمـا، بـە شـتێکی دی ئاشـنا دەبـوو، شـتێکی وێـران. بێپایانییەکـە لـەو کاولاشـییەدا بـوو کـە کەوتبـووە ژێـر ئـەو پۆشـتە و پەرداخییـەی کـەس پەیـی بەدیوەکـەی تـری نەدەبـرد! ئاخـۆ پێـی دەکـرا هەتـا پەسـلان لـە بارودۆخێکـی ئەوتـۆدا بـژی وەکـو هۆکارگەلێـک سـکێچی کریتییەکانـی ئێرووکانـەی بـۆ بەرجەسـتە بکات؟ کتوپـڕ ڕەتکردنـەوە و ناڕەزایـی لـە ناخییـەوە سـەریان کـرد و بەرسـڤێکی نەگەتیڤیـان وێـدا، ئیـدی لەگـەڵ خۆیـدا کەوتـە بێنەوبـەرە و مشـتومڕێکی پیاوانگـر. کەوتـە مەگیرانیـی ئـەوەی بیۆگرافیـای نـاوەوەی زەمەنـی خـۆی بـۆ ئیتـران بگێڕێتـەوە و هێڵکارییەکـی ئەبسـتراکتیش بـۆ بیۆگرافیـای دەرەوەی زەمـەن بکێشـێت.

قـاپ و دەورییەکانـی هەڵگـرت و شـۆڕبووە خـوارەوە، لـە دوای دواوەی کاروانـی سـەرەی درێـژی چێشـتخانەکەدا ڕاوەسـتا، ئـەو هەمـوو هـەرا و زەنـا تێکقژقـژاوەی سـەرژمێریی زیندانـی هێنایـەوە یـادی. ئـاوەزی هێندە پەرشـوبڵاو بـوو نەیزانـی چـۆن ئـەو مەودایـە بـە بیرکردنەوەیەکـی

قــووڵ و بێبــن دەبڕێــت و دەگەڕێتــەوە ســەرێ.»جەمیل»دوای ئــەم هــات و خــۆی ئاخنییــە نێــو ئــەو دیمەنــە کرەکــەی ڕۆژی ســێ جــار دووپــات دەبــووە و هــەردەم ژاوەژاو و هەڵــڵا و سەرســووڕمانی بەرهــەم دەهێنــا. ڕوانینــە نەرمونیانەکــەی سەرشــاریان کــرد لــە میهرێکــی مامۆســتایانە و بــە نیگایەکــی نوقمــی ڕەنــج بێوەرییــەوە پۆرترێتــی ئــەو نەفرەتــەی بــۆ کێشــا کــە گەیاندبوویــە ئــەوێ. دوێنــێ کــە قــژی ئەمــی ڕێــک دەخســت وتــی: ســەیری ئاوێنەکــە بکــە و بزانــە چۆنە!..ئەمیــش بــە کەمتەرخەمییەکــەوە وتــی: پێویســت ناکات..تووڕەییەکــی بەنــاز پەیــی بــە وشــەکانی برد و وتــی: چۆن پێویســت نــاکات؟.. ئەمیش بــە قەشــمەرییەکی تاڵــەوە وتــی: ئاخــر مــن باوەڕدارم!..بــە چاوێکــی پــڕ بریقــە و جۆشــەوە ســەرنجی ڕەوانــە کــرد و وتــی: شــتێکی زۆر چاکــە بــێ بــاوەڕ نەبیــت.. بــە هەمــان ســەرنجەوە وتــی: چاکتــر وایــە دڵــت پــڕ بێــت لــە بــاوەڕ بــۆ ئــەوەی وشــەکانت ڕووکــەش نەبــن و لــە باوەڕیــش خاڵــی نەبن!..تۆزێــک سەرشــانەکانی ئەمــی داتەکانــد و ســەرلەنوێ گلێنــە ســەرگەردانەکانی بــەدەم نادیارەوە دا. بــە ڕەوەندێکی بێ ئاراســتە و خانەخوێیەکــی بارگــە تێکنــاو دەچــوو وەک ئــەوەی هیــچ شــتێکی دیکــە لــە ژیانــدا نەمابێتــەوە چاوەڕوانیــی بــکات! تەنهــا خولیــای ئــەوە بوو»میــم. کاف»ئینشــیقاقێک بــکات و بنێرێــت بەدوایــدا. ئەویــش بگەڕێتــەوە و لــە چیــا ســەختەکانی واردا ببێتــە پاڵەوانێکــی ئەفســانەیی ئــەم ســەردەمە! ئــەو کاتــە باوەڕێکــی کوێرفــام و بێ بناغــەی بــەو خولیایە پەیدا کردبوو کــە چبووە ســەردانی کۆمراد»میــم. کاف»و ئەویــش لــە کاتــی ڕۆیشــتنیدا کەوشــەکانی بــۆ دانابــوو! گەرچــی گفتێــک لــە ئــارادا نەبــوو، بــەڵام گەلێــک ڕۆمانســییانە و بــە ســۆزێکی ڕمۆکــەوە لــە ئۆردووگاکــەدا خەریکــی داکۆکــی کردنبــوو

لـە کەسـێتییەکەی کۆمـڕادی ناوبـراو و حەزیشـی نەدەکـرد کـەس بڵێـت کۆمـڕاد ئێسـتا زیندانییـە و ئـاوی نادەنـێ بـۆ ئـەوەی ناچـار بـێ شـتێکی تـر بخواتـەوە!

کـە »کاوەی عەینەکـڕەش»ی هاوڕێـی ڕۆژە ناخۆشـەکانی شـاخی بـۆ چێشـتخانەکە هـات، زۆر چبوونـە پێشـەوە. خاکەسـارییەکەی، ئەمـی لـە خووسـەیەکی بیبەزەییانـە تـژی کـرد. لەگـەڵ ئـەوەی بـێ ئارمانیـش بـەو جێگایـە نەگەیشـتبوون، کەچـی بـادەی خۆشـبینییەکەی ئـەو هێشـتایش لـە هینەکـەی ئـەم لێوڕێژتـر بـوو! دەیزانـی ئـەم بیـر لـە چـی دەکاتـەوە، دەیزانـی بیـر لـەوە دەکاتـەوە چیـدی مـەودای پاکانەکـردن بـۆ ئـەم ژیانـە نەماوەتـەوە. گەرچـی کـەم دەدوا و هەندێجـار قسـەکانی گەمژانـە دەکەوتنـەوە، بـەڵام ئامانجـی دەپێـکا و کەسـی نەدەڕەنجانـد. ڕۆژێـک لـە کاونتـەری خـۆراک دابەشـکردن نزیـک کەوتبوونـەوە، بـۆ ئـەوەی کەمێـک ورەی ئـەم بەرزبکاتـەوە دەمـی بەشـییەوە و وتـی: تەنهـا ئـەوەی مردبێـت شکسـتی خـواردووە، ئێسـتا وەک دەبینیـی هیـچ شـکنابەم، ئـەو مەحکوومێتییـە نەبێـت کـە حاڵـی حـازر لـە جیاتـی بـرا گـەورە بوودەڵەکـەم گرتوومەتـە کـۆڵ و سـەبوورانە شـانی بەرگەگرتنـی دەدەمەبـەر. زۆرکـەڕەت گوێـم لـەو تـووک و دووعایـەی باوکـم دەبـوو، کـە لێـی دەکـرد و دەیـوت: ڕۆڵـە هـەر ڕابکەیـت و دەسـتت بەنانـڕا نـەگات! لێـرە و بێگومـان لـە هەمـوو شـوێنێکی تریشـدا بەڕکـی خاڵیـی کـۆت و پێوەنـدی مەچـەک و پێیـە، تاقـە بسـتێک بـە بـێ دۆسـتەکەی گیرفانـت ناتوانـی بڕۆیـت، ڕەنگـە دایکیشـم هـەر لەسـەر هـەق بووبـێ کـە بـە درێژایـی خۆناسـینم ئـەوەی دووپاتـە دەکـردەوە کـە: ئـەوەی

خاوەنــی دووفلــس نەبێــت هەڵبەتــا حیســابی دووفلســی سووریشــی بــۆ ناکــەن! ئێســتایش لەڕاســتیی ئــەوە بەگومــان و ڕاڕام، لەوانەیــە هێشــتایش نەگەیشــتبێتمە پێناســە و مەغزایەکــی پوخــت و بــێ لەککــەی ئــەم نوشووســتییە یەکانەیــەی دنیــای دەورووپشــتمان. ڕەنگــە هــی وا هەبــن، یاخــود مابــن لــە لایانــدا مــرۆڤ بــە بــێ فلســی سووریش بایــەخ و بەهایــان هەبێت. جارەهــای جــار قرخــن بوومــە و کەوتوومەتــە ســەر ســاجی عەلــی، بــەڵام هیــچ وەک ئــەم دوو ســاڵەی دواییــم لێنەهاتــووە. خــۆ تۆ»ســتە» و»قاســە»ی خزمــی دەناسیت! ئەوەنــدە پارەیــەی بــە وردەواڵــە فرۆشــتن کــۆم کردبــووەوە و هیچــی بــۆ مــن پــێ نەدەهــات و دەیشــمزانی بــۆ دەربازکردنــی دووکــەس لــەم ڕەســتاخیزە، دەبوایــە دڵنرم بم و بێ تێفکریین پێیانی ببخشم و ئومێدی ئەوە بکەم لانیکەم کاتــێ گەیشــتنە هەنــدەران بۆمــی بنێرنــەوە! بــەڵام پــاش گەیشــتنیان بــە نامەیەکیش بەســەریان نەکردمــەوە. بەهەرحــاڵ لــەو کاتانــەوە بیــرم لــە شــتێک کردۆتــەوە و پاشــانیش کەوتوومەتــە هەڵســەنگاندنی ئــەو بیــر و بڕیــارە ســەرپێییە و تــەوس و تەشــەرم گرتۆتــە خــۆم و وتوومــە: مــردن ئەهوەنترە لەو سەختیی و چەرمەسەرییەی لە زیندەگییدا ڕووبەڕووم بۆتــەوە. گونــاە و خەتایەکــی گەورەیــە ئێســتا دوای ئــەو هەمــوو ناخۆشــییە بیــر لــە کۆتاییەکــی ناپارســەنگ بکەمــەوە! نازانــم بــۆ لــەو ســاتانەوە چاوەنۆڕیــی پەرجــووم کــردووە؟ مۆجیزەیــەک پێــی بەهیــوا و پشــت ئەستوور بوومە کە سەرلەبەری ئەو یاسا و ڕێسا ناهەموارانە تێک و پێک وەربدات و سەرلەنوێ پێکهاتەی شتەکان دابڕێژێتەوە، بەڵام..ئەم نەیزانــی ئــەو دەیویســت بــە چییــەوە دوا ڕســتەی خــۆی گــرێ بــدات، بــە شــەرم و خەجاڵەتییەکــی ڕوونــەوە ڕووە ســوورهەڵگەڕاوەکەی وەرگێــڕا

و بێدەنگ سەری دانەواند. ئەمیش وایبۆچوو لەوە شەرمەزار بووبێت نەبا قسەکانی مۆرکێکی ئامۆژگاریکەریان بەخۆوە گرتبێت و بە جۆرێکی تر پەرچڤەی بکات، یاخود نەیدەویست چاوساغیی بۆ کەس بکات و دەیویست هەرکەس خۆی ڕێهەڵبژێری خۆی بێت! بێگومان هیچ کەسێک بەدوور نییە لەوەی بە بۆنەی برادەر و ناسیاوەوە غەدری لێبکرێ و تووشی ناهەمواریی و زوڵمی لەو جۆرە بێت، ئەگەر بێتو ئاگای لە خۆی نەمێنێ. ئەوە یەکەمینجار بوو لەوەتەی هاتبوو زاری بەو جۆرە قسانە بپژێت. لەوەتەی ئەمدیویش ببووەوە زاری لەو جۆرە ئاخاوتنانەوە وەرنەدابوو، هەتا سکاڵایشی لەبارەی هیچ نارەحەتییەکەوە نەدرکاندبوو. وێدەچوو لەو ئانوساتی دابڕانەوە خودی بووبێت بەکێشە و شتی تر و ڕووداوەکانی دەوروخولیشیی بووبنە ئاستەنگی قورس و تەنگەتاویان کردبێ. ئە ئاوا نەک هەر تەنها ڕەنگ، بەڵکو خووخدەی یەکیشیان گرتبوو و هەتاکو درەنگانی شەو پێکەوە لەناو تاقی پەنجەرەی ساڵۆنە بەرینەکەدا دادەنیشتن و مژووڵی دەمەتەقێ دەبوون. ئەوسا کوتاڵی پانوپۆڕی تاریکییە بەمیهرەکەیان دەدووریی و کراسی ئاودامان ڕەشیان دەپۆشییە بەر ڕۆژێکی دیکەی بە هەمان شێوەی ڕۆژەکانی تر بەسەرچوو. لێرە شوانی ڕۆژەکان بوون و بە مێگەل بەڕێیاندەخستن. هەموو بەیانییەک بەرامبەر نەینۆکەکەی دەگرت، ڕاهاتبوو قەدەرێک بنۆڕیتەخۆ، کە بێمانا و دەعجاو خۆی دەهاتە بەرچاو، هالاوی هەناسەکانی دەردەدایە سەر ڕووی ئاوێنەکە و خۆی لێڵ و تەڵخ دەکرد، تاوێک بەو جۆرە دەیڕوانییە سەروسیما دەعباوییەکەی و تفێکی پەیتی ڕۆدەکردە سەر لووسایی ڕووبەرەکە وهێدی هێدی وێنەی بەندۆڵێکی مەلوول بەسەر

ڕوخسارە بەندەکەی نێوییدا شۆڕدەبووەوە و ئیتر بەرەو نهۆمی خوارەوە هەنگاوی ڕۆیشتنی هەڵدەگرت و ڕەنگوڕووی ئاڵۆزوبڵۆزی خەونێکی خۆی دەدایە دەم بیرچوونەوە و لە کۆڵی خۆی دەکردەوە. لە کاتی ناشتاکردنیشدا کە»کاوەی عەینەکڕەش»پەیی بەوە دەبرد ئاوریشمی ئۆقرەی ئەم ڕزیووە، بە زەردەخەنەیەکی شەختاوییەوە پێی دەگوت: گوێ بە چی دەدەیت؟ هێشتا نەگەیشتوویتەتە ئەو قەناعەتەی ئێمە لە زیادە ماوینەتەوە؟ ئەی بیر لەوە ناکەیتەوە ئەگەر بکوژرایتایە، یاخود یەخسیری جەنگ بوویتایە، یان لە مانەیش بێماناتر و مەرگەساتتر لە پشتەوە بیانکردیتایە بە مەنزڵی فیشەکێکی پڕ لە کینە! یان ئەگەر بۆ جەللادێکی بیماری وەکو»جەلال فەرهاد» ببوویتایە بە دامرکێنەرەوەی جۆشوخرۆشی تەورەکەی چ بەزم و کارەساتێک دەبوو؟..گەرچی زۆری تری لەسەر زوباندا بوو بیڵێت، بەڵام وەک ئەوەی بیربکاتەوە، بێدەنگییەکی دووروودرێژ بەسەریدا زاڵبوو و ئیتر نەیهێشت تێهەڵچێتەوە. ڕاستی دەکرد، لەبەر ئەوە هەموو ڕەنج و کۆششێکی ئەم بۆ ئەوە بوو شتە کۆنەکان فەرامۆش بکات و لە پنتە چەقیووەکەیانەوە ببزوێت و ئەو ژیانە ئەفسووناوییەی بیربچێتەوە و دووربکەوێتەوە، هەتا ئاسەوار و شوێنەوارەکانی بیرکردنەوەی سەرپاکی گۆڕانیان بەسەردابێت. ئەوەیش پارێکی تر بوو لە کتێبی بیرکردنەوە سەرومرە بە ڕەگوڕیشەکانی و بەردەوام لە کرژ و مۆنیی و شیرازە لە دەستدان ژاوەیان دەکرد. بەڵام جاروبار هێووریی خۆی پێ دەدایەوە و هەندێک لە سیادیدیی دووری دەخستەوە. ئەوسا دەیتوانی بچێتە قاوغ و چەقچەقۆکەی شکۆداری هۆڵی نێو گەردوونی شەوگار و تێیدا دەست بکاتە ئەستۆی ونبوون

لـە گێژەنگی خەونێکی بێ سەروسۆراخی دوور لـە هێمنیی و ئاسایش و نزیـک لـە هەڵەشـەیی جڕنیاوفڕنیـای وڕێنـە و پرخەپرخـی ناوەخـت و ڕاچەنینـی بێسەروشـوێنی نێـو جێوبالینـگ. تەنانـەت لـە شانشـینی دوور و تەلیسـماویی خەونیشـدا نەیـان دەهێشـت سـرەوت و هێـدی سـەری کـز بگرێتـە سـەر بالیـف و بحەوێتـەوە. کـە دادەچڵـەکا، خۆشـبەحاڵی، ئـەو خەونـە جەنجـاڵ و پاسـەوان و گاردە شـاریی و چەکبەدەسـتانەی جێپێیـان هەڵگرتبـوو دەرەوینـەوە و خۆیـان لـە پشـت دیـواری ئـەو بێدارییـە نـاکاو و سـاتە وەختییـەدا دەشـێردەوە و لەگـەڵ نیشـتنەوەی پەلـەوەری شـەکەتی پێڵووەکانیـدا دووبـارە یەخەگیـری دەبوونـەوە و تەنگیـان پێـی هەڵدەچنییـەوە.

ئەزموونـی ئـەم شـوێنە، بـە جـۆرە خەونێکـی سینەمایی دەچـوو، پـووک و بێ کاکڵ، لەبارەی گـەرا و مێشـوولە و قـەوزە و قۆزاخـەی بۆگەنـەوە دەپەیڤـا. مـرۆی دووچـاری بێزهاتنـەوە و هەڵهێنانـەوەی ژیـان دەکـرد. هەندێـک جـار بچووکیـی ڕەگەزێکـی باڵادەسـت بـوو هەسـتەکانی دەپێچایـەوە. ئـەو دەلتـای زۆنگاو و قـوڕ و چڵپـاوە بچـووک ببـووەوە و بارتەقـای تاقـە قولانجێک بـوو هیچـی دی. زۆر کەڕەتـی تریـش پتـر لـە گۆڕسـتانێک دەچـوو، وای بـۆ دەچـوو تەنهـا جارێـک بەسـە لـە هەمـوو زیندەگیـی خۆیـدا پـێ بهاوێتـە نێوییـەوە بـۆ ئـەوەی تاهەتایـە تیایـدا سـەقامگیری یەکجاریی بێت و ببێتـە قـەدەری هەرمـاوی. سـەرەتاکەی بـە خواسـتی خـۆی سـەریهەڵنەدا! بـە پێی بژاردەیەکی خودسـەرانەی»ئۆرسـۆ شـەل» هاتـە نێـو تەلبەندەکانـەوە. کـە کارلـەکار تـرازا، سـۆزەی کـرد سـایلی بوونـە ئەفسـانەییەکەی گـەردوون و بوونـەوەر هەمیشـەییە و

ئەمیش مەلووچکێکی پەڕوبباڵ هەڵکڕووزاوە و ئەو ئاسمانەی چاوە بچکۆلەکانی بەدیان دەکرد نەیدەتوانی بە شەققەی باڵ تەی بکات. کۆتاییەکەیشی لە قەڵەمڕەوەکەی ئەم بەدەربوو، بۆیە دەکەوتە ژماردنی دڕکی تەلدڕووەکان، پاش وەڕسبوون نەک هەر یەک، دوو، سێ دڕکی تەلدڕوو، بەڵکە ژمارەی درەخت و قەلەڕەش و پەنجەرەی شکاو و ڕەهەندەی بێئومێد و سەربازی زۆر و بۆر و تفەنگی کرێت و قوللەکانی پاسکردن و ئەستێرەکانی ئاسمان و کاشییە مۆزائیکەکانی ئەرزە و هۆڵەکان و.. ئەمە بێجگە لەو پرۆجیکتۆرانەی هەموو سەر لە ئێوارانێک هەتا ئەنگوتنێکی تر بە تین و زەبر وەچاوانی دەکەوتن و بە شەوارەی ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەورەیان دەخست. ئەو گوللە و فیشەکانەیشی لە یاد نەدەچوو، ئەوانەی دەبوونە سەرپشکی نێوان ئەوانە و تەلبەندی دەوارگاکە کە یەکتریان ڕەتدەکردەوە. سەمەرە بوو، ناهەقیی نەبوو هەندێکیان بەرگەی ئەو هەموو ناهەمواریییە نەگرن و»کان«ە ڕەسەنەکانیان بکەوێتە بەر مەحەکی پووان. هەریەکە و ڕەفتار و شێوە مەزاج و خووڕەوشت و هەڵسوکەوتێک هاوێری دەکردنەوە، هەریەکە و خاوەنی تەبیات و شەقڵێکی ناسروشتییانەی خۆڵەمێشیی بوون. زوو بە زوو دەکەوتنە بەر با و پەخشوبڵاو دەبوونەوە، زۆرجاری دیکەیش دەمانەوە تا ئیژگڵی تووڕەیی و هەڵچوون داپۆشن. بێ«با»یش هەر سەقامگیردەبوون و بۆرایی و بوغزێکی پەپکەخواردوو بە شاراوەیی جێیانی دەکردەوە. زۆریش هەبوون لە قۆناخی پاش دەستبەسەرییش ڕزگاریان نەدەبوو، پاوانیان هەر لەسەر دەمایەوە و چاودێریی دەکران، ڕدێنیان بەردەدایەوە و بێهەست و خوست و بێ تاسە و زەوق و شەوق بەدیاردەکەوتن،

ئەوەندەیش دڵناسک و پەژمووردە و خاوخلیچک دەبوون بچووکترین دەنگ و ژاوە ژاو، هێوورترین تەقە و زرمەی کەوتنی شتێک، گڤە گڤ و هاژەی هەڵکردنی با، سەروسەدای ئەودیوی پەنجەرەی کراوە و نەکراوەیش، زرنگەی پەرداخێک، پریشک و پڕووشەی ئاو، یان کەفاو، شان بەر شان کەوتن، دیارنەمانی کەوچکێک، دەفر و ئامان، گۆڕانی پەتوویەک، کووتە سابوونێکی بێبەها، یاخود هەندێک تایت، سەرچەف، جووتێ گۆرەوی، کاغەزێک، یان چەند»تمەن»ێکی کەم بایەخدا دەیان کرد بە فەرتەنە و هایت و هووت و هەرا و زەنا و غەڵبە غەڵبێکی بێسەروشوێن و کۆتایی هەڵنەگر. ئەمانە دەقاودەق ئەو گرتووخانەیەیان لە ئەندێشەیدا زیندوودەکردەوە کە یازدە مانگ»بێ تەکلیف»تێیدا ئەوق کرا. ئەمە جگە لەوەی ببیستن کە لێپرسینەوە یەخەیان دەگرێت ئیدی زنۆقیان لقوپۆپی بۆ پەیدا دەبێت و بە ئاپۆرەی پرسیار ئابلۆوقەی مێشک و خەو و خۆراکی خۆ دەدەن و ئیترانیش بەوەڵامەوە گرێ دەدەن و دەیانەوێ لەسەر بیرکردنەوەی ئەوانی دی بلەوەڕێن کە لەو گێرمە و کێشەیە سەرفیراز بوونە و مراوی ئاسا بە بێ دڵۆپەیەک تەڕایی بە دەریاچەی ئەو ئەزموونەدا تێپەڕبوونە. هەموو دنیا و تێفکریین و خەون و خولیا و بێدارییان دەبووە ناسنامە و کارتێک تەنها لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا ڕێڕەوی پەیدا دەکرد، کاتێ دەیشچوونە دەرێ لێیان دەقۆزتنەوە و کاتی هاتنەوە دووبارە پێیان ڕەوا دەبینینەوە. کارتێک، مۆڵەتێک دەبووە پسوولەیەکی بەهادار بۆ دەربازبوونێکی کاتیی و خەونی ئەمدیو چێوە تەلینەکە و ڕەشپۆشیی ئەم وڵاتەی دەپۆشییە بارتەقای دیدە هەمیشە وێک نەهاتووەکان. تەواو لەسەر هەقبوو تاقوتەنیا لە حەسارە بە درەخت گەمارۆدراوەکەدا هاتوچۆی

دەکرد و گوێی لە وتاری ئەو بەرپێوارییە نزیکە ڕادەگرت کە جەستەی حەشاریدابوو. وەک بڵێی ئازیزێک لە کەوتنە نێو ئەو بارە دۆزەخییە دەپارێزێت. کەم کەس بەسەختگیریی و توندڕەوییەوە خەریک و سەرقاڵی فێربوونی زمان و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بوون، چونکە زۆربە لە جیاتی کتێبی دانسقە دەربارەی ژیار و هونەر و بوون و دەروون و کولتوور و کەلەپوور و مێژوو و پێشوەچوون و شتی تریش پاسەپۆرت و دۆلار و سەفەر وێرد و بابەتی سەرەکی مامەڵەکردنیان بوو. ئەو شتانە دنیا و بیرکردنەوەکانی ئەوان لێوەی ڕەنگیان دەدایەوە. چێژیان لە تابلۆیەکی شێوەکاریی هەڵنەدەهێنجا، چێژیان لە ساختەکاریی و چێکردنی پاسەپۆرتی کەونە و ساتوسەودا و گۆڕینەوەی پارە دەبینیی! نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەموچاوە نوورانیی و منداڵکارەکانیشیان دەخستە بەر پرۆجێکتۆری چاوە باشقاڵ و پیسەکانی خۆیان و ئێشکی هەموو ڕەفتارێکیشیان دەگرتن. زۆربەیش تەنها بیریان لە پڕکردنەوەی سەراو دەکردەوە و پێیان ئەغز و گوناه بوو لەو تەشکاییەی ڕۆژگارە بێ ئیش و کارەکانی ئەوێدا چەند خولەکێکیش بۆ شتێکی بەکەڵک تەرخان بکەن. هەمیشە کە لەگەڵیاندا دەدوا دەیانوت: ئێمە لێرە هیچمان پێناکرێت، بابگەینە جێگای خۆمان.. زۆر شتیش کە نەیدیتبێ، یاخود بە دەگمەن بەدی کردبێ، لەوێدا دەیتوانی هەموو چرکەساتێک دەیان جار بە بەرچاو و گوێچکەکانیدا گوزەر بکەن، بیانبینێت و بیانژنەڤێت. دەسپیسیی، ناپاکیی، بوختان و قسە هەڵبەستن، ڕاپۆرت نووسین، لە خشتەبردن، دەستخەڕۆکردن، شت لە یەک شاردنەوە، ڕەشک بە یەک بردن، قەرزکردن و نەدانەوە و دزی لە یەک کردن و فریوودان و دەستەویەخەی یەکدیبوون و

دەمەقاڵە و دەستگرتن بەسەر موڵکی ئەم و ئەو و دەیان ئاژاوە و سەرئێشە و شتی تر کە تەنها لە فەرهەنگی ژیاری ناوچەیەکدا جێگایان دەبووەوە جەنگ لەوتاندبێتیی. هەستی دەکرد کاریگەریی گەندەڵیی و خراپبوونی گێتییەکە لەم ئۆلکە و مەڵبەندەدا ڕەنگیداوەتەوە و بەسەر پەیوەندییە هێشتا بەراییەکاندا زاڵبووە. ئەگینا لە سەرجەم ئەو شوێنانەی بەدەرن لە ئەرک و کارە مرۆییەکان هێشتایش هەر قەڵەمڕەو و سوڵتانن. ئەوەی ماوەیەک لەوێدا سەقامگیر بووایە، هەردەم چاوەنۆڕی ڕووداو و پێشهاتە نەزانراوەکانی دەکرد. زۆربەی ئەندامەکانی ئەویٚ ئیزباری هەقیقەتی ژیان و قووڵایی چەرمەسەرییە ئەشکەنجەبار و ماندووکەرەکەی دەبوونەوە. بەمشێوەیە گەیشتە سەرزەمینی ڕاستییەکانی ئەویٚ، بەڵام هێشتایش پەیی بەوە نەدەبرد ئەو ژیانە تووش و نالەبارەی پەیی بە گیانی داهێزراوی بردبوو جارێکی دیکە خۆی لە قەرەی ئەم بداتەوە و بەهەمان شێوە زەفەری پیٚ بەرێت! هەیهوو هەیهوو، کەللەی وێنەی بەردی گرانێت سەخت بوو، وێڕای دژواریی ژینگەکەی ئۆردووگا، ئەگەر وەئاگا و هۆش نەبوایە و قەمتەری توند نەکردایە هەڵدەخلیسکا و هەپروون بە هەپروون دەبوو. ماوەیەک دەبووە بابەتی ڕابواردن و دەمەتەقێیەکی بێئاکام و لە هوودەبەدەری شەوچەرە دووردرێژەکان و لە هەموو شتیٚ دەپرینگایەوە. ئەمە بێجگە لە خولیاگرتن بە گەمەی وەکو دۆمینە و تاوڵە و کاغەزی کۆنکان و کەمکەمە و دەگمەنیش شەترەنج، کە کاری ڕۆژانەی ئەویٚ بوون، ئەمانەیش لەبەر ئەوەی قەدەغە بوون بە دزییەوە دروست دەکران و یارییان پێدەکرا! زۆرجار دەگیران و دووبارە دروست دەکرانەوە. دیقەتی خۆی دەدا و لە خەڵکیش

وردەبــووەوە، خەسـڵەتی بنکـۆڵ دەکـردن و لێیـان ڕادەمـا. سـەرباری ئـەوەی بەشـێکیان بەنـاوە سـەرگوڵ و دەسـتەبژێری ئـەو نێوەندەبـوون کـە لەودیـو بـە چـاوی بایـەخ و ڕاپەرموونـەوە تەماشـا دەکـران و زیـاد لــە پێویســت حورمەتیــان دەگیــرا، کەچــی لــەم قەڵەمــڕەوەدا، زۆرجــار مـرۆڤ پێـی ئەغـز و گونـاە بـوو ئەمانـە تەنانـەت بایـش هەڵمـژن، پێـی سـتەم بـوو پشـوویش بـدەن. هەڵکردنیـان لـەوە بـێ ئامانـج تـر بـوو بیریـان لـێ بکرێتـەوە. هەڵگری هیـچ بایەخێک نەبوون و دەبوایـە مـرۆی بـەدەر لـەو چێوەیـە هیچیـان لـێ ڕەچـاو نـەکات و هـەر تەنهـا لـەو هەنـدە ڕەچـاوی بـکات بەهـا و گرنگیـی بـۆ زەمـەن دادەنێـن و کێشـمەکێش و پێشـبڕکێی لەگەڵـدا بەرقـەرار دەکـەن و مانـا و قەوارەیەکـی یەکانگیـر بـە شـتە بێواتاکانـی دەوروپشـت دەبەخشـن و دەیانکـەن بـە وەڵام بـۆ سەرسـامییەکانی ئێمەومانـان. ئەلهەقیـی ئـەم چـۆن سـەیری بکردبایـە ئـەوێ بنبەسـت بـوو، هەسـتی بـەوە دەکـرد هیچـی لـە بـاردا نەمـاوە، لـە پڕێـکا دەنگـی ورەی بـەردەدا و دەتاسـا، لـە جەنگـەی دوان و گفتوگـۆدا چکـی دەکـرد، شـێوە گەشـکەیەک دەیگـرت، متەقـی لـە خـۆی دەبـڕی و وەکو منداڵێکی چەتـوون چەمۆڵـەی لە دەنگ و ڕەنگ و هەمـوو شـتێکی تـر دەنـا. ئەوانـەی پێـی بـوون هێنـدەی بـاس و مشـتومڕ لەسـەر بەرپاکردبـوون، هێندەی کاوێـژ پێکردبـوون، تـەواو پووابـوون. ئێسـتا کـە لەگـەڵ یەکێکـدا دەکەوێتـە ئاخاوتـن، چەنـد شـتێکی کـەم و بێهەمیـەت لـە زارییـەوە بازرەقـە دەبەسـتنە دەرێ و خامـۆش دەبێتـەوە. سـەربار، جووینـەوە و کاوێژکردنـەوە بووەتـە بازنەیەکـی دی و بـۆ لـێ دەربازبوونـی بێدەنگیـی و قڕوقەپیـی لێـدەکات، یاخـود دەکەوێتـە دووی ئەوانـەی تـازە هاتـوون، ماوەیەکیـش بەوانـی دەفرۆشـێت و ئەوسـا سـەرلەنوێ دەچێتـەوە

نێو ئەو دنیا بە سنوور شەتەکدراوە و پانۆڕاما بوودەڵە و بێواتاکانی کۆدەکاتەوە و ماوەیەکیش بەوانەوە بەسەردەبات. لێرە دەبوو بەهای خۆی لە کۆڵی خۆیدا بێت، دەبوو خۆی جێ و پێگە بە خۆی بدات، چونکە هیچ بایەخێکی پێ ڕەوا نەدەبینرا. مرۆڤ وایە، خۆی دەبێ بەها و گرنگیی بە خۆی بدات و قیمەتی خۆی بزانێت..دەیڕوانی، چەندین کەسی ساخڵەم و بێ کێماسیی بە پێی خۆیان کەوتبوونە ئێرە و کەچی پەشێوان و تێکچوون زەفەری بە مێشک و دەروونیان بردبوو و ببوونە گاڵتەجاڕی ئەو خەڵکە بێکاکڵ و بێبارە. دەیڕوانی بە جەڵەب و ڕەوە وەپێش مەرگێکی سستی زۆر ماتەمبار و درێژخایەن دراون. هەستی دەکرد کەوتووەتە بنی بیرێکی ڕەشداگەڕاوی قووڵیی نەزانراو، دیوی ناوەوەی دیوارەکەی ڕۆناویی کراوە یان ڕۆنی دەرداوە، دەیویست پەلەفرتێ و چنگەکرێی دەرچوون بکات، بەرزدەبووەوە و هەڵدەگڕا و هیوای رزگاربوونی پەیدا دەکرد، کەچی لە ناکاوڕا لەبەر خزیی و لووسیی ناوەوەی چنگ و پەلی بەردەبوون و دادەخزایە خوارەوە و بەردەبووەوە نێو پەرتگا هەردەمییەکە. بێهوودەیی، هەموو توانا و هێز و کارامەیی ئیش وکار و بەڕێوەبردنی ژیانی لێ زەوت و تالان دەکرد و مفت دەیبرد. زۆرجاریش گەڕانەوە بۆ ئەندێشە و سەقامگرتن لە دنیای تێفکریین دەستەوسانی دەکرد و چۆکی پێ دادەدا. هیچی بۆ نەدەمایەوە ئەوە نەبێ لە فرسەتە هێشتا نەهاتووەکان بکۆڵێتەوە، پەرێشانانە بە خۆی دەوت: ئەگەر گەڕامەوە چی بکەم؟ هیچ چیکڵدانەی جموجووڵکردن لە بەدەنمدا نەماوەتەوە. ڕۆحم دووچاری نەخۆشییەکی کاریی بووە، هەموو توانام تەوەزەلیی دەستی بەسەردا گرتووە و تەنانەت نووسینی نامەیش بۆتە کێوێکی

دژوار و عاسێ، بەمدواییە تاقیم کردۆتەوە، چەندەها ڕۆژ بەسەر دەبەم بۆ دزینی چەند دێڕێکی شایستە لە هزر و یاد و ئەزموون تاکو تێهەڵکێشی نامەیەکیان بکەم. هەست دەکەم کۆتایی هەموو شتێک نزیک بووەتەوە، ئەوا ئەگەربێتو ئەو کۆتاییە ئێستا لەئارادا نەبێت! ماوەیەکی تر، دەبمە شمەکێک، دارێک، بەردێک، قەرەوێڵەیەک، ئامانێک، دەلاقەیەکی شکاو، یان دیوارێک لە دیوارە لاڵ و پاڵەکانی دەوارگا و هیچی دی..بە هەرحاڵ..لێژ بووەوە و کەوتە خوارێ، لە چارەی نووسرابوو، یاخود دەنووسرا؟! ئەو خوارێیە، پەرتگایەکی بێئامان بوو تیایدا هەستی بەوە دەکرد ڕەخسیین لێی دەستەویەخەی مەحاڵێتیی دەبێت. لە ئەنجامی لێخوردبوونەوە بۆی دەرکەوت ئەو خەڵکەی لەوێ سەریان کز گرتبوو، بەشێکی فرەی چاولێکەریی ڕایدابوون و ڕێگەیان کەوتبووە ئەو سەختەڵانە و بە هەوەس بڕیاری هەموو شتێک و مەسەلەیەکی گرنگ و چارەنووسسازیان ئیمزا دەکرد. زۆر لە نزیکەوە درکی کرد بیرکردنەوەیان نەک هەر سەرپێیی بەڵکو ساویلکانەشە، بەڕادەیەک گەر زوو نەگەنە ئامانجە ڕووکەشەکانیان، ئەوا ڕەوتارە قێزەوونەکان دەستەبەریان دەکات. چونکە لەمدیوی تەلبەندەکانەوە، ئەو ڕەوتارانە، پەنامەکییانە پراوە دەکرا و هاوپیشەی تێدا دەدۆزرایەوە! ئەودیویش، دەرەوەیش، لەڕاستییدا شیتەڵکردنەوەی سانا نەبوو، نەیشیدەزانی پێناسەی بکات. شتە چاوەڕوان کراو و نەکراوەکان دەکەوتنە تای تەرازوویەکی هاوسەنگەوە، سەمەرەکان لە نامۆیی دادەماڵران و خواسایی دەهاتنە سەر شانۆی بینین. نەیدەزانی وەکو هەبوویەک چی لە بارەوە بێژێت!؟ بۆ ئەوەی بەرجەستەی بکات پێویست بوو لەبەرچاوی خۆیدا بە ڕسکاویی بیبینێت.

مۆڵەتی ڕۆژێک، باژێڵەی پایتەختی کرد و باڵەخانە و بینایەکانی بە قورم و تەنیی سواخ درابوون، یان لانیکەم ئەو وایدەبینیی، درەختەکانی ئەمبەروئەوبەری جادەکان، ڕەنگەکان دەیانکرد بەتابلۆیەکی دەربڕینگەراییانەی بێ چوارچێوە و هەواڵەی گالێریی بینینیان دەکرد، حەسرەت چوارمێخەی دەکێشا و دەیگۆ: ئەمساڵ سەوزاییم نەدیت!.. نیگایەکی ڕۆخ جادەکان بە کوژانەوەی گڵۆپی ستوونەکان ئاشنایان کرد. لە گۆڕەپانی»تۆپخانە»دا بە تەنیشت قەرەباڵخیی و گەڕەلاووژەی لای ڕادیۆ و ڕیکۆردەر فرۆشەکانەوە دانگەڕێزەی کرد و هەستی کرد ناتوانێت لەم شارە جوانەدا خۆی چاوبەست بکات و بیر لە غەوارەیی و غەریبیی نێو ئەو حەشاماتە نەکاتەوە کە ڕەشاییەکی قەشەنگییان دەپۆشییە بەر بیناییەکەی! بوون بە سێرە بۆ نیشانەکانی دیقەت و ئەبڵەقبوونی و کەسیان یادوەرییەکیان لە ناخیدا وەسەرەتاتکێ نەخست، خڕەخڕێک پەردەی بیستنی قاڵ کرد، زیندەوەری چاوەکانی بەدووی ئەو سەروسەکوتە تۆزاوییەدا کەوتبوونە جوولانەوەیەکی کامیرایی و ڕەفتارە عاجباتییە کانیان تۆمار دەکرد. کابرایەکی سەروسیما کۆسەیی سەیر هەگبەیەکی بەدەستەوە بوو بە دەستەکەی تریشی باڵندەیەکی گیان زەردیلە و باڵ قاوەیی تفتیلک ئاسای گرتبوو خەریکی قورمیش کردنی بوو، بزاوتنی شێتانە و سێرکییانەی ئەنجام دەدا و پێیەکانی بە تۆنێکی خۆشئاوازانە بە زەویدا دەکێشا و سروودێکی میللی سەردەم و دەورانی دێرزەمانی پێ دەژەند، تەواو لە کۆککردنی باڵندەکە بووەوە و بەرهەڵدای ئەو بۆشاییە دووکەلاوییە بەرزەی کرد کە بە دەگمەن خەڵک سەری بۆ بینینیی هەڵدەبڕی! قەدەرێک کەوتە نێو گەردیلەی ئەو تەپ و تۆزانەی لەبەر تیرۆژی هەتاوەکەدا

دەبینران و شابالە قاوەییەکانی لێکدا، نەختێک فڕەفڕی کرد و پاشان بەربووەوە سەر زەوی و سنگە زەردیلەکەی لە خاکوخۆڵەکە گەوزا. چاوێکی بە دەوروبەردا گێڕا و پەنجەرەی پاسێکی بچکۆلانە ئەو دیمەنەی لەبەر چاوەکانیدا ڕفاند و دیمەنەکانی دیکەی کردە کۆلارەی بە دەزوولەی نیگا ڕەهاکانەوە بەستراو. لەوێدا، پارەوپوول جێی پەروەردگار و خەسڵەت و ئاکار و ویژدانی گرتبووەوە و دەستنیشانی پێوەر و مەحەکی شتەکانی دەکرد. کە لەوێدا خۆی بینییەوە، دەبەنگ هاتە بەردیدەی خۆی و خەڵکەکەشی بە گێل و دەبەنگتر لە قەڵەم دا. هەر دەڕۆیشت و لەسەروپۆتەڵاکی ئەو حەشاماتە ڕادەما و حەپەسانێکی لەزەترێژ و بە پرسیار ئاووس دایدەگرتەوە. پرسیاری ئەوەی چۆن ملکەچانە توانیوویەتی ئەو زەمەنە جەهەننەمییە لە پاڵ ئەوانەدا بەرێتە سەر و ژیانیش بە داگیرساویی بیهێڵێتەوە؟ تەنها ڕاکردنیان ڕکێفی بینینیی قەمتەردەکرد. هەموو شتەکان لەو ڕاکردنەوە سەرهەڵدەدەن و لەویشەوە کۆتاییان پێدێت. بێژنگی بازاڕ و شوێنەوارەکان هەنگاوەکانی تەتەڵە دەکەن، بەجێیان دەهێڵێت و تەوەرەی ئالووێرەکان کە دیارە هەر درۆ و خەڵەتاندن و فریوودانە، لەپشت سەری خۆیدا دەهێڵێتەوە. هەر لە دوورەوە سستیی و ماتەمینییەکانیان خۆی بە دەستەوە دەدات. ئەو ئەفسانەیەی پێش سالانێکیش لە گۆشەنیگای گەڕاوەکانی نوشووستییەکەی ساڵی حەفتاوپێنجدا ببووە فانتازیایەکی ئەفسووناویی پیاهەڵدانەکان وەکو هەڵمی سەر مینایەک ڕەوییەوە. چونکە جوانیی لێرە سایلی ئەو تفتیلکە دەسکردەی لێهاتبوو، گەر ڕوواوڕوویشی ببوایەتەوە ئەوا هەر تەنها ڕازێکی درزی پەچە، یاخود چارشێو بوو، بەڵام هەقی

بوو واقی وڕبمێنێ، بەزمەساتێک بوو تێیدا هەم بینەر بوو و هەم ڕۆڵیشی پێدرابوو تا بەخۆی پێبکەنێت! هەر چۆنێک بێت..بەر لە ئێوارێ، نەبا بگاتە سەر قاتوقڕیی و شیوی بۆ نەمێنێتەوە، لۆژ لۆژ گەڕایەوە. کە چووە چێشتخانەکەوە، جمەی دەهات و»مەحموود ساندۆکان»کە حەزی دەکرد بەو نازناوەوە ناوی بەرن، لە پێشتەوە ڕاوەستابوو. لەڕاستییدا ئەم نازناوەی لە ئەکتەرێکی سمێڵ فشی ڕیشنی قژدرێژەوە وەرگرتبوو کە لە چەندین فیلمی شەڕ و پڕکێشییدا ڕۆڵی دیتبوو، ناویشی سادق خان بوو نەک ساندۆکان. مەحموودیش عاشقی ئەو ئەکتەرە ببوو ئیدی ناوەکەی بۆ خۆی کردبووە نازناو و هەر لە شاری خانەقینیشەوە وەک سێبەر لەگەڵ خۆی هێنابووی. بێگومان ئەویش یەکێک بوو لە قوربانییە بێشومارەکان و دەمێک بوو ئەم پەیی بە ناوەڕۆک و مەتیریاڵەکەی بردبوو، ئەگەرچیش کۆمەڵێک نابەجێیی هەبوو، وێڕای ئەوەیش بە هیچ کلۆجێک خۆی لەڕاستیی ڕانەدەپسکاند هەتا وەکو درۆیەکی جوان دەربکەوێت. پەنابەرەکان، هەموو شارەزای خولیا و خەیاڵاتە سەیر و سەمەرەکانی ببوون و خۆشەویستیی و ئوودایەکی باشی بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو. درێژکۆڵە و دەموچاو قوپاو بوو، سمێڵێکی عوسمانییانەی درێژی بە لاجانگەکانیدا ڕاکشاندبوو، زوو زوو دەیخستە مابەینی سێ پەنجەوە وەک ئەوەی لە مەترسییەک بیانپارێزێ، یاخود لە گونداریی خۆی جەختی پێبکاتەوە. ئەوە یەکەمجاری بوو لە گەڵیدا باخێووێ، خۆی زۆر خۆشدەویست و گەلێکیش قسە شیرین و خۆشدوو بوو. یەکدووکوڕیژگەی لووسکەلە کەوتنە بەرچاوی و دژوارانە زووخاوی حەژمەتێکی قووڵی هەڵکیشاو وەک بڵێی ڕۆحی لە بەدەن جیابکەنەوە،

چاوی بڕییە سمت و گوڵمەی خڕی لە تراکسۆتەکانیانەوە دەرپەڕیوو و بە مەلوولییەکی بێوێنەوە، لەژێر لێوەوە گوتی: قوزداڵگ حەیات وەم!..ئەم هەستی بە بێوەرییەکەی کرد و بە بێ پەردە دەیویست بە شداری ئەو بارە بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نەئاخاوت، دەیویست ئەو گوزارە لە کەفوکوڵەکەی ئەمیش بکات. چاوی لە سەریان لانەدابوو، لەودیو فانیلە بێقۆڵەکانەوە لە سینەیان ڕادەما، دەتوت پەنیری فراوین دەبینێ. دەیویست لەوەیش پتر سەرنجی کەمەندکێش بکات، بە داپۆشراوییەکی خەنداوەرەوە وتی: ئەو چشتە، ئاااخ ئەو چشتە، عەلعان تام هین دات!!..گەرچی زۆر بە باشیش دانی بە وشەکاندا دەنا، بەڵام بە باشی لێیحاڵی نەبوو، هەستی کرد لە حەژمەتاندا وشەکان نەک لە زارییەوە، بەڵکو لە کوونە دفنەکانییەوە سەریان دەکرد. کە نەبووە هاودەمی ئاخاوتنەکە ساردییەک بە سەریدا زاڵبوو، وەکو کانییەکی مەنگ خۆی خستەوە نێو قاڵبی کاتیی ئۆقرە و بەردەوامیی بە چاودێرییەکانی دایەوە. هەر کە بەو شێوەیە بینیی کەڤری توانجێکی جیددیی تێگرت و خستییە بیری بێسەروبەری یۆتۆپیایەکەوە و دیسانەوە تێهەڵکێشی ئەو بێسرەوتییە شەیتانییەی کردەوە، بە بایەخەوە تێیڕامابوو کاتێ هەڵیدایێ و وتی: قەناعەت کە ماموەستا فرەم لیەل تڵف و وەلەد وەسەربردگە، وەلی چقەد سەردەینم و سەر دەوەم لیەل ئینا وەراوەر ناکرین! شێنەکەش ئەوەن ڕتووشیان دەدا ئینسان لە پێست خود مەحرووم بید. ئاااخ! پارچە تیپێک وەسەر کیریاندا بچەسپینی و چوون دوێت عازەو بیان کونی.. چاوەکانی کزبوونەوە و بەخۆداچوون، ئەم وایزانی نوقم دەبن و کوێردەبنەوە، بە لاپڕەسەنییەکی کێوییانەوە تەماشایکرد، کونی کەپووە

بەرانییـە زەبەلـلاح و شـۆڕەکەی کشـابوو، سـەرە لوولەییـە بـە تەنکەقژ داپۆشـراوەکەی وەرگێڕا و دووسێ سـووکی بەوەی پێشـەوەی خۆیـەوە نـا، بۆ پۆشینی بارە نائاسـاییەکە ئاووڕی دایـەوە و ڕۆڵـی بێحەوسـەڵەیی گێـڕا و هـاواری کـرد: پـاڵ مەنـن، پـاڵ مەنن..دواییـش زۆر بـە بێ بایەخییـەوە وتـی: ئەڕا سـەفەکە تەکان ناخورەت؟..بە فرسـەتی خواسـت، دەسـتی بـە هـەرا و زەنـا کـرد و چەنـد کەسـێکی نۆرەبـڕی دابێژایـەوە و تێـی ڕاخوڕیـن، پـاش بێدەنگییەکـی درێژخایـەن ئینجـا کەوتـە چەپڵـە و هووڕاکێشـان. بـاڵا نیمچـە مینارەییەکـەی وەرچەرخانـدەوە و لەمـی ڕوانـی، لـە ڕامانییـدا هیـچ نکووڵییـەک نەدەبینـرا، ئوداکـەی جارانـی بـە خـۆی دایـەوە و بـە سـەداوە بەردەوامیـی بـە قسـەکانیدا: ئـەری مـن کاورایەکـی عەشـایرم، لەسـەر ڕەسـیف و جادە گـەورە بیمـە و چەشـم واز کردیمـە، ئـەم بەنـی حەوایانـەی ڕووژ تـا مەغریـب و بەعزیـک تـا شـەبیش قسسـەی گـەورا و مەوقیـف و فەلسـەفە و سـەورییەت دەفرووشـن، ئـەڕا تاقـەت ناگـرن چارەک سـەعاتێک لـە سـوبحانە، یـان لـە شـامکردن تاخیـر بـن، تـو ئێـژی ئینـا فایدەداربـن؟ دەتوانـن قـەدەر قسسـە و مەوقیفـە سـەورییەکانیان گـەورا بن؟..کەزانـی ئـەو وتانـە هیچیـان پـێ چارەسـەر ناکرێـت و تەنهـا کەڵکـی شـەرمەزارکردنی پەیکەرەکانیـان هەیـە، هـەردووک وەکـو چەنـد چرکەسـاتێک بـەر لـە گۆکـردن خامـۆش داگەڕانـەوە. زەردەیەکـی گاڵتەجاڕانـە وەک بڵێـی پسـووڵەی بەرسـڤە کەوتـە سـەر لالێوەکانی ئـەم و خـۆی لـە مەندییەکـی بێئارامـەوە هەڵکێشـا. هەنـدێ وشـە بـە سـەرزارییەوە سەرکێشـییان لـە دەسـتەڵاتی کـرد و خۆیـان هێنایـە ئـاراوە. وەکـو ئـەوەی بـۆ خـۆی بدوێـت، وتـی: نازانـم ئینـا کـە عەلعانـش بـە داڵـگ موحتاجـن چـەرا

کەوتنە ئـەم غەریبییە؟..بیسـتنی ئـەوە پزیسـکێک بـوو لـە چاوەکانییـەوە ڕەوانـەی ئەندێشـەی کرا و بیری داگیرساند، بیریشـی دەسـتبەجێ وەکو هەڵۆیـەک بـە سـەر ئـەو نێچیـرەدا نیشـتەوە کـە بـۆ ئـەو کاتـەی ئـەم ئەڵتەرنەتیڤـی مێیینـە بـوو، ئـەو بوونـەوەرەی پێیـان دەگوت:»کەیفیـی»! بێگومـان زۆر درکی بـە جوانیی و قۆزییەکـەی خـۆی دەکرد و دەیشـیزانی ئـەم نییەتێکـی شـاراوەی چاکـی بەرانبـەر شـکانابات، بـەڵام هێنـدەی تـر کێشـی دەکردە نێو ئومێدێکـی نادیارەوە و کەلەپچـەی دەکرد. دووچاوی بێوێنـە، سـەر و قژێکـی نایـاب، ئـەو تەڕوبڕییـەی بـە نیهاڵێکـی بـەر بـا دەچـوو، ئـەو قەدوباڵایەیـش کـە تەنانـەت چـاوە شـەرمەندەکانی دەوروبەریشـی بـە شـەوارە دەخسـت و زارەکانیشـی بـە چۆڕاوگـەی لیـک دەسـپارد. لەگـەڵ ئەوەیشـدا ناوەکـەی زۆر پەسـەند نەبـوو، بـەڵام وەکـو بوونەوەرێکـی دانسـقە تاموبۆیەکـی دیکـەی بـە خـۆوە گرتبـوو، گـەر دایکی ئـەم لـەوێ بوایە بێ شـک دەیوت: خوشکی خـۆی حەیرانی دەبێت!..چیبـکات! هێنـدە ڕوانیبوویـە دنیـای سـەرابیی چاوەکانـی و کێشـیان کردبـوو، سـەرباری ئەوەیـش هـەر ڕۆیشـت و ڕۆیشـت هەتـا گەیشـتە ئـەوێ، ئەوێـی گیرۆدەیـی و شـەیدایی، ئەوێ..ئەوێ...دنیـای عاشـقبوون..ڕەنگە چاوەکانـی ئـەم بەختەوەرتریـن چـاوی سـەراپای ئۆردووگاکـە بووبـن، چونکـە ئـەو سـەخیی بـوو لەگەڵیـدا و هیـچ بەخیلییەکـی دەرهـەق نەدەنوانـد. بـە جۆرێـک وەک بڵێـی ڕەگوڕیشـەی ناخـی دەردەکێشـا و ڕۆحـی دەتەزانـد. تـا ئـەو ڕادەیـەی چاوەکانـی ئـەم تروۆکانیـان بیردەچـووەوە و دەکەوتنـە نێـو مـەداری بەلەزەتـی تیرامانەکانـی و ئاڵیـی لێوەکانیشـی پەنجـەرەی دڵـی ئەمیـان بـەڕووی شـتێکی سـەیر دەکـردەوە، ئـەو لێوانـەی زۆر بـە قووڵیـی تووڕیـان

هەڵدایە نێو هەڵەمووتی هەزار بە هەزاری بێوەریی و غەریزەیەکی کۆنترۆڵ ڕەتکەرەوە. ئیتر مات و سەرسام بیری لە سەرگوروشتەی ئەو و خۆی و زێوار کردەوە، نوقمی دەریای گەنیوی دەنگ و واتەوات و تێکچڕژانی ئەو حەشاماتە بوو کە بێهوودە زاریان دادەپچڕی و هۆش و ژینگە و پەروەردە و ڕەوشت و خەسڵەتی خودی خۆیان دەدایە بەر خۆری ڕیسوایی و لە قاقایان دەدا. تاوێک تاڵیی خۆی خواردەوە و وێنەی پێستە ژووژکێکی بۆش و بەتاڵیش زەمەنی بینیی و ویستی پتر و پتر شۆڕبێتەوە نێو سوباتێکی قووڵ، سوباتێک هەتا ئەم شەونخوونییە بێ بن و سەیرەی بڕبڕ بەژنی شەوچەرەی پێ هەڵنەچنێت و نەبێتە کێشکچی شەوی ئەنگوستەچاو و گورزەتیشکی گومان هەڵنەگری خۆری هەموو بەیانییەکیشی پێ ڕانەمووسێ.

وەرزی سەرما و قارسیی هێشتا بنەبڕ نەببوو، بەفری دوور و بە ئاستەم دیاری سەر کێوە بەرەو ئاسمان کشاوەکانیش جینگڵیان نەخوارد بوو. شەوبێدارییەکی بێچوون بوو وەکو مێشەی ئاگرڕشێن کراو مەشقەڵانی بەرهەم دەهێنا. چەپکە هەناسەی خێرلەخۆ نەدیوویی بەو سییانەوە خستبووەگەڕ کە ببوونە گڵکۆ بۆ دەیان حەسرەت و ئومێدی وەدی نەهاتوو. لێی هەڵاژابوو، لەو دنیا جوغزییە بێئەندازەیەدا ببووە ئەو خەونە کەسیرەیەی پەرەلێڵی لەگەڵ ڕاستییەکاندا دروست کردبوو. کە لە مەداری ئەو جۆرە خەونانەوە دەردەپەڕییە دەرەوە زگۆڵەی چاوە خەماڵووەکانی هەڵدەئاوسان و بزاوتنی زۆر کەمتر دەبووەوە. سەری بە لوتکەیەکی بە گەواڵە ئابڵووقەدراو دەچوو

بـە شیشـی قەرەوێڵەکـەوە دەیچەسـپاند و زۆرەکییانـە دەیویسـت لەنێـو دوودانـە شیشـەوە ئاودیـوی بـکات! چەنـد ڕۆژێـک بـوو ڕاسـپێردرابوون شـەوانە پێناسـەکانیان لـە بەرکدا بێـت و ئـەوەی لـە هۆڵەکـەی خـۆی و لەسـەر پێخەوەکـەی خۆیشـیدا نەبوایـە دووچـاری گیروگرفـت و تەنـگ و چەڵەمـە دەبـوو. لـەوێ تەنهـا بـە یـەک گرتووخانـە مەحکـووم نەبـوون، بەڵکـو وەکـو بازنـە ئاوییـەکان چەنـد زیندانێـک ئاوێتـەی یەکتـری بـوون و لـە بچووکـەوە گـەورە ببـووەوە و لـە گەورەیشـەوە دووبـارە دەبوایـە بچـووک بێتـەوە! لەگـەڵ ئـەو شـەونخوونییەدا ترسـێکی دیارینەکـراو لـە دایـک ببـوو. ببـوو بـە کەژێکـی هـەورڕووش و بەسـەریدا هەرەسـی دەهێنـا. درکـی لـە بێبەریتیـی و ئاتاجـی ئامێزێکـدا دەکەوتـە جـۆش و خرۆشـێکی بورکانییانـە، هەتاکـو لایلایـە بـۆ سـەروگیانە داهێـزراو و ماندووەکـەی بـکات و درز و قەڵشـیش بخاتـە بازنەکانـەوە و کەلێنیـان تێـدا بخاتـە سەرپشـت..ئەو شـەوە کـە ڕاپـەڕی چـراکان کوژابوونـەوە، وەکـو کلێشـەیەکی حازربەدەسـت لـەو خەونـە عاجباتییـە ڕامـا کـە دەنگـی ویـژدان بـوو لەودیـو ئاگاییـە شـەکەتەکەیەوە خـۆی مـەلاس دابـوو، بەوەیـش دەچـوو سـەدایەکی لـە تاسـانبەدەری ئەوتـۆی هەبێـت خودداریـی لەڕەوینـەوە بـکات! کاتـێ ئـەو دنیـا گەندەمووییـە شـارراوەیە بـوو بـە دەسـتاوێژێک بـۆ گواسـتنەوە و چـووەوە ماڵـێ، کـەس لـەوێ نەمابـوو، زۆر گـەڕا، تەنهـا شـەکەتیی دەسـتگیر کرد..لەگـەڵ گینگڵـی خواردنـدا بەخەبـەر هاتـەوە، کۆشـا لەکـوێ پچڕابـوو لـەوێ خەونەکـەی گـرێ بداتـەوە، بـەو نیـازەی دایکـی ببینـێ و لێیپرسـێ: دایـە بـۆ لـە ماڵەکـەی خۆمـان نەمـاون؟ بەسـایی منـەوە بـۆ کـوێ شـاربەدەر کراون؟ لـە کـوێ دەژیـن؟.. دەیویسـت پرسـیارەکەی هێنـدەی ئاسـۆیەک بکشـێت،

بەڵام خیانەتی ئاخاوتن پەیڤەکانی کرد بەو هەنسکەی خەڵاتێک بوو بەربەستی ئاخنییە ئەوکی و وێکیهێنایەوە. دوای ئەو بەخەبەرهاتنە نەفرەتییە یەک تاقە چرکەیش پێڵووەکانی ئاوێزانی یەکدی نەبوونەوە و سەریەک نەکەوتن تا دنیای خەونێکی نوێ ئاوا بکات کە ئێستا بۆتە ئاواتێک و درێژە بە پشووەکانی دەدات. ئەوانەی گلاونەتە قوڕولیتە و مۆتە و سرنجکی خەونەوە کەم نین! ئیدی وەکو پاردەیەکی بەر زەبر و زەنگی ناهەموارییەکانی زەمانە هەرەس دەهێنێت و باوەڕی بە شتە جێگیرەکانیش دەشڵەقێت و دەگاتە سەر لێواری ڕەوینەوە. بەڵام هەرکە ڕۆژ ئێخەی پێدەگرێتەوە، شەو و گینگڵە بێبەزەییەکانی تووڕدەدات وهەناسەی سارد بۆ خەوبینینێکی تر هەڵدەکێشێت.

سەروسەداکە هێشتاکونێ نەگەیشتبووە هۆڵە درێژکۆڵە بە قەرەوێڵەی دوونهۆمیی قانگدراوەکەی ئەمان، مقۆمقۆی جەنجاڵ و غەڵبە و ژاوەژاو لەژێر بەتانییەکانەوە بەرپا ببوون و گوێچکە بە کزەکزی جەرگە هەرگیز تواوەکانەوە دەچزا. هەرکە ئاغای سەرپەرشت لەگەڵ «شەماڵ»و چەند یاساوڵ و پاسەوانێکی ئۆردووگاکەدا خۆیان بە ژووردا کرد، سەرلەبەر متەقیان لە خۆیان بڕی، ئەگەر بلوایە پشووەکانیشیان زیندە بەچاڵ دەکرد و لە پەلەقاژێیان دەخست بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دۆخە نەفرەتییەکان دووپات نەبنەوە و ئەو ڕوخسارە شەمشەمەکوێرەییەیش وەبەر دیدەیان نەکەوێتەوە. لایتەکە تیشکی زیووینی بڵاوکردەوە و بە شەوارەی خست، دڵڕەقانە بە سەریدا نەڕاندی: هەستە..بڵند بەرەوە، پێتوایە گەر بە پێی خۆت نەهاتبای ئێستا سەڵتەنەتت لێدەدا؟ یاخود وەک سوێروو

بـە کڵاو دەگیرای؟..ئەمیـش کـە لاڵوپاڵـە و هێشـتا ماتیـی شـەوارەکە جێی نەهێشـتووە هیـچ وەرامێکی بۆ دەرنایـەت. جـا دەیتوانی ورتـەی چـی بـکات؟ دەسـەڵات و قەڵەمـڕەو بەدەسـت ئـەوەوە بـوو، چـی لـە دەسـت دەوەشـایەوە؟ هەسـتی کـرد لـەو دەمـەوەی ڕیشـەی ژیـان لـە گرێژەنـە دەرهاتبـوو، تەنانـەت بـەرد لـە پێواریشـەوە بباریبایـە سـەری ئـەم دەیقۆزتـەوە. لـە دەرەوە بـە هەمـوو شـتێک قایـل بـوو، بـەڵام لـە ناخــەوە دەیزانیـی نەعلەتێکـە و خراوەتــە ژێــر قەڵەمڕەوییــەوە. ئــەو ڕۆژەی بیـری هاتنـە ئـەم سـەرانگوێلکە لـە کەڵکەڵەیـدا چەکـەرەی دا، دەمێکبـوو کەوتبـووە کیشـوەری ڕابـردووەوە و موخابـن نەیدەتوانـی بـەو تۆپەڵـە تفـەی لـە زارییـدا گلۆڵـەی خواردبـوو ئـەو چرکەسـاتەی نـاو ئـەو ڕابـردووە سـواخ بـدات. چـاوە لـە وەنـەوز خاڵییەکانی نێڵـەی قینـی بێسـنووریان لـێ بڵنـد دەبووەوە..نەبـزوا، سـیخورتمەیەکی تـێ سـرەواند و هێنـدەی تـر زارە پێشـاوینەکەی بەڕوویـدا داپچڕانـد، دەموچـاوە نەحلەتییەکـەی نەهامەتییەکـی جیـاوازی ڕادەگەیانـد: دەی پەلـە پێناسـەکەتم بدەرێ!..بەتووڕەییـەوە ئەمـەی وت و دەسـتی ئامادەی وەرگرتـن کـرد، گەرچـی دەشـیزانی پێناسـەکەی لەکوێیـە، بـەڵام کەوتـە پشـکنین و بـە شـڵەژانێکەوە بـە خـۆی وت: ملـی شـەیتان بشـکێ، لـەم بارودۆخانـە بۆچـی مرۆڤ ئاوهـا دەشـڵەژێت؟..لە پەشـۆکاندا نەیدەزانی دەسـت بـۆ کـوێ بەرێـت. دەسـتەپاچەیی و بزربـوون پەییـان پێبـرد، هـەزاران فرسـەخ لـە ناخـی دوورکەوتـەوە و لـە خـۆی جیابـووەوە. هـەر خەریکـی گـەڕان بـوو، ناگەهـان دەنگـی بـوو بـە کێرڤێکـی ناقـۆڵا و ڕووی لـە بەرزبوونـەوە کـرد، مسـتەکۆڵەیەکی دیکەشـی پیـا کێشـا. سـەرەنجام شـوکور دۆزییـەوە. سـەیری کـرد و کەوتـە بڵمـە بڵـم و

ئمە ئمێکی لێوە هەستا و چەند پەڕەکاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و کەوتە گەڕان و بەراووردکردنی ناوەکان. گوێی لێ بوو بە گڕییەکەوە وتی: یازدە..یازدە»نیهاد شەریف« لەپڕێکا داچڵەکا، ئەو ناوە ڕاستییەک بوو خەونە کۆنەکەی ناودێر کردبوو! خەونێک ئەم پاڵەوانی بوو، بەڵام لەوێدا هەتا لەو خەونەیش ڕووتکار کرابووەوە! هێشتا لەو ئەفسوونە خەواڵووە دەرباز نەببوو کە بەدەست ئاماژەی بۆ یەکێک لە سەربازەکان کرد و بەمیشی وت: پەتوو و کەلوپەلەکانت تێک بپێچە و خۆت کۆکەرەوە و حۆل حۆل تێم مەڕوانە!..بە ئاماژەیەکی دی حاڵی بوو دەبێ لەگەڵیاندا بەرەو خوارێ بڕوات. هەموو خانیلە و سێڵە ڕمۆکەکانی لەشی وەکو ئەوکی وشکایی تێدا قەتیسما، تفێکی نادیاری لەو چارەنووسە کرد کە لە هیچ جێیەکدا ئۆقرە و سەقامی پێ ڕەوا نەدەبینی. هەموو ناسۆر و ڕیشە بنچینەییەکانی لە هەناسەیدا ئاوێتە دەبن و بە قورقوڕاگەیدا هاژەی تاڵاو دەهێننە دەرێ. لە خوارەوەدا سەرنجێکی دەوروزێوار دەدات، سەراپا سەربازەکانی دەوارگا تەیاربوونە و سایلی ئەوەی فەرمانی پووچەڵ کردنەوەی کودەتایەکیان پێبێت، چوست و حازربەدەست حەوشەکەیان تەنیووە. لەو ڕاڕەوە تەنگەبەر و درێژکۆڵەیەدا دەیگیرسێننەوە، کە دەرگایەکی زەبەللاحی ئەوتۆی بۆ چێکراوە هەر لە دەروازەی گەورەی شوورەی ئیمپراتۆرییەتە کەونینەکان دەچێ، قفڵێکی سەرەگورگئاسایش دایدەخات و بێبەریی دەکات لە کرانەوە و پێدا هاموشۆکردن. ساتە بەراییەکان، لەو تاریکییەدا وایزانی تەنها ئەو چەند کەسەن، بەڵام پاش ئەوەی لە گۆشەی پاڵ دەرگاکەدا جێگیربوو، گوێی لە دەنگ و هەراهەرایەک

بوو لە ڕەشاییەکەوە سەری دەردەهێنا، لەو ناوادەیەدا قورساییەکی بێپایانی بە سەری بەخشیی و دوای قەدەرێک هێدی هێدی شوناسی بە دەنگەکان بەخشیی و لەبەر ڕۆشنایی زەینیدا بەرجەستە بوون. درکی کرد هەرتەنها ئەمان نین، بەڵکو..لەگەڵ بۆنی کەسکوون و هێڕکەری ئەمۆنیا و گەندوگووی ئاودەستەکەی ئەو نزیکەدا دەبوایە ئاشنایەتییەکەی تازە بکاتەوە و هاوشانی ئەوانی تریش شەو لە خۆیەوە بپێچێت. لەمێژ بوو شەو لە خەوە نۆچکەیەک لەوتاندبووی، نەیزانیی چیبوو ئەوانی هێنایەوە و کردینییە قەڵەمڕەوی ئەندێشە و ئەڵهای، نەیزانیی چ شتێک ئەوانی ئاخنییەوە ئەم نووتەکییە و یادوەرییەکانیانی داگیرساندەوە! ئەوان، کە جێی هێشتبوون..خێراخێرا هاتنەوە بەرچاوی، سەرجەم خۆشەویستیی بۆیان کەوتەوە جۆش و خرۆش، یەک یەک چاوەکانیان زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئەسرینی لێدەچۆڕایەوە و خەمی ڕەشی تێدا دەزا، دیدەی تەڕی لێوانلێو لە نیگای لۆمەبار و سەرکۆنەکەریان ڕووبەڕوو دەکردەوە..دووبارە ونبوونیشیان وەکو بڵێی تانووت و تەشەر بوو و دڵیان لە سوێی ئەو زووخاوە کوژاڵکییە کەیل دەکرد. دەمێک بوو ئاواتەوازیی گریان لە سینەیدا ڕسکابوو. ئەو شەوە ڕەهێڵەی چەندەمی غەوارەیی دایکردە خوارێ و لەگەڵ ئەمۆنیا و زیکەزیک و سیرە سیڕی قالۆنچە و سڕسڕە پێوارەکانی ڕاڕەوەکەدا ئاشنایەتی پێ پەیدا کرد. لەناو ئەو جەوقووتەوە دەستبەجێ یەکێک وتی: دەمان گوازنەوە دەوارگایەکی دیکە و لەوێ دەستبەسەرمان دەکەن..یەکێکیش بە دەنگێکی کزی پڕ لە واژەی بێئومێدیی و بێ ترووسکەییەکی لەڕادەبەدەرەوە وتی: گیراوین، دەمانبەنە زیندان و

سزا دەدرێین.. دەنگێکی ماندوویش کە لە گۆشەکەی لای چەپەوە خۆی بەرهەڵدا کرد، لەمانە تووڕە و پەست بوو، بە هاوار و شیتە شیتەوە پێیگوتن: جا چیمان کردووە؟ ئایا کارێکی ئەوتۆمان لێ وەشاوەتەوە ئاکامەکەی شایستەی ئەم نالەبارییە بێت؟..ئەوی یەکەمینجار قسەی کردبوو هاتەوە دەنگ و وتی: جا خۆ کە هاتین و خۆمان بەدەستیانەوەدا هیچمان نەکردبوو، کەچی ئێمەیان وابەستەی یاسا و ڕێسای زیندان کرد و ئێستایش جێگۆڕکێ چ شتێک دەگۆڕێت؟..لەو بارودۆخە نەفرەتییەدا کێ پێی دەکرا مەسەلەکە لەوە باشتر شیکار و ڕاڤە بکاتەوە؟ تووشی داکاسانێکی سەیر بوو، حەوانەوە و وچان گرتن لە فەرهەنگی ئەو شەوە سڕانەوە. بێگومان بیری تەنها لە شتێک دەئاڵا ئەویش ئەو دنیایەی تێی کەوتبوو. بە خۆی وت: دەبێ هەرچی چۆنێک بووە ئەم دییارە بەجێبێڵم، ئەم دییارەی تادێت شەقاو بەرەو دزێوییەکی زیاتر دەهاوێت. ڕۆیشتن..ڕۆیشتن هەویایەکی تازەیە و دڵم دەداتەوە... بەڵام ڕۆیشتن هەروا سانایش نەبوو. ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵیاندا بەکاریان دەهێنا چاوەڕوان نەکراو نەبوو! تەنها تەگبیرێکیش کە بۆی چوو هەڵاتن بوو لە زۆنگاوی ئەم جوگرافیا دۆزەخییە. لەو جۆرە بار و کاتانەدا مرۆ دەیتوانی تاقە شتێک بکات، ئەویش خۆی لە خشتە ببات و خۆی فریووبدات، چونکە بێ شک هیچ کەسێک پێی نەدەکرا لەبەر زەبری کوشندەی ئەوگورزە ناگەهانە پشووبدات.

ڕۆژی دواتر، هەر لەپاڵ دیوارەکەدا، بە دەنگی گڕ و ناقۆڵای مەلا چوارپەل قەوییە ڕەزاقورسە نەجەفییەکە داچڵەکا و سەرمای

سـەرلەبەیانی تـەزووی ڕچینێکـی ناخۆشـی پێبەخشـیی. ژوورەوە هێنـدە بـە ئاسـن و پلێـت و دیـوار تەنرابـوو هیچـی لـە هیـچ جیـا نەدەکـردەوە. گەرچـی ڕۆژ قۆزاخـەی شـەوی دڕیبـوو و بـەڵام سـاتە ئاوریشـمییەکان ڕەویبوونـەوە. چاوێکـی بـە دەوروکشـەی خۆیـدا خشـاند، بـە زەبـری ورد ڕوانیـن وردیقەتـدان چەنـد ئاواڵێکـی خـۆی لەنـاو حەشـاماتەکەدا ناسـییەوە. ئاهێکـی هاتـەوە بـەر و بـە ئۆخژنێکـی سـەمەرەئامێزەوە پەندەکـەی دایکـی دووبـارە کـردەوە و وتـی: هاوڕێـی چـاک تویێشـووی سـەفەری سـەختە!.. چـوون بـەوە هەویـای بەرگەگرتـن بـە خـۆی ڕەوابببینـێ. ئەوانـی دیکەشـی نەدەناسـیی، یـان دووربـەدوور دەیناسـین. ڕەنگـە هەموویانـی ناسـیبێ، بـەڵام پیلانـە بەربڵاوەکـەی جوگرافیـای سیاسـەتکراوی ئـەو بەشـەی دنیـا کـە بـە هەتـاو کەوشـەنی بـۆ کێشـرابوو زەیـن و چاویشـی پەشـێواندبوو. بـەو دڕدۆنگیـی و ناڕەحەتییـەوە ئـەو ڕۆژەی بـە سـەربرد، ئـەو ئـاواڵ و تارماییانـەی ئەمانیـش پێـی خۆشـحاڵ و خەنـی بـوون و جارجـارە لەودیـوی دەرگا زەلامەکـەوە بـە سـەریان دەکردنـەوە و شـتومەکیان بـۆ دەهێنـان، هەمـوو پـاش چەنـد جارێـک هاتوچۆ و هەڕەشـە و چاوترسـاندنی سـەربازەکان، پەلوپـۆی تاقەتیـان هەڵپـڕووکاو لـەو دەوروبـەرە کشـانەوە. ئێـوارێ داهاتبـوو ئەودەمـەی دەرگاکـە خرایـە سەرپشـت، تاقـە دەنـگ دەنگـی خوێندنـەوەی لیسـتەی نـاوەکان بـوو. کـەس بچووکتریـن دەنگـی لێوەنەهـات، کەوتبـووە غایلـە و ڕامـان، دە..بیست..سـیی..چلو...پێنج.. پەنجاو...نۆ..حەفتاو...پـاش لێبوونـەوە فەرمانـی خۆپێچانـەوە و بارگـە تێکنـان تازەکرایەوە. یـەک یـەک بـە نێـو لوولـەی ڕەشـی تفەنگە لـە سـەرپێ ڕاگیراوەکان ڕەتکران و چوونە نێو ئـەو پاسانەی دەیگەیاندنـە ئـەو جێگا پێـوارەی لـە دنیـای خەونیشـدا بـە ڕەنـگ و ڕوخسـاری ئاشـنانەببوون.

پەژیوانیی و بەدخەمیی لەو مەودا زەمەنییە قەتیسەی نێو دەوارگاکان وەدەری نا و نەیزانی چەند کاژێر بەڕێوەبوونە. کە ناکاو لە بەردەم دەروازەیەکی بێتانوپۆی ژەنگنی ئەفساناوییدا قوتبوونەوە، یەکاویەک دەرگا تەلیسماوییەکانی ئەو هەقایەتانەی وەبیر هێنایەوە کاتی خۆی دایکی دێو و درنج و غوولی پیادا دەهێنا و دەبرد و بە سەرسامیی و ترس و لەرزەوە دەینواند. بە هەمان ترس و لەرز و بە ئەبڵەقییەکی کەسیرەکەرەوە کەوتبووە پێدا هەڵڕوانینی. دەروازەکە لەگەڵ فەرمانی چوونە ژوورەوەدا کرایەوە و سەرپێچیی و کەللەشەقیی هەوایەکی ناحەزی دروست کرد و زۆری نەخایاند بە تۆپزیی و بە زەبری بەڵێنی بێگومان درۆ لە پاسەکان دابەزێنرانە خوارێ و ئاودیوی نێو سەرزەمینی ئەفسانە بوون! هەستی کرد بۆ یەکەمین جار بوو پاش دەیان ساڵ ئەو دەرگایە دەخرایە سەرپشت و پێ بەسەر سێقدەرەکەیدا دەنرا. پاش جیڕ و هۆڕی داخستنەوەی بەسەریاندا،»مام برایەم«ی ڕەقەڵە و پەیکەر کەتە و زلی دەساژۆی ئازارە ڕمۆکەکان، چاوێکی بەو کاروانسەرا تەمەن ڕەنگبێ دوو سێ سەدەییەدا گێڕا و ساویلکانە زەردەخەنەیەکی جرپن دایگرت، تەواو بە پێچەوانەی کپ و ماتییەکەی جارانی، تۆز و خۆڵی دێرینەی کشوماتییەکەی تەکاند و سەرزەنشتئامێزانە تەماشایەکی کردن و وتی: کوڕینە ئیدی ئێمە لە هەسارەیەکی تردایـن ! دەفرێکی فڕەک هاتە سەر زەویی و ڕایفراندین و سەری خستینە سەر ئەم مەڵبەندە دوورەی ئاسمان! لە چاوتروکانێکدا ئالێرە ئابڵووقەی داین! تکاونزای ئەوە بکەن هەر خۆی وەخت و عەیامێکی تر بێتەوە و دەربازمان بکات!..پێش هەموو کەسێک دووچاری بەدئومێدییەکی سیزیفانە بوو.

بە ڕەفتارێکی کۆمیدییانە، وەکو دایکێک چۆن ئێوارەوەختە بەرۆکی خۆی دادەدڕێت و دووعای شەڕ دەکات، ئاوا سینە وەک کولێرە بەیاتە وشکەوەبووەکەی هەڵماڵی و بە کڕووزانەوەیەکی تابڵێی سەیر دەستی دووعاونزای لێ بڵند کردەوە و کەوتە لێو جووڵاندن و پاشان بە مەلوولیی سەری شۆڕکردەوە، بێئەوەی کەسیش چاوەڕوانیی ئەوەی لێ بکات دایە پرمەی گریان! مچوورکێک لە تەوقی سەری ئەمەوە مێرووڵەی کرد و خۆی گەیاندە پەنجەکەڵەی پێی. هەستی بە بنج بەستوویی کات و شوێن کرد. کەوتە ختووکەدانی دەروونی داماو و حەپەساوی خۆی: ئیدی ئەو جمووجووڵە کەمەی ژیانیشی هەیبوو لێرە لە گەڕ دەکەوێت. گاهێک وەگەڕ و تین دەکەوێتەوە ئەو دەرگا تەلیسماوییە بەدووی خۆدا بەجێبێڵم! ڕەنگبێ ئەوسا نەینۆکی تەمەن لەم زیووە ژەنگ هەڵهێناوەی خۆی پاقژبێتەوە!..ئەو قەڵاتە مێژوویییە زیندەگیی کەسیرە کرد و کرەکیی پێبەخشیی. گۆرانی چڕین، خوێندنەوە، چوونە سەرپێشاوی دوای نیوەشەو، بە مانگ قەند نەبینین و جگەرە نەکێشان و زۆر شتی دیکەیش پاوان بوون و لێی بێبەریی کرابوون. کە جگەرەیان دەهێنا، پارەکەیشیان پێشەکیی لێ وەرگرتبوون کەچی مەراقیان دەدانێ و دابەشیان نەدەکرد. جاری واهەبوو حەوتوویەک، دە ڕۆژ دابەشکردنیان دوا دەخست، ئەمە جگە لەوەی هێند کۆن و ستۆک بوو دەبوایە بە هەڵمی ئاو، یاخود هاڵاوی چا شێداری بکەنەوە هەتا بۆ کاتی کێشان مژوقومی بە ئاسانی لێوە بدرێت. لەو کاروانسەرایەی سەردەمی بۆڕدان و سەرفیرازبوون بنیاتنرابوو، دەبوایە شەوگاروڕۆژگاری گەمارۆدراوی تێدا بەسەر بەرێت و چاوەڕوانی شتێک بێت ڕەنگە هەرگیز نەیەت! جارجار بیری

دەچـووە وێـزەی»کاوە عەینەکـڕەش»و حاڵیـی نەدەبـوو بۆچـی ئـەو کەوتبـووە نـاو ئـەو لیسـتەیەوە کـە دووبـەرەی جـوداوازی دەگرتەخـۆ، بەرەی ڕیش درێژ و باوەڕدارەکان و بەرەی بێ ڕیش و بێباوەڕەکان! لـەوە خوردبـووەوە کـە بـۆ خـۆی بـواری ئـەوەی تێدا هەبـوو، چونکـە هەڵگـەڕاوە بوو و لەبوونـی هەمـوو پیرۆزییەکیش گوماندارببوو و وەرامی قایلبەخشـیش سـەراپای پرسـیارەکانی نـاوەوەی نەدەتاسـاند. بـژاردەی تـری شکنەدەبرد، دەکەوتـە وردبوونـەوە لـە گۆشـە و ئاسـەوارەکانی ئـەو کۆشکە پشتیرئاسـایە. ساپیتە و میچەکانـی گومەزیـی بـوون، لەڕاسـتییدا بریتـی بـوو لـە چـەردە ژوورێـک و چەنـد هۆڵێـک، حەسـارێکی هـەراو و حـەوز و ئەسـتێڵێکی مامناوەندییش لـە ناوەڕاسـتییدا قوتببـووەوە. ئەڵبەتـا زەمانـی خـۆی ژوورەکان بـۆ حەسـانەوەی کاروانچییـەکان فەراهـەم کرابـوون و هۆڵەکانیش، دیارە تەویلـەی چارەویی و وڵاخەکانیـان ببوو. سـەرەتا هـەر لەسـەر زەوی و عـاردی ژوورێکـدا شرۆشـاتاڵی خـۆی ڕاخسـت و ماوەیەکـی ئـاوا بەسـەر بـرد و لـە جـاران زۆر بـێ تاقەتتـر بـوو. لەبـەر ئەوەیـش لـەو ماوەیـەدا یەکەمیـن هەوڵـی هەڵاتـن درا، ئیـدی نەیانهێشـت لەوێندەرێدا بمێننـەوە و گوازرانـەوە. بیسـت و پێنـج شـەوی ڕەبـەق خەریکـی هەڵکۆڵینی دووسێ کاشـی گـەورە و پتـەو بـوون و لـە سـووچێکی شـوورە هەشـت مەتـر بـەرز و یـەک مەتـر ئەسـتوورەکەدا چەنـد دانەیەکیـان سەرشـەقانە کەوتبوونـەکار. گـەر وا نەبوایـە زەفـەر بـەو ئەسـتوورایی و تۆکمەییـە نەدەبـرا. ئـەو سـووچەی درزێکـی تێـدا بـوو، بـە شـلۆق کردنـی ئـەو دوو سـێ کاشـییەیش کەلێنێکـی گـەورەی تێدەکـەوت و ئـەوەی بیویسـتایە پیایـدا دەربـازی دەبـوو. ئـەو شـەوەی کاشـییەکان چەشـنی ددانـی کلـۆر دەرهاتـن، لەوەکانـی پێشـووتر

نەدەچـوون، گەلێـک دزێـو و شـووم دەکەوتنـە بـەر بینایـی و مرۆڤیـان بەسـەخڵەتیی و دڵتەنگیی دەسپارد. کۆشـش و هەوڵی ڕاکردنەکە سـەری نەگـرت و هەمـوو ئەوانـەی گەرەکیـان بـوو هەڵبێـن و هەمـوو ئەوانـەی هەوڵـی ڕاکردنیشـیان نەدابـوو دەسـتگیرکران و پتـر لـە دووهـەزار دەستڕێژیان بەسـەر سـەر و بەملاوبەولایاندا شـەققژن پێکرد و لـە سـەد جـار پتـری فەرمانـی هەڵسـانەوە و دانیشـتنەوە پێکردنـی پیـاوە کوڵەبنـە سەروسـیما منداڵکارانەکـە لـە ئەژنـۆی خسـتن و لـە جارێکیـش زیاتـر کلکـی دەمانچەکـەی دەسـتی بـە شـانوپیل و ئەسـتۆ و سەروپشـتیاندا هاتـە خـوارەوە. هەموویـان ڕیزکـران و هـەر حـەوت نەفـەر نەفەرێکیـان لـێ داتووکانـدن، دانیشـتووەکانیان جـوێ کـردەوە و بڕیـاری کوشـتنیان دان! ئیدی مەگـەر هـەر ئـەو خوایـەی سـەدەیەک پتـر بـوو بڕیـاری گـۆڕ گومبوونـی درابـوو نەزانێت چ شـین و شـەپۆڕێک ئـەو گۆڕەپانـەی داگیـر کردبوو. چەنـد دەسـت کەوتـە ژێر چەکمەکانیانـەوە و چەندین دەسـتڕێژی تریـان بـە پەنـا گوێیانـدا کـرد و دواییـش پاشـگەزبوونەوە و ئـەو کارە تاقـەت پڕووکێنەیـان لەگەڵـدا کـردن، هەسـتن، هەسـتن..دانیشـن، دانیشـن.. هەسـتن، دانیشـن، دانیشـن، هەسـتن..و پاش ئەوەیش لەسـەر زگ لەنێـو ئـەو گڵ و خاکـەدا درێژیـان کـردن و بـە خشـکە خشـک دەبوایـە بـەو زەوییـە بەردەڵانـەدا سەرتاسـەری حەوشـەکە تـەی بکـەن. سـەعاتێک، دوان، دوان و نیو..هەتـا بەرەبەیـان ئـەو کەشـە گورچکبـڕە درێـژەی کێشـا، هەبـوو دەگریـا، دەینالانـد، دەینەڕانـد، دەیبۆڕانـد، دەیقرووسـکاند، هەبـوو دووچـاری هیسـتیریایەکی توندوتیـژ ببـوو، حیلکـە و قریـووەی پێکەنینـی دەگەیشـتە تەشـقایی ئاسـمانی بـێ جریـووەی ئـەو شـەوە، هەبـوو لـە ئیمـان و بـاوەڕی هەرگیـز لـە ڕووخـان نەهاتـووی خـۆی

چاوپۆشیی دەکرد و تژی ئەشکەوتی زاری نەفرەتی بۆ پیرۆزییەکانی دنیا دەنارد. دوای ئەو پەتپەتییەی بە سەریاندا هێنان، وڕوکاس و نیوەمەرگ ببوون و سەربازەکانیش ئەبڵەق و هەندێجاریش خەنی، لە سادێتییەکەی خۆیاندا غەرق ببوون. بسکەبسکی چاویان دەهات، ئاسایی بوو بەو دۆخەی بۆ ئەوان هێنابوویانە کایەوە تێروپڕ لە قاقای پێکەنین بدەن و ئاساییش بوو کاتێ وتیان: هەمووتان ڕاکەن، ڕاکەن، خێرا، هەر یەکە و بڕواتە ژووری، دۆشەگەڵەیەک، یاخود پەتوویەک پتر نەهێنێتە دەرەوە..دەی، دەی...کە گەڕانەوە، وتیان هەر لەو جێگایەدا بخەون. نەیزانیی بەتانییەکە بە خۆیدا بدات، یان بیخاتە ژێری؟ گرنگ ئەوە بوو ئەو یەک دوو سەعاتەی سەرەتای کاڵبوونەوەی نووتەکیی و جەوقووتییەکە پشوویەک بدات و هەرچی چۆنێک بووە بە زەبری شەکەتیی و سڵەمینەوە و تۆقین لەو مۆتەکە کرێتە خەوی لێ بکەوێت. لەگەڵ خۆرکەوتندا بە تۆپزیی لە خەو ڕاپەڕێنران، ئەوانەیان نەبینییەوە کە بە ئەرکی هەڵکۆڵین و دەرهێنانی کاشییەکانەوە سەرقاڵ ببوون. لە نێوانیاندا ڕەوی بوونەوە و نەمابوون. هەر لەو شەوە بەدواوە، هەموو بیرکردنەوەیەک لە بارەی هەڵاتن و سەرلەنوێ لە دایکبوونەوەیان بۆ یەکجاریی لەبارچوو!

ئیدی لە چاوەنۆڕییدا خەون ببووە پیشەی سەعاتە ئەستەمەکانی و دڕی بە ئاگایی و نائاگاییەکەی دابوو. خۆ دانەدەست سەرنوێشت و هەڵکردن لەو ئەفسانەسەرایەی سەردەمانێک جێگای هەدادانی کاروانچیی و چارەوییە داهێزراوە شەکەتەکان بوو، تابڵێی دێرین و داڕزاو و ترسناک بوو. ساپیتەکانی، دیوارەکانی، تاقەکانی، دەتگوت

گیانێکــی گەڕوگــوڵ و کەڕواویــی و قورماویــی ئاوقایــان بــووە. نــە دەنگــی دەگەیشــتە کــەس و دیــوی دەرەوە، نــە دەستیشــی پــێ درێــژ دەکــرا و دەیتوانــی لــەو دێوەزمــە تۆقێنــەرە خــۆ ڕاپســکێنێت. ئیتــر هەمــوو ئانوســاتێک فـرە خواســایی بــوو ڕووداو و پێشــهاتێک بهێننــە بەردەمــی و لــە ڕێگــە ئەســتەمەکەیدا بیکەنــە کۆســپ و تەگــەرەی ئەســتەمتر و هەڕەشــە و گوڕەشــە بــۆ دەروونــی. ئێــواران بــە تایبەتــی ئەگــەر گەرەکیــان بوایــە گۆڵمەزێــک بســازێنن، بڵاویــان دەکــردەوە، لــە هەموویشــیان پتــر کورتەباڵاکــە ڕایدەگەیانــد: پەلامــار و هێرشــی ئاســمانییە، خێــرا شــیوەکەتان تەواوکــەن، ئەلەتریــک دەکوژێتەوە!..ئــەم لــەوە دڵنیــا بــوو ئەلەتریکی کاروانســەراکە بــە هیــچ شــوێنێکی دیکــەوە وابەســتە نییــە، بەڵکــو ســەربەخۆیە و هیچــی دی. بــەڵام چــار نەبــوو دەســتوبردی دەکــرد و ئەوانــی دیشــی دەبینیــی چــۆن بەلــەز و بــێ جوینێکــی تــەواو خواردنەکەیــان ئاودیــو دەکــرد و خۆیــان بــۆ شــەوێکی ئەنگوســتەچاوی درێــژ کۆدەکردەوە و دەچوونــە ســەر جــێ و بالینگــەکان و هەڵدەترووشــکان. تــرس و لــەرز و زەنــدەق چوونــی لــێ دەردەکــەوت و دەیزانــی هــەر یەکــە و بیــر لــە خــۆی دەکاتــەوە. خاترجــەم بــوو ئــەم هێرشــەیش وەکــو ئەوانــی دی بــۆ ســەر ئەمانــە و: ئاخــۆ ئــەم ئێوارەیــە کــێ دەکەوێتــە تەڵەوە؟..ئــاوای بــە خــۆی دەوت و ئیــدی دڵەڕاوکەیەکــی بێســەروبەر دەیورووژاند. چاکترین شت کــە پێی هەڵدەستا، بێداریی لــە مێشــک و چــاو و ئەندێشــەی دادەماڵیی و بەتانییەکــەی لەخــۆوە دەئاڵاند. زۆرجــار هەســتی دەکــرد هەمــوو قــەوارەی بووەتــە پێیەکــی زامــدار و پێچراو..خــەو، هەرچەنــدە بــە ناڕەحەتیــی و بێهەدادانییــەوە دەنووســت، ببووە ســەرچاوەی دەربازبوون و تاڕادەیەکیش دەیتوانی تیایدا قورتمی

لــە چڕنووکــی مۆتەکــەی دیــوار و میــچ و داد و فیغانەکانــی دەرەوە و لــە تاریکیــی بێپــەروای بــارودۆخ و کەشــەکە ڕاپســکێنێت. بێگومــان ئەمەیش خۆی لە خۆیدا تووش بوونەوەیەک بوو، چونکە خەونەکانی دووبــارە دەبوونــەوە بــە مۆتەکــە و قوڕقوڕاگەیــان دەگرتــەوە. دەبوایــە بــۆ چنگگیرکــردن لــە بێداریــی، ســەنگین، ســەنگینتر، پەلەفرتــێ بــکات. لەنێوانــی خــەو و کێشــکدا تاســابوو. هەمــوو بیرکردنەوەکانــی ببوونــە نەخشــی ســەر ئــاو و بەردێــک، خشــپەیەک، هەڵکردنــی شــنەبایەک، جــێ لەقــی دەکــرد، شــلوێ دەبــوو و تاریکایــی بەگــژدا دەهــات. ئــەو شــەوە جیــرەی ســامناکی دەرگاکــە  شــەباقەیەکی مەزنــی خســتە ســەرییەوە و تەزوویەکــی دێوانــە و بەتینیشــی بــە ســەرتاپایدا ڕەوانــە کــرد. لایتێکــی دەســتیی و چەنــد تاپۆیەکــی ســرتە ســرت کــەر، هاتنــە سەرســەریان و لوولــەی تفەنگەکانیشــیان ســایەی دڵڕەقییــان بــە ســەریاندا دا. دەنگێکــی قەبــە و بــە فەرمــان ئــاووس شــیتاندی: کــەس نەبــزوێ، هەمــوو بێدەنــگ دانیشــن!.. بێگومــان نــەک هــەر نووزەیشــی لێــوە دەرنەهــات، بەڵکــە کــەڕ و لاڵ  چینچکەیــان لــێ کــرد. زۆربــەی جــار ئــەو بــارە شــلۆق و مووچڕکاوییــە دەســتی بــە ســەردا دەگرتــن و شــەونخوونییەکی زاڵمیــان پــێ دەبەخشــیین. گوێبیســتی شــین و شــەپۆڕی دڵەکانــی تەنیشــتی بــوو، دەیــان پرســیاری ماقــووڵ و ناماقووڵیــش وەکــو تێســکەی تفەنــگ بــە مێشــکیدا ختوورەیــان کــرد و دوای دارشــتنیان لــەلای خۆیــدا، لێیــان پاشــکەز بــووەوە. لەپڕێــکا کورتەباڵاکــە هاتــە ژوورەوە و لــەو ســەرەوە لێیدا بۆ ئەو سەری هۆڵەکە و چەندینی لێ بە شەوارە خستن. یەکێک، گــەرای تــرس لــە دەروونییــدا هەڵهاتبــوو دەتگــوت شــەقشــەقەی دەســتی زارۆڵێکــی مزیــڕ و هاروهاجــە و بــێ وەســتان ڕادەوەشــا. بــە ســەریدا

نەڕاندی و چووە دەرێ، ئەوانی دیش کە بەدوویدا هاتبوونە ژووری بەدوویدا وەدەرکەوتن. هەموو چاویان بە کلۆمی دەرگاکەوە ئالا و تێبڕامان. شلپ و هوڕێک بەرزبووەوە. بەوەدەچوو «مام برایەم» لە ئاوی ئەستێلەکە هەڵبکێشن. گوێی لێبوو، لە ئاوەکە دەریان هێنایەوە و ئینجا هاوار و داد و بێداد بەرزبووەوە. کۆمەڵە میلێک پێکەوە کەوتنە قرتە قرت و خرانە سەر پێ. شریخە و ڕمبەکان هەڵچوون، پاش ماوەیەکی کورت هەر قۆنداخە تفەنگ بوو دەکێشرا بە شانوپیل و سەروپۆتەلاک و ئازای گیانی و ناڵە و کڕووزە کڕووزی تا دەهات زیادی دەکرد و نووزە و فریادی لەمدیو دەرگا داخراوەکەیشەوە دەبیسترا و ئازارێکی گەورە و کەلێنێکی لەویش گەورەتری بە ویژدان دەبەخشیی. پاش نیو سەعات خۆ داکرۆژتن و لە حیرس و بێ دەسەلاتییدا کەفچەڕاندن، شەوی بێ سرتە بووە پەناگای داهێزرانە بێڕادەکەی و بێداریی ئەمیشی لە خۆڵەمێشی ئارامییەکی بێتام وەردا. ڕۆژی پاشتر، چاوەکانی بوونە ڕەوەندی ناو هۆڵەکە، دۆزییەوە، لەوێ لەسەر جێگاکەی چنجۆکی لێ دابوو، لێی نزیک کەوتەوە،»مام برایەم»ی کوێرەوەر و بەدبەخت سەرتاپای لە خەڕەک هەڵکیشرابوو. ڕەفیسکەی خوێنی دەلاندبوو، لاجانگی قرنجابوو. کە زۆری پێداگرت و لەسەر سۆراخ ڕۆیشت، نیگایەکی خلووپانی ماندوویێتیی هەڵبڕیی و بە گەرووییەکی هەنسک چنگ لێ گیرکردووەوە هاتە دوان: تەمبێیان کردم، نازانم چۆن چاویان لێ ببوو!..قسەکەی پێ تەواو نەکراو، بینێکی هەڵکێشا و چەناگە ڕەقەڵە و درێژکۆڵەکەی خستە سەر سینە پڕ هەنۆکەی و کوڵ گرتی. یەکێک لە گۆشەی چەپی هۆڵەکەوە تابیری لە حەپەسانی هەمووان کرد و وتی: چییان

دیتبوو؟..وەکو ئەوەی نیوەی گیانی کێشرابێ، بە هێواشیی سەرێکی بڵند کردەوە، درکی بە قوڵپەی دڵی کرد و چاوەکانیشی جەستەی ئازاری ناوەوەیان ڕووت دەکردەوە، لە جاران کزتر و بێمەیلتر وتی: نەمزانی لە کوێوە منیان دیتبوو..ئەشک دیسان مەودای نەدا چیدی بڵێت و هەموو شتە ڕووالەت گرتووەکانی تریشی سڕییەوە. ناکاو دوێنێ نیوەڕۆ کەوتە نێو بۆسەی بیرییەوە و زیندووبووەوە. هەر تەنها وتی وازم لێ بێنن، مەمدەن بە قەڵبەیەکدا، کەچی ئۆخژنێک لە سیپەلاکی هەموویاندا کەوتبووە باڵەفرێ و بە خودسەریی هەڵیانساند،»مەحموود ساندۆکان»دەروێش عەبدوڵلایەکی تر بوو بە دەنگە فریوودەرەکەی خستییە هەلەکە سەما، سەمایەکی دڵنەواکەری سەرزیندە و بێوێنەی ئەوتۆ کە گۆمی شادییەکی کاتیی شڵەقاند و چەند ساتێک چەشنی زاڕوزیچ بەدەم قانەقدیلەی پێکەنینەوە تەلبەند و دیوارەکانیان بیرچووەوە.

پاش بێئومێد بوون لە سەرکەوتن و نزمبوونەوەی ڕێژەی هەوڵدانەکانی ڕزگاربوون بۆ سفر لەو شووره قایم و مەحاڵ ئاسایە، ئیدی هێدی هێدی کەوتە بۆتەی دامرکانەوە و خۆدانەدەست چاوەڕوانییەکی لە براننەهاتوو و سەرەنجامیش نادیار! بەشبەحاڵی خۆی گەلێک بیری لە کات و شوێن دەکردەوە، دەرەوە و ناوەوەی دەدایە بەر ئاوێنەی بەراووردکردن و دەگەیشتە ئەو ئاکامەی هیچ جوداوازییەکی بەدی نەدەکرد. لەو خاڵە زەمەنییەدا گەیشتە سەر ترۆپکی ئەو بڕوایەی ئاوها بئاخفێت: سەرچڵییەک لەم جێگا بە هیچ شوێنێک نەتەنراوەدا ژیان لە مەترسییەکی پترەوە دەئاڵێنێت، وەکو ئەوەی زەردە بە

ئاسـۆی دەربازبـوون ڕەوابببینێـت! هیـچ سـەرچڵییەک شـایانی ئـەوە نییـە مـرۆ گوزەرانـی خـۆی پـێ مفـت بکات..ئەوسـا دوای تێفکرییـن و وچانێـک ئـاوا بەردەوامیـی بـە ئاخاوتنەکـەی دا: پێویسـتە سـەرچڵیی بـە هێووریـی و بەرگرییەکـەی خۆمـەوە نەکـەم و وزەیەکـی نـوێ و ئاسـۆیەکی لـە کاتبـەدەری پێببەخشـم..کەچی یەکەوڕاسـت دژی خـۆی هاتـەوە گۆ: بەڵام کە مرۆڤ لـە پێناوی ڕەهایی خۆیدا کۆشـش دەکات و گرنگتریـن سـەرمایەی خـۆی بەخـت دەکات ئـەو کاتـە پیرۆزتـرە!.. هـاوکات لـە خۆشـی پرسـیی: کام ڕەهایـی؟ ئـەوەی دەرێـی شـوورەکە؟.. ئینجـا دوای بیرکردنـەوە و درکێکـی تیـژ خـۆی لـەوە دڵنیـا کـردەوە کـە: ئـەی ئەگـەر نسـکۆیەکی دی بێـت، ئایـا ئـەوە دەهێنـێ دەسـتبەرداری ئـەو تاقە سـەرمایەیە بیت و لەکیسـی بدەیت؟ ئـەی ئایا سـەرەڕۆییەکی ئـاوا ناهاوسـەنگ شایسـتەی سـەرەنجامێکی چـاوەڕوان کـراوی وایـە؟ ئەمانـە و گەلێـک شـتی دیکەیـش سـۆراخی ئـەو مێشـکە بـوون کـە نازانـێ بـۆ هەسـتی دەکرد پێداویسـتیی بـەوە هەیـە لـە هەسـان، یـان زاخـاو بدرێتـەوە هەتـا بەرگـەی ئـەو چەقبەسـتوویی و شـەختەبەندییە بگرێـت کـە لەوانەیـە تـا ماوەیەکـی نادیـار لـە ڕاسـتیی جیهـان بـەدوور ڕایبگـرێ! چونکـە وای لێکدەدایـەوە دووچـاری ئەمنیژیایەکـی قـووڵ بووبێـت. نـەک هـەر پرسـیاری ئـەم، ڕەنگـە زۆربـە ڕوواوڕووی خـۆ و یەکدییـان دەکـردەوە و لـە سـانیدا دەستەوسـان دەبـوون. لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـە پنتێکـی ئەسـتەم و دژواردا یەکیـان دەگرتـەوە و هەمیشـە بـە ئیترانـی دەوت: جـا کـێ دەتوانـێ ئـەم قـەڵا سـەختە ببـڕێ؟ لـەو بـاوەڕەدام بەڕەنگاریـی کـردن بەرهەڵسـتیی هەمـوو نەترەیـەک دەکات و دەیبەزێنـێ! ئـەوەی دەچێتـە ئەودیـو.. دەیویسـت بڵێ..لـە شـەوگاری منداڵـدان و وێڵداشـی چارەنـووس هەڵەتـە

دەبێت و کێشی خۆی دەستەبەر دەکاتەوە، بەڵام زۆر باوەڕی بەم گوزارە پەندئامێزە نەبوو، بۆیە زۆر درەنگی نەکردبوو، بێدەنگ بوو، چیدی خۆی نەدواند. هەڵبژاردنەوەی کونج و جوغزی ئۆقرە باشترین گەمەی دووبارە بووەوە بوو. چاوەدووییش گەورەترین بازنەی بیرکردنەوە بوو، نەیدەزانیی سەرنوێشت چیدیکەی لە هەگبەکەی خۆی ناوە بۆی، چ ڕەشاییەکی لە ڕۆژگارە داهاتووەکان ڕفاندووە و بە بەرات بۆی هەڵگرتووە؟ نۆ مانگی ڕەبەق بوو لە وردترین شتی شارستانێتیی دوورەچاو بوو. ئازاریش وێنەی دراوێکی بێڕوو وابوو گیرفانە گەندە مووبینەکانی ڕۆحی دەقورساند و ژاوەی دەکردن لە گومانێکی باڵادەست و شکێنەری هەموو بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤ! ئامادە بوو بە پلیشاندنەوەی خۆی سەراپای تەمەنی بکات بە چەقی بەرگری کردنی لە دووریی و ناهەمواریی بارودۆخ. نۆ مانگ، نۆ ڕۆژ، نۆ سەعات، نۆ خولەک، نۆ چرکە، هەموو ژیانی لەم مەدار و چێوەیەدا دەخولێتەوە، وەکو ئەوەی هێشتا لە دایک نەبووبێت، یان هێشتا تام و چێژی ڕاستەقینەی ژیانی نەکردبێ! ئاخۆ کەی بە یەکجاریی لەو مەدارە نەفرەتییە دەترازێت و لانیکەم کاتییانە لە نیگای ئەو مەرگە ڕادەپسکێت کە چاوی تێبڕیووە و زەمەن بۆ لە ئامێزنانی واتایەکی ڕەندتر و دڵێکی میهرەبانتری دەبێت؟

ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی لەوانی تر ساکارتر بوو، تاقە جیاوازییەک هەر سەرما و قارسییە لە ڕادەبەدەرەکەی بوو. پێش سەرژمێریی، هاتوچۆیەکی سەیری قەرەووڵەکانی درک پێکرد. هەستێکی غەوارە و ڕمۆک ئاسمانی ناوەوەی دەستەبەرکرد. پتر هزری بەو مەزەندەیەوە

قاڵبــوو کــە: ڕەنگــە دەســتەیەکی دیکــە بهێنن!..بــەڵام وا نەکەوتــەوە، هاتنــە لایــان و نیــوی چــواردە کەســیان خوێنــدەوە. پێیــان ڕاگەیانــدن کــە پێویســتە بچنــە هۆڵــی ژمــارە دوو، دەســتوبرد خاوێنــی بکەنــەوە و شتومەک و سیپاڵەکانیانی بۆ بگوێزنەوە و بارگەی تێدا بخەن. ئەوسا بــۆ ســەرژمێریی چــوون و جارێکــی تریــش هەســتی بــەوە کــردەوە لــە مێگەلێکدایە و کەوتووەتە نێو دوو شوانی بێشەرم و بێئابڕووەوە، تەنها ســەریان لــە ژمــاردن و پاسکردن دەردەچــێ و هیچــی تــر. بــەڵام ئــەو ساتانەی دەگەیشتە پۆپەی ئازاری بە ژاریی تێڕامان و سووکایەتی پێکردنــەکان، ئــەو هەڵســوکەوتەی»مەحموود ساندۆکان»ی وەبیــر دەهاتــەوە، ئــەو ڕۆژەی کوڕێژگــە جحێڵەکــەی چێشــتخانەکەی بینیــی و چاوەکانــی کزربوونــەوە و ســیمای گــرژ و مــۆن هەڵگــەڕا، هەتــا ڕادەی نوقانــدن چاوەکانــی داخســت و بەبێئــەوەی ئــەم کتوپــڕ، تەنانــەت بەقــەد گەردیلەیەکیش چاوەڕوانی ئەو شتە بکات کە دەیڵێ، وتی:»خووسسە مەخــون، حــەق گشــتتان ســەندمە لــەم مەجووســانە!»..کە مەغــزای ئــەو وشــانە ســەدایان لــە هــزری دایــەوە، دەروونــی هێدییــەک سازگاربووەوە و هەدادانــی تێگەڕایــەوە. هەرچەنــدە کاتییانەیــش بــوو، بــەڵام بێشــک کەڵکــی بزەیەکــی درێژخایەنــی هەبــوو. ئەودەمــەی ســەرژمێرییەکە تەواوبــوو، لێپرســراو ڕووی دەمــی تێنــان و وتــی: کۆمەڵــەی هۆڵــی دوو بچنــەوە شــوێنی خۆیان..ئەمانیش ڕوویــان کــردە شــوێنەکانی خۆیــان و قەدەرێک خەریکی سازکردنەوەی بوون، کابرا لەپڕێکدا هاتە ژوورەوە و وتــی: خێــرا خۆتــان تەیــاری ڕۆیشــتن بکەن!..ئــەو بگــرە و بەردەیــە بەشــێوەیەک ڕوویانــدا ئەمیــان خســتە بارێکــی زۆر دژوار و ســەختەوە. نەیتوانــی پێناســەیەکی ئــەو وەختــە هەڵبــزڕکاوە بــکات! چــی ڕوویــداوە؟

چی ڕوودەدات؟ ئەمجارە بۆ کویێ دەبرێن، ئاڕاستەی ئەم ئامادەبوونە ڕووە و کوێندەرێ دەڕوات؟ تۆ بڵێی هەتا سەر چارەنووس هەر ڕوو لە نادیار بێت؟ ئەو کاتە گرنگ ئەوە بوو ملکەچی فەرمان بێت و چی بەسەر ئەسکورددا سەپێنرا بەئەنجامی بگەیەنێت. بێ گیروگرفت، بەڵام بە بەرپاکردنی نەختێک هەراهەرا تەیاربوون و پێش کەوتن. لەبەر ئەو دەرگایەی سەدانجار و پتریش بیری لەوە کردبووەوە: ئەگەر یەکێک بەدووی خۆیدا جێی بهێڵێت، نەک هەر ئاسوودەیە، بەڵکە سەرلەنوێ ژیان دەستپێدەکاتەوە و وێیشناچێ جارێکی تر لێی ببزرکێتەوە!.. بێگومان ئەگەر ئەوە دواهەمین قەڵای دنیایش بێت کە دەیبینێت! پشکنین دووبارە دەستی پێکردەوە و هەندێک پەڕە یادداشتی ڕنووسکراوی پێ گیرا و دەستبەجێ زیواڵ زیواڵ کرا. دڵنەوایی خۆی بەوە دایەوە کە: لە ڕووپەڕەکاندا دەتوانن پیت و وشەکان پەڕاگەندە بکەن، وەلێ لە یادگا و ئاوەزمدا نەمر دەمێننەوە.. دوای ئەوەی دەرگاکەیان بەدووی خۆیاندا بەجێهێشت و لەنێو پاسە کەسکە تۆخەکەدا جێگیربوون، بەبێئەوەی بڕوا هێشتاکە لەناخیدا جێگیر بووبێت، گەڕایەوە بۆ بە هەشتی ونبوو، بۆ»ئۆردووگای زوباهەن»ی شارۆچکەی کەرەج، هەروەکو نێوی دەبرد، مۆجیزەیەک بوو مێشک بە سانایی قبووڵی نەدەکرد. هەر دەتگوت پسووڵەی لێبووردنی لە دۆزەخ پێدراوە و ڕووە پێچەوانەکەی هەرکوێیەک بێت بەرەو ئەوێ کەوتووەتەڕێ و پاسەکەیش بە گڕە گڕ مارسلیزی کۆمۆنەی خەوی لە سەرانسەری ڕێگاکەدا بۆ دەژەند و نوقمی خەوێکی قورستری دەکرد.

لەودیـوی دەروازەکـەوە بـە ئەزموونێکـی باڵاتـرەوە گرنگیـی هـەردوو دیـوی شـتەکانی بـۆ بەرجەسـتە دەبێـت. لەودیـودا چ جـۆرە شـتێک ڕوودەدات؟ نیازی وابوو ئاژاوەی دوور و بێسەروبەری دیوی ناوەوەی بخاتـەڕوو و ئـەو ئاشـکراکارییەیش ببێتـە بەشـێک لـە خۆتاقیکردنـەوە و بەردیدەکانی بتەنێت. پاش ئەو کولەمەرگیی و کلۆڵییە ئیتر پێی لەسـەر تاقە شـتێک دادەگرت! ڕیشـی بـەردراو، قژی ئاڵـۆز و بلـۆز و شـۆڕەوە بـوو، تاڕادەیـەک ڕێـگا ڕۆیشتنیشـی لـێ دەبـزڕکا. ڕامانـی بێجگـە لـە غەوغـا هێمنەکـەی هەمـوو شـتێکی واقیعەکـەی خواسـایی دەهێنایـە بـەر چاوەکانـی. شـتە بـە واتـا و ڕەنگەکانیـش، چونکـە بوونیـان زەقتـر و بەرجەسـتەتر بـوو لـە نێویانـدا نامـۆ بـوو. چـۆن ئـەو چەرمەسـەرییەی دەبـوارد و سـەلامەت لێـوەی دەهاتـە دەرێ؟ ئەمیـش وەک ئەوانـی دی بـە ئاسـەواری هەندێـک بیماریـی و دەروونێکـی شـڵەژاو و ناڕامـەوە گەیشـتەوە نێـو چوارگۆشـەکەی یەکـەم، ڕێـک ئـەو شـوێنەی لێـوەی دەسـتی پێکردبـوو! ئیتـر دەبـوو لێکـدا لێکدا تەقـەلای ئـەوە بـدات لـە پاشماوە و شوونی ئەو دوورخرانگە نەفرەتییە بتەکێتەوە و بڕەخسێت. زۆر بـە چاکیـی دەزانێـت ژمـارە و پێوەرەکانـی وەخـت لـەم جوگرافیـا زەبەللاحـەی ڕۆژهەڵاتـدا هیـچ بەهایەکیـان بـە خـۆوە نەگرتـووە، ئـەو ئاژاوە پەرشوبڵاوەیشی هەرچەندە لەسـەر گیانی گەندەموویینی یادیدا بسـرەوێت بەتەنگـەوە نایـەت. بـەڵام ئیسـتەرەم ئـەوەی لـێ ئاشـکرایە پاشـوەخت دەسـڕێتەوە و بێچەندوچـۆن لـە ڕۆژگارەکانـی هاتوویشـدا نۆسـتالژیا ختووکـە نـادات. ڕەنگـە ببێتـە زایەڵەیەکی دووری ڕابـردووی هەمیشـە ئـاوەدان، ڕەنگیشـە ئـەو یـادەی بـە یادگاریـی زۆر و زەوەنـد پرزۆڵ پرزۆڵ بووە ڕیشـە لەنێو ڕەوینـەوە و پەرتبوون دابکوتێت. پێش

ئـەوەی شتەکانیشـی لەباربچـن لـە هەڵدێـری هەپـروون بـە هەپرروونـی ناخـی خۆیـدا گردیـان دەکاتـەوە و فشـارێکی بێپایانیـان دەخاتـە سـەر، لــە خاڵێکـی هەسـتەوەردا پەنگیـان پـێ دەخواتـەوە و مۆڵیـان دەدات، پەیـی بـەوە نابـات بۆچـی ناتوانێـت هاودەمێـک بدۆزێتـەوە و بیـکات بـە ڕێژگەیەکـی خۆشـڕەوت و لەسـایەیدا وەک دەردەدڵ هاڵیانبڕێژێـت؟ جاروبـار بیـر دەبێتـە تاقـە ئـاواڵ و کوڵمەکانیشـی دەبنـە دێبەرێکـی میهرەبـان و چەندەهـا قافڵـەی ئاویـی لـە ئامێـز دەگـرن. کـە ئـەو قافڵـە ئاوییانـە شـتەکان هەڵدەچووێنێ، ڕێچـەی گەورەبـوون دەگرێـت و دوێنـێ بەجێ دەهێڵێت. تادێت نهێنیی شـتەکانی لێڵتـر دەبێت، ئەگەرچـی وێنـەی کاملێـک هەڵسـوکەوتی لـە گەڵـدا دەکرێ، بـەڵام هەمیشـە وێنـەی منداڵێـک لــە خـۆی ڕادەمێنـێ. پیـاو، منداڵ..منـداڵ، پیاو...جەزرەبـە بـە ڕۆحـی دەگەیەنـن. دەزانـێ ئێسـتا ئیـدی بـێ ئەملاوئـەولا لـە یادگـەی یەکێکـدا حەتمـەن بـووە بـە بیرەوەرییەکـی گـەش و خۆشەویسـتێکی بـە نەمریـی گەمارۆدراو. چەند دڵشـادی ئاووڕدانەوەیەکی خێرابوو، ئاووڕدانەوەیەک بـواری بدات جارێکـی تـر مەشـخەڵان و قەفـە دووکەڵـی چڕی سـووتانی بەفیڕۆچـووی گازی شـارە دوورەکـەی ببینێتـەوە کـە ڕەنگـی هـەر بـە ڕەنگـی هەتـاوی شـەکەتی ئێـوارەی ڕۆژە مەلوولـەکان دەچـوو. دەرزی ئاژنەکانـی بێداریـی یـادی چـاوە گلکردووەکانـی هەراسـان دەکـەن. خـەو، چاوەکانـی وێکدێنێتـەوە، بـەڵام ماندوێتییەکـەی دەسـتەمۆ نـاکات، برینـە سـەرتاپاگیرەکانی ناوەوەشـی کزرناکاتەوەوخـۆی بەبرینپێچـی ئەستووری تاریکایی ئابڵووقە دەدات، بە خۆی دەڵێ: بەیانی دەبێ زوو لـە خـەو هەڵسـم!..دەبێ چەنـد جارێـک دووبـارەی بکاتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە یادنامەکـەی، لـە سـەعاتە بایۆلۆژییەکەیـدا تۆماربێت..ئیـدی وەختـی

وەشاندنی بیرەوەرییەکان هاتووە و دەبێ بە ڕووپەڕەکان بیانسپێرێ! جارێکی تریش دووبارەی دەکاتەوە هەتا بیکاتە ئەڵقەڕیزی دەروازەی یاد، بەڵام لە ناخەوە لە قاقای پێکەنینێکی بێزراوانە دەدات، هەرچەند دەزانێت کە گەڵای زۆر شت کەوتوونەتە بەر گەڵاڕێزانی بیرچوونەوە و هەڵوەرین، کەچی خۆی لە خاڵێکی گەلێ گرنگ بەئاگا دەهێنێتەوە و دەڵێت: پێویستیش ناکات سەرلەبەری پەڕاوێک بکەم بە گرتووخانەی یادوەرییە کەڵەکەبووەکان، هەر هێندە بەسە قەوارەی خۆمم بۆ تەرخان کردووە، لەوێدا شتەکان مۆرکی ڕابردوویان بە هەردوو دیوەکەیەوە وەرگرتووە، گەرچی تەنها یەکدیوی هەیە، دیوێک، تاڵاو پیایدا گوزەر دەکات و دەمکات بە جەستەیەک تەنها و تەنها بە زراوێکی تابڵێی زەبەلاح بچێت و هیچی دی..

کە دەگەڕێتەوە بۆ »ئۆردووگای زوباهەن«ی شارۆچکەی »کەرەج«، نامەیەک چاوەڕێی دەکات. نامەیەک، هەموو هاوکێشەکان دەگۆڕێت و ناهێڵێت جارێکی تر سڵ لە نائومێدیی بکاتەوە، نامەی ئەمەکداری مستەفایە، مستەفا گەرمیانیی، کە لە شاری ژنێڤەوە سێ مانگ بەر لەوە بۆی ناردووە و نەگەیشتۆتە دەستی. بەڵام دەبێ تەنها و تەنها لە ڕێگای «شێخ کامیل»ەوە زانیبێتی..»شەماڵ» هەر دەمودەست دەیداتێ. لە هۆڵە بێتانوپۆکەدا زۆر لێی وردەبێتەوە، وەکو ئەوەی ناوساجی ناو تاوەیەک ئەمدیو ئەدیو بکات، چەندین جار ئەمدیو ئەودیوی دەکات، چەند جارێک تێبینیی سەر زەرفی نامەکە، کە مێروولەئاسا بە خەتێکی شکستە نووسراوە تا لەو ڕووبەرە کەمە جێگای ببێتەوە، دەخوێنێتەوە کە ئاوا دەست پێدەکات: ئاقا نیهاد،

سەلام. من بۆ ماوەیەکی کەم هاتوومەتەوە ئێرە، بۆیە نازانم دەتبینم، یان نا، ئەگەر ئەم نامەیەت هەتا دەڕۆژی تر بەدەست گەیشت، ئەوا بەم ژمارە تەلەفۆنە پەیوەندیم پێوە بکە، تۆ لە هەر کوێیەک بیت من بۆ سەردانییت دێم، چونکە لێرە پێیان وتم تۆ بۆ ئۆردووگایەکی دوور دوورخراویتەوە و ناوی ئۆردووگاکەیشیان پێ نەوتم تا بۆ لات بێم، بەهەرحاڵ ئەگەر نەتتوانی ئەوا بۆ ڕێکەوتێکی تر یەکتربینین دادەنێین، ئەگەر ڕێکەوتێکی تر ڕێک بکەوێت و بەر لە لەدایکبوونی لەباری نەبەن. چونکە وەکو چۆن ئاقا موستەفا دەناسم و باسی تۆیشی بۆم کردووە، زۆر حەز دەکەم تۆیش بناسم، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت مشووری ئەوەم خواردووە پارەکەی موستەفات بگاتە دەست، بۆیە لای ئاقای»جەوادی نوسرەتیی»دامناوە، خەمت نەبێ، ئاقای نوسرەتیی باوکمە و باسی تۆیشم بۆ کردووە و نووسینگەی کۆمپانیاکەی لە مەیدانی شاعەبباسییە لە تاران و ئەمەیش ئادرێس و تەلەفۆنەکەیەتی...ئیتر بە ئومێدی دیدار- هومایۆن نوسرەتیی. دڵخۆشییەکی کاڵ دایدەگرێ و بە پەلە زەرفەکە هەڵدەپچڕێ و یەکسەر دەستخەتە جوانەکەی مستەفا چاوەکانی سەراباڵوو هەڵدەگێڕن و ئەوەی زۆر دڵشادی دەکات و ڕۆشنایی دەخاتە ئەو تاریکییەی ئەم هەموو ماوەیە لە دەروونیدا چێنراوە، ئەم وشانەن: نیهاد گیان سڵاو و خۆشەویستییەکی زۆر زۆر، بمبوورە درەنگ زانییم گەیشتوویتەتە ئەوێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە زانییم. ئەگەرچی من خۆم هەمووی نۆ مانگە توانیوومە لە پاکستانەوە و لە ڕێگای یوو ئێنەوە بگەمە ئێرە، بەڵام بەخشینی ئیقامە لەم وڵاتە زۆر لە زەحمەت زەحمەتترە، سەرباری ئەوەیش من هەر لە خەمی تۆدام، ئەگەرچی هێشتا

زمـان فێـر نەبوومـە، بـەڵام لـە ڕێـگای ئـەو برادەرانـەی بایـی خۆیـان زمـان دەزانـن، سـەردانیی لایەنـە پەیوەندیدارەکانـم کـردووە بـۆ ئـەوەی داوەتنامـەت بـۆ بکـەم، دەزانـم وەک مەحـاڵ وایـە، بـەڵام زاریکـە و فرێـی دەدەم، گرتـی گرتـی، نەشـیگرت خـۆ هیـچ زەرەرمـان نەکـردووە. خـۆ ئەگـەر پێیشـم نەکرێ ئـەوا هیچ نەبێ هەوڵێکـە و دراوە و ئـەو ڕێگایـەم تاقیکردۆتـەوە، بـەڵام هیچ هیچ خەمـت نەبێ، چونکـە مشـووری ئـەوەم خـواردووە ئەگـەر هـەر هیچیشـم پێنەکـرێ، ئـەوا قـەت ناهێڵـم بـێ پـارە بیـت، ئێسـتا بـەو بـرادەرە ئێرانییـەدا پێنجسـەد فرانکـم تەنهـا بـۆ مەسـرەف بـۆ ناردوویـت، هـەر بەدەسـتت گەیشـت نامـەم بـۆ بنووسـە و ئـاگادارم بکـەرەوە، بـۆ ئـەوەی ئاگامـان لـە یـەک بێـت و لێـک دانەبڕێین. زۆر شـتم پێیـە دەمـەوێ بۆتیـان بنووسـم، بـەڵام دەمـەوێ دڵنیـای ئـەوە بـم ئـەم نامەیـەت پێدەگات تاکـو لـە هەمـوو شـتێک ئـاگادارت بکەمـەوە. نیهـادی ئازیـز، دەزانـم چەنـێ ئـەم خەبـەرەت پێخـۆش دەبـێ بۆیـە هـەر دەبـێ بـەر لـە پێگەیشتنیشـی ئـاگادارت بکەمـەوە، ئاخـر هـەر بـۆ نوکتـە دایکـم هەمیشـە پێـی دەوتـم: کـوڕە مسـتەفا..کوڕە مسـتەفا، بەخـوا تـۆ نـۆک لـە دەمـت ناخووسـێ..هاهاهاها...وا خەریکی(دەنگـی پێـی ئـاو) ەکەی(سـوهرابی سـپەهری)م و هەرکـە لێـی تـەواو بـووم وەرگێڕانەکـەت بـۆ دەنێـرم هەتاکـو ڕای خۆتـی لەسـەر دەربـڕی، ئەگـەر بشـتوانیت بـەراووردی بکەیـت هـەر زۆر زۆر خۆشـحاڵ دەبـم. ئا بیریشـم نەچێت ئـەو شـیعرەی لـە گۆڤاری»پەیڤ«ی چاپـی لەندەنـدا بڵاوتکردبـۆوە وای لـێ کـردم قەناعەتـم بـەوە هەبـێ کـە شـیعر هێشـتا ئۆجاغـی ڕوونـە. ئیتـر هەروەکـو وتـم، سـەرباری دژوارییەکانـی ئێرەیـش هیـوادارم ببـم بـە ئومێدێـک بـۆ تـۆ، هیواداریشـم هەرگیـز لـە نووسـین پشـت سـارد

نەبیتەوە، چونکە تاقە سەرزەمینێک ڕێی دەربازبوونی ئێمەی پێدا تێپەڕ بێت، نووسینە..ئیتر تا نامەیەکی تر هەر شاد بە..مستەفا گەرمیانیی. ئیتر سۆز دەیگرێ، فرمێسک دەرگای چاوەکانی دەکەنەوە. لە خۆشییدا جار دوای جار دەیخوێنێتەوە، دەڵێی ئەفسوونی لێکراوە. تێبینیی سەر زەرفەکەش دووبارە دەکاتەوە، هەست دەکات بازنەکان گەورەتردەبنەوە و بەو بازنانە ناچن کاتی خۆی بە بەردی پانکەڵە لەسەر ڕووی گۆلاوی مەعدەنەکەی پشت گەڕەکەکەیان یەک لەناو یەک دەیهێنانە ئاراوە. ئینجا بۆ ساتەوەختێک سەوزییەک بەر دیدەی دەتەنێ و تاریکیی ئاییندەیش نەختێک کاڵتر دەبێتەوە.

ساتە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی ڕۆژێکی نوێ هەستێکی سرکی پێدەبەخشن، هەموو شتێک پێماڵ دەکات و گومڕاییەکی بێسەروشوێن و قێزەوون دەستەبەری دەکات، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی جارانەوە دەبوو ئەو دوورکەوتنەوەیە جحێڵییەکی بێ کەوشەنی بە ڕۆح و جەستەی ببەخشیبایە، موخابن خەمێکی سەرومڕی بۆ بەجێهێشت و ئەو تولازییەیشی زەوت کرد کە لە ساڵەکان شاردبوویەوە و پاراستبووی! لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژەیشدا ژیانی وەکو شاخێک دەبینێ وەرزەکان لە توانایاندا نییە ڕەنگوڕووی پێ ببەخشن، سێڵاو و هەرەسەکانی زەمەن دەبنە گەواهیدەری. ڕوخساری دووپاتەیەکی بێواری ئەو نان و ماست و چایە نابێت کە لەژێر ڕەشماڵێکی بنارەکەی دەرخواردی درا! هێندە بەو جۆرە دەیبینێ وازی ئەوەی تێدا دەخرۆشێ بیگۆڕێت ، بۆ هەتاهەتایە ئەگەر لوا، ئەگەر ژیا و دەربازیشی بوو ئەوا نەهێڵێت ئەو لێرەواری مووە، ئەو ڕەشماڵە

جێـگای خـۆی لـە تانوپـۆی هەڵکردنیـدا نەکاتـەوە و پەلوپـۆی بۆریـی بهاوێـت و بیربچێتــەوە. بـۆ دوورکەوتنــەوە و بەجێهێشــتنی ئێرەیــش، دەبێ قەمتـەر بخاتـە لمۆزی هەمـوو ڕیزپەڕیی و بیمارییـە کرمێوونـەکان. دەبـێ دەربەسـتی ئـەو شـتانە نەیـەت کـە هەمبـەری شـەقڵی قـۆرت و تەگـەرە دەگـرن. لەمـەودوا پێویسـتە ئـەو هاوکێشـەیە پێچەوانـە بکاتـەوە کـە لۆژیکـی دەخاتـە قۆزاخەیەکـی کرەکـەوە و پێویستیشـە دوای ئـەو هەنگاوانــە جــێ گۆڕکــێ بــە واقیــع و خەیــاڵ بــکات، چونکــە مــەودای میـان خەیـاڵ و واقیـع بەرتەسـک بووەتـەوە و لـە هەنـدێ جێـدا هـەر نەماوەتـەوە، نایشـتوانێت هەڵاوێریـان بکاتـەوە. نابێ لـە خـۆ سـاخکردنەوە سـڵ بکاتــەوە، دەبــێ ببێتــە هونەرمەنــدی پیشــەکارانەی ژیانــی خــۆی و بڕیــاری دروســتکردنی تابلۆیەکــی پانۆڕامییانــەی تــەواو نوێــکار و جـوداواز بـدات. نابێ بهێڵێـت ڕەنگـە تـازە ڕسـکاوەکان لـە چۆڕانـەوە و تـکان بـە فڵچەکانـدا هەڵبزڕکێـن! دەبێ ژیانـی وەکـو داسـتانە شـیعرێکی نـاوازە ڕنـووس بـکات، بـەڵام ئەمجـارە هـەر بـە تەنهـا ئـەم خوێنـەری نەبێـت. ژیانێـک دێوجامــەی چیرۆکێکـی لەبـەر بپۆشـێت، بوونێکـی تـر، بوونێکـی لـەم چەشـنە لەخـۆ بگرێـت، لـە زیادەڕەوییـدا ببێتـە داسـتانێکی خەمامێـز و تابـۆکان تیایـدا ڕەوببنـەوە، شـیرازەی لـە دەسـت نەدابێـت و لەگـەڵ هەڵکردنـدا یەکانگیـر بووبێـت و یەکـی گرتبێتـەوە، ئەگینـا هیـچ مانـا و دەلالەتێکـی جـوان لـە ناخـدا وەئـاگا ناهێنێتـەوە، دەبـێ دەنگێـک بێـت پەرەلێڵـی دەنگـی خـۆی، نـەک سـەدای دەنگـی ئەوانـی پێشـوو، ئـەو دەنگانـەی تەنهـا بۆشـیی و گەندەڵییـەکان وەئـاگا دەهێننـەوە. ئێسـتاکانە دەبــێ لــە قۆناخــی پــرد دروســتکردندا بگیرســێتەوە، پــرد ســەرلەنوێ لەنێوانـی خـۆی و هەمـوو شـتێکدا بسـازێنێتەوە، تەنانـەت لـە نێـوان خـۆی و

خودی خۆیشیدا پێداگر و ڕەوایە دانەیەکی پتەو و ڕوختە بئافرێنێتەوە. پێداویستییەکی گرنگە لەمەودوا لە دنیای هەنووکەدا هەڵبکات و یادوەرییە بەرجەستە و پێداگرەکانیش تووڕهەڵبداتە نێو وێڵگەی فەرامۆشییەوە! چرکەساتەکان دەماودەم بە گوێی سەرسامییەکەیدا دەچرپێنن: ئەمە خەونە، یان بەشێکی کەمی خەونێکی جەنجاڵی ناو ڕەنگە ئاوێتەبووەکانە؟..وەرامی نییە، بەڵام سایلی ئاژەڵێکی بوردەبار ئەم شتە ئەستەمانە لەسەر شۆستەی چاوەدووییەکی بەکوڵ کاوێژ دەکاتەوە. ناچارانە لەو ڕۆمانانە تێدەفکرێ ساڵانی پێشوو موتاڵای دەکردن، دوودڵە، نازانێت ئاخۆ پاڵەوانی ڕۆمانێکە، یاخود ژیان ئۆدیسەیەکە و هەموو کەسێک دەکاتە پاڵەوان؟ بەڵام پاڵەوانێکی ناکاغەزییانەی ڕاستەقینە..بەخۆی دەڵێت: من نەمدەویست ئەم شتانە بدرکێنم، نەمدەویست ئەم شتانە بڵێم کە سەرانسەر گوزارشت لە تاریکیی و بێهوودەیی و نەگبەتیی و کوێرەوەریی و مەینەتیی و بەلەنگازیی و کەساسیی دەکەن، بەڵام چیبکەم، دنیا هەر ئەوەی خستۆتە هەگبەکەمەوە. لەمە بترازێ. وێنەگەلێکی جیاوازی ئەم دنیایە شکنابەم، ئەم دنیایە مارێکە، ڕۆحم لەناو ژەهرەکەیدا مەلە دەکات، لەو باوەڕەدام هەرگیز نابێت بە شتێکی تر، یانی کاژ فڕێنادا و گۆڕانکاریی بەخۆوە نابینێت، جا خۆ مار ئەگەر کاژیش فڕێبدات هەر مارە! بێدەنگییەکی کتوپڕ بیرکردنەوەی دەخنکێنێ..ئەو دنیا ڕیئاڵەی گوازتبوویەوە نێو هزر و ئەندێشەی دەبێ دووبارە بیگوازێتەوە بۆ دەرەوە و جێگای سروشتی خۆی بگرێتەوە، بۆ بینینیشی ئیتر نابێت سەیری ناوەوە بکات، دەنا تارمایی بێ خەجاڵەتیی ئەم سەرهاتە لەودیو داخرانی دەرگاکاندا دەمێنێتەوە، ئەم جوگرافیا زەبەللاحەی

دنیا ئاوەز تێیدا نوستووە و سەرشارە لە کابووس و جەنجاڵیی، تا لە خەوڕابوونی ئاوەز و ڕەوینەوەی جەنجاڵییەکان، ئاووڕێک دەداتەوە، ئەو مەینەتییە بەدی دەکات کە ببوو بە سزایەکی چاوەڕوان نەکراو و نرخێک بۆ گەیشتنی بە ڕەهایی. ئاووڕێک دەداتەوە، ئاووڕێک قسەیەکی باوکی وەبیر دێنێتەوە، زۆر بە دەمی خۆش دەهات کاتێ دەیوت: ئاخ ئەگەر بمزانیبایە شتەکان ئاوا دەکەونەوە، تەنانەت بیرم لە ژنهێنانیش نەدەکردەوە..ئاووڕەکەی پشتگوێ دەخات و بە خۆی دەڵێی: لە سایەی ئەوەوە سەرنوێشتی من بە قەڵەمێکی تر نووسراوە، دڕکستانێکی بێئامانە، من بە ڕۆح ئەزموونی شتەکانم کرد، ئەرکی من ئەوە بوو شتەکان تاقیبکەمەوە، چونکە وامدەزانی دربازبوون لە تاقیکردنەوەی شتەکاندایە، لێ ئەوەتانێ ڕووبەڕووی بنبەستێکی تر بوومەوە، دەربازبوون یا دەبێ لەناوەوە سەرهەڵبدات، یان بۆ هەمیشە بڕەوێتەوە، چونکە ناکرێ تەکان بۆ دەرەوە بخۆم و وەکو تیرێک وابم بۆ ئامانجێک نەهاوێژرابێت. ئەرکی من بەرامبەر بەخۆم ئەوەبوو، ئێستایش ئیدی پەیی بەوە دەبەم کە هەمیشە بارێکی پڕ نەهامەتیی و قەدەرێکی نادیار ئاڕاستەکان دیاریی دەکەن. بەڵێ ئەو ئاڕاستانەی نە فالگرەوە سیناریۆ نووسێکە بۆمیان بنووسێ، نە خەونەکانیش فیلمێکن نیشانم بدرێن..هەر کە لەدایک دەبی و دەزانیی ئیتر هەیت، دەبیتە نێچیری خەونێکی شکارچیی، لێ بیرت نەچێ، ئەوەی لە خەون گرنگترە هاتنە دییەتی هاتنە دی، لەم دەڤەرانەیشدا، موخابن، هاتنەدی خەونەکان زۆر لە مەحاڵەوە نزیکە، یانی هاتنە دییان پێویستیی بە پەرجوو هەیە، پەرجوو..تا پانۆرامای ئەم ژیانە لە دەرەوە و ناوەوەی دەقەکان-کە ئێمەین- لە لەبارچوون بڕەخسێنێ..

یانی دەبێ میناتۆرەکەی ڕابردوو بکوژێت، چونکە ژیانی کردووە بە وێڵگەیەکی بێسەروبەر، یانی دەبێ ئەو میناتۆرە نەمێنێ بۆ ئەوەی ژیانی لە وێڵگە خەسڵەتییەکەی خۆی دەربازی بێت. ئەویش مەحاڵە ئەگەر بێت و داوێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبێت تا پاشان بتوانێ بە بێ ونبوون لێی بێتە دەرەوە. ئەو داوەیش پێویستە ئاوەز بۆی فەراهەم بکات. دەبێ لەوەیش تێبفکرێ چۆن چارەنووس گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، چۆن لە چارەنووسێکی ناوزەدنەکراوەوە دەیکات بە چارەنووسێکی ناوزەدکراو و دەبێت بە جمکی خەونێکی ئەزەلیانە و خۆی بۆ سەفەرێکی تری ناوازە فەراهەم دەکات تاکو بیهێنێتەدی.

**ئەیلوولی ١٩٨٦: کەرەج ـ ئەیلوولی ١٩٩١: لەندەن**

# زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢١ ی
# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
# بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩١٤ | دونیای ئەفسانە | محەمەد سلێمان عەباس | لێکۆڵینەوە | ٣٠٠٠ | ٢٣٢ |
| ٩١٥ | فەرهەنگی فرەواتاکان لە زمانی کوردیدا | محەمەدساڵح پێندرۆیی | فەرهەنگ | ٣٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٩١٦ | کورتە باسێك دەربارەی سایکۆلۆژیای گشتی | سەردار ئەسعەد | دەروونزانی | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٩١٧ | نامە وەك بەدواداچوونی بیروڕا | عەلی مستەفا | نامەی ئەدەبی | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٩١٨ | شکسپیر لەسینەمادا | حەیدەر عەبدولڕەحمان | سینەما | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |
| ٩١٩ | چەند وێستگەیەك<br>لە مێژووی کورد | وەرگێڕ:<br>حەمەساڵح فەرهادی | مێژوویی | ٣٠٠٠ | ١٦٨ |
| ٩٢٠ | ڕێزمان و زمانەوانیی ئاسان و زانستیی کوردی | مستەفا ئێلخانیزادە | زمانەوانی | ٣٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٩٢١ | گوڵ و خاك | عەلی بەختەوەر | هۆنراوە و چیرۆك بۆ منداڵان | ٢٠٠٠ | ٧٨ |

# زنجیرە بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠٢٢

| ژ | ناوی کتێب | نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٢٢ | أحمد سالار أيقونة المسرح الكوردي | أ . د. علي محمد هادي | فني | ٣٥٠٠ | ٤٠٠ |
| ٩٢٣ | فەرهەنگی ڕەش | عەزیزی مەلای ڕەش | فەرهەنگ | ٤٠٠٠ | ٣٨٤ |
| ٩٢٤ | هەنگە بچکۆڵەکە | و: سیروان عوسمان | ڕۆمان | ٤٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٩٢٥ | بازنە ئاوییەکان | ئەدیب نادر | ڕۆمان | ٤٠٠٠ | ٢٨٠ |